بسم الله الرحمن الرحيم

" المقصد الأسنى "

(في شرح أسماء اللّه الحسنى)

بەکوردی

نووسینی

ئیمامی غەزالی

وەرگێڕانی

ماموٚستا عبدالکریم فتاح

١٤٣٧ك   ٢٠١٦ز

نووری حەقیقەت

١٤

ناوی کتێب:. کتێبی (" المقصد الأسنى " في (شرح أسماء الله الحسنى) بەکوردی.

نووسینی: ئیمامی غەزالی

وەرگێڕانی: مامۆستا عبدالکریم فتاح.

نەخشەسازی ناوەوە: احمد خالد

تایپ: نووسەر.

نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم ٢٠١٦ زایینی.

تیراژ: (١٠٠٠) دانە.

نرخ: (٥٠٠٠) دینار

چاپخانە:

بەسەرپەرشتی: نەهرۆ محمود

ژمارەی سپاردن: (   )ی ساڵی ٢٠١٦ لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی دراوەتێ.

Nuri.haqeeqat@gmail.com

﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ﴾

الأعراف: ١٨٠

پێشەكی وەرگێڕ

كتێبی **"المقصد الأسنى في شرح أسماء الله الحسنى"**ی ئیمامی غەزالی لەدوای كتێبی **"إحياء"** مەزنترین شاكاری ئەو ئیمامەیە، ئەم كتێبە لە جێگەی وەرگێڕان پێویستی بە لێكدانەوە و شرۆڤە(شرح) هەبوو، واتە دێڕ بە دێڕ بهێنرابایە و لەپای مانا قوولەكەی وەستابایین، بەڵام كەمی كات و كۆچی خوێنەر لە خوێندنەوەی كتێبی گەورە-ئەگەر نەڵێم كۆچی خوێنەر لە خوێندنەوە-وایكرد وەرگێڕانی كتێبەكە بەباش بزانین، لەگەڵ شەرحی ناوە جوانەكاندا ئیمامی غەزالی چەندین باسی كەلامی و فەلسەفی قووڵی هێناوە كە نیوەی كتێبەكەی داگیر كردووە، من دەزانم زۆرینەی خوێنەران هۆگری شەرحی ناوەكانن، بۆیە دەستكاری ڕێكخستنی دەروازەكانی كتێبە عەرەبییەكەم كرد، دەقە عەرەبییەكە لە سێ هونەر پێكهاتووە، شەرحی ناوەكان لە هونەری دووەمدا دانراوە، وەرگێڕ هونەری دووەمی هێناوەتە پێشەوە و هونەری یەكەمی لە جێگەی هونەری دووەم داناوە، ئەمەش وەك ئاسانكارییەك بۆ خوێنەران بەگشتی.

چەند تێبینییەك:

١-بۆ وەرگێڕانەكە شانم لەسەر (**"المقصد الأسنى في شرح أسماء الله الحسنى"-دراسة وتحقيق محمد عثمان الحشت-مكتبة القرآن للطبع والنشر**)، و (**"المقصد الأسنى في شرح أسماء الله الحسنى"- تحقيق و تعليق الشيخ قاسم محمد النوري**) داداوە.

٢-ئەم جۆرە كەوانەیە {()} لە هەر شوێنێك بینرا تێبینی وەرگێڕی تێدایە و نووسینی ئیمامی غەزالی نییە.

٣-وشەی(خۆڕازاندنەوە) لە تەنیشت "بەئاگاهێنانەوەیەك" دانراوە، بۆ وەرگێڕانی وشەی **"تنبيه"**ی نووسەر و **" تخلق"** ی ئەو كەسەی تحقیقی كردووە بەكاریهێناوە.

٤-پەراوێزێك دانراوە بۆ ناو و سیفەتەكان و ژمارەی هاتنیان لە قورئاندا، ئەم پەراوێزە بۆ ئەو كەسە دەگەڕێتەوە لەسەر نووسینەكەی ئیمامی غەزالی تەحقیقی كردووە.

داوامە لە خودا لە هەڵە و ناتەواوییەکانم ببورێت و ئەم کتێبە بکات بە زەخیرەیەکی گەورە بۆ ئیمامی غەزالی و وەرگێڕ و هەموو ئەو کەسانەی دەستیان لە بەرهەمهێنانی ئەم وەرگێڕان و لەچاپدانەدا هەبووە.

✍

وەرگێڕ

سلێمانی

٢٠١٦/٤/١٤

۞ ۞ ۞

هونەری یەکەم

پێشینەکان و پێشەکییەکان

چوار بەشی تێدایە:

بەشی یەکەم: ڕۆشنکردنەوەی مانای "ناو" و "ناولێنراو" و "ناونان".

بەشی دووەم: ڕۆشنکردنەوەی ئەو ناوانەی لە مانادا نزیکن بەیەکتر، ئایا دەگونجێ هاوواتابن، یان هەردەبێ تێگەیشتن لێیان جیاواز بێت؟

بەشی سێیەم: لە یەك ناودا کە مانای جۆراوجۆری هەیە و ناوەکە هاوبەشە بە دانەپاڵی ئەو مانانە.

بەشی چوارەم: ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی کەماڵی بەندە و بەختەوەری بەندە لە خۆڕازاندنەوەدایە بە ئەخلاقی خودا(سبحانه وتعالى) و خۆڕازاندنەوە بە مانای سیفەتەکانی و ناوەکانی بە ئەندازەی ئەوەی لە پایدا وێنا دەکرێت.

بەشی یەکەم

لە ڕۆشنکردنەوەی مانای "إسم-ناو" و "مسمی-ناولێنراو" و "تسمیة-ناونان".

خەڵکێکی زۆر لەسەر "ناو" و "ناولێنراو" قسەیان کردووە، و ڕێگەی جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر و زۆربەی دەستەکان لە حەق لایانداوە.

هەیانە دەڵێت: ناو بریتییە لە ناولێنراو، بەڵام جیایە لە ناونان.

دەستەی دووەم دەڵێت: ناو بریتی نییە لە ناولێنراو، بەڵام بریتییە لە ناونان.

دەستەی سێیەمیش: لە پیشەی جەدەل و کەلامدا بە زیرەکی و لێزانی بەناوبانگن، وابانگەشە دەکەن: هەندێ جار ناو بریتییە لە ناولێنراو، وەك ئەو قسەمان دەربارەی خودا: (ئەو زاتێکی هەبوو(موجود)ە)، هەندێ جاریش ناو بریتی نییە لە ناولێنراو، وەك ئەو قسەمان کە دەڵێین: ئەو(**سبحانە وتعالی**) دروستکەر و ڕۆزیدەرە، ئەو دوو ناوە ئاماژە بۆ دروستکردن و ڕۆزیدان دەکەن و جیان لە ئەو(**سبحانە وتعالی**)، هەندێ جاریش نە دەوترێت ناو بریتییە لە ناولێنراو، نە دەوترێت بریتی نییە لە ناولێنراو، وەك ئەو قسەیەمان کە دەڵێین: ئەو(**سبحانە وتعالی**) زانا و بەتوانایە، ئەو دوانە ئاماژە بە زانست و توانین دەکەن و سیفەتی خوداشن(**سبحانە وتعالی**)، نە دەوترێت ئەو دوانە خودان و نە دەوترێت خودا نین.

جیاوازییەکە بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان: ئایا ناوەکە بریتییە لە ناونان یان نە؟

دووەمیان: ئایا ناوەکە بریتییە لە ناولێنراو یان نە؟

ئەوەی راستییە ئەوەیە "نــاو" نــە ناولێنانــە و نــە نــاولێنراو، ئــەو ســیانە ســێ نــاوی لەیەکتر جیاوازی نا هاوواتان، ڕێگەی دەرکەوتنی راستی تیایانــدا بــە ڕۆشــنکردنەوەی هەریەکێك لەو سێ گوزارەیە دەبێت بە شێوەیەکی ســەربەخۆ، پاشــان ڕۆشــنکردنەوەی ئەو قسەیەمان "ئەو بریتییە لە ئەو" هەروەها ڕۆشنکردنەوەی ئەو قسەیەمان "کەسان و شتانێکی تر جگە لە ئەون".

ئەمە بریتییە لە میتۆدی دەرخستنی راستییەکان، هەر کەس لەم ڕێگەیە لابدات هــەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، چونکە هەموو زانستێکی بەڕاستزانین(**تصــديقي**)-مەبەستم ئەو زانستەیە بەڕاستزانین و بــەدرۆزانین رووی لــێ دەکــات- بــێ هــیچ گومانێــك پرسێکە (بابەتێکە) وەسفکراو و وەسف و پەیوەندی ئەو وەسفە بە وەسفکراوەوە لــەئامێز دەگرێــت، بۆیە دەبێت زانست و ناسین بە وەسفکراوەکە و رادەی وەسفکراوەکە پێشی بکەوێت لەپێناو وێناکردنی رادەکەی و دەرکەوتنی راستــەقینەکەیدا، پاشــان ناسـین و زانــینی سـیفەتەکە و رادەکەی لەپێناو وێناکردنی رادەکەی و حەقیقەتەکەیدا، پاشــان وردبوونــەوە لــە پەیوەنــدی نێوان وەسفەکە بــۆ وەســفکراوەکە.. ئایــا ئــەو وەســفە بــۆی بــوونی هەیــە یــان لێــی نــەرێ دەکرێت، هەر کەس-بۆ نموونە- بیەوێت بزانێت موڵك(مُلك) دێرینــە یــان ڕووداو پێویســتە یەکەمجار مانای وشەی "موڵك" بزانێت، پاشان مانای "دێــرین و ڕووداو" بزانێــت، پاشــان وردببێتەوە بۆ جێگیر کردنی یەکێك لە دوو وەسفەکە بۆ موڵك یان نەرێکردنی یــەکێك لــە دوو وەسفەکە لە موڵك.

بۆیە پێویستە مانای "ناو" و مانای "ناونراو" و مانای "نــاولێنراو" و مانــای "ئــەو بریتییە لە ئەو" و "شوناس" و "ئەو نەبوون" بزانێت تــا لــە دوای ئــەوە وێنــای ئــەوە بکات و بزانێت ئەو بریتییە لە ئەو یان بریتییە لە غەیری ئەو.

لەسەر رادەی ناو و حەقیقەتەکەی دەڵێین: شتەکان لەبەر چاودا بوونیــان هەیــە، وەك چۆن لەناو زەین و لەسەر زمان بوونیان هەیە.

بوونی **بەرچاو** بریتییە لە بوونێکی بنەڕەتی راستەقینە.

بوونی **ناو زەین** بریتییە لە بوونێکی زانستی وێنەیی.

بوونی **سەر زمان** بریتییە لە بوونێکی گوزارەیی ئاماژەیی.

بۆ نموونە وشەی "ئاسمان" لە خودی خۆیدا و لەبەر چاودا بوونی هەیە، پاشان لە زەین و ناخی ئێمەدا بوونی هەیە، چونکە وێنەی ئاسمان لە زەینماندا نەقش بووە، پاشان لە ئەندێشەماندا، تەنانەت گەر ئاسمان نەمێنێت و ئێمە بمێنین وێنەی ئاسمان لە ئەندێشەکاندا بوونی هەیە، ئەم وێنەیە بە "زانست" ناودەبرێت، ئەوەش بریتییە لە نموونەی زانراوەکە و هاوتەریبە پێی، ئەوەش وەك وێنەیەکی نەقشکراو وایە لە ئاوێنەدا کە لاسایی ئەو وێنە دەرەکییە دەکاتەوە بەرانبەری وەستاوە، کەوابوو "زانست بریتییە لە نموونەی زانراو لە زەیندا".

بوونی ناو زمانیش بۆ وشەی ئاسمان(**سماء**) بریتییە لە وشەیەکی لێکدراو لە پیتی دەنگی کە چوار پیتی دەنگییە "سین" و "میم" و "ألف" و "هەمزە" کە وشەی "**سماء**"یان پێکهێناوە.

قسە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەناو زەیندایە، ئەوەش لە زەیندایە وێنەیەکە لەوەی لەناو بووندایە و پڕاوپڕە لەگەڵی، گەر بوونی بەرچاو بوونی نەبوایە هیچ وێنەیەك لە زەیندا نەقشی نەدەگرت، گەر وێنەش لەسەردا نەقشی نەگرتبایە مرۆڤ هەستی پێ نەدەکرد، گەر مرۆڤیش هەستی پێ نەکردبایە زمان گوزارشتی لێ نەدەدا.

کەوابوو "وشە و زانست و زانراو" سێ شتی لەیەکتر جیاوازن، بەڵام پڕاوپڕ و هاوتەریبن، لەوانەیە لەسەر کەسی کەم زانست تێکەڵ ببێت و هەندێکی لە هەندێکی تری جیانەکاتەوە.

چۆن ئەو بوونانە لەیەکتر جیاواز نین لە کاتێکدا هەریەکێك لەوانە تایبەتمەندییەکی هەیە جیا لەوانی تر؟!

بۆ نموونە "مرۆڤ" لەو رووەوە کە لەبەرچاودا بوونی هەیە تایبەتمەندی خەوتوو و بەئاگا و زیندوو و مردوو و بزواو و وەستاو و شتانی تر رووی لێ دەکەن، لەو رووەشەوە لە زەیندا بوونی هەیە نیهاد و گوزارە و گشتی و تایبەت و بەشەکی و هەمووەکی و پرس و شتانی تر رووی لێ دەکەن، لەو رووەشەوە لەناو زماندا بوونی هەیە عەرەبی بوون و ئەعجەمی بوون و تورکی بوون و زنجی بوون و پیت زۆری و پیت کەمی و ناو و فرمان

و پیت و شتانی تر رووی لێ دەکەن، ئەم بوونەیان بەپێی سەردەمەکان و شوێنە جۆراوجۆرەکان جیاوازی رووی لێ دەکات، بەڵام ئەو بوونەی لەبەرچاو و لە زەیندایە بە گۆڕانی سەردەم و شوێنەکان و گەلان هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت.

گەر ئەمەت زانی بوونی بەرچاو و ناو زەین واز لێ بهێنە و سەرنجی بوونی گوزارەیی بدە، چونکە مەبەستەکەی ئێمەی پێوە بەندە.

بۆیە دەڵێین وشەکان بریتین لە پیتی دەنگی پچڕاو کە بە هەڵبژاردەی مرۆیی دانراون بۆ ئاماژە کردن بە بوونی بەرچاوی شتەکان.

ئەوەش دابەش دەبێت بۆ ئەوەی یەکەمجار دانراوە و ئەوەی دووەمجار دانراوە.

ئەوەی یەکەمجار دانراوە: وەك ئاسمان، و درەخت و مرۆڤ و شتانی تر.

ئەوەش دووەم جار دانراوە: وەك ناو و کردار و پیت و داخوازی و داهاتوو و نەهیلێکردن.

بۆیە دەڵێین دووەمجار دانراون، چونکە وشەکان کە بۆ ئاماژەی شتەکان دانراون دابەش دەبن بۆ ئەوانەی ئاماژە بە مانایەك دەکەن لە غەیری خۆیاندا، و پێیان دەوترێت پیت(ئامراز)، لەگەڵ ئەو وشانەی ئاماژە دەکەن بۆ مانایەك لە خودی خۆیاندا، ئەوانەش کە ئاماژە دەکەن بە مانایەك لە خودی خۆیاندا دابەش دەبن بۆ ئەو وشانەی ئاماژە دەکەن بۆ کاتی بوونی ئەو مانایە، و پێیان دەوترێت فرمان(کار) وەك "لێیدا و لێیدەدا" لەگەڵ ئەو وشانەی کە ئاماژە بۆ کات ناکەن و پێیان دەوترێت "ناو" وەك "ئاسمان و زەوی".

بۆیە یەکەمجار وشەکان بۆ ئاماژەی سەر شتە بەرچاو و بەرجەستەکان دانراون، پاشان ناو و کردار و پیت(ئامراز) بۆ ئاماژەی سەر بەشەکانی وشە دانراون، چونکە وشەکان دوای دانانیان وەك بەرچاوەکان بوونیان پەیدا کردووە و وێنەکانیان لە زەیندا کێشراون، و شایستەی ئەوە بوون بە جووڵەی زمان ئاماژەیان پێ بکرێت، هەر بەو جۆرە وێنا دەکرێت وشەکان بۆ جاری سێیەم و چوارەم دانانیان بۆ بکرێت، تا وای لێ دێت ناو دابەش ببێت بۆ چەندین بەش و هەر بەشێکیش ناوی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەوا ئەو ناوە لە پلەی سێیەمدا دەبێت، بۆ نموونە دەوترێت: ناو دابەش دەبێت بۆ ناوی ناسراو و ناوی نەناسراو و شتانی تر.

مەبەست لە هەموو ئەمانە ئەوەیە بزانیت ناو دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەك کە بۆ جاری دووەم دانراوە، گەر پێمان وترا: رادەی ناو کامەیە؟

دەڵێین: بریتییە لەو وشەیەی بۆ ئاماژە دانراوە، لەوانەیە شتێکی تری بخەینە سەر تاکو لە کردار و پیت(ئامراز)ی جیابکەینەوە، سەرنووس کردنی "رادە" لە ئێستادا مەرامی ئێمە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە مەرام لە ناو ئەو مانایەیە کە لە پلەی سێیەمدایە، واتە ئەوەی لەسەر زمانە نەك ئەوەی لەناو زەین و لەبەرچاودایە.

گەر ئەوەت زانی ناو واتە ئەو وشەی بۆ ئاماژە دانراوە ئەوا بزانە هەر دانانێك بۆ ئاماژە: "دانەر و دانان و بۆدانراو"ی بۆ هەیە.

بە "بۆدانراو" دەوترێت: ناولێنراو، واتە ئاماژەبۆکراو بەوەی ئاماژە دەکاتە سەری.

بە دانەریش دەوترێت: ناولێنەر.

بە "دانان"یش دەوترێت: ناولێنان(ناونان).

دەوترێت: "فلان کەس منداڵەکەی خۆی ناو نا" کاتێك وشەیەکی دانابێت ئاماژە بە منداڵەکە بکات، بەو دانانەی دەوترێت ناولێنان، هەندێ جار وشەی "ناونان" بۆ ناوی دانراو بەکاردەهێنرێت، وەك ئەو کەسەی کەسێك بانگ دەکات و دەڵێت: ئەی زەید لەو بارەدا دەوترێت **"سماه**-ناوی هێنا"، گەر بڵێت ئەی ئەبوبەکر، دەوترێت **"کناه**-کونیەداری کرد"، وشەی ناونان هاوبەشە لە نێوان دانانی ناو و ناوهێنانی ناوەکەدا، هەرچەند بە دانان لەپێشترە تا بە ناوهێنان.

ناو و ناونان و ناولێنراو وەك جووڵە و جوڵاندن و جولێنراو و جووڵێنەر وان، ئەم چوار بەشە لەیەکتر جیاوازە ئاماژە بە مانای جۆراوجۆر دەکەن، جووڵە ئاماژە بۆ گواستنەوە دەکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، جوڵاندن ئاماژەیە بە بەرهەم هاتنی ئەو جووڵەیە، جووڵێنەر ئاماژەیە بە بکەری ئەو جووڵەیە، جووڵێنراویش ئاماژەیە بەو شتەی کە جووڵەکەی تێدایە، لەگەڵ ئەوەی لە بکەرێکەوە دەردەچێت، وەك جووڵێنەرێك کە تەنها ئاماژە بەو شوێنە دەکات جووڵەی تێدایە و ئاماژە بە بکەر ناکات.

گەر تێگەیشتنەکانی ئەم وشانە بەدەرکەوتن با وردببێتەوە: ئایا دروستە تیایاندا بوترێت: هەندێکیان بریتین لە هەندێکی تریان، یان بوترێت ئەو غەیری ئەوە، ئەمەش تەنها بە زانینی مانای غەیری ئەو و شوناس بۆمان روون دەبێتەوە.

ئەو قسەیەمان کە دەڵێین: ئەو بریتییە لە ئەو، لە سێ رووەوە بەکاردەهێنرێت:

رووی یەکەم: وەك هاوشێوەی قسەی ئەو کەسەی دەڵێت: "**الخمر هو العُقار**-عارەق مەستکەر" و "**الليث هو الأسد**-(ليث-ئازا)یش شێرە"

ئەمە لە هەر شتێکدا جاری دەبێت کە لە خودی خۆیدا یەك شتە و دوو ناوی هەیە و تێگەیشتنی لەو دوانە لەیەکتر جیاواز نین، هەروەها بە زیادە و ناتەواویش جیاواز نین لەیەکتر، بەڵکو تەنها پیتەکانیان لەیەکتر جیاوازن، نموونەی ئەم ناوانە پێیان دەوترێت هاوواتاکان.

رووی دووەم: وەك هاوشێوەی قسەی ئەو کەسەی دەڵێت: "**الصارم هو السيف**" و "**المهند هو السيف**"، ئەمەی دووەم لە یەکەم جیادەبێتەوە، ئەم ناوانە تێگەیشتنەکانیان لەیەکتر جیاوازە و هاوواتای یەکتر نین، چونکە وشەی "الصارم" ئاماژە بۆ شمشێرێك دەکات بە بڕشت بێت، "المهند"یش ئاماژەیە بە شمشێرێك لە هندستانەوە هاتبێت، "سیف"یش ئاماژەیەکی رەها دەکاتە سەر شمشێر بەبێ هیچ جۆرە ئاماژەیەکی تر، ناوە هاوواتاکان ئەوانەن کە تەنها پیتەکانیان لەیەکتر جیاوازن و زۆری و کەمیان تێدا نییە، ئەم جۆرە رەگەزانە ناچنە ناو یەکتر، چونکە "سیف" دەچێتە ناو هەرسێ وشەکەوە، هەرچەند هەندێکیان لەگەڵی ئاماژە بە زیادەیەك دەکەن[1].

رووی سێیەم: کەسێك بڵێت: "**الثلج أبيض بارد**-بەفر سپییە و ساردە"، "**أبيض و بارد**" یەك شتن، "**أبيض**" بریتییە لە "بارد" ئەمە دوورترین رووە، ئەمەش بۆ یەکێتی بابەت دەگەڕێتەوە کە بە دوو وەسف وەسفکراوە، ماناکەی: یەك شت بە سیفەتی سپێتی و ساردی وەسف کراوە.

---

[1] {(مەبەستی ئەوەیە وشەی "صارم" شمشێرە و زیادە ماناکەشی بریتییە لە بەبڕیشتی، هەروەها وشەی "مهند" شمشێرە و زیادە ماناکەشی بریتییە لە هندیبوون)}.

بەگشتی ئەو قسەیەمان: "ئـەو ئـەوە" ئاماژە بـە زۆری دەکات کـە لـە رووبەکـەوە یەکێتی بۆ هەیە، چونکە گەر یەکێتی نەبێت نەدەتوانرا بوترێت: "ئەو ئەو" یەکێکـە، گەر زۆریش بوونی نەبوایە نەدەتوانرا بوترێت: ئەو ئەوە، چونکە ئاماژەیە بە دوو شت.

با بگەڕێینەوە بۆ مەرامەکەی خۆمان، دەڵێین: هـەر کـەس وا گومـان دەبـات "نـاو" بریتییە لە "ناولێنراو" لەسەر پێوانە بۆ سەر ناوە هاوواتاکان، وەك چۆن دەوترا: عارەق بریتییە لـە بێهۆشـکەر، ئـەوە هەڵەیـەکی گـەورەی ئەنجامـداوە، چـونکە تێگەیشـتنی ناولێنراو جیایە لە تێگەیشتنی ناو، چونکە رۆشنمان کردەوە ناو وشەیەکی ئاماژەکەرە، لە کاتێکدا ناولێنراو وشەیەکی ئاماژەبۆکراوە، لەوانەشە ئەو وشەیە نـەبێت، هـەروەها لەبەرئەوەی ناو عـەجەمی و تورکی و عـەرەبیە واتە بۆ عـەجەم و تورك و عـەرەب دانراوە، لە کاتێکدا ناولێنراو لەوانەیە بەو جۆرە نەبێت.

گەر پرسیار کرا دەربارەی ناو دەوترێت: ما هو؟ بەڵام گەر پرسیار کرا دەربـارەی نـاولێنراو هەندێ جار دەوترێت: من هو؟ وەك چۆن کەسێك لە دانیشتنێکدا ئامادە بێت دەوترێت: **ما اسمه**؟ لە وەڵامدا دەوترێت: زەید، بەڵام گەر پرسیار کرا دەربارەی خودی کەسەکە دەوترێت: من هو؟ گەر تورکییەکی جوان بە ناوی هندی نـاو بنرێـت دەوترێـت: نـاوێکی ناشـیرینە و ناولێنراوێکی جوانە، گەر کەسەکە بە ناوێك ناوبنرێت پیتەکانی زۆر بن و گۆکردن(**تلفظ**)ی گران بێت دەوترێت: ناوێکی قورسە و ناولێنراوێکی سووك و ئاسانە.

ناو بۆی هەیە مەجازی بێت، بەڵام نـاولێنراو نابێـت مـەجازی بێـت، نـاو بـە رێگـەی خۆشبینی(التفائل) بۆی هەیە بیگۆڕیت، بەڵام ناولێنراو ناگۆڕێت.

هــەموو ئەمانــە تێتدەگەیــەنن نــاو جیایــە لــە نــاولێنراو و گــەر تێڕامــانی بــۆ بکــەی جیاوازییــەکی زۆر دەبــینی، بــەڵام کەســی رۆشنبین(بصـیر) کـەمێکی بەسـە، کەسـی گەمژەش زۆری زانیاری تەنها سەرسامی دەکات.

رووی دووەم: ئەوەیــە بوترێــت: نــاو بریتییــە لــە نــاولێنراو، بــەو مانایــەی وشــەی "ناولێنراو" لە وشەی "ناو" داتاشراوە، نـاولێنراو دەچـێتە نـاو "نـاو"وەوە وەك چـۆن وشەی "سیف" دەچووە ناو وشەی "صارم"ەوە، ئەمەیان گەر بەم جۆرە گوزارشتی لـێ بدەین پێویست دەکات "ناولێنان" و "ناولێنراو" و "ناو" هـەر هـەموو یـەکێك بـن،

چونکە هەموویان لە "ناو" داتاشـراون و ئامـاژە دەکەنـە سـەری، ئەمـە موجازەفـەی قسەیە و وەك قسەی ئەو کەسە وایە دەڵێت: جووڵە و جوڵاندن و جووڵێنەر و جووڵێنراو یەکێکن، چونکە هەموویان لە "جووڵە" داتاشراون، ئەمەش هەڵەیـە، چـونکە جووڵـە ئاماژە دەکات بۆ گواستنەوە بـەبێ ئامـاژە کـردن بـۆ سـەر جێگـە و بکـەر و کـردار، جووڵێنەریش ئاماژە بە بکەری جووڵەکـە دەکـات، جووڵـەتیاکراو ئامـاژە دەکـات بـە جێگەی جووڵە و ئاماژە بەوە ناکات بەرکار بێت، جووڵاندن ئاماژە دەکات بە کـرداری جووڵە بەبێ ئاماژە کردن بۆ سەر بکەر و جێگە.

ئەمانە کۆمەڵە راستییەکی لەیەکتر جیاوازن با جووڵەش لە هەموویان بـەدەر نـەبێت، بەڵام جووڵە لە خودی خۆیدا راستییەکە و بەتەنها دەژنەورێت[1]، پاشان دانەپاڵی بۆ لای بکەرێك دەژنەورێت، ئەم دانەپاڵە جیایە لە پاڵدراو، چونکە دانەپاڵ لە نێوان دوو شتدا دەژنەورێت، بەڵام پاڵدراو هەندێ جار بەتەنها دەژنەورێت، هەندێ جاریش دانەپاڵی بـۆ لای جێگە دەژنەورێت، و جیایە لە دانەپاڵی بۆ لای بکەر، دانەپاڵی جووڵە بۆ لای جێگە و ئاتاجی پێی زەرووریيە، بەڵام دانەپاڵی بۆ لای بکەر نەزەرییە(تیورییە)، واتە بڕیاری پێ دەدرێت بە بوونی دوو دانەپاڵ بەبێ وێنا کردن.

هەر بەو جۆرە ناویش ئاماژەی خۆی هەیە و ئاماژەبۆکراویشی هەیـە کـە بریتییـە لـە ناولێنراو، دانانی کارێکی هەڵبژاردەش بۆی بریتییە لە ناولێنان، پاشان ئەم چوونە نـاو یەکترە وەك چوونە ناوی "سیف" نییە بۆ "صارم و مهند"، چونکە "صارم" شمشێرە بە سیفەتێکەوە، هەر بەو جۆرە "مهند" شمشێر دەچێتە ناویەوە، بەڵام ناولێنراو بریتی نییە لە ناو بە سیفەتێکەوە، هەر بەو جۆرە ناولێنان بریتی نییە لە ناو بە سیفەتێکەوە، بۆیە ئەم تەئویلە دروست نییە.

رووی سێیەم: کە دەگەڕێتەوە بۆ یەککگرتنی جێگە لەگەڵ فرەیی سیفەت، ئەمەش لەگەڵ دووریيەکەی بەسەر نـاو و نـاولێنراودا گـوزەر ناکـات، هـەر بـەو جـۆرە بەسـەر نـاو و ناولێناندا تا بوترێت: یەك شت دانراوە بۆ ئەوەی پێی بوترێت ناو و پێیبوترێت ناولێنان، وەك لە نموونەی بەفرەکەدا، چونکە یەك مانایە وەسـفکراوە بـە سـاردی و سـپێتی، بـە

[1] {(لە جێگەی وشەی "تعقل" لە زمانی عەرەبیدا "ژنەوتن"م بەکارهێناوە بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ناو و کردار)}.

هەمان شێوە وەك قسەی ئەو کەسە نییە کە دەڵێت: "الصدیق" بریتییە لە کوڕەکەی "ئەبی قوحافە"[1] چونکە تەئویلەکەی ئەو کەسەی بە "صدیق" وەسفکراوە ئەو کەسەیە بە لەدایکبوون دراوەتە پاڵ "ئەبی قوحافە" ئەو کات مانای "ئەوەکە" بریتییە لە "ئەو" ئەوەش یەکێتی بابەتە لەگەڵ یەکلابوونەوەی جیاوازی دوو سیفەتەکە، چونکە تێگەیشتنی "صدیق" جیایە لە تێگەیشتنی کوڕبوونی ئەبی قوحافە.

بۆیە ئەو تەئویلانەی کە "ئەو بریتییە لە ئەو" لە ناو و ناولێنراو هەروەها لە ناو و ناوناندا گوزەر ناکەن، نە لە حەقیقەتەکەیدا و نە لە مەجازەکەیدا، لە کۆی حەقیقەت ئەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ هاوواتایی ناوەکان، وەك ئەو قسەیەمان: "**اللیث هو الأسد**" بە مەرجێك لە زماندا جیاوازی بوونی نەبێت لە نێوان دوو وشەکەدا، گەر جیاوازی بوونی هەیە با نموویەکی تری بۆ داوا بکات، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتنی حەقیقەت و فرەیی ناو، بۆیە لەو قسەیەمان "ئەو بریتییە لە ئەو" هەر دەبێت لە روویەکەوە فرەیی و لە روویەکی ترەوە یەکێتی بوونی هەبێت، راستترین روویان ئەوەیە لە مانادا یەکێتی و لە وشەدا فرەیی بگەیەنێت.

ئەم بڕە بەسە بۆ پەردەلادان لەسەر لەسەر ئەو جیاوازییەی کلکێکی درێژی هەیە و بەرێکی کەم بەدەستەوە دەدات، ئێستا بۆت ئاشکرا بوو ناو و ناونان و ناولێنراو چەند وشەیەکی جیاوازن لەڕووی تێگەیشتنەوە، و مەبەستەکانیان لەیەکتر جیاوازن، بۆ یەکێك لەوانە دروستە بوترێت: ئەو غەیری دووەمە، نەك ئەو بریتییە لە ئەو، چونکە "غەیر" بەرانبەرە بە "ئەوەکە(الهو) ئەوە".

مەزهەبی سێیەمی دابەشکەری ناو بۆ ناولێنراو و بۆ غەیری ناولێنراو، هەروەها بۆ ئەو بریتی نییە لە ئەو، و ئەو بریتی نییە لە غەیری ئەو، ئەمە دوورترین مەزهەبێکە لە راستییەوە، و لە هەموویان زیاتر لەرزۆکی تێدایە، مەگەر تەئویل بکرێت، و بوترێت: مەبەست بە ناو کە بۆ سێ بەش دابەشی کردووە خودی "ناو"ەکەیە، بەڵکو مەبەست پێی تێگەیشتنی ناو و ئاماژەبۆکراوەکەیەتی، هەروەها تێگەیشتنی ناو جیایە لە ناو، تێگەیشتنی ناو بریتییە لە ئاماژەبۆکراو و ئاماژەبۆکراویش جیایە لە ئاماژە.

---

[1] {(ئەبوبەکری صدیق ناوی "عەبدوڵای کوڕی ئەبی قوحافە" بووە)}.

ئەم بەشانە -کە کەسی باسکەری ناو باسی لێوە دەکات- دروست تیایاندا ئەوەیە بوترێت: تێگەیشتنی ناو لەوانەیە خود و حەقیقەت و چییەتی ناولێنراو بێت، ئەوانەش ناوی جۆرەکانن کە داتاشراو نین، وەك ئەو قسەیە کە دەڵێت: مرۆڤ، و زانست، و سپێتی، ئەوەی داتاشراوە ئاماژە ناکاتە سەر راستەقینەی ناولێنراو، بەڵکو حەقیقەتەکە بە نادیاری دەهێڵێتەوە، و ئاماژە دەکاتە سەر سیفەتێکی، وەك وتنی: زانا و نووسەر.

پاشان داتاشراو ئاماژە دەکاتە سەر وەسفی حاڵێك لە ناولێنراودا، وەك زانا و سپی، هەروەها ئاماژە دەکات بۆ سەر دانەپاڵێك بۆی کە لێی جیانابێتەوە، وەك دروستکەر و نووسەر.

رادەی بەشی یەکەم: هەموو ناوێك لە وەڵامێکدا دەوترێت: "ما هو؟" گەر ئاماژە بکات بۆ کەسێکی نزیك و وترا: ما هو؟ ناڵێیت: من هو؟ ئەوا وەڵامەکەی ئەوەیە بوترێت: مرۆڤە، گەر بوترێت: گیاندارە تەواوی چییەتییەکەی باس نەکردووە، چونکە بە تەنها گیاندار بوون چییەتی راست نابێتەوە، چونکە "ئەو بریتییە لە ئەو" بەوەی گیاندارێکی ئاقڵە، نەك بەوەی بەتەنها گیاندار بێت، بۆیە مرۆڤ ناوی گیاندارێکی ئاقڵە، گەر لە جێگەی ئەوەی دەوترێت: "مرۆڤە" بوترابایە سپییە، یان درێژە یان زانایە یان نووسەرە نەدەبووە وەڵام، چونکە تێگەیشتنی سپی شتێکی نادیارە کە وەسفی سپێتی هەیە، نازانرێت ئەو شتە چییە کە وەسفی سپێتی هەیە، هەر بەو جۆرە تێگەیشتن لە وشەی زانا شتێکی نادیارە وەسفی زانستی هەیە، بە هەمان شێوە تێگەیشتن لە وشەی نووسەر شتێکی نادیارە وەسفی نووسینی هەیە، بەڵێ، دەگونجێ تێبگەین نووسەرەکە مرۆڤە، بەڵام لە رێگەی دەرەکی و بەڵگەی زیاتر لە تێگەیشتنی وشەکە، هەر بەو جۆرە گەر ئاماژە کرا بۆ رەنگ و وترا: ما هو؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە بریتییە لە سپێتی، گەر ناوێکی داتاشراوی باس بکردبایە و بیوتبا: رۆشنکەرەوە یان جیاکەرەوە بۆ رۆشنایی چاو، نەدەبووە وەڵام، چونکە داواکراو لە قسەکەماندا: ما هو؟ بریتییە لە راستەقینەی خود و چییەتییەکەی، کە **"هي ما هي؟"**ی تێدایە، رۆشنکەرەوە شتێکی نادیارە کە رشنکردنەوەی تێدایە، جیاکەرەوەش شتێکی نادیارە جیاکردنەوەی تێدایە.

ئەم دابەش کردنە لە ئاماژەبۆکراوی ناوەکاندا و تێگەیشتن لێیان دروستە، گونجاوە گوزارشت لەمە بدەی بەوەی ناو هەندێ جار ئاماژە بۆ خود(**ذات**) دەکات و هەندێ جاریش ئاماژە بۆ ناخود(**غير الذات**) دەکات، ئەوەش وەك ئاسانکاری لە بەکارهێناندا، ئەو قسەیەمان کە دەڵێین ئاماژە دەکات بۆ سەر "نا خود" گەر وا لێکنەدرێتەوە ئێمە بەو گوزارشتەمان جگە لە "چییەتی"مان مەبەست بووە لە وەڵامی ما هو؟دا ئەوە دروست نییە، چونکە زانا ئاماژە بە خودێك دەکات زانستی هەیە، بینیت ئاماژەی بە خودیش کرد، جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی بوترێت "زانا" لەگەڵ ئەوەی بوترێت "زانست" چونکە زانا ئاماژە دەکات بۆ خودێك زانستی هەیە، بەڵام وشەی زانست تەنها ئاماژە دەکاتە سەر زانست.

ئەو قسەی: هەندێ جار ناو خودی ناولێنراوە، دوو ناتەواوی تێدایە و پێویستی بە دوو راستکردنەوە هەیە:

یەکەم: وشەی ناو ئاڵوگۆڕ بکرێت لەگەڵ تێگەیشتنی ناو.

دووەم: خود ئاڵوگۆڕ بکرێت بە چییەتی خود، ئەو کات دەوترێت تێگەیشتنی ناو هەندێ جار راستەقینەی ناو و چییەتییەکەیەتی، لەوانەشە راستەقینەی ناو نەبێت.

ئەو قسەش: "دروستکەر ناولێنراو نییە" گەر مەبەست پێی وشەی "دروستکەر"ە ئەوە **محاڵە**، چونکە دروستکەر ناوەو هەموو ناوێکیش تێگەیشتنەکەی ناولێنراوەکەیەتی، گەر ناولێنراوی لێوە نەژنەوین بۆی نابێتە ناو، دروستکەر ناو نییە بۆ دروستکراو، با دروستکراویش بچێتە ناویەوە، نووسەر نابێتە ناو بۆ نووسین و ناولێنراویش نابێت ناو بۆ ناولێنان، بەڵکو دروستکەر ناوی خودێکە لەو رووەوە دروستکراو لەسەر دەستی بەدیدێت، تێگەیشتن لە دروستکەریش بریتییە لە خودەکە، نەك تەنها راستەقینەی خودەکە، بەڵکو تێگەیشتن بریتییە لە خودەکە لەو رووەوە سیفەتێکی سەرباری هەیە، وەك ئەوەی گەر بڵێین: "باوك" مەبەست پێی خودی کوڕ نییە، بەڵکو تێگەیشتن لێیەوە بریتییە لە خودی باوك لەو رووەوە دراوەتە پاڵ کوڕ.

وەسفەکان دابەش دەبن بۆ پاڵدراو و پاڵنەدراو، وەسفکراویش لە هەموویاندا خودن، گەر یەکێك بڵێت: دروستکەر بریتییە لە وەسف، هەموو وەسفێکیش جێگیرکردنە و لە

ناوەرۆکی ئـەم وشـەیەوە تـەنها دروسـتکردن تێدەگـەین، و دروسـتکراویش جیایـە لـە دروستکەر و بۆ دروستکەر وەسفێکی راستەقینە لە دروسـتکراودا بـوونی نییـە، بۆیـە وتراوە: ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شتێکی تر جگە لە ناولێنراو.

ئەوا دەڵێین: ئەو قسەیە: "ناو جگە لە ناولێنراو شـتێکی تـری لێـوە تێدەگـەین" وەك قسـەی ئـەو کەسـەی کـە دەڵێـت: "ئامـاژە بـە شـتێکی تـر جگـە لـە ئامـاژەبۆکراو دەناسرێتەوە" ئەوا ناولێنراو بریتییە لە تێگەیشتنی ناو، ئیتر چۆن دەبێت بریتی بێت لە تێگەیشتنی شتێکی تر جگە لە ناولێنراو، و ناولێنراویش جیابێت لە تێگەیشتن؟!

ئەو قسەش: دروستکەر وەسفی لە دروستکراودا نییە و نووسەر وەسـفی لـە نووسـیندا نییە" ئەمەش بەم جۆرە نییە، بەڵگە لەسەر ئەوەی وەسـفی بـۆ هەیـە ئەوەیـە جارێـك پێی وەسف بکرێت، و جارێکیش لێی نەرێ بکرێت.

دانەپاڵ وەسفە بۆ پاڵدراو نەرێ دەکرێت و جێگیر دەکرێـت، وەك سـپێتی کـە پاڵـدراو نییە، هەر کەس زەید و بەکر بناسێت پاشان بزانێت زەید باوکی بەکرە ئـەوا بـێ هـیچ دوودڵییـەك شـتێکی زانیـوە، ئـەو شـتە یـان وەسـفە یـان وەسـفکراوە، و خـودی وەسفکراوەکە نییە، بەڵکو ئەو بریتییە لە وەسـف، و ئـەو بـریتی نییـە لـە وەسـفێکی وەستاو لەسەر خۆی، بەڵکو وەسفە بۆ زەید.

بۆیە دانەپاڵەکان لە چەشنەکانی وەسفەکانن بۆ پاڵدراوەکان، بەڵام ناوەرۆکەکەی تەنها بە پێوانەی نێوان دوو شت دەژنەورێت، ئەوەش دەریناکات لەوەی وەسف بێت.

گەر یەکێك بڵێت: "خودا وەسف نەکراوە بەوەی دروستکەر بێت" ئەوا بێبـاوەڕ بـووە، هەروەها گەر بڵێت: "خودا وەسف نەکراوە بەوەی زانا بێت" دیسان بێباوەڕ بووە.

ئەوەی ئەم قسەکەرەی هاوێشتووەتە ناو ئەم تێکەوتنەوە ئەوەیە دانەپاڵ لەلای ئـەهلی کەلام لە ریـزی لابـەلاکان(**الأعـراض**) سـەرژمێر ناکرێـت، لەگـەڵ ئـەوەی گـەر پێیـان بوترێت: مانای لابەلا(**العرض**) چییە؟ دەڵێن: ئەوەیـە لـە جێگەیەکـدا بـوونی هەیـە و بوونەکەی بە خودی خۆیەوە نییە(بە خۆیەوە رانەوەستاوە)، گـەر پێیـان بوترێـت: ئایـا دانەپاڵ بە خودی خۆیەوە راوەستاوە؟ دەڵێن: نەخێر، گەر پێیان بوترێـت: ئایـا دانـەپاڵ

بوونی هەیە یان نە؟ دەڵێین: بوونی هەیە، چونکە ناتوانن بڵێن: باوکایەتی بوونی نییە، چونکە گەر باوکایەتی بوونی نەبێت ئەوا لە جیهاندا باوکێك بوونی نییـە، گـەر پێیـان بوترێت: ئایا باوکایەتی بە خودی خۆیەوە راوەستاوە؟ دەڵێین: نەخێر، لەو بـارەدا ناچـار دەبن بەوەی دانی پیادا بنێن بەوەی بوونی هەیە، و بوونەکەی بە خۆیـەوە نەوەسـتاوە، بەڵکو لە جێگەیەك راستدەبێتەوە، بۆیە دان بەوەدا دەنێن لابـەلا(**العرض**) بریتییـە لـە هەبوویەك لە جێگەیەك، پاشان دەگەڕێنەوە و نەریی ئەوە دەکەن کە لابەلا بێت.

ئەو قسەشیان: "هەندێ ناو هەیە ناوترێت بریتییە لە ناولێنراو، و ناشـوترێت شـتێکی ترە جگە لـە نـاولێنراو" ئەمـەش دیسـان هەڵەیـە، چـونکە بـە زانـا لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێت، ئەوەش کاتێك پاساوی تێدا بهێنرێتـەوە بـەوەی شـەرع مۆڵـەتی نـەداوە لـە بەکارهێنانی ئەوە بۆ خودا، لەوانەیە بوترێت: راگەیاندنی حەق و صدق لەسەر مۆڵەتی تایبەت نەوەستاوە، لەوانەیە ئەم قسەکەرە لە پاساوەکەی تیایدا رێگەی پێ بـدرێت، و لەگەڵی وردبوونەوەکە دەگێڕینەوە بۆ مرۆڤ گەر بە زانست وەسف بکرێت، بۆیە دەڵێین: زانست بریتی نییە لە شتێکی تر جگە لە مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بوونی هەبووە و زانسـت بوونی نەبووە، رادەی زانستیش جیایە لە رادەی مرۆڤ بێ هیچ دوودڵییەك.

گەر وتی: زانست شتێکی ترە جگە لە مرۆڤ، بەڵام گەر بە یەك کەسمان وت: ئەو زانایە و ئەو مرۆڤە لەو بارەدا زانا بریتی نابێت لە مرۆڤ و شتێکی تریش نییە جگە لە مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بەو زانستە وەسفکراوە.

ئەوا دەڵێین: ئەوەش لە نووسەر و بازرگاندا پێویست دەبێت، چونکە ئەوە مرۆڤە بەوانە وەسف دەکرێت، راستییەکەش ئەوەیە درێژەپێدانێکی تێدا هـەبێت.. ئـەوەش ئەوەیـە بوترێـت: تێگەیشـتنی وشـەی مـرۆڤ جیایـە لـە تێگەیشـتنی وشـەی زانـا، چـونکە تێگەیشتنی مرۆڤ: بریتییە لە گیاندارێکی قسەکەری ژیر، و تێگەیشتنی زانا بریتییـە لە: شتێکی نادیار کە زانسـتی هەیـە، بۆیـە یـەکێك لـە وشـەکان ئـەویتریان نییـە، و تێگەیشتنی یەکێکیان بریتی نییە لەویتریان، لەم رووەوە ئەو بریتییە لە غـەیری ئـەو، گونجاو نییە بوترێت: "ئەو ئەوە" لە روویەکی ترەوە "ئەو ئەوە" بەو رووەی ترە تـەنها شیاوە بوترێت ئەو بریتییە لە غەیری ئەو، ئەوەش گەر وردبیبیەوە لـە یـەك خـود کـە

وەسف دەكرێت بەوەی مرۆڤە و زانایە، ناولێنراو بە مرۆڤ ئەو كەسەیە وەسفكراوە بە زانا، وەك ناولێنراو بە بەفر وەسفكراوە بەوەی ساردە و سپییە، بەم جۆرە لە وردبوونەوە و تێڕامان ئەو بریتییە لە ئەو، بە تێڕامانی یەكەمیش ئەو بریتییە لە غەیری ئەو، ئەمەش لە ئەقڵدا كارێكی محاڵە یەك تێڕوانین بێت "نە ئەو ئەو بێت" و "نە غەیری ئەو بێت" وەك چۆن محاڵە "ئەو ئەو بێت" و "ئەو غەیری ئەو بێت" چونكە "غەیر" و "ئەوەكە ئەو بێت" بەرانبەر و رووبەڕوون و نەرێ و جێگیربوون قبووڵ دەكەن و ناوەند لە نێوانیاندا بوونی نییە.

هەر كەس لەمە تێگەیشت دەزانێت گەر وەسفی قودرەت و زانست كە لە خود زیاترن بۆ خودا جێگیر بوون ئەوا مانایەكی بۆ غەیری ئەو جێگیر كردووە، با بە گوزارەش بەكارینەهێنێت، وەك وەستانێك بەهۆی هاتنی دەقێك لەسەر وەستان، بۆ نە، لە كاتێكدا گەر رادەی زانست باس بكرێت زانستی خوداش دەگرێتەوە، بەڵام قودرەت و زاتی خودا ناگرێتەوە، دەرچوو لە رادە چۆن نابێت نەچێتە ناو رادەوە، چۆن شیاو نییە بۆ رادەدانەری زانست گەر نەچێتە ناو رادەی قودەرەتەوە بیانوو بهێنێتەوە، و بڵێت: زیان ناگەیەنێت لە دەرچوونی قودرەت لە رادە، چونكە زانستم رادەدار كردووە، و قودرەتیش زانست نییە، بۆیە بردنە ناوەوەی بۆ ناو رادەی زانست لەسەرم پێویست نییە، هەر بەو جۆرە زاتی زانا شتێكی ترە جیا لە زانست بۆیە ناتوانم لە رادەی زانستدا دایبنێم، هەر كەس قسەی ئەو خاوەن قسەیە رەد بكاتەوە كە دەڵێت: ئەوەی دەچێتە ناو رادەوە شتێكی ترە جیا لەوەی لێی بەدەرە(غەیری ئەوەی لێی بەدەرە)، لێرەدا وشەی "غەیر"ی بەكارهێناوە وەك كەسێك مانای وشەی "غەیر" نەزانێت.

ئەوەی لەلای منە ئەوەیە ئەو تێناگات، مانای وشەی "غەیر" ئاشكرایە، بەڵام هیوا وایە بە زمانی شتێك دەربڕێت ئەقڵی لێی دووردەكەوێتەوە و پەنهانی بە درۆی دەزانێت، مەرام لە گفتوگۆی بەڵگەدار چوونە ناو شكاری زمان نییە، بەڵكو مەرام تیایدا چوونە ناو شكاری ژیرییە بۆ ئەوەی بەراستی و دروستی ناوەوە بناسێت و زمان گوزارشتی لێ بدات یان گوزارشتی لێ نەدات.

گەر بوترێت: ئەوانەی دەڵێن ناو بریتییە لە ناولێنراو ناچاربوون ئەو قسەیە بکەن بۆ خۆپاریزی لەوەی بڵێن: ناو بریتییە لە وشەیەکی ئاماژەکەر بە زاراوە، ئەوەش وا دەکات ناچار بن بڵێن: خودا لە ئەزەلەوە ناوی نەبووە چونکە وشە(گوزارشت) بوونی نەبووە، چونکە وشە رووداوە[1].

دەڵێین: ئەمە زەرووڕەتێکی لاوازە و لادانی زۆر ئاسانە، چونکە دەوترێت: مانای ناوەکان لە ئەزەلدا جێگیربوون و ناوەکان بوونیان نەبووە، چونکە ناوەکان عەرەبی و عەجەمین و هەموویان رووداون، ئەمە بۆ هەموو ناوێك کە بۆ مانای زات یان سیفەتی زات دەگەڕێتەوە، وەك ناوی "القدوس" ئەو(**سبحانە وتعالی**) لە ئەزەلدا بە سیفەتی "قدس"ەوە بووە، هەروەها وەك "زانا" ئەو(**سبحانە وتعالی**) لە ئەزەلەوە زانا بووە.

ئەوەمان رۆشن کردەوە شتەکان سێ ئاستیان لە بوون هەیە:

یەکەمیان: لە بەرچاودا: ئەم بوونە بە دێرین وەسف دەکرێت گەر پەیوەست بێت بە زاتی خوداوە(**سبحانە وتعالی**)

دووەمیان: لە زەیندا: ئەم بوونە رووداوە، چونکە زەینەکان بۆخۆیان رووداون.

سێیەمیان: لەسەر زمان: ئەم بوونەش دیسان رووداوە بە رووداوی زمان.

بەڵێ، مەبەستمان بەوەی لە زەیندا جێگیرە بریتییە لە زانستەکان، ئەوەش گەر بدرێتە پاڵ زاتی خودا(**سبحانە وتعالی**) دیسان دێرینە، چونکە خودا لە ئەزەلەوە بوونی هەبووە و زانا بووە، خودا دەیزانی خۆی بوونی هەیە و خۆی زانایە، بوونەکەی لە نەفسی خۆیدا جێگیر بووە، بە هەمان شێوە زانستەکەی، ئەو ناوانەش ئیلهامی بەندەکانی دەکرد لە داهاتوودا و لە زەین و لەسەر زمانیان دەیان خولقێنێت دیسان لەلای خودا زانراو و ئاشکرا بوون.

بەم تەئویلە دروستە بوترێت خودا لە ئەزەلەوە خاوەنی ناوەکان بووە.

بەڵام ئەو ناوانەی بۆ کردار دەگەڕێنەوە: وەك "الخالق المصور الوهاب" دەستەیەك دەڵێن: خودا لە ئەزەلەوە بە "الخالق" وەسفکراوە، دەستەیەکیش دەڵێن: پێی وەسف ناکرێت.

---

[1] {(واتە زمان دێرین نییە)}.

ئەمـە جیاوازییەکـە مانـای نییـە، چـونکە "الخـالق" بـە دوو مانـا بـەکاردەهێنرێت: یەکەمیان لە ئەزەلەوە بەتەواوی جێگیر بووە(ئەری کراوە)، ئەویتریان: بەتـەواوی نـەرێ کراوە، هیچ روویەکی جیاوازی لەو دوانەدا بوونی نییـە، چـونکە بـە شمشـێر دەوترێـت "بڕەر" لە کاتێکدا لەناو کێلاندایە، لە کاتی گەردن پەڕاندنیشدا هـەر پێـی دەوترێـت "بڕەر" لە کێلاندا بە ئامادەیی(هێز) بڕەرە و لە کاتی گەردن پەڕاندندا بە کار بـڕەرە، ئاو لە گۆزەدا بە ئامادەیی(هێز) پاراوکەرە و لەناو گەدەدا بە کردار پاراوکەرە، مانای ئەوەی ئاو لە گۆزەدا پاراوکەر بێت بەو سیفەتەوە کە پاراوبوونی پێ بەرهـەم دێـت لـە باری بەرکەوتنی گەدەدا، ئەوەش سیفەتێکی ئاوە، شمشێر لە کێلاندا بڕەرە، واتـە بـەو سیفەتەوەیە گەردن پەڕاندنی پـێ بەرهـەم دێـت گـەر تیژێتییەکـەی گەیشـتە گـەردن، چونکە ئاتاج نییە بە بینینەوەی وەسفێکی تر لە خودی خۆیدا.

خودا(سبحانه وتعالی) لە ئەزەلەوە دروستکەرە بەو مانایـەی دەوترێـت: ئـاو لـە گـۆزەدا پاراوکەرە، واتە ئەو بە سیفەتێکەوە کردارەکەی پێ دروسـت دەبێـت، دروسـتکردن بـە مانای دووەم جیایە لە دروستکەر، واتە دروستکراو لـە ئـەوەوە سـەریهەڵنەداوە، هـەر بەو جۆرە ئەو(سبحانه وتعالی) لە ئەزەلەوە لەسەر ئەو مانایە کـە پێـی دەوترێـت زانـا و قدوس و ناوەکانی تر، هەر بەو جۆرەش بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، لە خـوار خـوداوە خودا بەو ناوانە بناسن یان نەیناسن.

گـەورەترین هەڵـەی جەدەلییـەکان سەرچـاوەکەی بـۆ جیانەکردنـەوەی مانـای نـاوە هاوبەشەکان دەگەڕێتەوە، گەر جیابکرێنەوە زۆربەی جیاوازییەکانیان هەڵدەگیرێت.

گەر بوترێت: خودا(سبحانه وتعالی) دەفەرموێت: ﴿مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم﴾ یوسف:٤٠، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەوان(هاوەڵدانەران) وشەکانیان نەدەپەرست کە بریتی بوون لە پیتی لە یەکپچڕاو، بەڵکو ناولێنراوەکانیان دەپەرست.

ئەوا دەڵێین: ئەو کەسەی بەڵگە بەمە دەهێنێتەوە لـە رووی بەڵگەهێنانەوەکـەی خـۆی تێناگات گەر نەڵێت: ئەوانە ناولێنراوەکانیان دەناسی نەك ناوەکان، بۆیە لە قسـەکەیدا

ئەوەی ڕاگەیاندووە ناوەکان جیان لە ناولێنراوەکان، گەر یەکێك بڵێت: عەرەب ناوەکانی-بەبێ ناولێنراوەکان- دەپەرست ئەوە دژبەیەکییە، گەر بڵێت: ناولێنراوەکانیان دەپەرست بەبێ ناوەکان ئەوە تێگەیشتنێکە دژیەکی تێدا نییە.

گەر ناوەکان بریتی بوونایە لە ناولێنراوەکان ئەوا قسەی دووەم وەك قسەی یەکەم وابوو.

پاشان دەوترێت: ماناکەی ئەوەیە ناوی ئەو خواوەندانەی لە بتەکانیان نابوو ناو بوون بەبێ ناولێنراو، چونکە ناولێنراو مانایەکی جێگیرە بۆ بەرچاوەکان(بەرجەستەکان) لەو ڕووەوە کە وشەکە ئامـاژە دەکاتە سەری، بتەکان خواوەندی جێگیر نەبوون لە بەرچاودا(لە حەقیقەتدا) و زانراویش نەبوون لە زەیندا، بەڵکو ناوەکانیان تەنها لەسەر زمان بوونیان هەبوو، بۆیە کۆمەڵێك ناوبوون بەبێ مانا، هەر کەس بە ناوی "الحكيم" ناوبنرێت و کەسێکی "حكيم" نەبێت و پێی دڵخۆش بێت وتراوە: بە ناوەکە دڵخۆش بووە، چونکە لە پشتی ناوەکەوە مانا بوونی نییە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ناو شتێکی ترە جگە لە ناولێنراو، چونکە ناوی داوەتە پاڵ ناولێنان و ناولێنانی داواتە پاڵ ئەوان و کردوویەتی بە کرداری ئەوان و دەفەرموێت: (أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ) واتە کۆمەڵە ناوێك بە ناولێنانی ئەوان و کرداری ئەوان بەرهەم هاتوون، کەسی بتەکان بە ناولێنانی ئەوان سەریان هەڵنەداوە.

گەر بوترێت خودا(سبحانه وتعالى) دەفەرموێت:﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١﴾ الأعلى: ١، لە کاتێکدا زاتی خودا بە پاك رادەگیرێت نەك ناوەکەی؟

دەڵێین: ناو لێرەدا زیادەیەکە لەسەر ڕێگەی سیفەت، نەرێتی عەرەب بەو شێوەیە گوزەری دەکرد، ئەوەش لەبەر ئایەتی: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾الشورى: ١١، دروست نییە بەڵگە بهێنرێتەوە و بوترێت: هاوئموونەیی تێدا جێگیر دەبێت، چونکە خودا(سبحانه وتعالى) دەفەرموێت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾الشورى: ١١، وەك ئەوەی بوترێت: "ليس كولده أحد" لەمەدا "ولد" جێگیر دەکات و "الكاف" تیایدا زیادەیە.

بەدوور نازانرێت ناولێنراو بە ناو باس بکرێت ئەوەش وەك شکۆمەندییەك بۆ ناولێنراوەکە، وەك چۆن بە کەسێکی مەزن دەوترێت "جەناب" یان "حەزرەت" و

"مەجلیس" هەروەها دەوترێت: سەلام لە حەزرەتی موبارەكی و مەجلیسی شەریفی، مەبەست پێی "سەلام لەسەر ئەو كەسە بێت" بەڵام بە شێوەیەكی تر گوزارشتی لێ دەدرێت وەك جۆرێك لە گەورەیی و شكۆمەندی بۆ كەسەكە.

ناویش هەر بەو جۆرە با ناولێنراویش نەبێت بە ناولێنراوەوە پەیوەستە و پڕاوپڕە لەگەڵی، نابێ ئەمە لەلای كەسی رۆشنبین لەگەڵ بنەڕەتی داناندا تێكەڵ ببێت، چۆن دەبێت لایان تێكەڵ بێت لە كاتێكدا هەندێك بەڵگە بە ئایەتی:﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ الأعراف: ١٨٠، دەهێننەوە، هەروەها بە فەرموودەی پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ((بۆ خودا(سبحانه وتعالى) نەوەد و نۆ ناو بوونیان هەیە، سەد كەم یەك، هەر كەس هەژماریان بكات دەچێتە بەهەشتەوە))[1].

هەروەها دەڵێن: گەر ناو بریتی بێت لە ناولێنراو ئەوكات ناولێنراو نەوەد و نۆ دەبوو، ئەوەش محاڵە، چونكە ناولێنراو تەنها یەكێكە، ئەوانە لێرەدا ناچار دەبن دان بەوەدا بنێن ناو شتێكی ترە جگە لە ناولێنراو، دەشڵێن: گونجاوە بە مانای ناولێنان هاتبێت نەك بە مانای ناولێنراو، وەك چۆن كەسانێكی تر خۆیان رادەست كردووە بەوەی ناو هەندێ جار بە مانای ناولێنراو دێت، با لە بنەڕەتیشدا ناولێنراو نەبێت، لەسەر ئەمە لێكدانەوە بۆ ئایەتی:﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١﴾ الأعلى: ١، دەكەن، هەر یەكێك لەم دوو دەستەیە بەڵگەهێناوەكەی و وەڵامەكەی باش و دروست نییە.

لەسەر ئایەتی:﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١﴾ الأعلى: ١، ئەوەی تێیدایە و لەسەریەتی گوزارشتمان لێدا.

بەڵام ئەم بەڵگەهێنانەوە و وەڵامەكانیان بەوەی ناو و ناولێنراو یەكێكن، و لێرەدا مەبەستی بە ناو ناولێنانە، ئەم قسەیە لە دوو رووەوە هەڵەیە:

یەكەمیان: ئەو كەسەی دەڵێت: "ناو بریتییە لە ناولێنراو" دەبێت بڵێت ناولێنراو نەوەد و نۆیە، چونكە لەلای ئەوان مەبەست بە ناولێنراو تێگەیشتنی ناوە، و تێگەیشتنی "العليم" جیایە لە تێگەیشتن لە "القدير و القدوس و الخالق" و ناوەكانی

---

[1] رواه البخاري.

تر، بەڵکو هەر ناوێك تێگەیشتن و مانایەکی سەربەخۆی هەیە، با هەر هەمووش بگەڕێنەوە بۆ وەسفی یەك خود(زات)، خاوەنی ئەم قسەیە دەڵێت: ناو بریتییە لە مانا، دەشگونجێ بڵێت: بۆ خودا مانای چاك و پاك هەیە، ناولێنراوەکانیش بریتین لە ماناکان و هەر دەبێ فرەییان تێدا بێت.

دووەم: ئەو قسەی کە دەڵێت: "لێرەدا(واتە لە ئایەتەکەدا) مەبەست بە ناو بریتییە لە ناولێنان" ئەمەش دیسان هەڵەیە، ئێمە ئەوەمان ڕۆشن کردەوە ناولێنان ناوهێنانی ناوە یان وەسفکردنییەتی، ناولێنان فرەیی وەردەگرێت بە فرەیی ئەوانەی ناومان لێناون، با ناوەکەش یەکێك بێت، وەك چۆن یاد و زانست بە فرەیی یادکەران و زانایان زۆر دەبن با یادکراو و زانراویش یەکێك بێت، بۆیە زۆری ناولێنەران ئاتاج نییە بە زۆری ناو، چونکە ئەوە بۆ کرداری ناولێنەرەکان دەگەڕێتەوە، لێرەدا مەبەست بە ناوەکان ناولێنانەکانن، بەڵکو مەبەست ناوەکانە، ناوەکانیش کۆمەڵە وشەیەکی دانراون بۆ ئاماژە کرنەسەر مانا جۆراوجۆرەکان، بۆیە ئاتاج بە تەئویلی نالەبار ناکات.

یەکسانە بوترێت ناو بریتییە لە ناولێنراو یان نەوترێت، ئەم بڕە بەسە بۆ پەردەلادان لەسەر ئەم بابەتە بەهۆی کەمی بەرهەمییەوە، ئەم بابەتە ئاتاج بەم زۆرلەخۆکرنە نییە، بەڵام مەبەستمان بە شرۆڤەکردن فێرکردنی ڕێگەی ناسینی هاونموونەی ئەم باسانەیە بۆ ئەوەی لە بابەتگەلێکی تری گرنگ لەم بابەتەدا بەکاربهێنرێت، زۆرینە لەم بابەتەدا سەرنجیان بۆ لای وشەکانە نەك ماناکان، خودا زاناترە.

بەشی دووەم

ڕۆشنکردنەوەی ئەو ناوانەی لە مانادا لەیەکتر نزیکن و شیاو نین هاومانا بن یان هەر دەبێت لە تێگەیشتنەکانیان جیاواز بن.

دەڵێم ڕۆچووان لە شرۆڤەی ناوەکاندا دەستیان بۆ ئەم بابەتە نەبردووە، ئەوەیان بەدوور نەزانیوە دوو ناو ئاماژە بۆ تەنها یەك مانا بکەن، وەك "الكبير" و "**العظيم**"، هەروەها وەك "القادر" و "المقتدر" بە هەمان شێوە وەك "الخالق" و "الباريء".

ئەمە ئەوەیە من بە دووری دەبینم با دوو ناوەکەش لە کۆی نەوەد و نۆ ناوەکە بن، چونکە ناو بە پیتەکانی تەماشا ناکرێت، بەڵکو بە ماناکەی سەرنج دەدرێت، ناوە هاوواتاکان تەنها پیتەکانیان جیاوازن.

بەڵکو گەورەیی ئەو ناوانە لەو مانانەدایە دەکەونە ژێرییەوە، گەر لە مانا خاڵیبوونەوە تەنها وشەکان دەمێننەوە، ماناش گەر بە هەزار ناو ئاماژەی بۆ بکەی چاکەیان بەسەر ئەو مانایەدا نییە کە تەنها یەك ناو ئاماژەی پێ دەکات، بۆیە بەدوور دەبینرێ ئەو ژمارە سنووردارانە بە دووبارەبوونەوەی وشەکان بۆ سەر یەك مانا تەواو بن، بەڵکو لەژێر هەر وشەیەکی تایبەتدا مانایەك بوونی هەیە، گەر دوو وشەی نزیکبەیەکترمان بینییەوە ئەوا هەر دەبێت یەکێك لەم خاڵانەی تێدا بێت:

یەکەم: جیانەکرێتەوە ئایا یەکێکیان لە نەوەد و نۆ ناوەکەیە، وەك "**الأحد**" و "الواحد" چونکە ڕیوایەتە بەناوبانگەکە لە ئەبو هورەیرەوە(خوا لێی ڕازی بێت) ناوی "الواحد"ی تێدا هاتووە، لە ڕیوایەتێکی تردا "**الأحد**"ی تێدا هاتووە لە جێگەی "الواحد" ئەو کات تەواوکەری ژمارەکە(نەوەد و نۆ) بریتییە لە مانای یەکتایی، جا یان بە وشەی "الواحد" یان بە وشەی "**الأحد**" یان هەردووکیان بۆ تەواوکردنی

ژمارەکە(واتە نەوەد و نۆ) لە جێگەی دوو ناو راستببنەوە بەڵام ماناکەیان یەکێك بێت کە ئەمەیان لای من زۆر دوورە.

دووەم: زۆر لە خۆمان بکەین و یەکێك لە دوو وشەکە(ناوەکە) بەسەر ئەویتریاندا سەربخەین بە هۆی تایبەتمەندییەکەوە تیایدا، بەوەی یەکێکیان ئەویتریان لە ئامێز دەگرێت و مانایەکی زیاتریش دەبەخشێت، نموونەکەی: گەر "الغافر" و "الغفور" و "الغفار" هاتن بەدوور نابینرێت ئەمانە سێ ناو بن، چونکە "الغافر" تەنها ئاماژەیە بە بنەڕەت و ریشەی "**مغفرة**"، "الغفور" ئاماژە دەکات بۆ زۆری "**مغفرة**" بەرانبەر بە زۆری گوناه و تاوان، تەنانەت ئەو کەسەی تەنها لە یەك جۆر گوناه خۆشدەبێت پێی ناوترێت "الغفور"، ناوی "الغفار"یش ئاماژە بۆ زۆری "غفران"ی گوناه و تاوان دەکات بە شێوەی دووبارەبوونەوە، واتە جار لە دوای جار لە گوناهان خۆشدەبێت، تەنانەت ئەو کەسەی لە هەموو گوناهێك خۆش دەبێت-بەڵام بۆ تەنها یەك جار و لەو کەسانە خۆشنابێت کە دەگەڕێنەوە سەر گوناه و تاوان- پێی ناوترێت "الغفار".

هەر بەو جۆرە ناوی "**الغني**" و ناوی "الملك"، "**الغني**" کەسێکە ئاتاج نییە بە هیچ شتێك، "الملك"یش ئاتاج نییە بە هیچ شتێك، بەڵام هەموو شتێك بە ئەو ئاتاجە، لەو بارەدا ناوی "الملك" ناوی "**الغني**" و زیادە مانایەکیش دەبەخشێت، بە هەمان شێوە ناوی "**العليم**" و ناوی "**الخبير**" ناوی "**العليم**" تەنها ئاماژە بۆ زانست دەکات، بەڵام ناوی "**الخبير**" ئاماژە بە زانستی خودا دەکات بە کاروبارە پەنهان و شاراوەکان.

ئەم بڕە لە جیاوازی ناوەکان لەوە دەردەکات هاوواتا بن، ئەو کات لە رەگەزی "سیف" و "مهند" و "صارم"ن نەك لە رەگەزی "**ليث**" و "أسد" بن.

گەر لە هەندێ لە ناوە نزیك بە یەکەکاندا لە گرتنەبەری ئەم دوو رەوگەیە(میتۆد) دەستەوسان بووین پێویستە باوەڕمان بە جیاوازی هەبێت لە نێوان مانای دوو وشەدا، گەر دەستەوسان بووین لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەك کە جیابوونەوەی پێوە بێت-بۆ نموونە- وەك "**العظيم**" و "الكبير" کە لەسەرمان دژوارە جیاکاری بکەین لە نێوان ماناکانیاندا لەمەڕ خودا(سبحانه وتعالى)، بەڵام لەگەڵ ئەوەش گومانمان نییە لە بنەڕەتی

جیابوونـەوەی نێوانیـان، بۆیـە خـودا(سـبحانه وتعـالی)-لـە فەرموودەیـەکی قودسـیدا-دەفـەرموێت: (("الكبرياء ردائي والعظمـة إزاري"))[1]، جیاکـاری کـرد لـە نێوانیـان بـۆ ئەوەی جیاوازی نیشان بدات.

هەرچەند هەریەك لە "رداء" و "إزار" جوانکاری مرۆڤە، بەڵام "رداء" لە "إزار" باڵاتر و مـەزنترە، بۆیـە کلیلـی کردنـەوەی نوێـژ بریتییـە لـە "الله أكبر" و لـەلای خـاوەن تێگەیشتنە وردەکان "الله أعظم" جێگەی ناگرێتەوە.

هەر بەو جۆرە عەرەب لە بەکارهێنانیدا جیاکاری کردووە لـە نێـوان ئـەو دوو وشـەدا، "الكبير" لە جێگەیەکدا بەکاردەهێنێنن کـە "العظـيم"ی تێـدا بـەکار نـاهێنن، گـەر هاوواتا بوونایە دەتوانرا جێگۆڕکێیان پێ بکرێت، عەرەب دەڵێت: "فلان أكبر سنا من فلان-فلان تەمەنی لە فلان گەورەترە" و ناڵێت: "أعظم سنا".

هەر بەو جۆرە ناوی "الجليل" جیایە لە "الكبير" و "العظيم"، "الجلال" ئامـاژە بـە سیفەتەکانی مەزنی و شکۆمەندی دەکات، بۆیە ناوترێت: "فلان أجل سنا من فـلان" بەڵکو دەوترێت "أكبر سنا" هەروەها دەوترێت: "الفرس أعظم من الإنسان-ئەسپ لـە مرۆڤ گەورەترە" و ناوترێت: "أجل من الإنسان".

ئەم ناوانە هەرچەند ماناکانیان لەیەکتر نزیکن بەڵام هاوواتا نین، بەگشتی هاوواتابوون لەو نەوەد و نۆ ناوە بەدوور دەگیرێت، چونکە ناوەکـان پیـت و دەنگـەکانیان مەبەسـت نییە بەڵکو تێگەیشتن و ماناکانیان پێویستە، ئەمە بنەڕەتێکە هـەر دەبێـت باوەڕمـان پێی هەبێت.

[1] رواه أبو داود وابن ماجة وابن حبان.

بەشی سێیەم

لە یەك ناودا کە چەندین مانای هەیە و ناوکۆیی نێوان ماناکان دەکات

وەك ناوی "المؤمن" ئەم ناوە هەندێ جار مەبەست پێی "تصدیق"ە، لەوانەشە لە "الأمن" داتاشرابێت، ئەوکات مانای گەیاندنی ئاسایش و ئارامی و ئەمان بێت.

ئایا دروستە ناوەکە هەڵبدرێتە سەر هەردوو ماناکە، وەك هەڵدانی گشتگیر بۆ ناولێنراوەکانی، وەك چۆن ناوی "العلیم" هەڵدەدرێتە سەر زانا بە پەنهان و ئاشکرا، و ناوەوە و دەرەوە و شتانی تر لە زانراوە زۆرەکان؟

ئەمە کاتێك لە رووی زمانەوە تەماشا بکرێت، دوورە ناوێکی هاوبەش هەڵبدرێتە سەر هەموو ناولێنراوەکان وەك هەڵدانی گشتگیر، عەرەب ناوی پیاو بەکاردەهێنێت و مەبەستی پێی دانە بەدانەی پیاوەکانە، ئەمە بریتییە لە گشتگیر(یان ناوی گشتی)، ناوی "عین" بەکارناهێنرێت و مەبەست پێی "عین الشمس-چاوگەی خۆر" و "عین الدینار-چاوی دینار(یەکێك لە رووەکانی وەك چۆن دەوترێت شێر یان خەت)" و "عین المیزان-چاوی ترازوو(ناوەڕاستی نێوان دوو تاکە)" و "عین المتفجرة من الماء-کانی" بێت و "العین الناظرة-چاوی بینین"ش یەکێك لە ماناکانی بێت، جیاکردنەوەی ئەمانە بە بەراورد و هاتنیان لە میانەی رستەدا دەبێت.

لە "الأصول"دا لە شافیعییەوە(رەحمەتی خودای لەسەر بێت) دەگێڕنەوە وتوویەتی: ناوی هاوبەش هەڵدەدرێتە سەر هەموو ناولێنراوەکانی گەر مەبەست پێی رەها بێت و ئاماژەیەك بوونی نەبێت بەڵگەبێت لەسەر تایبەتکردنی.

ئەمە گەر لە شافیعییەوە دروست بێت دوورە، بەڵکو بەکارهێنانی وشەی **"العین"** لە زماندا نادیار و ناڕوونە تا ئاماژەیەك ئاماژە بە تایبەتکردنی دەکات.

ناوی گشتیش لەوانەیە دانانی شەرع جیاوازی هەبێت لە دانانی زمان، بەڵێ، ئەوەی شەرع تاوتوێی کردووە لە وشەکان، بەدوور نابینرێت لە دانان و تاوتوێکردنی ئەو بێت، وشەیەك بە رەهایی بەکارهێنرابێت و هەموو ماناکانی مەبەست بووبێت.

ئەو کات ناوی **"المؤمن"** بە شەرع هەڵدەدرێتە سەر **"المصدق"** و مانای ئەمن و ئاسایشیش بە دانانی شەرع نەك بە دانانی زمان دەگەیەنێت، وەك چۆن ناوی **"الصلاة"** و **"الصوم"** تایبەتکراون بە دانانی شەرع و تایبەتی کردوون بۆ هەندێ کاروبار و زمان داوای ئەوە ناکات، ئەمە بەدوور نازانرێت گەر بەڵگەیەکی لەسەر بێت، بەڵام بەڵگەیەك بوونی نییە لەسەر ئەوەی شەرع لە دانانیدا گۆڕانی کردبێت، زاڵ بەسەر گومانمدا ئەوەیە ئەوە نەگۆڕاوە، ئەو دانەرانەش(دانەری کتێب) کە دەڵێن: گەر ناوێك لە ناوەکانی خودا چەندین مانای هەبوو و ئەقڵ هیچ کام لەو مانانەی رەد نەدەکردەوە ئەوا هەڵدەدرێتە سەر هەموو ماناکان بە رێگەی گشتاندن، ئەم کەسە-بەم بۆچوونەی- تیایدا زۆر لە راستی دوورکەوتووەتەوە.

بەڵێ هەندێ مانا هەن ئەوەندە لەیەکتر نزیکن تا جیاوازییەکان تیایاندا بگێڕرێتەوە بۆ دانەپاڵەکان(**إضافات**)، بە جۆرێك لەیەکتر نزیك دەبنەوە و لەیەکتر دەچن لێکچوونی ناوەکە لە گشتاندن و گشتگیرکردنەوە نزیکتر بێت، وەك ناوی **"السلام"** هەڵدەدرێتە سەر ئەوەی لە نەنگی و ناتەواوی سەلامەت بێت و هەڵیشدەدرێتە سەر ئەوەی دروستکراوەکانی بە هۆی ئەوەوە لە نەنگی و ناتەواوی پارێزراو بن، ئەمانە و هاوشێوەکانیان لە گشتاندن دەچن، گەر مەیلی بەهێز بۆ ئەوە بوو رێگری لە گشتاندن بکرێت ئەوکات داوای دیاریکردن بۆ هەندێ مانا تەنها لە رێگەی ئیجتیهادەوەیە، لەو بارەدا موجتەهیدەکە هەڵیدەداتە سەر یەکێك لە ماناکان:

یان شیاوترە وەك گەیاندنی مانای **"الأمان"**، مەدحی خودا(**سبحانە وتعالی**) شایستەترە لەبەکارهێنانی **"تصدیق"**، بەڵام لە پای غەیری خودا **"تصدیق"** شایستەترە، چونکە

پێویسته لەسەر هەمووان ئیمانی پێ بهێنن و تصدیقیان به کەلامی خودا هەبێت، پله و پایەی تەصدیقپێهێنراو(خودا) بالآتره له پلەی تەصدیقکەر(مرۆڤ).

یان یەکێك له دوو ماناکه سەرناکێشێت بۆ هاوواتایی نێوان دوو ناو، وەك هەڵدانی "المهیمن" بۆ سەر غەیری "الرقیب"، "المهیمن" له "الرقیب" لەپێشتره، چونکه "الرقیب"یش هاتووه، بۆیه وەك باسمان کرد له هاوواتایی دوورن.

یان یەکێك له دوو ماناکه له عورفی زماندا بەهێزتره و زووتر دەگاته تێگەیشتن به هۆی ئاشکرابوونییەوه، یان زۆرتر ئاماژه دەکاته سەر کەماڵ و مەدح، ئەمانه و هاوشێوەکانی ئەمانه پێویسته بۆ ڕۆشنکردنەوەی ناوەکان شانیان لەسەر دابدەین، و بۆ هەر ناوێك تەنها یەك مانا که به نزیکی دەبینین باس بکەین و ماناکانی تر وەلا بنێین مەکەر له پلەدا نزیك بێت بەوەی باسمان کرد، بەلام زۆری قسەی وتراو لەسەری-لەگەڵ ئەوەی ئێمه گشتاندنی وشه هاوبەشەکان به دروست نابینین- سوودێکیان تێدا نابینینەوه.

بەشی چوارەم

ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی کەماڵ و بەختەوەری بەندە لە خۆڕازاندنەوەدایە بە ئەخلاقی خودا(سبحانه وتعالى) و مانای سیفەتەکان و ناوەکانی بە ئەندازەی ئەوەی لە حەقی ئەو وێنا دەکرێت.

بزانە هەر کەس تەنها بیستنی وشەکە لە ناوەکانی خودا(سبحانه وتعالى) بەشیەتی و لە زمان لێکدانەوە و وەسفی وشەکان دەزانێ و بە دڵ بوونی ئەو مانانە بۆ خودا(سبحانه وتعالى) بڕیار دەدات ئەوا ئەو کەسە بەشێکی زۆر کەمی هەیە و پلە و پایەی دابەزیوە و شیاو نییە بەوەی بەدەستی هێناوە خۆی هەڵبنێت.

سەلامەتی وشە تەنها سەلامەتی هەستی بیستن دەستەبەر دەکات کە بە هۆیەوە دەنگەکان پەی پێ دەبرێت، ئەم ئاستە ئاژەڵانیش تیایدا بەشدارن.

بەڵام تێگەیشتنی دانانی لە زماندا تەنها زانینی زمانی عەرەبی پێویست دەکات، ئەم پلە و پایەیە ئەدیب و زمانەوان و گەمژەیەکی سارانشین تیایدا یەکسانن.

باوەڕ بە جێگیر کردنی مانەکەشی بەبێ پەردەلادان تەنها تێگەیشتنی مانای وشەکە و تەصدیق پێی دەگەیەنێت، ئەم پلەیەش خەڵکی نەخوێندەوار-بەڵکو منداڵیش- تیایدا هاوبەشن، دوای حاڵیبوون لە زمان گەر ئەم مانانەی بۆ بەسەردا بخوێنرێتەوە وەریدەگرێت و لەبەری دەکات و بەدڵ باوەڕیان پێ دەهێنێت، و لەسەریان سوور دەبێت.

ئەمە بریتییە لە پلە و پایەی زۆرینەی زانایان جگای خەڵکانی تر، فەزڵی ئەوانە پشتگوێ ناخرێت هاوڕێ لەگەڵ ئەوانەی لەو سێ پلەیەدا هاوبەشییان دەکەن، بەڵام ناتەواوییەکی ئاشکرایە بۆ لوتکەی کەماڵ، چونکە چاکەی ئەبرار خراپەی نزیکانە.

بەڵکو بەشی نزیکان لە خودا لە مانای ناوە جوانەکانی خودا سێ بەشە:

بەشی یەکەم: ناسینی ئەو ناوانە لە ڕێگەی موکاشەفە و موشاهەدە(پەردەلادان و بینین)ەوە بەدەست دێت، تا ڕاستێتی ئەو ناوانە بە بورهانێك کە هەڵەی تێدا نییە ڕۆشن ببێتەوە، و وەسفی خودایان(**سبحانه وتعالی**) لەلا ڕۆشن ببێتەوە بە ڕۆشنبوونەوەیەك لە ئاشکرا و والآبووندا وەك یەقینی بەرهەمهاتوو وابێت بۆ سیفەتێك مرۆڤ بە بینینی ناوەوە دەیبینێت نەك بە هەستە دەرەکییەکان، لە نێوان ئەمە و ئەوەی لە باب و باپیر و مامۆستایانەوە وەردەگیرێت بە چاولێگەری و سووربوون لەسەری نێوانێك(بۆشاییەك)ی زۆر هەیە با بەڵگەی کەلامی و جەدەلیشی لەگەڵ هاوتا بێت.

بەشی دووەم: بەمەزنزانینی ئەوەی بۆیان دەرکەوتووە لە سیفەتەکانی جەلال بە جۆرێك ئەو بەمەزنزانینە شەوقیان لەلا دروست بکات بۆ خۆڕازاندنەوە بەو سیفەتانە تاکو بەهۆیەوە لە حەق نزیك ببنەوە بە نزیکبوونەوەی سیفەت نەك نزیکبوونەوەی شوێن، بەو خۆڕازاندنەوەش هاوشێوەیی فریشتەکان وەربگرن لەلای خودا(**سبحانه وتعالی**).

وێنا ناکرێت دڵێك بە مەزنی سیفەتێکی خودا پڕبووبێت و ڕۆشن بووبێتەوە لەگەڵ ئەوەش شەوق بۆ ئەو سیفەتە و عیشق بۆ ئەو جەلال و جوانییە سەرهەڵنەدات و سووربوون بۆ خۆرازاندنەوە بەو وەسفە نەیەتە ئاراوە گەر بۆ ئەو کەسەی مەزنی و گەورەیی دەداتە پاڵ خودا شیاو بێت، گەر بە خۆ بەرەو کەماڵبردن شیاو نەبێت ئەوا شەوق بە ئەندازەی پێویست لێیەوە بەرهەم دێت، هیچ کەس لەم شەوقە خاڵی نابێت مەگەر بۆ یەکێك لەم دوو بارەدا: یان بەهۆی لاوازی مەعریفە و یەقینەوە بەوەی وەسفی زانراو لە وەسفەکانی جەلال و کەماڵە، یان بەهۆی پڕبوونی دڵ بە شەوقی کەسێکی ترەوە و نغرۆبوون تیایدا، گەر قوتابی کەماڵی مامۆستاکەی لە زانستدا ببینێت بەو شەوقە بەرەو خۆچوواندن بە ئەو و شوێنکەوتنی هەنگاو هەڵدەگرێت، مەگەر لە بارێکدا کەسەکە-بۆ نموونە- لێوانلێو بێت بە برسێتی، لەو بارەدا نغرۆبوونی ناوەوەی بە شەوقی خۆراك لەوانەیە شەوقەکەی بۆ زانست خامۆش بکات.

بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئەو کەسەی لە سیفەتەکانی خودا(**سبحانه وتعالی**) ورد دەبێتەوە بە دڵ خاڵی بێت لە ویستی هەر شتێکی تر جگە لە خودا(**سبحانه وتعالی**)،

چونکه مەعریفە بریتییە لە تۆوی شەوق، بەڵام گرنگە بەر دڵێك بکەوێت خاڵی بێت لە چرۆی حەز و ئارەوزوو، چونکە گەر دڵ خاڵی نەبێت ئەوا تۆوەکە بە جوانی ناڕوێت.

بەشی سێیەم: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەهرەی پێویست لەو سیفەتانەوە، و بەدیهێنانی لە خۆیدا و خۆڕازاندنەوە بە جوانییەکانیان، بەوەش بەندە دەبێت بە کەسێکی ڕەبانی، واتە لە پەروەردگار نزیك دەبێتەوە، بەو کارەی دەبێتە هاوەڵی فریشتەکان لە مەلـەئی باڵا، چونکە ئەوان لەسەر ڕاخەری نزیکین لـە خـوداوە، هـەر کـەس بـە سـیفەتەکانیان هاوشێوە بێت نزیکی لە ئەوانەوە بەدەست دەهێنێت ئەوەش بە ئەندازەی ئەو سیفەتانەی لە خوداوە(**سبحانە وتعالی**) پێیان نزیك بووەتەوە.

گەر بڵێی: داوای نزیکی لە خودا(**سبحانە وتعـالی**) بـە سـیفەتەکانی کـارێکی ناڕوونـە و خەریکە دڵ لە قبووڵ کردن و تەصدیق کردنی بێزار دەبێت، بۆیە ڕۆشنکردنەوەی زیاتر بدە تاکو نەرێکردنی نەرێکەران بسڕێتەوە، چونکە ئەم بابەتە وەك شـتێکی نەناسـراوی لێهاتووە لای زۆرینەیان گەر ڕاستەقینەکەی دەرنەکەوێت.

بۆیە دەڵێم: لە تۆ- و لەوانەی کەمێك لە خوار پلەی زاناوەن- شاراوە نییە بوون(وجود) دابەش دەبێت بۆ: کامڵ و ناتـەواو، کامـڵ شـکۆمەندتر و پلـە و پایـەی مـەزنترە لـە ناتەواو، هەرچەند پلەکانی کەماڵ جۆراوجۆر بن ئـەوا کۆتـایی کـەماڵ لەسـەر یـەکێك کۆتایی پێ دێت و ڕەهای کەماڵ تەنها بۆ ئەو دەبێت، و بوونەکانی تر کەماڵی ڕەهایان نابێـت، بـەڵکو بـە دانـەپاڵ کـەماڵی جۆراوجۆریـان دەبێـت، کـاملترینی ئـەو بوونانـە نزیکترینیانە بۆ ئەو بوونەی کەماڵی ڕەهای هەیە، مەبەستم نزیکی پلە و پایەیـە نـەك نزیکی شوێن.

پاشان بوونەکان بۆ زیندوو و نازیندوو دابەش دەبن، دەزانیت زیندوو کـاملترە لـە مـردوو، پلەی زیندووەکان سێ پلەیە: پلەی فریشتەکان، و پلەی مرۆڤ و پلەی ئاژەڵان و گیانداران.

پلەی ئاژەڵان و گیانداران نزمترینە کە باڵاترینی پیادا گوزەر دەکات، چـونکە زینـدوو بریتییە لە پەیبەری کارا، لە پەیبردنی ئاژەڵانـدا ناتـەواوی هەیـە هـەر بـەو جـۆرە لـە کارەکەیاندا، پەیبردنەکەی: ناتەواوی لەو شوێنەدایە تـەنها هەسـتەکانی کـار دەکـەن،

پەیبردنی هەستەکانیش کەم و کورتن، چونکە پەی بە شتێك دەبات بەرکەوتنی لەگەڵ هەبێت یان لێی نزیك بێت، هەستەکانی لە پەیبردن دابڕاون گەر بەرکەوتنیان لەگەڵ شتەکان نەبێت و لێی نزیك نەبن، بەرکەوتن و چێژ ئاتاجن بە بەرکەوتن، بیستن و بینین و بۆنکردن ئاتاجن بە نزیکی، هەر بوونێك بەرکەوتن و نزیکی تیادا وێنا نەکرێت هەستەکان دابڕاوە لە پەی پێ بردنی لەو بارەدا، کردارەکانشیان تەنها لەسەر حەز و تووڕەیی دامەزراون، جگە لەو دوانە هیچ پاڵنەرێکی تر بۆیان بوونی نییە، ژیرییەکی نییە بانگ بۆ کردارگەلێك بکات پێچەوانەی حەز و تووڕەیی بێت.

فریشتە پلەکەی باڵاترین پلەیە، چونکە بوونێکە نزیکی و دووری کارناکاتە سەر پەیبردنی، بەڵکو پەیبردنی هەیە بۆ هەر شتێك وێنای دووریەکەی و نزیکییەکەی بکرێت، چونکە نزیکی و دووری لە تەنەکاندا وێنا دەکرێن، تەنەکانیش پەستترین بەشەکانی بوونن، پاشان فریشتە لە حەز و تووڕەیی پاك و بێگەردە، کارەکەی بەپێی حەز و تووڕەیی نییە، بەڵکو فەرمانێکی باڵاتر و مەزنتر لە حەز و تووڕەیی کارەکانی پێ ئەنجام دەدات، ئەوەش بریتییە لە داوای نزیکی لە خودا(**سبحانه وتعالى**).

پلەی مرۆڤیش دەکەوێتە نێوان ئەو دوو پلەیەوە، وەك ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵی و فریشتەیی پێکهاتبێت، لەسەرەتای تەمەنییەوە زاڵ بەسەریدا سیفەتی ئاژەڵییە، چونکە یەکەمجار پەیبردنی تەنها بریتییە لە هەستەکان کە بۆ پەیبردن بە هەستپێکراو پێویستی بە نزیکی هەیە بە هەوڵدان و جووڵە، تا دواجار نووری ژیری لێ هەڵدێت کە لە مەلەکوتی ئاسمانەکان و زەویدا گەردەش و دەوران دەکات بەبێ ئەوەی ئاتاج بێت بە جووڵەی جەستە و هەوڵی نزیکبوونەوە یان بەرکەوتن لەگەڵ پەیپێبراو، بەڵکو شتە پاك و موقەدەسەکان پەی پێ دەبات بەبێ نزیکی و دووری شوێن، هەر بەو جۆرە ئەوەی یەکەمجار زاڵ بوو بەسەریدا لە حەز و تووڕەیی، بەپێی داخوازی ئەو دوانە و هاندانیان گەورە دەبێت تا داوای کەماڵ و وردبوونەوە لە سەرئەنجامی یاخیبوون بە هۆی حەز و تووڕەبوونەوە دەردەکەوێت، گەر بەسەر حەز و تووڕەبووندا زاڵ بوو لەغاوی کردن و لاوازبوون لە جووڵان و بزوانیان لەو بارەدا هاوشێوەییەکی تری فریشتە بەدەست دەهێنێت، هەر بەو جۆرە گەر نەفسی خۆی لە چەقبەستن گرتەوە لەسەر ئەندێشەکردنی

هەستپێکراوەکان و هۆگری پەیبردن بە کۆمەڵە شتێك بۆ پەیدا بوو کە باڵاترن لەوەی هەست و خەیاڵ پێیان بگات ئەوا هاوشێوەییەکی تری فریشتە بەدەست دەهێنێت، چونکە تایبەتمەندی زیندەگی و ژیان بریتییە لە پەیبردن و ژیری، ناتەواوی و میانەگیری و کەماڵ بۆ ئەو دوانە دەگەڕێنەوە، تا لەم دوو تایبەتمەندییەدا شوێنی فریشتەکان بکەوێت لە ژیانی ئاژەڵی خۆی بەدوورتر دەگرێت، و لە فریشتەوە نزیکتر دەبێت، فریشتە لە خوداوە(**سبحانه وتعالى**) نزیکە و نزیکیش لە نزیکەوە نزیکە.

گەر بڵێیت ئاشکرای ئەم قسانە هاوشێوەیی نێوان بەندە و خودا(**سبحانه وتعالى**) جێگیر دەکات، چونکە گەر بە ئەخلاقی خودا خۆی رازاندنەوە دەبێت بە هاوشێوەی خودا، لەڕووی شەرع و ئەقڵیشەوە خودا(**سبحانه وتعالى**) هاوشێوەو هاونموونەی نییە﴿**لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ**﴾ الشورى: ١١، خودا لە هیچ شتێك ناچێت و هیچ شتێکیش لە خودا ناچێت.

ئەوا دەڵێم: هەرچەند مانای هاوشێوەیی و هاونموونەیی نەرێکار لە خودا(**سبحانه وتعالى**) بزانیت و لەوە تێبگەی خودا هاونموونەی بۆ نییە، نابێ وا گومان ببەیت هاوبەشی لە هەموو وەسفێکدا هاوشێوەیی و هاونموونەیی پێویست دەکات، نابینی دوو دژ هاوشێوە و هاونموونە نابن و دوورییەکی وا لە نێوانیاندا هەیە کە وێناناکرێت دووری تر لەسەریەوە هەبێت و لە زۆرێك وەسفدا هاوبەشن، چونکە رەش و سپی لەوەدا بەشدارن کە لابەلا(**عرض**)ن، هەروەها لەوەی کە هەردووکیان رەنگن و هەردووکیان بە چاو پەییان پێ دەبرێت و ئەمانە و زۆرێکی تر لە بەشداربوون.

دەبینی ئەو کەسەی دەڵێت: خودا بوونی هەیە -نەك لە جێگەدا- و بیسەر و بینەرە و هەمیشە زانایە و قسەکەری زیندووە و بەدەسەڵاتی کارایە، مرۆڤیش بە هەمان شێوەیە بۆیە سیفەتی مرۆڤی بۆ خودا جێگیر کردووە و هاوشێوەیی و هاونموونەیی بڕیار لێداوە؟

ئەوە زۆر دوورە کارەکە بەو جۆرە نییە، گەر کارەکە بەو جۆرە بوایە ئەوا هەموو خەڵکی دەچوونە ریزی موشەبیهەکانەوە، چونکە بەلانی کەمەوە دەبێت لە جۆر و چییەتیدا هاوبەشی یەکتر بکەن، ئەسپ با لە ئەوپەڕی ژیری و لێزانیدا بێت نابێتە نموونە بۆ مرۆڤ، چونکە لە جۆردا جیاوازن، بەڵکو تەنها لە لێزانیدا هاوشێوەیی مرۆڤ دەکات کە سیفەتێکی لابەلایە و لە دەرەوەی چییەتییەوەیە کە راگری خودی مرۆڤە.

تایبەتمەندی خودایی ئەوەیە لە خـودی خۆیـدا خـاوەنی پێویسـتە بوون(واجـب الوجـود)ە و هەرچی بوونی ترە لە ئەوەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە و بـە ڕێکتریـن و کـامڵترین ڕێکخسـتن هاتوونەتە بـوون، ئـەم تایبەتمەندییـە هـەرگیز هاوبەشـی نییـە لەگـەڵ دروسـتکراوەکانی و هاوشێوەیی و هاونموونەیی لێوە بەرهەم نایەت، کاتێـك بەنـدە (رحـیم و صـبور و شـکور)ە مانای هاوشێوەیی و هاونموونەیی لەگەڵ ئەو سیفەتانەی خـودا ناگەیـەنێت، هـەروەك چـۆن هاوشێوەیی و هاونموونەیی لە (**سمیع و بصیر و عالم و قادر و حي و فاعل**)دا بوونیان نییە.

بەڵکو دەڵێم تایبەتمەندی خودایی تەنها بۆ خودایە(**سبحانه وتعالی**) و تەنها خـودا خـۆی دەیزانێت و دەیناسێت، وێنا ناکرێت کەسێکی تر جگـە لـە ئـەو یـان هاونموونـەی ئـەو بیزانێت، گەر هاونموونەی نەبێت ئەوا تەنها خۆی دەیزانێ و دەیناسێت، کەوابوو حـەق ئەوەیە جونەید(ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) دەیڵێت: تەنها خودا خودا(**سبحانه وتعـالی**) دەناسـێت، بۆیـە مـەزنترین خـەلقی خـودا تـەنها نـاوێکی پەردەپۆشـکەری پێـدراوە، خودا(**سبحانه وتعالی**) دەفەرموێت: ﴿**سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١**﴾ الأعلى: ١، سوێند بە خودا جگە لە خودا هیچ کەس لە دونیا و دوارۆژدا خودای نەناسیوە، لە کاتی سـەرەمەرگدا بە "**ذو النون**"(ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) وترا: حەزت لە چییە؟ وتـی: گـەر یـەك چرکەش بێت بەر لە مردنم بیناسم.

ئەمە ئێستا دڵی زۆرینەی لاوازانی تەمومژاوی کردووە و ئەندێشەی وتنی نەرێکردن و پەکخستن(**النفي والتعطیل**)ی لەلا دروست دەکات، ئەوەش بە هـۆی دەستەوسـانیان لـە تێگەیشتنی ئەم جۆرە لە قسە کردن.

من دەڵێم: گەر یەکێك بڵێت: ((تەنها خودا(**سبحانه وتعالی**) دەناسم)) ئەوە ڕاسـتگۆیە، گەر بیشڵێت: ((خودا(**سبحانه وتعـالی**) ناناسـم)) دیسـان ڕاسـتگۆیە، ئـەوەی ئاشـکرایە نەرێکردن و جێگیرکردن پێکەوە کۆنابنەوە، بەڵکو ڕاستی و درۆ لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، گەر نەرێ ڕاستی کرد جێگیرکردن درۆ دەکات و بەپێچەوانەوە، بەڵام گەر ڕووی قسە گۆڕا ڕاستگۆیی لە هەردوو بەشەکەدا وێنا دەکرێت، وەك یەکێك بە یـەکێکی تـر بڵێت: ئایا صدیق ئەبوبەکر دەناسی؟ ئەویش وتی: صـدیق لـەلای کـێ نەناسـراوە، لـە دونیادا کەسێك نییە نەیناسێت لەگەڵ ئەو گشتە ناوبـانگ و ئاشـکرابوونەیدا، لەسـەر

منبەرەکان تەنها باسی ئەو دەکرێت، لە مزگەوتەکاندا باس باسی ئەوە، لەسەر زمانان تەنها مەدح و سەنای ئەو هەیە، خاوەنی ئەم قسە لە قسەکانیدا راست دەکات، گەر بە کەسێکی تر بوترێت: ئایا دەیناسی؟ ئەویش وتی: بۆ من کێم تا ئەبوبەکری صدیق بناسم؟ ناسینی ئەو زۆر زۆر دوورە و تەنها صدیق صدیق دەناسێت، دەبێ یان لەسەرو ئەوەوە بیت یان هاوشێوەی ئەو بیت، ئیتر من چۆن دەتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم ئەبوبەکر دەناسم و بەوێت بیناسم؟ نموونەی کەسی وەك من تەنها ناو و سیفەتی دەبیستێ، ئەمەش دیسان راست دەکات، بەڵام راستتر و شیاوتر ئەوەیە دەڵێت: نایناسم، چونکە لە حەقیقەت و راستیدا نەیناسیوە، خەتخۆشی پێویستی بە خۆشنووسێکی زیندووی بەتوانای بیسەری بینەری دەست سەلامەتی زانا بە پیشەی خۆشنووسی هەیە و هەر ئەو دەیزانێ و دەیناسێ، گەر بانگەشەی ناسینیشی بکرێت-کە محاڵە- دیسان راست دەکات و روویەکی هەیە و نزیکترە بە شکۆمەندکردن و رێز.

بەم جۆرە دەبێ لە قسەی "نایناسم" تێبگەین، هەروەها لە قسەی "خودا ناناسم" حاڵی ببین.

بەڵکو گەر بە هەڵە خەتێکی خۆش بخرێتە بەردەم کەسێکی ژیرمەند و پێی بوترێت: ئایا نووسەرەکەی دەناسی؟ ئەویش وتی: نەخێر، ئەوا راست دەکات، گەر بشڵێت بەڵێ، خۆشنووسەکەی بریتییە لە مرۆڤێکی زیندووی بەتوانای بیسەری بینەری دەست سەلامەتیی زانا بە پیشەی خۆشنووسی لەگەڵ ئەوەش کەسی خۆشنووسەکەی نەناسیوە.

هەر بەو جۆرە هەموو خەڵکی ئاتاجیی ئەم جیهانە رێکخراوە توندوتۆڵە بەدروستکەرێکی کارهەڵسوڕێنەری زیندووی زانای بەتوانا دەزانن، ئەم مەعریفە دوو بەرەی هەیە:

یەکەمیان: ئەوەی پەیوەستە بەجیهانەوە، و ئاشکراکەی ئەوەیە کە ئاتاجە بەکارهەڵسوڕێنەر.

دووەمیان: پەیوەستە بە خودای موتەعالەوە، ئاشکراکەی ئەوەیە کۆمەڵە ناوێکی داتاشراون لە سیفەتەکان و ناچنە ناو حەقیقەتی زات و چییەتی زاتەوە.

ئەوەمان رۆشن کردەوە گەر ئاماژەکەرێك ئاماژەی بۆ شتێك کرد و وتی: ئەوە چییە؟ باسی ناوە داتاشراوەکان لە هیچ رێگەیەکەوە نابێتە وەڵامێك بۆی، گەر ئاماژە بۆ

گیاندارێك كرا و وتی: ئەوە چییە؟ لە وەڵامدا وترا: درێژ، یان سپی، یان كورت، یان ئاماژەی بە ئاو كرد و وتی: ئەوە چییە؟ وترا: ساردە، یان ئاماژە بە ئاگر كرا و وترا: چییە؟ و لە وەڵامدا وترا: گەرمە، هەموو ئەمانە وەڵامی چییەتی شتەكە نییە، ناسینی شتێك بریتییە لە ناسینی حەقیقەت و چییەتی شتەكە، نەك ناسینی ناوە داتاشراوەكان، ئەوەی وتمان: ناسینی شتێك ناسینی حەقیقەتی شتەكەیە و چییەتی گەرم ماناكەی شتێكی نادیار و تەمومژاوییە كە وەسفی گەرمی هەیە، هەر بەو جۆرە ئەو قسەیەمان "عالم و قادر"ە ماناكەی: بوونێكی ناروون و نادیارە وەسفی زانست و قودرەتی هەیە.

گەر بڵێیت: ئەو قسەیەمان: "كەسی پێویستە بوون(الواجب الوجود) كە تەنها لە ئەوەوە هەموو بوونێكی تر هاتوونەتە بوونەوە" بریتییە لە حەقیقەتی ئەو زاتە، ئەوەمان زانی، لەسەر ئەم قسەیە دەڵێین: ئەوە زۆر زۆر دوورە، گەر بڵێین: "واجب الوجود" بریتییە لە بێنازبوونی بە هۆ و بكەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێوەرگرتنەوەی هۆ لە پەروەردگار، ئەو قسەیەمان: هەموو بوونێكی لێوە پەیدا بووە، دەگەڕێتەوە بۆ دانەپاڵی كردارەكان بۆ لای خودا(سبحانه وتعالی)، گەر پێمان بوترێت: ئەو شتە چییە؟ ئەوا دەڵێین: ئەو بریتییە لە بكەر-ئەوا ئەو قسەیە نابێتە وەڵام، گەر بڵێین: ئەو كەسەیە هۆ و ئامراز و هۆكاری هەیە، چونكە هەموو ئەوانە هەواڵێكە لە غەیری زاتی ئەوەوە، هەروەها دانەپاڵێكە بۆ لای كەسانی تر جگە لە زاتی خۆی، جا یان بۆ نەرێكردن یان بۆ جێگیر كردن، هەموو ئەوانە لە ناوەكان و سیفەتەكان و دانەپاڵەكانن.

گەر وترا: چ رێگەیەك هەیە بۆ ناسینی؟

دەڵێم: گەر منداڵێك یان بێحەزێك(بێ پیاوەتی-عنین) پێمان بڵێت: چ رێگەیەك هەیە بۆ ناسینی تامی جووتبوون و پەیبردن بە حەقیقەتی، دەڵێین: دوو رێگە هەیە: **یەكەمیان:** بۆت وەسف بكەین تا بیزانیت و بیناسیت، **دووەمیان:** ئارام بگریت تا غەریزەی حەزی جووتبوونت تێدا دروست ببێت، پاشان هەستی بە كاری جووتبوون كاتێك چێژی جووتبوونت تێدا سەرهەڵدەدات، و بیناسیت، ئەم رێگەی دووەمە بریتییە لە رێگەیەكی راستەقینە كە سەردەكێشێت بۆ حەقیقەتی مەعریفە، یەكەمیان: تەنها سەردەكێشێت بۆ وەهم، و شوبهاندنی بە شتێك كە پێی دەوترێت شیرینی وەك شەكر،

چەندە حەزی تێدا دەربکەوێت و بچێژێت لەوە حاڵی دەبێت لە شیرینی شەکر ناچێت، و ئەوەی ئەندێشەی کرد بوو بەو جۆرە نەبوو ئەو بیری لێ دەکردەوە، بەڵێ، ئەو کەسەی لە ناو و سیفەتەکەیەوە بیستی کە شتێکی بەچێژ و خۆش و بەتامە قسەیەکی راستی بیستووە، بەڵکو لە شیرینی شەکر لەلای زیاتر جێگەی راستی و باوەڕە.

هەر بەو جۆرە بۆ مەعریفەی خودا دوو رێگە هەیە:

یەکەمیان کەموکورتە.

دووەمیان: داخراوە.

کەموکورتەکە: بریتییە لە باسی ناوەکان و سیفەتەکان، رێگەکەشی: شوبهاندن بەوەی لە خودی خۆمان ناسیومانە، ئێمە خۆمانمان وەك بەدەسەڵات و و زانا و زیندوو ناسیوە، پاشان ئەوانەمان لە وەسفی خودادا بیست و بە بەڵگە ناسیمان، بۆیە تێگەیشتنەکەمان کەم و کورتە وەك تێگەیشتنی ئەو کەسەی پیاوەتی نییە بۆ چێژی جووتبوون بەوەی بۆ وەسف دەکرێت بە شیرینی شەکر، بەڵام لە راستیدا ژیان و زیندەگی و توانا و دەسەڵات و زانستی ئێمە بەراورد بە ژیان و زیندەگی خودا و دەسەڵات و زانینی زۆر دوورترە لە شیرینی شەکر و چێژی جووتبوون، بەڵکو میانە و بەراورد لە نێوان ئەو دوانەدا بوونیان نییە.

سوودی پێناسەکردنی خودا بەو وەسفانە ناڕوونییە و شوبهاندنە و هاوبەشبوونە لە ناودا بەوەی هاوشێوەی نییە، چونکە مەرامی ئێمە ئەوەیە چێژی جووتبوون لەلای کەسی بێپیاوەتی بە شتێکی تر لە چێژ بشوبهێنین کە کەسەکە پەیی پێ نابات، وەك- بۆ نموونە- چێژی خواردنی خۆش، ئەوا پێی دەڵێین: نازانی کە شەکر شیرینە، تۆ هەر لە منداڵییەوە کە دەیخۆیت ئەوە دەزانیت، هەر بەو جۆرە ئایا لە ناخی خۆتدا هەست بە ئاسوودەیی ناکەی؟ وتی: بەڵێ، ئێمەش دەڵێین: جووتبوونیش بە هەمان شێوەیە.

ئایا ئەو کەسەی ئەم قسەیە دەبیستێ حەقیقەتی چێژی جووتبوون دەناسی تا وەك ئەو کەسەی لێ دێت کە چێژی جووتبوونی کردووە و پەیی پێ بردووە؟ ئەمە زۆر دوورە.

مەرامی ئەم وەسف کردنە تەنها ناڕوونی و لێکچوون و هاوبەشی ناوی لێدەکەوێتەوە: ناڕوونی: چونکە وا ئەندێشە دەکات بەگشتی ئەو کارە کارێکی خۆشە، شوبهاندیش:

چونکە لە ناودا بە چێژی شەکری شوبهاندووە، بەڵام لێرەدا شوبهاندنەکە دەپچڕێت چونکە دەفەرموێت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾الشورى: ١١، ئەو زیندووە نەك وەك زیندووەکان، و بەدەسەڵاتە نەك وەك بەدەسەڵاتەکان، وەك چۆن دەڵێت: جووتبوون وەك شەکر بەتام و چێژە، بەڵام ئەو چێژە هەرگیز لەوە ناچێت، بەڵام لە ناودا هاوبەشی لەگەڵی هەیە.

وەك ئەوەی گەر زانیمان خودا(سبحانه وتعالى) زیندوو و زانا و بەدەسەڵاتە- لە سەرەتاوە تەنها مانای خودی خۆمان بزانین و ئەویش بە مانای نەفسی خۆماندا بناسین، چونکە وێنا ناکرێت کەرِ مانای ئەم قسەی ئێمە بزانێت کە دەڵێین: خودا بیسەرە، هەر بەو جۆرە کەسی کوێر بە زگماگی مانای ئەو قسەی ئێمە تێناگات کە دەڵێت: ئەو بینەرە، بەهەمان شێوە گەر کەسێك بڵێت: چۆن خودا بە شتەکان زانایە؟ ئێمەش پێی دەڵێین: وەك چۆن تۆ شتەکان دەزانی، گەر پرسی: چۆن خودا بەدەسەڵاتە؟ دەڵێین: وەك چۆن تۆ بە دەسەڵاتی.

ئەو ناتوانێت لە شتێك تێبگات مەگەر شتێك بوونی هەبێت تیایدا میانەگیری بکات لەگەڵی، یەکەم ئەوە دەزانێ کە بووە بە وەسفی، پاشان شتانی تر جگە لە ئەوە بە پێوانە بۆ سەری دەزانێت، گەر وەسف و تایبەتمەندییەك بۆ خودا بوونی هەبێت لە ئێمەدا بوونی میانەگیری و هاوبەشی کردن لە ناوەکەیدا بوونی نەبێت وەك هاوبەشی شیرینی شەکر و چێژی جووتبوون ئەوا هەرگیز ئەو سیفەتە وێنا ناکرێت.

بۆیە هیچ کەسێك جگە لە خودی خۆی هیچ شتێکی نەناسیوە پاشان پێوانەکاری کردووە لە نێوان سیفەتەکانی خودا و سیفەتەکانی خودی خۆیدا، شکۆمەندی و بەرزی و بڵندی بۆ خودا لەوەی سیفەتەکانی هاوشێوەی سیفەتەکانی ئێمە بن، بۆیە ئەم مەعریفەیە کەموکورتە و نادیاری و تەمومژی تێدایە، پێویستە مەعریفەی نەرێکردنی هاوشێوەیی و هاونموونەیی لەگەڵ هاومل بکرێت، هەر بەو جۆرە نەرێکردنی بنچینەی میانەگیری لەگەڵ هاوبەشی لە ناودا.

ڕێگەی دووەمی بریتییە لە داخراو: ئەوەش ئەوەیە بەندە چاوەڕوان بکات هەر هەموو سیفەتی پەروەردگار بەدەست بهێنێت تا دەبێت بە پەروەردگار، وەك چۆن منداڵەکە چاوەڕوان دەبێت تا بالغ دەبێت و پەی بەو چێژە دەبات، ئەم ڕێگەیە داخراوە و

ڕێگەپێنەدراوە، چونکە محاڵە ئەو حەقیقە بۆ کەسێکی تر جگە لە خودا بەرهەم بێت، ئەمە بریتییە لە ڕێگەی مەعریفەیەکی ڕاستەقینە و هیچی تر، ڕێگەکە داخراوە بە ڕووی هەمواندا جگە لە خودا(سبحانە وتعالی).

کەوابوو محاڵە جگە لە خودا هیچ کەسێکی تر بە حەقیقەت خودا بناسێت، بەڵکو دەڵێم: محاڵە هیچ کەس پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بناسێت جگە لە پێغەمبەر، بەڵام ئەو کەسەی پێغەمبەرایەتی بۆ نییە تەنها ناوی پێغەمبەرایەتی دەناسێت، ئەوەش تایبەتمەندییەکە بۆ مرۆڤێك بەهۆیەوە لەو کەسانە جیادەبێتەوە پێغەمبەر نین، بەڵام ناسینی چییەتی ئەو تایبەتمەندییە تەنها پێغەمبەر دەیزانێت، ئەو کەسەی پێغەمبەر نییە هەرگیز نایزانێت، و تەنها بە شوبهاندنی ئەو تایبەتمەندییە بە سیفەتەکانی نەفسی خۆی شتێکی لێ حاڵی دەبێت، بەڵکو زیاتر لەوە دەڵێم: هیچ کەسێك حەقیقەتی مردن و حەقیقەتی بەهەشت و حەقیقەتی دۆزەخ نازانێت تا دوای مردن و چوونە ناوی بەهەشت یان ئاگر، چونکە بەهەشت بریتییە لە کۆمەڵە هۆکارێکی چێژبەخش، گەر وادابنێین کەسێك بوونی هەبێت هەرگیز تام و چێژی نەکردبێت هەرگیز ناتوانین لە تام و چێژی بەهەشت تێیبگەیەنین و حەزی هەوڵدانی لا دروست بکەین.

ئاگریش بریتییە لە کۆمەڵە هۆکارێکی ئێشبەخش، گەر وادابنێین کەسێك بوونی هەبێت هەرگیز ئازاری نەچەشتبێت ناتوانین دۆزەخی تێبگەیەنین، گەر ئازاری چەشتبێت بە شوبهاندن ئەوەی تێدەگەیەنین و دەڵێین ئازاربەخشتر و ئێشگەیەنەرتر لەوە، هەر بەو جۆرە گەر شتێك لە چێژی پەی پێ برد، ئامانجەکەی ئێمە ئەوەیە بە شوبهاندن مەزنتر لەو تام و چێژەی تێبگەیەنین کە بریتییە لە خواردن و خواردنەوە و هاوسەریکردن و دیمەنی جوان و خۆش و هاوشێوەکانی ئەمانە.

گەر لە بەهەشتدا چێژێك بوونی هەبێت جیا لەو چێژانە، ئەوا بۆ تێگەیاندنی جگە لە ڕێگەی شوبهاندنی ئەو چێژانە هیچ ڕێگەیەکی ترمان لەبەردەمدا نییە، وەك چۆن لە شوبهاندنی چێژی جووتبوون بە شیرینی شەکردا باسمان لەبارەوە کرد.

چێژەکانی بەهەشت زۆر دوورترن لە هەر جۆرە چێژێکی تر لە دونیادا "پەی"مان پێ بردبێت، لە چێژی جووتبوون و چێژی شەکر و شیرینی، بەڵکو گوزارشتی دروست لەو

چێژانە ئەوەیە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: ((نە چاو بینیویەتی و نە گوێ بیستوویەتی نە وەك خایلە و خوتوورە بە دڵی مرۆڤدا گوزەری کردووە))[1].

گەر شوبهاندمان بە خواردن و خواردنەوە ئەوا دەڵێین: نەك وەك ئەم خواردن و خواردنەوانە، گەر هاوسەری کردنی ئەویمان بە ئێرە شوبهاند و نموونەمان بۆ هێنایەوە دەڵێین نەك وەك ئەم هاوسەریکردنەی لە دونیادایە.

گەر بپرسی: کۆتایی مەعریفەی عاریفان بە خودا چییە و کامەیە؟

دەڵێین: کۆتایی مەعریفەی عاریفان بە خودا بریتییە لە دەستەوسانی لە ناسینی خودا، مەعریفەیان بە حەقیقەت ئەوەیە کە نایناسن، بەڵکو هەرگیز ناتوانن بیناسن، تەنها خودا دەتوانێت بە مەعریفەیەکی راستەقینە ئابلۆقەی سیفەتی پەروەردگاری خۆی بدات و ئەو کارە بۆ دروستکراوەکانی محاڵە، گەر ئەو ناسینەیان بە ناسینێکی بورهانیانە بۆ والا بوو-وەك باسمان کرد- ئەوا تا ئەو ترۆپك و کۆتاییەی بۆ دروستکراوەکان دانراوە خودا بناسن ئەویان ناسیوە، ئەوەش ئەوەیە ئەبوبەکری صدیق ئاماژەی پێکردووە کاتێك دەفەرمویت: "دەستەوسانی لە پەیبردنی پەیبردن پەیبردنە"، بەڵکو ئەوە ئەوەیە سەروەری مرۆڤایەتی(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: ((ناتوانم مەدح و سەنای تۆ هەژمار بکەم، تۆ بەو جۆرەی خۆت سەنای خۆت کردووە))[2]، مەبەستی ئەوە نییە شتێکی لە خودا ناسیوە زمان ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە من ناتوانم ئابلۆقەی حەمدەکان و سیفەتەکانی خوایەتی تۆ ئابلۆقە بدەم، بەڵکو تەنها تۆ ئابلۆقەیان پێ دەدەی، کەوابوو دروستکراو تەنها سەرسامی و سەرگەردانی لەو مەیدانەدا بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام بەرین بوونی مەعریفە تەنها بە مەعریفەی ناوەکان و سیفەتەکانی دەبێت.

گەر بڵێیت: بە چی پلەی فریشتەکان و پێغەمبەران و دۆستانی خودا لە ناسینی خودا جیادەبێتەوە گەر مەعریفەی خودا وێنا نەکرێت؟

---

[1] رواه الطبراني في الأوسط والكبير.

[2] رواه مسلم وأبو داود والنسائي وابن ماجة.

دەڵێم: ئەوەت زانی مەعریفە دوو ڕێگەی هەیە:

یەکەمیان، ڕێگەی ڕاستەقینە: ئەم ڕێگەیە بە ڕووی هەمواندا داخراوە جگە لە خودا(**سبحانه وتعالى**)، هەر دروستکراوێك بۆ بەدەستهێنانی تەکان بە خۆی بدات نووری جەلالی خودا دەیگێڕێتەوە بۆ ناو سەرسامی و سەرگەردانی، هەر کەسێك بە سەرنجدانێك شتێك بنۆشێت سەرسامی و سەرگەردانی تیلەی سەرنجی دادەگرێتەوە.

ڕێگەی دووەمیش بریتییە لە ناسینی ناوەکان و سیفەتەکان: ئەمەیان بۆ دروستکراوەکان کراوەیە، و پلە و پایەیان تیایدا جیاوازە، ئەو کەسەی کە بەگشتی دەزانێت خودا زانا و بەدەسەڵاتە وەك ئەو کەسە نییە ئایەتە سەیروسەمەکانی لە مەلەکوتی ئاسمانەکان و زەوی بینیوە، و ئایەتەکانی دروستکردنی ڕۆحەکان و جەستەکانی موشاهەدە کردووە و پەیی بە دروستکراوە ناوازەکانی مەملەکەتی خودا بردووە، بەدووردرێژی ڕۆیشتووەتە ناویانەوە و وردەکارییەکانی حیکمەتی تیایاندا چنییەتەوە و لەتائیفەکانی تەگبیری خودایی بینیوەتەوە و خۆی بە هەموو سیفەتە فریشتەییەکان ڕازاندووەتەوە کە لە خودا(**سبحانه وتعالى**) نزیکی دەکەنەوە، بەدەستهێنانی ئەو سیفەتانە بۆ ئەو خۆڕازاندنەوەی ئەو بووە بەو سیفەتانە، نێوان ئەم دوو کەسە دوورییەك بوونی هەیە وێنا ناکرێت، لە درێژەی ئەمە و بڕی جیاوازییەکەیدا پێغەمبەران و دۆستانی خودا لەیەکتر جیادەبنەوە.

ئەمەش تەنها بە هێنانەوەی نموونە(**ولله المثل الأعلى**) دەگاتە تێگەیشتنی تۆ، بەڵام دەزانین زانایەکی پاکی کامڵ-بۆ نموونە- وەك شافیعی(ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) دەرگاوانی ماڵەکەی دەیناسێت و قوتابییەکەشی (**المزني**) دەیناسێت، دەرگاوانەکە هەر ئەوەندە دەزانێت شافیعی زانایەکە بە شەرع و لەو مەیدانەدا دانراوی هەیە و بەگشتی هەموو بەندەکانی خودا ڕێنموونی دەکات بۆ سەری، ئیمامی "**المزني**"ش وەك قوتابییەکی ئەو دەیناسێت، نەك وەك ناسینی دەرگاوانەکە، بەڵکو بە ناسینێکی ئابڵۆقەدان بە وردەکاری سیفەتەکانی و زانیارییەکانی دەیناسێت، بەڵکو قوتابییەکەی کە یەك جۆر لە زانستی لایە وەك ئەو زانایەی کە ئاگاهی بەسەر دە جۆر لە زانست هەیە ئیمامی شافیعی ناناسێت، چجای دەرگاوانی ماڵەکەی کە هیچ شتێك لە زانستی

ئەوی وەرنەگرتووە، ئەو کەسەی کە یەك جۆر زانستی وەرگرتووە تەنها دەیەکی ئەوی ناسیوە گەر لەو تاکە زانستەشدا بە شافیعی یەکسان بێت، خۆ گەر لەو زانستەشدا لە ئەو کەمتر بێت ئەوا بە ئەندازەی کەمییەکەی لە ناسینی ئەو دووردەکەوێتەوە، و دەزانێت ئەو تەنها بەشێك لە زانستەکەی شافیعی زانیوە.

هەر بەو جۆرە جیاوازی خەڵك لە مەعریفە و ناسینی خودا(**سبحانە وتعالى**)، بە ئەندازەی ئەوەی بۆیان دەرکەوتووە لە زانراوەکانی خودا(**سبحانە وتعالى**) و سەرسوڕهێنەکانی دەسەڵاتی و داهێنانەکانی ئایەتەکان لە دونیا و دوارۆژ و موڵك و مەلەکوتدا ناسینیان بۆ خودا زیاد دەکات و مەعریفەیان لە مەعریفەی حەقیقەت نزیك دەبێتەوە.

گەر بڵێیت: گەر حەقیقەتی زات نەناسن و ناسینی **محاڵ** بێت ئایا ناوەکان و سیفەتەکانیان بە تێر و تەواو و راستەقینە ناسیوە؟

دەڵێین: ئەوەش دیسان زۆر دوورە، کەماڵ و حەقیقەتی ئەوانە تەنها خودا دەیزانێت، چونکە گەر زانیمان خودێکی زانا هەیە تەنها شتێکی نادیار و ناڕوونمان ناسیوە و حەقیقەتەکەی پەی پێ نابەین، بەڵام دەزانین سیفەتی زانستی هەیە، گەر سیفەتی زانستەکە راستەقینە بۆمان ئاشکرا بوو ئەوا زانستەکەمان بەوەی ئەو زانایە بە زانینێکی تێر و تەواو بریتییە لە زانست بە حەقیقەتی ئەو سیفەتە، ئەگەر نە، نەخێر، هیچ کەس راستەقینەی زانستی خودا نازانێت مەگەر کەسێك زانستەکەی هاوشێوە و هاونموونەی زانستی ئەو بێت، ئەوەش بۆ هیچ کەسێك نییە جگە لە خودا، بۆیە تەنها خودا خۆی خۆی دەناسێت و کەسانی تر بە شوبهاندنی بە زانستی خۆیان دەیناسن، وەك لە نموونەکەی شوبهاندنی بە شەکر باسمان لەبارەوە کرد، هەرگیز زانستی خودا هاوشێوەی زانستی دروستکراوەکان نییە، بۆیە مەعریفەی دروستکراوەکان بە خودا مەعریفەیەکی تەواوی راستەقینە نییە، بەڵکو مەعریفەیەکی ئیلهامی تەشبیهییە.

لەمە سەرت سوڕ نەمێنێت، چونکە دەڵێم: تەنها ساحیر خۆی دەناسێت وەك ساحیر، یان ساحیرێك لەسەرو ئەوەوە یان هاوشێوە و هاوتای ئەو بێت، بەڵام ئەو کەسەی راستەقینە و چییەتی سیحر نازانێت و ناناسێت تەنها ناوی ساحیرەکە دەزانێت، بەئاگایە لەوەی ئەو ساحیرە زانست و تایبەتمەندییەکی هەیە، بەڵام نازانێت ئەو زانستە

چییە و کامەیە، چونکە زانراوەکەی نازانێت و لەوێشەوە ئەوەی پەیوەستە بەو تایبەتمەندییەوە ناناسێت.

بەڵێ، دەزانێت ئەو تایبەتمەندییە هەرچەند ناڕوون و تەمومژاوییە لە ڕەگەزی زانستەکانە و بەرەکەی گۆڕینی دڵ و دەروون و ئاڵوگۆڕکردنی ئەوسافی شتەکانە، و جیاکردنەوەی ژن و پیاوە لەیەکتر، بەڵام ئەمە دوورە لە ناسین و حەقیقەتییەوە.

هەر کەس ڕاستەقینەی سیحر نەزانێت ڕاستەقینەی ساحیر ناناسێت، چونکە ساحیر ئەو کەسەیە تایبەتمەندی سیحری هەیە، بەرهەم هاتنی ناوی ساحیر ناوێکی داتاشراوە لەو سیفەتەوە، گەر نادیار و نەناسراو بێت ئەوا ئەویش نادیار و نەناسراوە، گەر ئاشکراو زانراویش بێت ئەویش ئاشکراو زانراوە، زانراو و ئاشکرا بۆ کەسانی تر جگە لە ساحیرەکە وەسفێکی گشتییە و دوورە لە چییەتیەوە، و ئەوە لە ڕەگەزی زانستەکانە و ناوی زانستی بەسەردا دەسەپێت.

هەر بەو جۆرە ئەوەی لەلامان بەرهەم دێت لە دەسەڵات و توانای خودا تەنها وەسفێکە، بەر و ئەسەرەکەی بریتییە لە هاتنەبوونی شتەکان، ئەوەش ناوی توانا و دەسەڵاتی بەسەردا دەسەپێت، چونکە تەبایە لەگەڵ توانا و دەسەڵاتی ئێمە وەك تەبایی چێژی جووتبوون لەگەڵ تامی شەکر، هەموو ئەمانەش لە ڕاستەقینەی ئەو توانا و دەسەڵاتە دابڕاوە، بەڵێ، هەتا مەعریفەی بە وردەکارییەکانی توانا و دەسەڵات و سەرسوڕهێنەکانی دروستکراو لە مەلەکوتی ئاسمانەکان زیاتر بێت بەشی لە مەعریفەی توانا و دەسەڵاتی خودا زۆرتر دەبێت، چونکە بەروبووم ئاماژە دەکاتە سەر بەردەرەکە، وەك چۆن گەر قوتابییەکە مەعریفەی بە وردەکارییەکانی زانستی مامۆستاکەی زیادی کرد ئەوا ناسینی بۆ مامۆستاکەی تەواوترە و بەمەزنزانینی بۆی گەورەترە.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی مەعریفەی عاریفان و جیاوازیگەلێك ڕووی لێ دەکات کۆتاییان پێ نایەت، چونکە ئەوەی مرۆڤ توانای بەسەریدا نییە لە مەعریفەی زانراوەکانی خودا کۆتایی پێ نایەت، ئەوەش توانای بەسەریدا هەیە دیسان کۆتایی پێ نایەت، هەرچەند بڕێکی سنووردار لەو ئەندازەیە بەدەستدەهێنێت، بەڵام ئەوەی مرۆڤ دەستی بەسەریدا دەڕوات و بەسەریدا دەڕوانێت کۆتایی پێ نایەت، بەڵێ ئەوەی دێتە

دەرەوە بۆ ناو بوون جیاوازی زۆری و کەمی هەیە و جیاوازی خەڵکیش لە مەعریفەدا بەوە سەرهەڵدەدات، ئەوەش وەك جیاوازی نێوانیان وایە لە توانای بەرهەمهاتوو بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەمەندی بە سامان و دارایی، هەیە تەنها دانقێك(شەشیەکی درهەمێك) یان درهەمێکی هەیە، یەکێکی تر هەزاران درهەم بەدەست دەهێنێت، زانستەکانیش بەهەمان شێوەن، بەڵکو جیاوازی لە زانستەکاندا مەزنترە، چونکە زانراوەکان کۆتاییان پێ نایەت، لە کاتێکدا ماڵ و سامان کەرەسەکی بەرجەستەن و بەرجەستەکانیش کۆتاییان پێ دێت و وێنا ناکرێت ناکۆتا بن.

کەوابوو زانیت و تێگەیشتیت چۆن خەڵکی لە دەریاکانی مەعریفەی خودادا جیاوازن، و ئەوەش کۆتایی پێنایەت، ئەوەشت زانی ئەو کەسەی دەڵێت: تەنها خودا خودا دەناسێت قسەیەکی راستی کردووە، هەر بەو جۆرە ئەو کەسەی دەڵێت: "تەنها خودا دەناسم" راستی وتووە، چونکە لە بووندا تەنها خودا و کرداری خودا بوونی راستەقینەیان هەیە، گەر لە کردارەکانی وردببینەوە -لەو رووەوە کە کرداری ئەون- و وردبوونەوەکەمان لەسەر ئەو کردارانە کورتبکەینەوە یان ئەو کردارانە نەبینین لەو رووەوە کە ئاسمان و زەوی و درەختن بەڵکو لەو گۆشەنیگاوە لێیان وردببینەوە کە ئەوانە بەدیهاتوو و دروستکراوی ئەون هێشتا مەعریفەکەی ناگاتە ئامادەبوونی پەروەردگاری خودا(**سبحانه وتعالی**)، بۆیە دەتوانێت بڵێت: تەنها خودا دەناسم و تەنها خودا دەبینم، گەر کەسێك وا وێنابکات تەنها خۆر و رۆشنایی پەرشوبڵاوی خۆر لە ئاسۆوە دەبینێت ئەوا دروستە بۆی بڵێت: تەنها خۆر دەبینم، چونکە ئەو رۆشناییەی لێیەوەی هەڵدەقوڵێت بەشێکە لە خۆر و ناکەوێتە دەرەوەی خۆر، هەرچی لە بووندایە نوورێکە لە نوورەکانی توانا و دەسەڵاتی هەربووی خودا و ئەسەرێکە لە ئەسەرەکانی، وەك چۆن خۆر تیشك و رووناکییەکە و دادەبارێتە سەر هەموو رووناکبووەکان هەر بەو جۆرە ئەو مانایەی گوزارشت لێی ئەستەمە و بە قودرەتی هەربووی خودایی گوزارشتی لێ دەدرێت بۆ پێویستییەك کە بە هەمەجۆری بوونی هەڵقوڵاو بەسەر هەموو هەبوویەکدا، کەوابوو تەنها خودا لە بووندا بوونی هەیە، لەو بارەدا شیاوە عاریفەکە بڵێت: جگە لە خودا کەسی تر ناناسم.

جێگەی سەرسوڕمانە بڵێت: "کەسی تر ناناسم جگە لە خودا" و لەگەڵ ئەوەش راستگۆ بێت و بیشڵێت: "خودا ناناسم" دیسان راستگۆ بێت، بەڵام ئەوەیان لە

ڕوویەکەوە و ئەویتریان لە ڕوویەکی ترەوە، گەر دژبەیەکەکان درۆبوونایە کاتێك گوزارشتەکان جیاواز دەبن ئەوا ئەم ئایەتە ڕاست نەدەبوو کاتێك دەفەرموێت: ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ رَمَىٰ﴾الأنفال: ١٧، بەڵام ڕاست و دروستە، چونکە کەسەکە تیرهاوێژە لە دوو گۆشەنیگاوە: لە گۆشەنیگایەکەوە دراوەتە پاڵ بەندە و لە گۆشەنیگای دووەمەوە کە دراوەتە پاڵ پەروەردگار(**سبحانه وتعالى**)، بۆیە دژیەکی لە نێوانیاندا نییە.

با لێرەدا لە ڕۆشنکردنەوە بوەستین، چونکە چووینە ناو دەریایەك کەنارەکانی دیار نین، نموونەی ئەم نهێنیانە نابێت بەناو کتێبدا پەرش و بڵاو بکرێن، گەر لێرەدا بەبێ مەبەستی ئێمە کەمێکی والاکرا با دەستی لێ هەڵبگرین و بگەڕێینەوە بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی مانای ناوە جوانەکانی خودا بە دوورودرێژی.

هونەری دووەم

لە مەبەستەکان و ئامانجەکان

سێ بەشی تێدایە:

بەشی یەکەم: لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی نەوەد و نۆ ناوە جوانەکەی خودا.

بەشی دووەم: لە مەبەستەکان و ئامانجەکان.

بەشی سێیەم: لە ڕۆشنکردنەوەی هەموو ئەوانە بۆ یەک خودا **(ذات)** لەسەر مەزهەبی موعتەزیلە و فەلاسفە.

بەشی یەکەم

لە لێکدانەوە و شرۆڤەی نەوەد و نۆ ناوە جوانەکەی خودا

ئەوەش ئەوەیە ریوایەتەکەی ئەبو هورەیرە(خوا لێی رازی بێت) دەیگرێتە خۆ، کە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ((خودا نەوەد و نۆ(سەد کەم یەك) ناوی بۆ هەیە هەرکەس هەژماریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە[١]:

﴿هُوَ اللَّهُ الَّذِى لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلاَمُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ الْغَفَّارُ الْقَهَّارُ الْوَهَّابُ الرَّزَّاقُ الْفَتَّاحُ الْعَلِيمُ الْقَابِضُ الْبَاسِطُ الْخَافِضُ الرَّافِعُ الْمُعِزُّ الْمُذِلُّ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ الْحَكَمُ الْعَدْلُ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ الْحَلِيمُ الْعَظِيمُ الْغَفُورُ الشَّكُورُ الْعَلِىُّ الْكَبِيرُ الْحَفِيظُ الْمُقِيتُ الْحَسِيبُ الْجَلِيلُ الْكَرِيمُ الرَّقِيبُ الْمُجِيبُ الْوَاسِعُ الْحَكِيمُ الْوَدُودُ الْمَجِيدُ الْبَاعِثُ الشَّهِيدُ الْحَقُّ الْوَكِيلُ الْقَوِىُّ الْمَتِينُ الْوَلِىُّ الْحَمِيدُ الْمُحْصِى الْمُبْدِئُ الْمُعِيدُ الْمُحْيِى الْمُمِيتُ الْحَىُّ الْقَيُّومُ الْوَاجِدُ الْمَاجِدُ الْوَاحِدُ الصَّمَدُ الْقَادِرُ الْمُقْتَدِرُ الْمُقَدِّمُ الْمُؤَخِّرُ الأَوَّلُ الآخِرُ الظَّاهِرُ الْبَاطِنُ الْوَالِى الْمُتَعَالِى الْبَرُّ التَّوَّابُ الْمُنْتَقِمُ الْعَفُوُّ الرَّءُوفُ مَالِكُ الْمُلْكِ ذُو الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ الْمُقْسِطُ الْجَامِعُ الْغَنِىُّ الْمُغْنِى الْمَانِعُ الضَّارُّ النَّافِعُ النُّورُ الْهَادِى الْبَدِيعُ الْبَاقِى الْوَارِثُ الرَّشِيدُ الصَّبُورُ ﴾))[٢].

---

[١] رواه البخاري ومسلم.

[٢] رواه الترمذي وابن حبان في صحيحه والحاكم في مستدركه والبيهقي في شعب الإيمان.

١

(اللَّهُ)[١]

(جل جلاله)

"الله" ناوی هەبوویەکی حەقە و هەموو سیفەتە خواییەکانی لە خۆیدا کۆکردووەتەوەو بە هەموو سیفەتە پەروەردگارییەکان رازاوەتەوەو بووە بە بوونێکی حەقیقی تاکوتەنها، هەرچی بوونە جگە لە ئەو-لە خودی خۆیاندا-شایستە نین بە بوون، ئەوەی لە بووندایە لە بوونی ئەوەوە سوودی بینیوە، هەموو ئەو بوونانەش-لەڕووی خودەوە- تیاچوون و هەبوویەکی کۆتاهاتوون جگە لە رووی پاکی خودا(**سبحانه وتعالی**)، شیاوترە بڵێین ئەم ناوە(الله) بۆ ئاماژە بەم مانایە هاتووە وەك ناوی تایبەت، هەرچی باسکراوە دەربارەی داتاشین و تاوتوێکردنی ئەم ناوە زۆر لەخۆکردنە و زیادەڕەوییە.

سوودێك:

بزانە ئەم ناوە مەزنترینی نەوەد و نۆ ناوەکەیە، چونکە ئاماژە دەکات بۆ زاتێك کۆکەرەوەی هەموو سیفەتە خواییەکانە و شتێك لەو سیفەتانە لە مانای ئەم ناوە بەدەرنییە.

هەموو ناوەکانی تر بەتەنها ئاماژە بە یەك مانا دەکەن، لە "زانست یان قودرەت یان کردار یان شتانی تر"، هەروەها لەبەرئەوەی ئەم ناوە تایبەتمەندترین ناوە و هیچ کەسێك ناتوانێت بۆ کەسێکی تر جگە لە خودا بەکاری بهێنێت نە بە حەقیقەت و نە بە مەجاز، بەڵام ناوەکانی تر دەتوانرێت بۆ کەسانی تر جگە لە خودا بەکاربهێنرێن، وەك "قادر و علیم و رحیم" و ناوەکانی تر، لەم دوو رووەوە پێدەچێ ئەم ناوە مەزنترین ناوی ناو ناوە جوانەکانی خودا بێت.

[١] ووشەی (الله): (٢٨١٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

وردەكارییەك:

وێنا دەكرێت بەندە مانای هەموو ناوەكانی تر لە خۆیدا جێگیر بكات، تا وایلێبێت ناوەكەی بۆ بەكاربهێنرێت، وەك "الحليم و العليم و الحكيم و الصبور و الشكور" و كۆمەڵێك ناوی تر، هەرچەند بەكارهێنانی ئەو ناوانە بۆ بەندە لە روویەكی ترەوەیە و جیاوازە لەوەی بۆ خودا(سبحانه وتعالى) بەكاردەهێنرێت، بەڵام مانای ئەم ناوە(الله) تایبەتەتكراوە بە تایبەتمەندییەك كە نە بە مەجاز و نە بە حەقیقەت وێنای هاوبەشی و بەشداربوونی لەگەڵ بەندە پێ ناكرێت، لەپێناو ئەم تایبەتمەندییەدا هەموو ناوەكانی تر بەوە وەسف دەكرێن ناوی "الله"ن و بە دانەپاڵی بۆ لای "الله" دەناسرێنەوە، بۆ نموونە دەوترێت: "الصبور والشكو والجبار و الملك" ناوی "الله"ن، بەڵام ناوترێت "الله" لە ناوەكانی "الصبور و الشكور"ە، ئەمەش لەبەرئەوەی لەو رووەوە زۆرترین ئاماژە دەكات بۆ سەر حەقیقەتی مانا خوداییەكان و لە هەموویان زیاتر پێی تایبەتترە، بۆیە بەناوبانگتر و ئاشكراترە و بێنیازە لە ناساندن بە ناوێكی تر و هەموو ناوەكانی تر ئاتاجن بە دانەپاڵ بۆ لای ئەو ناوە(الله).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە)[1]:

پێویستە بەشی بەندە لەم ناوە بریتی بێت لە "التأله" مەبەستم ئەوەیە دڵ و ویست و لێبڕانی بە خوداوە نوغرۆ بووبێت، تەنها ئەو ببینێت و لا بەلای كەسی تردا نەكاتەوە و رجا و ترسی تەنها بۆ لای ئەو بێت، چۆن بەو جۆرە نەبێت لە كاتێكدا لەم ناوەوە تێگەیشتووە خودا بوونێكی راستەقینەی حەقی هەیە و هەموو بوونەكانی تر جگە لە ئەو تیاچوو و كۆتا و پووچن مەگەر بە بوونی ئەوەوە؟! یەكەمجار نەفسی خۆی بە یەكەمین تیاچوو و پووچ دەبینێت وەك چۆن پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بینی و فەرمووی: ((راسترین قسەی لەبید:

ألا كل شيء ماخلا الله باطل ...))[2].

---

[1] {(مەبەستمان بە خۆڕازاندنەوە: خۆڕازاندنەوەیە یە ناوەجوانەكان و سیفاتە بەرزەكانی خودای موتعالە)}.

[2] رواه البخاري ومسلم وابن ماجة.

٣ ٢

(الرَّحْمَنُ)[١] (الرَّحِيمُ)[٢]

دوو ناوی داتاشراون لە "رحمة"، "رحمة" داوای "مرحوم-رەحمپێکراو" دەکات، هەموو "مرحوم"ێکیش ئاتاجە و بەو رەحمەتە ئاتاجی خاوەن ئاتاجییەکان جێبەجێ دەبێت بەبێ مەبەست و ویست و گرنگیپێدانی رەحمپێکراوەکە، کەسی ئاتاج پێی ناوترێت "رحیم"ئەو کەسەش دەیەوێت پێویستییەك جێبەجێ بکات و جێبەجێی ناکات-گەر توانا و دەسەڵاتی بەسەر جێبەجێ کردنیدا هەبێت- دیسان پێی ناوترێت "رحیم" چونکە گەر ویستەکەی تێروتەواو بوایە جێبەجێی دەکرد، بەڵام گەر دەستەوسان بوو لە جێبەجێ کردنی پێویستییەکە هەندێ جار پێی دەوترێت "رحیم" لەو سۆنگەیەوە کە دڵنەرمی و سۆز رووی لێکردووە، بەڵام ناتەواوە.

رەحمەتی تەواو بریتییە لە داباراندنی خێر بەسەر ئاتاجاندا و ویستی خێر بۆ ئەوان، رەحمەتی گشتیش ئەو رەحمەتەیە شایستە و ناشایستە دەگرێتەوە، رەحمەت تەواو و گشتییە، تەواوییەکەی: لەو رووەوەیە ویستوویەتی پێویستی خاوەن پێویستییەکان جێبەجێ بکات و جێبەجێشی کردووە، گشتییەکەش: ئەوەیە شایستە و ناشایستە دەگرێتەوە، و بۆ دونیا و دوارۆژە، ئەو رەحمەتە گشتییە زەرووڕەتەکان و پێویستییەکان و تایبەتمەندییە دەرەکییەکان دەگرێتەوە، بۆیە ئەو بەرەهایی "رحیم"ی راستەقینەیە.

وردەکارییەك:

رەحمەت خاڵی نییە لە دڵنەرمییەك کە ئازار بە دڵی کەسی "رحیم" دەگەیەنێت و دەیبزوێنێت بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییەکانی رەحمپێکراو، پەروەردگار(سبحانە وتعالی)

---

[١] ووشەی (الرحمن): (١٦٩)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (الرحیم): (٢٠٧)جار لە قورئاندا هاتووە.

پاك و بێگەردە لەم دۆخ و حاڵە، لەوانەیە وا گومان ببەیت ئەمە ناتەواوییە بۆ مانای "رحمة"، بزانە ئەمە کەماڵە بۆی و ناتەواوی نییە لە مانای رەحمەتدا.

ئەو قسەیەمان کە دەڵێین "ناتەواوی نییە بۆ مانای رەحمەت": لەو رووەوەیە کەماڵی رەحمەت بە کەماڵی بەروبوومی رەحمەتەوەیە، کەسی ئاتاج گەر پێویستییەکەی بەو رەحمەتە جێبەجێ ببێت ئەوا هیچ پێویستییەکی تری نییە بە ئێش خواردن و ئازارچەشتنی خاوەن رەحمەتەکە، بەڵکو ئازاری خاوەن رەحم(رحیم) بۆ لاوازی و ناتەواوی دەروونی دەگەڕێتەوە و لاوازییەکەی شتێك لە مەرامی کەسی ئاتاج زیاد ناکات لەدوای ئەوەی کەماڵی پێویستییەکانی بۆ جێبەجێ کرد.

ئەوەش کە کەماڵە لە مانای رەحمەتدا: لەو رووەوەیە کەسی خاوەن رەحم لە دڵنەرمی و ئازارچەشتنی خەریکە بڵێین مەبەست بە جێبەجێ کردنی پێویستی رەحمپێکراو بۆ لادانی ئەو دڵنەرمی و ئازارەیە لە ناخیدا سەریهەڵداوە(واتە بەو کارە خۆی ئاسوودە دەکات)، بۆیە لەو بارەدا لە نەفسی خۆی وردبووەتەوە و مەرامی نەفسی خۆی جێبەجێ کردووە، ئەوەش لە مانای رەحمەت کەم دەکاتەوە، بەڵکو رەحمەت ئەوەیە سەرنجی رەحمپێکراو بدات لەپێناو رەحمپێکراودا نەك لەپێناو ئاسوودەیی و رزگاربوون لە ئازاری دڵنەرمی.

سوودێك:

"الرحمن" تایبەتمەندترە لە "الرحیم" بۆیە تەنها بە "الله" دەوترێت "الرحمن"، بەڵام "الرحیم" بۆ کەسانی تر جگە لە خودا بەکاردەهێنرێت، بۆیە ناوی "الرحمن" لەم رووەوە لە ناوی "الله"ەوە نزیکە کە وەك ناوێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت، هەرچەند "الرحمن" لە "رحمة"ەوە داتاشراوە، بۆیە خودا(سبحانە وتعالی) هەردووکیانی کۆکردووەتەوە و دەفەرموێت: ﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ ﴾ الإسراء: ١١٠

بۆیە لەم رووەوە هەروەها لەو رووەوە کە هاوواتایان لە ناوە جوانەکانی خودادا قەدەغە کرد پێویست دەبێت مانای ئەم دوو ناوە لەیەکتر جیابکەینەوە، کەوابوو

لەپێشتره مانای "الرحمن" جۆرێك له رەحمەت بێت زۆر دوورتر له ئەندازەگیری بەندەکان و پەیوەسته به بەختەوەری دوارِۆژەوە، کەوابوو "الرحمن" خاوەن سۆز و میهر و بەزەییه بۆ سەر بەندەکانی، یەکەمجار بەوەی ئەوانی هێنایه ناو بوونەوە، دووەمجار بەوەی هیدایەتی دان بۆ ئیمان و هۆکارەکانی بەختەوەری، و سێیەمجاریش خۆشبەخت کردنیان له دوارِۆژدا، و دواجاریش نیعمەتی تەماشا کردنی رووی جوانی پڕ له میهر و خۆشەویستی و بەخشندەیی خودا(**سبحانه وتعالی**).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەنده له ناوی "الرحمن" ئەوەیه بەزەیی بێتەوه به بەنده بێئاگاکانی خودا، بۆیه له رێگەی بێئاگایی وەریانبگێڕێت بۆ لای خودا(**سبحانه وتعالی**)، ئەوەش به ئامۆژگاری و رێنموونیکردن به نەرمونیانی و بەبێ زۆرلێکردن و توندوتیژی، تەماشای یاخیبووان بکات به چاوی بەزەییەوه نەك به چاوی سووك و ئازاردان، هەرچی گوناهێك له دونیادا جاری دەبێت به گوناهی خۆی بزانێت و هەرچی هەوڵ و کۆشانی خۆیەتی بەگەڕبخات- به ئەندازەی توانینی خۆی- بۆ سڕینەوەی ئەو گوناه و یاخیبوونانه ئەوەش وەك بەزەییەك بۆ کەسی یاخیبوو لەوەی رووبەڕووی خەشمی خودا ببێتەوه و له جیرانی و نزیکی خودا بێبەش بێت.

بەشی بەندەش له ناوی "الرحیم": به ئەندازەی توانای خۆی پێویستی کەسی ئاتاج جێبەجێ بکات، هەستێت به بەسەرکردنەوەی هەژارانی شار و وڵاتەکەی، جا یان به ماڵەکەی یان به پله و پایەکەی یان به هەوڵدان بۆ تکابۆکردنی لەلای کەسانی تر، گەر له هەموو ئەوانه دەستەوسان بوو ئەوا دوعایان بۆ بکات و حوزن و دڵتەنگی دەرببڕێت بۆ هۆی ئاتاجییەکەیان وەك دڵنەرمییەك لەسەریان و نیشاندانی سۆز و بەزەیی بۆیان، تا وەك ئەوەی لێ بێت لەگەڵ زیان و پێویستییەکانی ئەواندا هاوبەش بێت.

پرسیارێك و وەڵامەکەی

لەوانەیه بڵێیت:: مانای ئەوه چییه خودا(**سبحانه وتعالی**) رەحیم بێت، یان خودا(**سبحانه وتعالی**) "أرحم الراحمین" بێت، له کاتێك رەحیم هەرچی بەڵا و زیان و ئازار و نەخۆشییه

لە کەسی تووشبوو و گرفتار دەکاتەوە، پەروەردگار(**سبحانه وتعالى**) بەتوانا و بەدەسەڵاتە بۆ کۆتاهێنان بە هەموو بەڵایەك و لادانی هەموو هەژارییەك و چاککردنەوەی هەموو نەخۆشییەك و سڕینەوەی هەموو زیانێك لە کاتێکدا دونیا لێوانلێوە بە زۆرێك لە زیان و بەڵا و ناخۆشی و ئەویش(**سبحانه وتعالى**) دەتوانێ هەموو ئەوانە بسڕێتەوە کەچی بەندەکانی لەناو ئەو گشتە میحنەت و ناخۆشییەنەدا وازلێدەهێنێت؟

وەڵامەکەی: دایك بە هۆی سۆز و بەزەییەوە بۆ منداڵی بچووك ناهێڵێت کەڵەشاخ بکات، بەڵام باوك کە ژیری بەسەریدا زاڵە دەیەوێت منداڵەکەیان کەڵەشاخ بکات، کەسی نەزان پێیوایە دایکەکە رەحیمە نەك باوکەکە، کەسی ژیر و هۆشمەندیش دەزانێت ئازاردانی منداڵەکە بە کەڵەشاخ لەلایەن باوکییەوە لە کەماڵی رەحمەت و سۆز و میهری ئەوە بۆ منداڵەکەی، بەڵام دایکەکە دوژمنێکە لە شێوەی دۆستێکدا، ئازارێکی کەم گەر ببێتە هۆی تام و چێژێکی گەورە بە کاری شەڕ دانانرێت بەڵکو کارێکی خێرە.

کەسی رەحیم بێ هیچ گومانێك خێر بۆ رەحمپێکراوەکەی زیاد دەکات، هیچ شەڕێك لە بووندا نییە خێرێك تیایدا حەشارنەدرابێت، گەر ئەو شەڕە هەڵبگیرێت ئەوا خێرە حەشاردراوەکەی نامێنێت و بە پووچبوونەوەی ئەو خێرە شەڕێکی گەورەتر لە شەڕەکەی یەکەم جار دێتە ئاراوە، دەستێك نەخۆشی خۆرە لێیدابێت-لە رووالەتدا- بڕینی کارێکی شەڕە، بەڵام لەناویدا خێرێکی مەزن بوونی هەیە کە بریتییە لە سەلامەتی و تەندروستی جەستە، گەر بڕینی ئەو دەستە وازلێبهێنێت جەستەکە تیادەچێت و شەڕەکە گەورەتر دەبێت، بڕینی دەست لەپێناو سەلامەتی جەستەدا شەڕێکە خێری لەئامێزدایە، بەڵام مەرامی یەکەم لە دیدگای ئەو کەسەی دەستەکە دەبڕێتەوە بریتییە لە سەلامەتی کە خێرێکی رووتە، کاتێك گەیشتن بەو خێرە بریتییە لە بڕینی دەست ئەوا لەو پێناوە مەبەستی دەستبڕینی گرتەبەر، بۆیە یەکەمجار سەلامەتی بۆ خودی خۆی داواکراوە و دووەمجار بڕینەکە بۆ غەیری خۆی داواکراوە نەك بۆ خودی خۆی، هەردوو دەچنە ژێر ویستەوە، بەڵام یەکێکیان بۆ خودی خۆی داواکراوە و ئەویتریان بۆ شتێکی تر جگە لە خۆی داواکراوە، بەمەبەستگیراو لە خودی خۆیدا پێش بەمەبەستگیراوە بۆ شتێکی تر

جگە لە خۆی، لەو پێناوەدایە خودا لە فەرمووده‌یه‌کی قودسیدا دەفەرموێت: ((رەحمەتم پێش تووڕەبوونم کەوتووە))[1]، تووڕەبوونی خودا ویستی خودایە بۆ شەڕ و شەڕیش بە ویستی خودایە، رەحمەتی خوداش ویستی خودایە بۆ خێر و خێریش بە ویستی خودایە، بەڵام خودا(سبحانه وتعالی) خێری بۆ خودی خێر دەوێت، بەڵام شەڕی بۆ خودی شەڕ ناوێت، بەڵکو خێری لە دووتوێیدایە، خێرش بە خودی خۆی داواکراوە و شەڕیش بۆ شتێکی تر جگە لە خۆی داواکراوە، هەریەك لەمانەش تەقدیرکراو و بڕاوەیە و شتێك بوونی نییە تیایدا پێچەوانەی رەحمەت بێت.

ئێستا گەر شەڕێك بە بیرتدا دێت و خێرێکی لەژێردا نابینی یان بەبیرتدا هات بەدەستهێنانی ئەو خێرە بە رێگەیەکی تر گونجاوە نەك بە رێگەی شەڕ ئەوا ژیری کەموکورتت لەم دوو بیرکردنەوەدا تۆمەتبار بکە.

ئەو قسەت: "ئەو شەڕە خێری لەژێرەوە نییە" ئەوە ژیری تۆ لە ناسینی کوڵ و دەستەوسانە، لەوانەیە تیایدا وەك ئەو منداڵە وابیت خێر لە کەڵەشاخدا نابینێت یان وەك ئەو گەمژەیەی پێیوایە کوشتن بۆ تۆڵەسەندنەوە(قصاص) شەڕێکی رووتە، چونکە تەماشای تایبەتمەندی کوژراوەکە دەکات، چونکە بۆ ئەو کەسە(کوژراوەکە لە پای تۆڵەسەندنەوە) کارەکە شەڕی رووتە، بێئاگایە لەو خێرە گشتییەی-بەهۆی تۆڵەسەندنەوە- بۆ هەموو خەڵکی بەدەست دێت، ناشزانێت گرتنەبەری وەسیلەی شەڕێکی بچووك لەپێناو خێرێکی گشتیدا لە خۆیدا خێرێکی رووتە، و نابێت ئەهلی خێر پشتگوێی بخەن.

یان ژیری خۆت لە بیرکردنەوەی دووەمدا تۆمەتبار بکە، ئەوەش ئەو قسەیەی تۆیە کە دەڵێیت: "بەدەستهێنانی ئەو خێرە لە رێگەیەکی ترەوە جگە لە رێگەی ئەو شەڕە شیاوە و ئەگەری هەیە" ئەمەش دیسان ورد و ناڕوونە، هەموو محاڵ و شیاوێك محاڵبوون و شیاوبوونیان- بە بەڵگەنەویست نەك بە تێڕوانینی نزیك- پەی پێ نابرێت، بەڵکو ئەوە بە تێڕوانینێکی ناڕوونی ورد -کە زۆرینە لێی دەستەوسانن- دەناسرێتەوە.

---

[1] قطعة من حديث رواه البخاري ومسلم والترمذي.

کەوابوو تێڕوانیت لەم دوو بیرکردنەوەدا تۆمەتبار بکە و هەرگیز گومانت لەوە بۆ دروست نەبێت کە خودا "أرحم الراحمين"ە و رەحمەتەکەی پێش تووڕەبوونەکەی کەوتووە، و گومانت لەوە نەبێت ئەو کەسەی شەڕی بۆ شەڕ دەوێت نەك بۆ خێر شایستە نییە بە ناوی رەحمەت.

لەژێر پەردەلادانی ئەم پۆشەرەدا نهێنییەك هەیە شەرع رێگە نادات بڵاوەی پێ بکرێت، بۆیە بە ئاماژە رازی بە و تەماعی بڵاوەپێکردنی ئەو نهێنییەت نەبێت، گەر ئەهلی ئەو کارەی بە هێما و ئاماژە تۆم ئاگادار کردووەتەوە، لەم دێڕە هۆنراوەی "**المعري**" وردبەرەوە:

لقد أسمعت لو ناديت حيا　　　ولكن لا حياة لمن تنادي

ئەمە بریتییە لە حوکمی زۆرینەی خەڵك، بەڵام تۆ ئەی برام کە بەم شرۆڤە و لێکدانەوە بە مەرامگیراوی وادەبینم رۆشنبین(بصير)ی بە نهێنی خودا(عز وجل) لە قەدەر و بێنیازی لە ئاگادارکردنەوە و وردەکاری.

٤

(الْمَلِكُ)[١]

ئەو کەسەیە لە زات و سیفەتیدا لە هەرچی بوونی ترە بێنیازە، بەڵکو هیچ شتێکی تر لە شتێکدا بێنیاز نییە لە ئەو، نە لە زاتیدا نە سیفەتەکانیدا، هەر بەو جۆرە نە لە بوونیدا و نە لە مانەوەیدا، بەڵکو هەموو شتێك بوونەکەی لە ئەوەوەیە یان لە شتێکەوەیە کە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، هەرچی شتی ترە مـوڵکی خودایە بە خود و بە سیفەتیان، ئەو(**سبحانه وتعالى**) لە هەرچی شتە بێنیازە، ئەمە بریتییە لە مەلیکی ڕەها.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

وێنا ناکرێت بەندەیەك ببێت بە مەلیکی ڕەها، چونکە لە هەرچی شتە بێنیاز نابێت، ئەو بە هەمیشەیی هەژاری بۆ لای خودایە با لە شتەکان و کەسەکانی تر بێنیاز بێت، وێناش ناکرێت هەرچی شتە بە ئەو(بەندە) ئاتاج بن، بەڵکو زۆرینەی بوون لە ئەو(بەندە) بێنیازن.

مەلیك لە بەندەکانی خودا ئەو کەسەیە خودای بەدەستهێناوە، بەڵکو لە هەرچی شتە جگە لە خودا بێنیاز بووە، ئەو لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنی مەملەکەتی خۆیەتی بەجۆرێك سەربازەکان و ڕەعییەتەکان تیایدا گوێڕایەڵی لێ دەکەن.

بەڵکو مەملەکەتی تایبەت بە ئەو بریتییە لە: دڵ و جەستەی.

سەربازەکانی بریتین لە: حەزەکان و تووڕەبوون و ئارەزووەکانی.

ڕەعییەتەکانیشی بریتین لە: زمان و دوو چاو و دوو دەست و هەموو ئەندامەکانی تری.

گەر بوو بە خاوەنی ئەمانە و ئەوان نەبوون بە خاوەنی ئەم و گوێڕایەڵیان لێکرد و ئەم گوێڕایەڵی لە ئەوان نەکرد ئەوا لە جیهانەکەی خۆیدا پلەی مەلیك بەدەست دەهێنێت.

---

[١] ووشەی (الملك): (٥)جار لە قورئاندا هاتووە.

گەر بێنیازبوونی لە هەموو خەڵکی خرایە پاڵ ئەو کارەی و هەموو خەڵکی پێی ئاتاج بوون لە ژیانی دونیا و دوارۆژیاندا ئەوە لە جیهانی زەمینیدا مەلیکە، ئەمەش بریتییە لە پلە و پایەی پێغەمبەران، ئەوان بۆ هیدایەتی ژیانی دوارۆژ لە هەرچی خەڵکە جگە لە خودا بێنیاز بوون، و هەموو خەڵکی بەوان ئاتاجن، بەدوای ئەم مەلیکانەدا (پێغەمبەران) پلەی زانایان دێت کە میراتگری پێغەمبەرانن، مەلیکبوونی زانایان بە ئەندازەی توانای ڕێنموونی کردنی بەندەکان و بێنیازبوونی خۆیان لە ڕێنموونی خەڵکە.

بەم سیفەتانە بەندە لە فریشتەکان نزیک دەبێتەوە، هەر بەو سیفەتانەش لە خودا نزیک دەبێتەوە، ئەم موڵکە بەخششی بەندەیە لەلایەن مەلیکی حەقەوە کە لە موڵکەکەیدا دووەمی نییە.

ئەو عاریفە ڕاست دەفەرموێت کاتێك یەکێك لە ئەمیرەکان پێی وت: پێویستییەکی خۆتم پێ بڵێ، ئەویش وتی: تۆ چۆن دەبێ ئەم داوایە لە من بکەی لە کاتێکدا من دوو بەندەم هەیە گەورە و سەرداری تۆن؟ وتی: ئەو دوانە کێن؟ وتی: هەڵپە و ئارەزوو، من بەسەر ئەو دوانەدا زاڵ بووم، بەڵام ئەو دوانە بەسەر تۆدا زاڵ بوون، من بووم بە خاوەنی ئەو دوانە و ئەو دوانە بوون بە خاوەنی تۆ.

یەکێك لە مەلیکان وتی بە گەورەپیاوێك: ئامۆژگاریم بکە، ئەویش پێی وت: لە دونیا و دوارۆژدا مەلیك بە، پرسی: چۆن؟ وتی: ماناکەی ئەوەیە تەماع و حەزت ببڕە دەبیت بە مەلیکی دونیا و دوارۆژ، چونکە مەلیکبوون لە ئازادی و بێنیازبووندایە.

٥

(الْقُدُّوسُ)[١]

ئەو کەسەیە پاك و بێگەردە لە هەر وەسفێك هەست پەی پێببات یان خەیاڵ وێنای بکات یان ئەندێشە(وهم) بیگاتێ یان بە ویژداندا گوزەر بکات یان بیرکردنەوە بڕیاری لێ بدات.

ناڵێم پاك و بێگەردە لە نەنگی و ناتەواوی، چونکە باسی ئەوە خەریکە بڵێم وازهێنانە لە ئەدەب لە خزمەتی خودادا، پێی ناوترێت ئەدەب کەسێك بڵێت: مەلیکی ئەم وڵاتە بەرگدرو و کەڵەشاخگر نییە، چونکە نەرێکردنی بوونێك نزیکە بوونی جێگیر بکات، لەو نەرێکردنەدا ناتەواوی هەیە، بەڵکو دەڵێم: "القدوس" ئەو کەسەیە پاك و بێگەردە لە هەر وەسفێك لە ئەوسافی کەماڵ کە زۆرینەی خەڵك بە کەماڵی دادەنێن، چونکە یەکەمجار لە خۆیان روانی و سیفەتەکانی خۆیان زانی و دابەشبوونیان بۆ ئەوەی پێی دەوترێت کەماڵ پەیپێبرد، بەڵام هەموو ئەوانە لە پای خۆیانە، وەك: زانستیان و قودرەتیان و بیستنیان و بینینیان و قسەکردن و ویستیان و هەڵبژاردنیان، ئەم وشانەیان بەرانبەر ئەم مانانە دانا و وتیان: ئەمانە بریتین لە ناوەکانی کەماڵ، و ئاماژە بەوەی ناتەواوییە لەپای ئەو ناوانە، وەك: نەزانین و دەستەوسانی و کوێریان و کەڕ و لاڵیان، بەرانبەر ئەو مانانە ئەم وشانەیان دانا، پاشان ئەوپەڕی هەوڵیان لە مەدح و سەنای خودا(**سبحانه وتعالى**) و وەسفکردنیان بۆی ئەوەبوو بە وەسفی کەماڵی خۆیان لە زانست و قودرەت و بیستن و بینین و قسەکردن خودایان وەسف کرد، و وەسفی ناتەواویی خۆیان لە ئەویش نەرێ کرد، بەڵکو هەر سیفەتێك بۆ مرۆڤ و دروستکراوەکانی تر وەسف دەکرێت ئەو(**سبحانه وتعالى**) پاك و بێگەردە لێیان و لە ئەو هاوشێوەیی و هاوئموونەییە لەگەڵیدا، بەڵکو گەر هاتنی روخسەت و ئەدەب نەبوایە بۆ

---

[١] ووشەی (**القدوس**): (٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

بەكارهێنانیان زۆرینەیان بەكارهێنانی شیاو نەبوو، لە بەشەكانی داهاتوودا ئەمە حاڵی دەبیت بۆیە لێرەدا ئاتاج بە درێژەپێدان ناكات.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

پاكی و بێگەردی مرۆڤ ئەوەیە ویست و زانستی پاك و بێگەرد بێت:

پاك و بێگەردی زانستی: لە خەیاڵكراوەكان و بەرهەستەكان و ئەندێشەكراوەكان (الموهومات) و هەر شتێك ئاژەڵان تیایدا بەشدارن لە پەیپێبراوەكان پاك و بێگەرد رابیگرێت، بەڵكو وردبوونەوە و گەڕانی زانستی ئەو بە دەوری كارە ئەزەلییەكاندا بێت كە پاك و بێگەردترن لەوەی نزیك ببنەوە و هەست بیانگاتێ، یان دووربكەونەوە و لەبەرهەست بزر بن، بەڵكو لە نەفسی خۆیدا لە هەرچی بەرهەست و خەیاڵكراوە خۆی دادەڕنێت و كۆمەڵە زانستێك بەدەست دەهێنێت گەر ئامێری هەست و خەیاڵكردنی لەدەست بدات لەگەڵ ئەوەش بەو زانستە بەرز و باڵا هەمووەكی خوداییە بە پاراوی دەمێنێتەوە، زانستگەلێك پەیوەست بە زانراوە ئەزەلییە هەربووەكانەوە بەبێ كەسایەتییە گۆڕاوە محاڵەكان.

پاك و بێگەردی ویستی: ئەوەیە پاك و بێگەرد رابیگرێت لەوەی بە دەوری بەشە مرۆییەكاندا بسوڕێتەوە، ئەو بەشانەی دەگەڕێنەوە بۆ چێژی حەز و تووڕەیی و تامی خواردن و جووتبوون و پۆشاك و دەستلێدان و دیمەن و ئەو چێژانەی كە تەنها لە رێگەی هەست و دڵەوە مرۆڤ پێیان دەگات، بەڵكو تەنها خودای گەرەكە و تەنها بەشی لە خودا دەوێت و شەوقی تەنها بۆ لیقای ئەوە و دڵخۆشییەكەی بە نزیكی ئەوەوەیە، گەر بەهەشت و خۆشییەكانی بۆ ئەو بخرێتە روو سووربوون و لێبڕانی لا بەلایدا ناكەنەوە، ئەو تەنها بە خاوەنی ماڵەكە رازی دەبێت و هیچی تر.

بەگشتی پەیپێبراوە بەرهەست و خەیاڵییەكان ئاژەڵانیش تیایدا بەشدارن، پێویستە ئەو لەوانە بەرزببێتەوە بۆ لای ئەو شتانەی تایبەتمەندی مرۆڤن، بەشە مرۆییەكەی حەزەكان ململانێ لەگەڵ ئاژەڵاندا دەكات، بۆیە پێویستە خۆی لێیان بەرزڕابگرێت.

بەرزی و شكۆمەندی مورید بەپێی بەرزی و شكۆمەندی مورادەكەیەتی، هەر كەس هەموو خەم و خۆزگەی ئەوە بێت بكاتە ناو گەدەیەوە ئەوا بەها و نرخەكەی ئەوەیە

لێی دێته دەرەوە، هەرکەس خەم و هەوڵ و خۆزگەی تەنها خودا بێت ئەوا پلەکەی بەپێی بەرزی هەوڵ و لێبڕانییەتی، هەرکەسیش زانستەکەی لە پلەی بەرهەستەکان و خەیاڵکراوەکان بەرزبوویەوە یان ویستەکەی لە حەزەکان پاك راگرت ئەوا تا دەرگاکانی پاك و بێگەردی هەنگاوی هەڵگرتووە.

٦

(السَّلَامُ)[١]

ئەو کەسەیە زاتی خۆی لە نەنگی و سیفەتەکانی لە ناتەواوی و کردارەکانی لە شەڕ پاراستووە، تا وایلێهاتووە لەناو بووندا سەلامەتییەك بوونی نییە لە ئەوەوە(**سبحانە وتعالی**) سەرچاوەی نەگرتبێت.

ئەوەت زانی کردارەکانی خودا لە شەڕ سەلامەتن، مەبەستم بە شەڕ شەڕی ڕەهایە کە خودی شەڕەکە تیایدا بەمەبەستگیراوە نەك خێرێکی بەرهەمهاتوو لە دووتوێیدا مەزنترە لە شەڕەکە، بەهۆی ئەم سیفەتەوە لە بووندا شەڕێك بوونی نییە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

هەر بەندەیەك دڵی لە غەش و خەوش و رق و کینە و حەسوودی و ویستی شەڕ سەلامەت بێت و ئەندامەکانی لە ئاسارەکان و قەدەغەکراوەکان سەلامەت بن و پارێزراو بێت لە پەستی و پێچەوانەبوونەوەی سیفەتەکانی ئەوە ئەو کەسەیە بە دڵێکی سەلامەتەوە دێت بۆ لای خودا، ئەوەش بریتییە لە سەلامەتی بەندەکان کە لە وەسفیدا نزیکە لە سەلامی ڕەهای حەق کە جووتەکی(مثنویة) لە سیفەتیدا بوونی نییە.

مەبەستم بە پەستی لە حەزەکانیدا ئەوەیە ژیرییەکەی ببێت بەندەی حەز و تووڕەبوونەکەی، چونکە حەق پێچەوانەی ئەوەیە، و بەو جۆرەیە حەز و تووڕەبوون بن بە بە دیلی دەستی ژیرییەکەی، گەر پێچەوانە بوو ئەوا کەسەکە بەرەو پەستی هەنگاوهەڵدەگرێت، ئەو کات سەلامەتی بوونی نامێنێت کاتێك ئەمیر دەبێت بە فەرمانبەسەرداکراو و مەلیك دەبێت بە بەندە.

[١] ووشەی (السلام): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

کەسێك موسڵمانان لە زمان و دەستی سەلامەت نەبن بە سەلام وەسف ناکرێت، چۆن بەو سیفەتە وەسف دەکرێت لە کاتێکدا خۆی هەڵگری سەلامەتی نەبێت؟!

٧

(الْمُؤْمِنُ)[١]

ئەو کەسەیە ئاسایش و ئەمان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، ئەوەش بە فەراهەم کردنی هۆکارەکانی و داخستنی ڕێگەکانی ترس و هەڕەشە، ئاسایش تەنها لە جێگەی ترسدا وێنا دەکرێت، ترسیش تەنها لەو کاتانەدا سەرهەڵدەدات نەبوون و ناتەواوی و تیاچوون دێنە ئاراوە.

شاراوە نییە کوێر دەترسێ ڕووبەڕووی تیاچوون ببێتەوە لەوەی نایبینێت، چاوی بینین ئاسایشی بۆ دابین دەکات، کەسی کۆڵ(بێ دەست) ترسی ئافەتێکی هەیە تەنها بە دەست بتوانێت لەسەر خۆی لایبدات، کەوابوو دەستێکی سەلامەت ئاسایش بۆ ئەو دەهێنێت، هەر بەو جۆرە هەموو هەستەکان و ئەندامەکان، "المؤمن" دروستکەر و شێوەپێبەخش و ڕاگری هەموو ئەوانەیە.

گەر وادابنێین مرۆڤێك لەلایەن دوژمنەکانییەوە بەدوایدا دەگەڕێن و بکەوێتە تەنگەژەیەکەوە بەهۆی لاوازییەوە ئەندامەکانی نەتوانن ببزوێن، گەر بیشجوڵێن چەکی پێ نەبێت تاکو بەکاریبهێنێت، گەر چەکیشی پێ بێت بەتەنها نەتوانێت بەرەنگاری دوژمنەکانی ببێتەوە، گەر سەربازی لەگەڵ بێت دڵنیایی ئەوەی نەبێت سەربازەکانی دوژمنەکەی تێکبشکێنێت و قەڵایەك شك نەبات ڕووی لێ بکات، کەسێك هات و لەم دۆخەیدا چارەسەری لاوازییەکەی بۆ کرد و بەهێزی کرد و سەرباز و چەکی پێ بەخشی و قەڵایەکی دامەزراوی بۆ دروست کرد، ئەوا ئەو کەسە ئاسایش و ئەمانی بە ئەو بەخشیوە و شایستەی ئەوەیە پێی بوترێت "المؤمن".

بەندە لە ڕیشەی فیترەتیدا لاوازە، ئەو لە ناوەوەی ڕووبەڕووی نەخۆشی و برسێتی و تینوێتی دەبێتەوە، هەروەها لە دەرەوەیدا ڕووبەڕووی ئافەتی سوتێنەر و خنکێنەر و

---

[١] ووشەی (المؤمن): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

بریندارکەر و تێکشکێنەر دەبێتەوە، تەنها کەسێك لەم هەموو ترس و هەڕەشەیە ئەمن و ئاسایشی پێبدات ئەو کەسەیە دەرمانی لابەری ئەم گشتە ئافەت و نەخۆشییەی بۆ ئەو ئامادە کردووە، هەروەها خۆراکی لابەری برسێتییەکەی و خواردنەوەی پاراوکەری تینوێتییەکەی بە ئەو فەراهەم کردووە، هەروەها کۆمەڵێك ئەندامی بۆ دروست کردووە شتە خراپەکان لە جەستەی دووربخاتەوە، هەستەکانی پێبەخشیوە تاکو ئاگاداری بکاتەوە لەو شتانەی دەبنە تیابردنی ئەو، ترسی مەزنی لە تیاچوونی دوارۆژی لا دروستکردووە کە تەنها کەلیمەی تەوحید(**لا إله إلا الله**) رزگاری دەکات.

خودا(**سبحانه وتعالى**) هیدایەتدەرو هاندەرییەتی بۆ هەموو ئەوانە، وەك لەفەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: (("**لا إله إلا الله**" قەڵای منە، هەر کەس بێتە ناو قەڵاکەمەوە لە سزای من پارێزراوە))[1].

هەرچی ئەمن و ئاسایش و پارێزراوییە لە جیهاندا لە کۆمەڵێك هۆکارەوەیە کە خودا لە دروستکردنیان و هیدایەت بۆ بەکارهێنانیان تەنهاکەوتووەتەوە، ئەوە خودایە(**سبحانه وتعالى**) خەلقی بە هەموو شتێك بەخشیوە و پاشان هیدایەتی داون: ﴿ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ۝٥٠﴾ طه: ٥٠، تەنها ئەو "**مؤمن**"ی راستەقینەی رەهایە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لەم وەسفە ئەوەیە هەموو خەڵکی لە دەستی ئەو ئاسایشیان هەبێت، بەڵکو هەموو ترساوێك رجای پشتبەستنی بە ئەو بێت لە لادانی هۆکارەکانی تیاچوونی نەفسی لە دین و دونیایدا.

وەك پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: ((سوێند بە خودا ئیمان ناهێنێت، سوێند بە خودا ئیمان ناهێنێت، سوێند بە خودا ئیمان ناهێنێت، وترا: کێ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ئەو کەسەی جیرانەکەی لە شەڕ و خراپەی ئەو ئەمین نییە))[2].

---

[1] رواه الترمذي.

[2] رواه البخاري في كتاب الأدب، كما رواه مسلم في صحيحه.

شایستەترین بەندە بە ناوی "المؤمن" ئەو کەسەیە دەبێتە هۆی ئەمن و ئاسایشی خەڵکی لە سزای خودایی ئەوەش بە هیدایەتدانیان بۆ سەر ڕێگەی خودا و ڕێنموونی کردنیان بۆ ڕێگەی رزگاری، ئەمەش پیشەی پێغەمبەران(**علیهم الصلاة والسلام**) و زانایان بووە، بۆ ئەو مەبەستە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ((ئێوە وەك چۆن پەپوولە بەردەبێتەوە بۆ سەر ئاگر ئاوا بۆ ناو دۆزەخ بەردەبنەوە و منیش قۆڵتان دەگرم))[1].

لەوانەیە بڵێیت حەقیقەتی ترس لە خوداوەیە و هەرچی ترسێنەرە لە ئەوەوەیە، هەر ئەوە بەندەکانی ترساندووە و هۆکارەکانی ترسی خولقاندووە، ئیتر چۆن دەبێت ئەمن و ئاسایش بدرێتە پاڵ خودا ؟!

وەڵام: ترس لە خوداوەیە و ئاسایش و ئەمنیش هەر لە خوداوەیە، هەر ئەوە(**سبحانه وتعالى**) دروستکەری هۆکارەکانی ترسان و ئاسایش، ئەوەی ئەو(**سبحانه وتعالى**) کەسێکی ترسێنەرە ڕێگری ناکات لەوەی کەسێکی پارێزەر و "**مؤمن**" بێت، وەك چۆن بەوەی "**معز**"ە ڕێگر نییە لەوەی "**مذل**" بێت، بەڵکو ئەو(**سبحانه وتعالى**) "**معز و مذل**"ە، هەر بەو جۆرە بەوەی خودا "**الخافض**"ە ڕێگری ناکات لەوەی "**رافع**" بێت، بەڵکو ئەو "**الخافض و الرافع**"ە، هەر بەو جۆرە خودا(**سبحانه وتعالى**) "**مؤمن**" و ترسێنەرە، بەڵام "**مؤمن**" لە ناوە جوانەکاندا هاتووە و ترسێنەر نەهاتووە.

[1] قال العراقي في تخريج الإحياء: متفق عليه بلفظ"مثلي ومثل الناس..." كما رواه مسلم بلفظ آخر و رواه أحمد وأبو يعلى.

٨

(الْمُهَيْمِنُ)[1]

مانای له حەقی خودادا(سبحانه وتعالى): ئەو راوەستاوە لەسەر دروستکراوەکان بە کاروکردەوەکانیان و رۆزییەکانیان و ئەجەلەکانیانەوە، راوەستانی خودا لەسەریان بە ئاگاداربوونو دەستگرتن بەسەردا(داگیرکردن)و پارێزگاری کردنە، هەموو دەستبەسەرداگر و بەئاگا و پارێزەرێك بۆ نهێنی و حەقیقەتی شتێك **"مهیمن"**ە بەسەر ئەو شتەدا، ئاگاداربوونەکە دەگەڕێتەوە بۆ زانست و دەستبەسەرداگرتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەماڵی قودرەت و پارێزگارییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵ.

کۆکەرەوەی ئەو سێ مانایە بریتییە لە ناوی "المهیمن"، بە شێوەیەکی رەها و تەواو تەنها خودا(سبحانه وتعالى) ئەو سیانە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بۆیە وتراوە ئەو ناوە(المهیمن) لە ناوەکانی خودایە و لە کتێبە پێشووکانی خودادا هاتووە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

هەر بەندەیەك چاودێری خۆی بکات تا ئاگاهی بەسەر قوڵاییەکان و نهێنییەکان بۆ دروست ببێت و لەگەڵ ئەوەش دەستبگرێت بەسەر راستکردنەوەی حاڵ و وەسفی خۆیدا و بە بەردەوامی هەستێت بە پارێزگاری کردنی بەپێی ئەو راستکردنەوەیە ئەوا ئەو کەسە "مهیمن"ە بۆ سەر دڵی خۆی.

گەر ئاگاهییەکەی و دەستبەسەرداگرتنەکەی بەرین بوو تا هەستا بە پارێزگاری کردنی بەندەکانی خودا لەسەر رەوگەیەکی دروست-دوای ئاگاهی بەناوەوەیان و نهێنییەکانیان بە رێگەی فیراسەت و بەڵگەهێنانەوە بە دەرەوەیان- ئەوا بەشی لەم مانایە(مانای ناوەکە) گەورەترین و تەواوترین بەشە.

---

[1] ووشەی (المهیمن): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٩

(الْعَزِيزُ)[١]

بريتییە لەو ترسناکەی بوونی هاوئموونە بۆ ئەو زۆر دەگمەنە، و پێویستی بۆ لای ئەو زۆر زۆرە، و گەیشتن پێی زۆر دژوارە، گەر ئەم سێ مانایەی لەسەر کۆنەبێتەوە ناوی "العزیز"ی بۆ بەکارناهێنرێت، زۆر شت هەیە بوونی دەگمەنە بەڵام ترسناکییەکەی گەورە نییە، و سوودەکەی زۆر نییە، ئەوە پێی ناوترێت "عزیز"، زۆر شت هەیە ترسناکییەکەی زۆرە و سوودی زۆرە و هاوئموونەی نییە، بەڵام گەر گەیشتن پێی دژوار نەبێت پێی ناوترێت "عزیز"، وەك خۆر، خۆر-بۆ ئێمە- ئموونەی نییە، هەر بەو جۆرە زەوی، سوودی ئەو دوانە بۆ ئێمە زۆر مەزنە، و پێویستیمان بەو دوانە زۆر زۆرە، بەڵام بە "دەگمەن" وەسف ناکرێن، چونکە گەیشتن بە بینینیان دژوار نییە، بۆیە هەر دەبێ ئەو سێ مانایەی تێدا کۆببێتەوە ئەوجا بە "عزیز" ناودەبرێت.

پاشان بۆ هەریەکێك لەم سێ مانایە کەماڵ و ناتەواوی بوونیان هەیە، کەماڵ لە کەمی بووندا دەگەڕێتەوە بۆ تەنها یەك، چونکە کەمتر لە یەك بوونی نییە، ئەو کات دەبێت بوونی هاوئموونەی محاڵ بێت، ئەوەش هیچ کەسێکی تر نییە جگە لە خودا(**سبحانە وتعالی**)، خۆر هەرچەند-بۆ ئێمە- یەك دانەیە لە بووندا، بەڵام یەك دانە نییە لە هەبووندا، چونکە دەگونجێ هاوئموونەی هەبێت لە کەماڵ و دەگمەنیدا[٢] زۆری پێویستی ئەوەیە هەموو شتێك بۆ هەموو شتێك لە بوون و مانەوە و سیفەتیاندا پێی ئاتاج بن، ئەوەش لەسەر کەماڵ تەنها بۆ خودایە(**سبحانە وتعالی**) ئێمە پێشتر رۆشنمان کردەوە تەنها خودا خودا دەناسێت، ئەو عەزیزی رەهای حەقە و لەوەدا هیچ کەس هاوتایی لەگەڵدا ناکات.

---

[١] ووشەی (**العزیز**): (٩٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢](غەزالی یەکەمین کەسە ئاماژە بەوە دەکات دەگونجێ خۆری تر وەك ئەم خۆرەی ئێمە بوونی هەبێت).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

عەزیز لە بەندەکانی خودا ئەو کەسەیە بەندەکانی خودا لە گرنگترین کاروبارەکانیاندا پێی ئاتاجن، ئەوەش بریتییە لە ژیانی دوارۆژ و بەختەوەری هەتاهەتایی، ئەمەش بێ هیچ گومانێك بوونی زۆر دەگمەنە و گەیشتن پێی و پەیپێبردنی زۆر دژوارە، ئەمە پلە و پایەی پێغەمبەرانە(علیهم السلام)، هەروەها ئەوانەی بەشداریان لەگەڵ دەکەن بە تەنهابوونەوە لە نزیکی پلە و پایەیان لە چاخی ئەواندا وەك خەلیفەکان و زانایان کە میراتگری ئەوانن، دەگمەنی هەریەکێك لەوانە بە ئەندازەی بەرزی و بڵندی پلە و پایەکەیەتی لە ئاسانی بەدەستهێنان و هاوبەشی لەگەڵی، هەروەها بە ئەندازەی ماندووبوونی لە ڕێنموونی کردنی خەڵکی.

١٠

(الْجَبَّارُ)[١]

ئەو کەسەیە ویستی(**مشیئة**) لە ڕێگەی ناچارکردنەوە بەسەر هەمواندا جێبەجێ دەکرێت، و ویستی هیچ کەسێك لە ئەودا و بەسەر ئەودا جێبەجێ ناکرێت، هەروەها ئەو کەسەیە هیچ کەس لە چنگی ئەو دەرناچێت و دەستەکان کورت و کەم بایەخن بۆ گەیشتن بە مەزنی و شکۆمەندی ئەو.

جەباری ڕەها تەنها خودایە(**سبحانه وتعالى**)، ئەو هەموو کەسێك ناچار دەکات و کەس ناتوانێت ئەو ناچار بکات و جووتەکی(**مثنوية**) لە حەقی خودادا لە هەردوو بەرەکەوە بوونی نییە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

جەبار لە بەندەکانی خودا ئەو کەسەیە ئاتاج بە شوێنکەوتوان نییە و گەیشتووە بە پلە و پایەی شوێنکەوتن و بە بەرزی و بڵندی پلە و پایەکەی تەنهاکەوتووەتەوە، بە جۆرێك خەڵکی لە شێوە و ئاکاردا ناچار دەکات بە شوێنکەوتن بۆ ئەو لە هەنگاوهەڵگرتن و ڕەوشت و ژیانیدا، بۆیە سوود بە خەڵکی دەگەیەنێت و سوود لە خەڵکی وەرناگرێت، کار دەکاتە خەڵکی و بە خەڵکی کاریگەر نابێت، ئەوان شوێنی دەکەون و ئەم شوێنیان ناکەوێت، هەر کەس دەیبینێت بوونی خۆی لەبیردەچێتەوە و تامەزرۆ دەبێت بۆ لای و لا ناکاتەوە بە لای خودی خۆیدا، هیچ کەس ناتوانێت تووشی هەڵنان و فریودان و شوێنخستنی خۆیانی بکەن.

تەنها سەروەری مرۆڤایەتی پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووە بە خاوەنی ئەم وەسفە،

---

[١] ووشەی (الجبار): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

کاتێك دەفەرموێت: ((گەر موسا زیندووبوایە هیچ رێگەیەکی تر لە بەردەمیدا والآنەبوو جگە لە شوێنکەوتنم))[1].

هەروەها دەفەرموێت: ((من سەروەری رۆڵەکانی ئادەمم و فەخر ناکەم))[2].

---

[1] رواه البزار وعند حمد بعضه.

[2] صحيح أخرجه الترمذي وابن ماجة وأحمد.

١١

(الْمُتَكَبِّرُ)[1]

ئەو کەسەیە هەمووان بە کەم و نزم تەماشا دەکات بەراورد بە زاتی باڵای خۆی(**سبحانه وتعالى**)، مەزنی و شکۆمەندی و باڵابوون تەنها بۆ زاتی خۆی دەبینێت، تەماشاکردنی بۆ کەسان و شتانی تر تەماشاکردنی مەلیکە بۆ بەندەکانی، گەر ئەو تەماشاکردنە راستگۆیانە بێت ئەوا "تکبر"ەکەی حەق و رەوایە و خاوەنەکەی بە حەق "متكبر"ە.

بەڕەهایی ئەوە تەنها بۆ خودا(**سبحانه وتعالى**) وێنا دەکرێت، خۆ گەر ئەو خۆبەگەورەزانین و خۆبەمەزنزانینە پووچ و بێبنەما بێت ئەوا کەسەکە ناپەسەند و زەمکراوە، هەر کەس مەزنی و گەورەیی تایبەت بکات بە خۆی بەبێ خەڵکانی تر تەماشاکردنەکەی بۆ خۆی درۆزنانەیە و بینینەکەی پووچ و بێ بنەمایە جگە بۆ خودا(**سبحانه وتعالى**).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

کەسی خۆبەگەورەزان لە بەندەکانی خودا بریتییە لە کەسی زاهیدی عاریف، مانای زوهدی عاریف ئەوەیە پەنهانی خۆی بە پاك و بێگەرد رابگرێت لە دروستکراوەکان و باڵا ببێت بەسەر هەموو شتێکدا جگە لە خودا(**سبحانه وتعالى**)، بۆیە دونیا و ئاخیرەت بە کەم دەبینێت و خۆی باڵا دەکات لەوەی یەکێك لەو دوانە لە حەق(**سبحانه وتعالى**) خەریك و سەرقاڵی بکەن، زوهدی کەسانی تر جگە لە عاریف مامەڵە و بریتی وەرگرتنە و بە کەلوپەلی دونیایی دواڕۆژ دەکڕێت، بۆیە شتێکی کەموکورتی خێرا لە ئێستادا وازلێدەهێنێت بۆ شتێکی هەمیشەیی بەردەوام لە پاشەڕۆژدا، ئەوە بریتییە لە مامەڵەی سەلەم و کڕین و فرۆشتن، هەر کەس حەزی خواردن و هاوسەری کردن کردی

[1] ووشەی (المتكبر): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

بە بەندەی خۆی ئەوا ئەو کەسێکی نزم و پەستە گەر کارەکەی هەمیشەیی بوو، کەسی "خۆبەگەورەزان(لێرەدا بە مانای کەسی بالاّ)" ئەو کەسەیە هەرچی بەش و حەزە کە ئاژەڵان تیایدا بەشدارن وازلێدەهێنێت.

١٢ (الْخَالِقُ)[١] ١٣ (الْبَارِئُ)[٢] ١٤ (الْمُصَوِّرُ)[٣]

وا گومان دەبرێت ئـەم ناوانـە هاوواتـا بـن و هـەموویان بـۆ دروسـتکردن و داهێنـان بگەڕێنەوە، بەڵام نابێت بەو جۆرە بن، بەڵکو هەرشتێك لە نەبوونـەوە بێتـە نـاو بـوون یەکەمجار ئاتاجە بە "ئەندازەگیری" و دووەمجـار-بـەپێی ئەندازەگیرییەکـە- ئاتاجـە بـە بڕین و سێیەمجار-لە دوای بڕینەکە- ئاتاجە بە شێوەوەرگرتن بەپێی بڕینەکە.

خـودا لـەو رووەوە کـە ئەنـدازەگیرە دروسـتکەر(خالق)ە، لـەو رووەوە کـە داهێنـەر و داڕێژەرە بەپێی نەخشەکە بریتییە لە "بارىء" هەر بەو جـۆرە شێوەپێبەخشە(مصـور) لەو رووەوە کە شێوەی داهێنراوەکانی بە جوانترین ڕێکخستن ڕێکخستووە.

ئەمە وەك بینایەك وایە-بۆ نموونە- سەرەتا پێویستی بە ئەندازیارێك هەیە بـۆ ئـەوەی بڕی دار و تەختە و خشت و زەوی و ژمارەی ژوورەکان و درێژی و پانی دیاری بکـات، ئەمە کەسی ئەندازیار دەیگرێتە ئەستۆ و نەخشەی بـۆ دەکێشـێ و وێنـەی پێدەدات، پاشان ئەم بینایە پێویستی بە وەستایە تاکو سەرپەرشتی کارەکە بکـات تـاکو بیناکـە بێتـە ئـاراوە، پاشـان پێویسـتی بـە جوانکـار هەیـە دەرەوەی بیناکـە بڕازێنێتـەوە و شێوەکەی جوان بکات[٤]، بۆیە ئەو(سبحانه وتعالى) "خالق و بارىء و مصور"ە.

---

[١] ووشەی (الخالق): (٧)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (البارئ): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٣] ووشەی (المصور): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٤] {(لـە راسـتیدا ئیشـی وەسـتاکە و ئیشـی ئـەو کەسـەی جوانکـاری دەکـات یـەك ئیشـە کـە دەچـنە نـاو کـاری "مصـور"ەوە، شـیاوترە بوترێـت: نەخشەکێشـەکە کـە لـە ئـەمڕۆدا ئەنـدازیاری تەلارسـاز دەگرێتـەوە بریتییـە لـە "ئەندازەگیر"ی بیناکە، پاشان پرۆسەی "برء" دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە بەپێی ئەو نەخشەیە کەرەستەکان ئامـادە بکەی و بیشزانیت هەر کەرەستەیەك بڕەکەی چەندە و دەبێ لـە کـوێی کەرەسـتەکانی تـردا دابنرێـت و چـۆن ببڕێـت

نموونەکەی بریتییە لە مرۆڤ کە یەکێکە لە دروستکراوەکانی، ئەو یەکەمجار لە بوونیدا ئاتاجە بە شتێك بوونی خۆی لێوە دەستەبەر بکات، چونکە مرۆڤ جەستەیەکی تایبەتە، سەرەتا دەبێ جەستە بوونی هەبێت تاکو بە سیفەتەکان تایبەتمەند بکرێت وەك بینایەك ئاتاجە بە ئامێر تا بەرزبکرێتەوە، پاشان بونیادی مرۆڤ تەنها بە ئاو و خاك دێتە راستە، خاك بەتەنها وشکە و لە جوولّە و بزواندا ناچەمێتەوە و باناداتەوە، ئاویش بەتەنها تەڕە و ناتوانێت خۆی بگرێت و راست ببێتەوە، پێویستە تەڕ بە وشك تێکەلّ بکرێت تا بێتە راستە و باری میانەگیری و بە قوڕ گوزارشتی لێ بدرێت، پاشان دەبێ گەرمییەك بوونی هەبێت تا تەڕی بە وشکی تێکەلّ بکات و لەیەکتر جیانەبنەوە، مرۆڤ لە تەنها قوڕ دروست نابێت بەلّکو لە قوڕێکی سوورەوە بوو وەك فەخار، فەخار بریتییە لە قوڕێکی تێکەلّ بوو بە ئاو کە ئاگر کاری تێکردووە تا میزاجی رێکخستووە، پاشان پێویستی بە بڕێکی تایبەتە لە ئاو و قوڕ، بۆ نموونە گەر کەم بێت کرداری مرۆیی لێوە بەرهەم نایەت، بەلّکو بە ئەندازەی مێروولەی ورد و مێروولەی گەورە بە جۆرێك با دەبیات و بە کەمترین شت تیادەچێت، پێویست بە چیایەك قوڕ ناکات، چونکە ئەوە بەپێی پێویست زیاد دەکات، بەلّکو بڕێکی نە زیاد و نەکەم کە خودا دەیزانێت بەسە بۆ ئەو دروستبوونە.

هەموو ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەندازەگیری و بەپێی ئەندازەگیری ئەو کاروبارانەیە، هەروەها بەپێی هێنانەبوونە لەسەر ئەندازەگیری دروستکەر(خالق)، هەروەها بەپێی تەنها هێنانەبوون و دەرهێنان لە نەبوون بۆ بوون خودا **"باريء"**ە

بەتەنها هێنانەبوون شتێکە و هێنانەبوونیش بەپێی ئەندازەگیرییەك شتێکی ترە، ئەو کەسەی دروستکردن تەنها بۆ ئەندازەگیری دەگێڕتەوە پێویستی بەمەیە، لەگەلّ ئەوەی لە زماندا روویەکی خۆی هەیە، چونکە عەرەب پینەدۆز(**الحذاء**) بە **"خالق"** ناودەبات، بە هۆی ئەندازەگیری هەندێ کردار بۆ سەر هەندێ کرداری تر، بۆیە شاعیرێك دەلّێت:

ولأنت تفري ما خلقت   وبعض القوم يخلق ثم لا يفري

ئەمە دەچێتە ناو ناوی **"باريء"**ەوە، پاشان وەستا و کرێکار دێن و ئەو کەرەستانە بەپێی نەخشە تەلارسازییەکە دەدەن لە یەك و وێنەیەك بە بیناکە دەبەخشن، ئەمەش بریتییە لە پرۆسەی "تصوير" و شێوە پێبەخشین)}.

بەڵام ناوی "المصور" ئـەم نـاوە لـەو رووەوەیـە کـە وێنـەی شـتەکانی بـە باشـترین و جوانترین شێوە رێکخستووە، و لە ناوازەترین شێوەدا وێنەی پێ بەخشیون.

ئەمە بریتیە لە وەسفەکانی کردار، تەنها ئەو کەسانە حەقیقـەتی دەزانـن کـە وێنـەی جیهان بەگشتی دەزانن پاشانیش بە وردی، هەموو جیهان وەك تەنها یەك کەس وایە و لە چەندین ئەندام پێکهاتووە کە هاوکاری یـەکتر دەکـەن بـۆ مـەرامێکی تایبـەت کـە داوای لێکراوە، ئەندامەکان و بەشەکانی بریتین لـە : ئاسمانـەکان و زەوی و ئـەوەی لـە نێوانیاندایە لە ئاو و هەوا و شتانی تر.

بەشەکانی بە رێکخسـتنێکی تونـدوتۆڵ رێکخـراون، گـەر ئـەو رێکخسـتنە بگۆڕرێـت سیستمەکە تێکدەچێت، ئەوەی پێویستە بەرز و باڵا بێت پێویستە بەرز و بـاڵا بێـت و ئەوەش پێویستە نزم بێت پێویستە نزم بێت.

وەك چۆن وەستای دیوار بەرد دەخاتـە ژێـر دیـوار و دار و تەختە(دیمـە) دەخاتـە سـەر بەردەکان هەموو ئەمانەش بۆ رێکخستن و مەرام و ویستی توندوتۆڵ کردنی دیوارەکە، گەر ئەو کارە پێچەوانە بکاتەوە بەردەکان بخاتە سەرەوە و دارەکان بخاتە ژێرەوە بیناکە دەڕمێت و هەیکەلەکـەی نایەتـە راسـتە، هـەر بـەو جـۆرە پێویسـتە بـەرزی و بڵنـدی ئەستێرە و هەسارەکان بزانین و لە نزمی زەوی و ئاو تێبگەین[١]، بەهەمان شێوە تەواوی رێکخستنەکانی تر لە بەشەکانی پەیکەری ئەم جیهانەدا.

گـەر بـڕۆین بـۆ نیـوەی بەشـەکانی جیهـان و ئاماریـان بکـەین پاشـان حیکمـەت لـە رێکخستنیان باس بکەین درێژە دەکێشێت، هەر کەس زانستی بەم درێژەپێدانە زۆرتر بێت ئەوا باشتر لە ناوی "المصور" تێدەگات.

ئەم رێکخستن و شێوەپێبەخشینە لە هـەموو ئەندامـەکانی مێروولـەدا بـوونی هەیـە، بەڵکو قسەکردنەکەمان درێـژە دەکێشـێت کاتێـك بمانـەوێت قسـە لـە چاوی مێروولـە بکەین کە گیاندارێکی بچووکە لە گیانـداران، هـەر کـەس چـینەکانی چـاو و ژمـارەی

[١] {(لەڕاستیدا بەرزی و نزمی لە گردووندا رێژەییە و بە شـێوەیەکی رەهـا بوونیـان نییـە، بـەڵام زانسـتی سـەردەمی غەزالی بەم راستییە زانستییە نەگەیشتبوو)}.

پێکهاتەکان و شێوەکانیان و بڕ و ئەندازەیان و ڕووی حیکمەت لە هەریەکێکیان نەزانێت ئەوا وێنە و شێوەی چاو نازانێت ئەو کات تەنها بە ناوێکی گشتی ناوی "المصور"ی ناسیوە، بە هەمان شێوە قسەکردن لە وێنە و شێوەی گیانداران و ڕووەکەکان، بەڵکو لە هەر ئەندام و بوونێك لە گیانداران و ڕووەکەکاندا.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لەم ناوە(المصور) ئەوەیە وێنە و شێوەی هەموو بوون لە نەفسیدا بەرهەم بێت لە شێوەی پێکهاتنی و ڕێکخستنی تا ئابلۆقەی پێکهاتەی هەموو جیهان بدات وەك ئەوەی تەماشای دەکات.

پاشان لە هەمووەکییەوە دابەزێت بۆ درێژەپێدان و وردکردنەوە و بێتە سەر شێوەی مرۆڤ لە جەستە و ئەندامەکانی جەستەی، جۆرەکانیان و ژمارەکانیان و پێکهاتەکانیان و حیکمەت لە دروستکردنی هەریەکەیان و ڕێکخستنیان پەی پێ ببات، پاشان بڕوانێت بەسەر سیفەتە مەعنەویەکان و مانا بەرز و بڵندەکانی کە پەیبردن و ویستەکانی ئەو نیشان دەدەن، بەهەمان شێوە چەندە دەتوانێت وێنە و شێوەی گیاندارانی تر و ڕووەکەکان لە ناوەوە و دەرەوە بناسێت و بزانێت تا خودی هەموان(جیهان) و وێنەکەی لە دڵدا نەقش بێ.

هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ وێنە و شێوەی جەستەییەکان(تەنەکان) کە پوختەیەکن، سەرباری ناسینی ڕێکخستنی ڕۆحانییەکان کە ناسینی فریشتە و زانینی پلە و پایەیان و ئەرکی هەریەکەیان دەگرێتەوە لە دەستتێوەردانی ئاسمانەکان و هەسارەکان و پاشان دەستتێوەردانی دڵی مرۆیی بە هیدایەت و ئیرشاد، پاشان دەستتێوەردانیان بۆ گیانداران بە پێدانی ئیلهامی ڕێنموونیکەر بۆ دەستەبەری پێویستییەکانیان.

ئەمە بریتییە لە بەشی بەندە لەم ناوە(المصور) کە بریتییە لە بەدەستهێنانی وێنەیەکی زانستی پڕاوپڕ بە وێنەی بوون، چونکە زانست بریتییە لەو وێنەیەی لە نەفسدا سەرهەڵدات و پڕاوپڕە لەگەڵ وێنەی زانراو.

زانستی خودا بە وێنەکان هۆی بوونە لە تەنەکاندا، وێنەی هەبوو لە تەنەکاندا هۆیەکە بۆ بەرهەمهاتنی وێنەی زانستی لە دڵی مرۆڤدا.

بەوەش بەندە زانست-بە مانای ناوی "المصور" کە یەکێکە لە ناوەکانی خودا(سبحانە وتعالی)- بەدەستدەهێنێت و سوودی لێ دەبینێت، هەر بەو جۆرە بە هۆی بەدەستهێنانی وێنە لە نەفسی خۆیدا وەك "المصور"ی لێ دێت، هەرچەند بەکارهێنانی ناوەکە بۆ ئەم بەرێگەی مەجازە، بەڵام بە هۆی وردبوونەوە لە دروستکراوی خودا و داهێنانەکانییەوە ئەو وێنەیە بۆ ئەو سەریهەڵداوە نەك بە کاری بەندە، بەڵکو هەوڵدەدات خۆی بخاتە بەر لێشاوی رەحمەتی خودا(سبحانە وتعالی) چونکە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ الرعد: ١١، بۆیە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ((لە رۆژەکانی رۆژگاردا لێشاوی رەحمەتی پەروەردگاری ئێوە بوونی هەیە، خۆتان بخەنە بەری، هیوا وایە بەشێك لەو رەحمەتەتان بەربکەوێت و لەدوای ئەوە بۆ هەتاهەتایە بەدبەختی رووتان لێ نەکات))[١].

دوو ناوی "**الخالق و الباريء**"یش بەندە بە جۆرێك لە مەجازی دوور بەندە دەچێتە ناویانەوە، رووەکەشی ئەوەیە "دروستکردن و هێنانەبوون" دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی توانا و دەسەڵات بەپێی زانست، خودا زانست و توانای بۆ مرۆڤ دروستکردووە، رێگەش هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی دەسەڵاتی بەسەریدا دەڕوات بەپێی خەملاندن و زانستی.

شتە هەبووەکان دابەش دەبن بۆ ئەو شتانەی بەرهەمهێنانیان لە هیچ روویەکەوە بە توانای بەندەکانەوە گرێنەدراوە: وەك ئاسمان و هەسارەکان و زەوی و گیانداران و رووەکەکان و شتانی تر، لەگەڵ دابەشبوونیان بۆ ئەو شتانەی کە بەرهەمهێنانیان تەنها بە توانا و دەسەڵاتی مرۆڤەوە گرێدراون و بۆ کار و کردەوەی مرۆڤ دەگەڕێنەوە: وەك پیشەسازی و سیاسەتکاری و بەندایەتی و تێکۆشان.

گەر بەندە لە رێگەی وەرزشەوە کۆشان و رامهێنانی لەگەڵ نەفسی خۆی و خەڵکی کرد و گەیشتە ئاستێك دەیتوانی هەڵهێنجان بۆ کۆمەڵێك شت بکات کە پێشتر دەستی کەسی تری پێنەگەیشتووە لەگەڵ ئەوەش دەیتوانی ئەنجامی بدات و خەڵکی بۆ

---

[١] رواه الطبراني في الكبير و الأوسط.

هان بدات ئەوا وەك داهێنەرێكی لیٚ دێت بۆ شتێك پێشتر بوونی نەبووە، چونكە بە دانەری شەترەنج دەوترێت داهێنەری شەترەنج چونكە شتێكی داهێناوە كەسیتر پێش ئەو داینەهێناوە، بەڵام ئەوە هەیە داهێنانی شتێك خێری تێدا نەبێت لە سیفەتەكانی مەدح نییە، هەر بەو جۆرە لە وەرزشە دەروونییەكان و تێكۆشانەكان و سیاسەتكاری و پیشەسازییەكاندا -كە سەرچاوەی زۆرێك لە خێرن- كۆمەڵێك وێنە و رێكخستنیان تێدایە خەڵكی لە یەكترەوە فێردەبن، ئەمەش بیٚ هیچ گومانێك بەرزدەبێتەوە بۆ لای هەڵهێنجەر و داهێنەری یەكەم، لەو بارەدا ئەو دانەرە وەك داهێنەر وایە بۆ ئەو وێنانە و دروستكەر(خالق)ی ئەندازەگیرە بۆیان، تا وای لیٚ دێت ئەو ناوە(خالق) لەڕووی مەجازەوە بۆ ئەو(بۆ بەندە) بەكاردێت.

هەندیٚ لە ناوە جوانەكانی خودا گواستنەوەی بۆ بەندە مەجازە ئەوەش زۆرینەی ناوەكانە، هەشیانە لە پای بەندەدا راستەقینەیە و لە حەقی خودادا بەكارهێنانی مەجازە، وەك "الصبور" و "الشكور" نابێت سەرنجی هاوبەشی لە ناوەكەدا بدرێت و خۆمان بێئاگا بكەین لەو جیاوازییەی باسمان لێوە كرد.

١٥

(الْغَفَّارُ)[1]

ئەو کەسەیە جوانییەکانی دەرخستووە و ناشیرینییەکانی شاردووەتەوە، گوناھ لە کۆی ئەو ناشیرینیانەیە کە دایپۆشیوە بە پەردەپۆشکردنی لە دونیادا و چاوداخستن لە سزادانی لە دوارۆژدا.

مانی "الغُفر" لە زمانی عەرەبیدا واتە "الستر-داپۆشین" **یەکەمین داپۆشینی خودا بۆ بەندەکەی ئەوەیە:** دەرچەکانی جەستەی لە ناوەوە داپۆشیوە، چونکە لەبەر چاوان ناشیرینن، بە جوانی رووالەت پەردەی بەسەردا هێناون، زۆرێك لە خاوێنی و پیسی و ناشیرینی و جوانی لە نێوان ناوەوەی بەندە و دەرەوەیدا بوونیان هەیە، وردببەرەوە و ببینە بزانە ئەو کەسە کێیە ئەوەی دەرخستووە و ئەوەی تری شاردووەتەوە.

داپۆشینی دووەمی خودا: شوێنی خایلە و ختوورە ناپەسەند و بێزراوەکان و ویستراوە ناشیرینەکانی لە دڵدا داناوە تاکو هیچ کەس لێی بەئاگا نەبێت، گەر ئەوەی بە ناخیدا گوزەر دەکات لە مەجرای وەسوەسە و ئەوەی لە غەش و ناپاکی و گومانی خراپ بە خەڵکی لە ناوەوە حەشاریداوە گەر ئەمانە بۆ خەڵکی دەربکەون دەبێت بە مرۆڤێکی بێزراو لەلایەن خەڵکییەوە بەڵکو هەوڵدەدەن رۆحی لێ وەربگرن و رووبەرووی تیاچوونی بکەنەوە، سەرنج بدە چۆن خودا نهێنییەکان و نەنگییەکانی ئەوی داپۆشیوە.

داپۆشینی سێیەم: لێخۆشبوونی ئەو گوناهانەی کە شایستەبوون لە بەردەم هەموو خەڵکیدا دەربخرێن و رسوا و شەرمەزار بکرێن، خودا(**سبحانه وتعالی**) بەڵێنی داوە هەموو خراپەکان بە چاکە بۆ بەندەی تەوبەکار ئاڵوگۆڕ بکات بۆ ئەوەی دەرچەی گوناهەکانی بە پاداشتی چاکەکانی خۆی داپۆشێت گەر ئیمان لە کەسەکەدا جێگیر بێت.

---

[1] ووشەی (**الغفار**): (٤)جار لە قورئاندا هاتووە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لەم ناوە ئەوەیە خەڵکی داپۆشێت لەو شتانەی داپۆشینیان پێویستە، پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: ((هەرکەس نەنگی و ناتەواوی باوەڕدارێك داپۆشێت خودا لە ڕۆژی دواییدا نەنگی و ناتەواوی ئەو دادەپۆشێت))[1].

کەسی غەیبەتکەری گوێهەڵدەری تۆڵەسێنی خراپە بە خراپە بەرێکەر لەم وەسفەوە دوورە، بەڵکو کەسی رازاوە بەم سیفەتە ئەو کەسەیە تەنها شتە جوانەکان لە بەندەکانی خوداوە بڵاوە پێ دەکات.

هیچ دروستکراوێك بوونی نییە کەماڵ و ناتەواوی جوانی و ناشیرینی تێدا نەبێت، هەر کەس خۆی لە ناشیرینییەکان بێئاگا کرد و چاکەکانی باس کرد ئەوا خاوەنی بەشێکە لەم ناوە(الغفار) وەك لە عیساوە(علیه السلام) دەگێڕنەوە لەگەڵ حەوارییەکانیدا بە پاڵ سەگێکی تۆپیودا گوزەریان کرد بۆگەنی کرد بوو، وتیان: ئەم سەگەتۆپیوە چەندە بۆگەنە! عیسا(علیه السلام) فەرمووی: چەندە سپێتی ددانەکانی جوانە، ئەمەش وەك ئاگادار کردنەوەیان لەسەر ئەوەی پێویستە هەمیشە شتە جوانەکان لە بەرانبەردا باس بکرێن.

---

[1] للشيخين من حديث ابن عمر.

١٦

(الْقَهَّارُ)[١]

ئەو کەسەیە پشتی زاڵمان لە دوژمنانی دەشکێنێت و بە مراندن و زەلیل کردنیان بەسەریاندا زاڵ دەبێت، بەڵکو هەموو بوونێك لە ژێر زاڵێتی و توانا و دەسەڵاتی ئەودا رامهێنراوە و لە ناو دەستی ئەودا(سبحانه وتعالى) بێدەسەڵات و دەستەوسانە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

"القهار" لە بەندەکان ئەوانەن دوژمنەکانی خۆیان ژێربار دەخەن و زاڵ دەبن بەسەریاندا، گەورەترین دوژمنی مرۆڤ ئەو نەفسەیە لە ناخیدا خۆی حەشارداوە، ئەو نەفسە دوژمنایەتییەکەی لە شەیتان کە کاری فریودانە گەورەترە، هەتا حەزەکانی نەفسی ژێربار بخات و زاڵ بێت بەسەریاندا ئەوەندە بەسەر شەیتاندا زاڵ بووە، چونکە شەیتان بەهۆی حەزەکانییەوە بەرەو تیاچوون هەڵیدەنێت.

یەکێك لە داوەکانی شەیتان بریتییە لە ئافرەت، هەر کەس حەزی ئافرەت لەدەست بدات وێنا ناکرێت بەو داوە یەخسیر ببێت، هەر بەو جۆرە ئەو کەسەی ئەو حەزە دەبەزێنێت لەژێر دەسەڵاتی ئایین و ئاماژەی ژێریدا.

هەتا حەزەکانی دەروونی بهێنێتە ژێربار و زاڵ ببێت بەسەریاندا ئەوەندە بەسەر هەموو خەڵکیدا زاڵ بووە و کەس ناتوانێت بەسەر ئەودا زاڵ ببێت، چونکە ئەوپەڕی هەوڵی دوژمنەکانی ئەوەیە جەستەی تیاببەن ئەوەش دەبێتە زیندەگی رۆحی چونکە هەر کەس لە دونیادا حەزەکانی خۆی مراند لە کاتی مردنیدا دەبێتە خاوەنی زیندەگی: ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٦٩.

---

[١] ووشەی (القهار): (٦)جار لە قورئاندا هاتووە.

١٧

(الْوَهَّابُ)[١]

"الهبة" بریتییە لە پێدانێك خاڵی بێت لە بریتی و مەرام و بەرژەوەندی، گەر پێدانەکان بەم سیفەتە زۆربوون خاوەنەکەی بە "جواد" و "وهاب" ناودەبرێت.

پێبەخشین و پێدانی راستەقینە تەنها بۆ خودایە(سبحانە وتعالی) چونکە هەر ئەوە بە هەموو ئاتاجەکان دەبەخشێت بەبێ بریتی و مەرام و بەرژەوەندییەکی دونیایی یان دوارۆژی.

هەر کەس ببەخشێت و لە بەخشینەکەیدا مەرامێکی هەبێت لە ئێستا یان لە داهاتوودا بەدەستی بهێنێت لە مەدح و سەنا یان خۆشەویستی یان رزگاربوون لە زەمکردنی خەڵکی یان بەدەستهێنانی گەورەیی و ناوی چاك ئەوا ئەو کەسە پێی ناوترێت "جواد" یان "وهاب" چونکە مەرام تەنها شتێکی بەرجەستە نییە بەدەستی بهێنیت، بەڵکو هەر شتێك کە بەرجەستە نییە و کەسی بەخشەر مەبەستییەتی بە پێدانەکە بەدەستی بهێنێت ئەوە وەرگرتنی بریتییە(عوض)، هەر کەس دەبەخشێت بۆ بەدەستهێنانی گەورەیی یان بۆ ئەوەی مەدح و سەنا بکرێت یان بۆ ئەوەی ناوی بە خراپ نەهێنرێت ئەو کەسە کرێکارە نەك "وهاب" چونکە "جواد"ی راستەقینە ئەو کەسەیە خێر و سوودی بە لێشاو لێ هەڵدەقوڵێت نەك بۆ مەرام و بەرژەوەمدی و سوودی خۆی، بەڵکو ئەو کەسەی شتێك ئەنجام دەدات گەر ئەنجامی نەدات پێی ناشیرین ببێت ئەوا ئەو بەو کارەی خۆی قوتارکردووە لە ناشیرینبوون و ئەوەش بریتییە لە بەرژەوەندی و بریتی و سوود.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆرازاندنەوە):

بەخشین و پێدان لە بەندەوە وێنا ناکرێت، چونکە گەر هەستان بە کارەکە لەپێشتر نەبێت لە وازلێهێنانی ئەوا بەو کارە هەڵنەدەستا بۆیە کارەکەی بۆ مەرامێکە لە ناخی خۆیدا،

[١] ووشەی (الوهاب): (٣)جار لە قورئاندا هاتووە.

بەڵام ئەو کەسەی لە پێناوی خودادا هەموو شتێك دەبەخشێت تەنانەت رۆحی، ئەو کارەش نەك بۆ گەیشتن بە خۆشییەکانی بەهەشت و رزگاربوون لە سزای دۆزەخ یان بۆ بەدەستهێنی بەشێکی مرۆیی لە ئێستا یان لە داهاتوودا ئەوا ئەو کەسە شایستەیە ناوی "جواد" یان "وهاب"ی بۆ بەکاربهێنرێت، ئەوانەی بۆ خۆشییەکانی بەهەشت و ناوی چاك و پاك دەبەخشن پلە و پایەیان لە خوار ئەو کەسەوەیە، هەر کەس داوای بریتییەکی بەرجەستە نەکات-لەلای ئەوانەی بریتی تەنها بریتییە لە شتە بەرجەستەکان- بە "جواد" ناودەبرێت.

گەر بڵێیت: ئەو کەسەی لە پێناوی خودادا هەموو شتێك دەبەخشێت بەبێ پێشبینی بەشێکی خێرا لە ئێستا یان لە داهاتوودا چۆن نابێت پێی بوترێت "جواد" کە هیچ جۆرە بەشێکی لەبەرچاو نەگرتووە؟!

دەڵێین: بەشی ئەو بریتییە لە خودا و رازیبوون و لیقا و گەیشتن پێی، ئەوەش بریتییە لە بەختەوەری مەزن کە مرۆڤ بە کردارە هەڵبژاردەییەکانی خۆیەوە بەدەستیان دەهێنێت، ئەوەش بەشێکە هەرچی بەشی ترە لە بەردەمیدا کەمبایەخ و کەم نرخ دەبێت.

گەر بڵێیت: مانای ئەو قسەیان چییە کە دەڵێن: ((کەسی عاریف بە خودا ئەو کەسەیە بەندایەتی خودا دەکات بۆ خودا نەك بۆ بەشێك لە پشتی ئەوەوە)) گەر کاری بەندە خاڵی نەبێت لە بەش جیاوازی چییە لە نێوان ئەو کەسەی خودا بە پاك و بێگەردی دەپەرستێ بۆ خودا لەگەڵ ئەو کەسەی خودا دەپەرستێ بۆ بەدەستهێنانی بەشێك لە بەشەکان(وەك بەهەشت)؟

بزانە، بەش بریتییە لەوەی خەڵکی بەگشتی دەیزانن لە مەرامی بەناوبانگ لەلایان، هەر کەس لەوە خۆی پاك راگرت و مەبەستێکی بۆ نەمایەوە جگە لە خودا ئەوا دەوترێت: ئەو کەسە لە حەز و بەش خۆی خاڵیکردووەتەوە، واتە لەوەی خەڵکی بە حەز و بەشی دەزانن، ئەوەش ئەو قسەیانە کە دەڵێن: بەندەیەك خزمەتی سەردارەکەی دەکات نەك لەپێناو سەردارەکەیدا بەڵکو بۆ حەزو بەشێك لە سەردارەکەیەوە بەدەستی دەهێنێت لە نیعمەت و رێزلێنان، سەردارەکەش خزمەتی بەندەکەی دەکات نەك لەپێناوی بەندەکەدا بەڵکو بۆ ئەو حەز و بەشەی لە بەندەکەیەوە بە ئەو دەگات لە خزمەتکردن و

بەدەمەوەچوون، بەڵام باوك خزمەتی رۆڵەكەی دەكات نەك بۆ خزمەتێك لە ئەوەوە بەدەستی بهێنێت، بەڵكو گەر هیچ جۆرە بەشێكی لەو منداڵەوە دەستنەكەوێت ئەو هەر خزمەتی دەكات و بەدەمیەوە دەچێت، هەر كەس شتێكی بۆ غەیری خۆی ویست نەك بۆ خودی خۆی وەك ئەوە وایە داوای نەكردبێت و ئەوە مەرامی داواكەی ئەو نییە، بەڵكو مەرامی داوای كەسێكی ترە جگە لە ئەو، وەك ئەو كەسەی زێڕی دەوێت، ئەو زێڕی بۆ زێڕەكە ناوێت بەڵكو بۆ ئەوەی دەوێت پۆشاك و خواردنی پێ بەدەستبهێنێت، ئەو دوانەش(خواردن و پۆشاك) بۆ خودی خۆیان داواكراو نین بەڵكو بۆ ئەوەن خۆشیان لێوە وەربگیرێت و بە هۆیانەوە پاڵ بە ئازارەوە بنرێت، چێژ بۆ خودی خۆی داواكراوە نەك بۆ مەرامێكی تر لە پشتییەوە، هەر بەو جۆرە پاڵنانی ئازاریش، ئەو كات زێڕ هۆیەكە بۆ خۆراك و خۆراكیش هۆیەكە بۆ چێژ، كەوابوو چێژ ئامانجە نەك هۆیەك بێت بۆ شتێكی تر، هەر بەو جۆرە منداڵ نابێتە هۆیەك لە پای باوكەكەدا، بەڵكو سەلامەتی منداڵەكە لای باوكەكە بۆ خودی منداڵەكەیە، چونكە خودی منداڵەكە بەش و حەزی ئەوە.

بەهەمان شێوە ئەو كەسەی خودا بۆ بەهەشت دەپەرستێ، ئەو خودای كردووە بە هۆی داواكەی و نەیكردووە بە ئامانجی داوا و هەوڵەكەی، نیشانەی ئەو "بەهۆكردن"ە ئەوەیە گەر ئامانجەكە بە شتێكی تر جگە لە ئەو بەدەست بهێنێت هەوڵ و داوای بۆ لای هۆیەكە نامێنێت، وەك چۆن گەر خواردن و پۆشاكی بە شتێكی تر جگە لە زێڕ دەستبكەوێت ئەوا زێڕ لەلای خۆشەویست و داواكراو نییە، خۆشویستراوی راستەقینە ئەو ئامانجە داواكراوەیە نەك زێڕ، گەر ئەو كەسەی خودا بۆ بەهەشت دەپەرستێ بەبێ عیبادەت بەهەشت بەدەست بهێنێت ئەوا عیبادەتی خودای نەدەكرد، ئەو خۆشویستراو و داوایەكەی بریتییە لە بەهەشت نەك شتێكی تر.

بەڵام ئەو كەسەی هیچ مەحبوبێكی تری نییە جگە لە خودا(سبحانه وتعالى) و تەنها خودا داوای ئەوە، بەڵكو بەش و حەزی ئەو گەشانەوەیە بە لیقای خودا و نزیكی لە ئەو و تەبایی لەگەڵ دەستەی باڵا(الملأ الأعلى)ی نزیكان لە خودا ئەوا دەوترێت: ئەو خودا بۆ خودا دەپەرستێت نەك بەو مانایەی ئەو داوای بەشێك ناكات، و لە پشتی ئەوەوە داوای تری نییە.

هەر کەس باوەڕی بە چێژی گەشانەوە بە لیقای خودا و ناسینی و موشاهەدە و نزیکی لە ئەو(**سبحانه وتعالى**) نەبێت تامەزرۆی خودا نابێت و وێنا ناکرێت ئەوە ببێتە مەرام و مەبەستی، ئەو کات لە عیبادەتەکەیدا وەك کرێگرتەی خراپ دەردەچێت و تەنها بۆ ئەو کرێیەی چاوی تێبڕیوە کار دەکات.

زۆربەی خەڵکی ئەم تام و چێژەیان نەکردووە و نایناسن و تێناگەن چێژی تەماشاکردنی رووی پاکی خودا چ مانایەکی هەیە، باوەڕیان بەوە تەنها بە گوزارشتی زمانە، و ناوەوەیان پڕبووە لە حەزی چێژوەرگرتن لە حۆرلعەین و تەنها تەصدیقی ئەوە دەکەن.

لەمەوە تێبگە بەریبوون لە حەز و بەش کارێکی محاڵە گەر لیقای خودا و نزیکی لە ئەو بە بەش ناودەبەیت، خۆ گەر بەش بریتی بێت لەوەی خەڵکی بەگشتی دەیزانن و مەیلیان بە لایدا هەیە ئەوا ئەوە بریتی نییە لە بەش و حەز، گەر بریتی بێت لەوەی بەدەستهێنانی لەپێشتر بێت لە نەبوونی -لە پای بەندەدا- ئەوا بریتییە لە بەش.

١٨

(الرَّزَّاقُ)[١]

ئەو کەسەیە رۆزی و رۆزیپێدراوی دروست کردووە و پێیانی گەیاندووە و هۆکارەکانی خۆشی لێوەرگرتنی رۆزی بۆ دروستکردوون.

رۆزی دوو رۆزییە:

رۆزی دیار و ئاشکرا: بریتییە لە قوت و خۆراك ئەوەش بۆ ئاشکرا و دیاری مرۆڤ پێویستە کە بریتییە لە جەستەی.

رۆزی ناوەوە و نادیار: بریتییە لە مەعریفە و پەردەلەسەرلادراوەکان، ئەوەش بۆ دڵ و پەنهانی مرۆڤە.

ئەمەی دووەمیان باڵاترین و بەرێزترین رۆزییە، بەری ئەم رۆزییە ژیانی هەتاهەتاییە، بەڵام بەری رۆزی دیار و ئاشکرا بریتییە لە هێزی جەستە ئەوەش بۆ ماوەیەکی کورت، خودا(**سبحانە وتعالی**) تەنها خۆی ئەم دوو جۆرە رۆزییەی گرتووەتە دەست و بە لوتف و گەورەیی خۆی دەیگەیەنێت بە هەریەك لە دوو دەستەکە، بەڵام ئەو(**سبحانە وتعالی**): ﴿يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ﴾ الرعد: ٢٦

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆرازاندنەوە):

ئەوپەڕی بەشی بەندە لەم وەسفە دوو شتە:

یەکەمیان: راستەقینەی ئەم وەسفە بزانێت و تێبگات تەنها خودا(**سبحانە وتعالی**) شایستەیەتی، بۆیە رۆزی تەنها لە ئەوەوە تەماشا دەکات و لە رۆزیدا تەنها تەوەکولی بە ئەو دەبێت، وەك لە **"حاتم الأصم"**ەوە دەگێڕنەوە پیاوێك پێی وت: لە کوێ خۆراك

---

[١] ووشەی (الرزاق): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

دەخۆی؟ وتی: لە خەزێنەی خودا، پیاوەکە پێی وت: ئایا لە ئاسمانەوە نانت بۆ دەخەنە خوارەوە؟ وتی: گەر زەوی نەبوایە لە ئاسمانەوە دەیباراند، پیاوەکە وتی: ئێوە قسە تەئویل دەکەن، وتی: لەبەر ئەوەی تەنها کەلام لە ئاسمانەوە دابەزیوە، پیاوەکە وتی: من هێزی موجادەلەی تۆم لەلا نییە، ئەویش وتی: ئەوە لەبەر ئەوەیە پووچ(باتڵ) لەگەڵ حەقدا راستنابێتەوە.

دووەم: ئەوەیە زانستێکی هیدایەتدەر بکات بە رۆزی ئەو، هەر بەو جۆرە زمانێکی مامۆستای رێنموونیکەری فێرکەر و دەستێکی بەخشەری صەدەقەکەر، ئەو بە گوفتار و کرداری ببێتە هۆی گەیاندنی رۆزی بالاّ بۆ دلاّن، گەر خودا بەندەیەکی خۆشویست پێویستییەکانی خەڵکی لەلای ئەو زۆر دەبن، هەتا ئەو هۆیەك بێت لە نێوان خودا و بەندەکانیدا بۆ گەیاندنی رۆزی پێیان بەشێك لە ئەم سیفەتەی بەدەستهێناوە، پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: ((خەزنەداری موسڵمانی ئەمین کە لە دڵاوایییەوە ئەوەی فەرمانی پێکراوە بەتەواوی دەیدات بەو کەسەی فەرمانی پێکراوە پێیبدرێت یەکێکە لە "المتصدقين"))[١].

دەستی بەندەکان خەزێنەی خودان(سبحانه وتعالى)، هەر کەس دەستی خۆی کرد بە خەزێنەی رۆزی جەستەکان و زمانی خۆی کرد بە خەزێنەی رۆزی دڵان ئەوا بە پاداشتی ئەم سیفەتە رێزی لێگیراوە.

[١] أخرجه البخاري ومسلم وأبو داود والنسائي.

١٩

(الْفَتَّاحُ)[1]

ئەو کەسەیە بە چاودێری کردنی ئەو هەموو داخراوێك دەکرێتەوە، و بە هیدایەتی ئەو هەموو ئالۆزییەك دەڕەوێتەوە.

جارێك بە فەتح کردنی وڵاتان بۆ پێغەمبەرانی(علیهم السلام) و دەرهێنانیان لە دەستی دوژمنەکانی بۆ دەستی دۆستەکانی، خودا(سبحانه وتعالی) دەفەرموێت: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ۝١ لِّيَغْفِرَ لَكَ ٱللَّهُ﴾ الفتح: ١- ٢، جارێکیش بە هەڵگرتنی پەردە لەسەر دڵی دۆستانی خۆی و کردنەوەی دەرگاکانی مەلەکوتی ئاسمان و جوانی و مەزنی و گەورەیی خۆی، خودا(سبحانه وتعالی) دەفەرموێت: ﴿مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا﴾فاطر: ٢

هەر کەس کلیلەکانی پەنهان و کلیلەکانی ڕۆزی لەدەستدا بێت ئەوە شایستەیە بە ناوی "الفتاح".

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

پێویستە بەندە تینوو بێت تا وای لێ بێت بەزمانی ئالۆزییە داخراوە خواییەکان بکاتەوە، بەمەعریفەکەی ئەوەی لەسەر خەڵکی سەخت و دژوارە لە کاروبارەکانی دونیا و دوارۆژ ئاسان بکات، بۆ ئەوەی بەشێکی هەبێت لە ناوی "الفتاح".

[1] ووشەی (الفتاح): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٢٠

(الْعَلِيمُ)[١]

ماناکەی ئاشکرایە و کەماڵی ئەو مانایە ئەوەیە: بە زانستەکەی ئابلۆقەی هەموو شتێك بدات، ئاشکراکەی و پەنهانەکەی، و ورد و درشتی، و بەرایی و کۆتایی، و کردنەوە و سەرئەنجامی، ئەمە لەڕووی رۆشنی و پەردەلەسەرلادانەوە تەواوترینە بە جۆرێك وێنای بینین و پەردەلەسەرلادانی رۆشنتر لەمە ناکرێت.. پاشان سوودمەند نەبێت لە زانراوەکان، بەڵکو زانراوەکان لە ئەوەوە سوودمەند بووبن.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بۆ بەندە لە وەسفی "علیم" بەشێك بوونی هەیە و شاراوە نییە، بەڵام لە سێ تایبەتمەندیدا زانستەکەی لە زانستی خودا(سبحانه وتعالی) جیادەبێتەوە:

یەکەم: لە زانراوەکاندا و لە زۆری زانراوەکاندا، زانیاری بەندە هەرچەند بەرین بێت هێشتا سنووردارە و کەمە، ئیتر چۆن بەراورد دەکرێت بە زانستی کەسێك کۆتایی نایەت؟!

دووەم: پەردەلەسەرلادانی-با رۆشنیش بێت- ناگاتە ئەو ئامانجەی لە پشتییەوەیە، بەڵکو بینینەکەی بۆ شتەکان وەك ئەوەی لە پشتی پەردەیەکی تەنکەوە بێت، بۆیە جیاوازی پلەکانی پەردەلەسەرلادان رەد مەکەرەوە، چونکە بەصیرەتی ناوەوە وەك "بصر"ی ئاشکرا وایە، جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان بینینێك لە کاتی خۆرئاوابوون لەگەڵ بینینێك لەبەر رۆشنایی خۆری نیوەڕۆدا.

سێیەم: زانستی خودا(سبحانه وتعالی) لە شتەکانەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو شتەکان لە زانستی ئەوەوە بەهرەمەندبوون، زانستی بەندە بە شتەکان شوێنی شتەکان دەکەوێت و

[١] ووشەی (**العلیم**): (١٤٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

له شتەکانەوە بەرهەم دێن، گەر ئەم جیاوازیەت لەسەر سەخت و دژوار بوو ئەوا زانستی ئەو کەسەی شەترەنج فێربووە(فێرخواز) بەراورد بکە بە زانستی ئەو کەسەی شەترنجی داناوە، بزانە دانەرەکە هۆی بوونی شەترەنجە، و بوونی شەترەنج هۆی زانستی کەسە فێرخوازەکەیە، زانستی دانەرەکە پێش شەترەنجەکە کەوتووە، بەڵام زانستی فێرخوازەکە دواکەتووە و زانستی دانەری شەترەنجی لیٚ پێشکەوتووە، هەر بەو جۆرە زانستی خودا بە شتەکان پێشیانکەوتووە و هۆیەکە بۆ بوونیان، بەڵام زانستی کەسە فێرخوازەکە پێچەوانەی ئەمەیە.

گەورەیی مرۆڤ بە هۆی زانستەوەیە لەو رووەوە کە لە سیفەتەکانی خودایە(**سبحانه وتعالى**)، بەڵام زانستی باڵا ئەو زانستەیە زانراوەکەی باڵا بێت، باڵاترین زانراو بریتییە لە خودا(**سبحانه وتعالى**) بۆیە مەعریفەی خودا باڵاترین مەعریفەیە، بەڵکو مەعریفەی هەموو شتەکانی تر مەعریفەی کردارەکانی خودایە(**سبحانه وتعالى**) یان مەعریفەی ئەو رێگەیە بەندە لە خودا نزیکدەکاتەوە، یان کارێکە گەیشتن بە مەعریفەی خودا و نزیکبوونەوە لێی ئاسان دەکات، هەر مەعریفەیەك لەمە بەدەر بێت وەك مەعریفەی خودا باڵا نییە.

۲۱ ۲۲

(الْقَابِضُ)[1] (الْبَاسِطُ)[2]

"**القابض**" ئەو كەسەیە رۆح لە جەستە وەردەگرێتەوە لە كاتی مردندا، "**الباسط**"یش ئەو كەسەیە رۆح رەوانە دەكات(والا دەكات) بۆ جەستە لە كاتی ژیاندا، صەدەقە لە دەوڵەمەندان وەردەگرێت و بۆ هەژاران و لاوازان والای دەكات، رۆزی بەسەر دەوڵەمەنداندا والا دەكات تا نەبوونی و پێویستیان نامێنێت و لە هەژارانی دەگرێتەوە تا توانایان لەبەردەبڕێت، دڵان گرژ دەكات و دەیانهێنێتەوەیەك بەوەی بۆیان دەردەخات لە كەمی گوێپێدان و بالابوون و شكۆمەندبوونی خۆی، پاشان دڵان والا دەكات بەوەی لێیان نزیكدەبێتەوە بە چاكە و لوتف و جوانی خۆی.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

"**قابض و باسط**" لە بەندەكان ئەو كەسەیە ناوازەی حیكمەتی بۆ ئیلهام كراوە و زمان شیرینی و زمان رەوانی پێبەخشراوە، جارێك دڵی بەندەكان والا دەكات بەوەی بیریاندەخاتەوە لە نیعمەت و بەهرە جۆراوجۆرەكانی خودا، جارێكیش گرژیان دەكات بەوەی دەیانترسێنێت لە جەلال و مەزنی و شكۆمەندی خودا و جۆراوجۆری سزا و بەلا و تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنانی.

وەك چۆن پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دڵی هاوەڵانی گرژ دەكرد لە هەڵپەكردن بۆ عیبادەت و بۆی باس دەكردن: ((خودا لە رۆژی دواییدا دەفەرموێت بە ئادەم: دەستەی ئاگر هەڵبژێرە، ئەویش دەفەرموێت: چەندە؟ خودا دەفەرموێت: لە هەر هەزار كەسێك نۆسەد و نەوەد و نۆ)) ئەم فەرموودەیە دڵی هاوەڵانی رووبەڕووی شكان كردەوە تا لە

---

[1] ووشەی (**القابض**): (٤)جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

[2] ووشەی (**الباسط**): (١١)جار بەصیفات لە قورئاندا هاتووە.

عیبادەت ساردبوونەوە، کاتێك پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رۆژی لێبوویەوە لەو باری گرژبوون و ساردبوونەوەدا ئەوانی بینی دڵی ئاسوودە کردن و والآی کردن و فەرمووی: ((کاربکەن و مژدەتان لێ بێت، سوێند بەو کەسەی نەفسی محەمەدی بەدەستە ئێوە لە رۆژی دواییدا لەناو خەڵکیدا وەك نیشانەیەك وان لە لا تەنیشتی جەستەی حوشترێك یان وەك پەڵەیەك بە لاقی ولآخێکەوە))[١].

[١] متفق علیه.

٢٤ ٢٣

(الْخَافِضُ)[١] (الرَّافِعُ)[٢]

"الخافض" ئـەو کەسـەیە بـە بەدبـەختکردن بێبـاوەڕان نـزم دەکاتـەوە، **"الرافـع"**یش ئـەو کەسەیە بە خۆشبەخت کردن باوەڕداران بەرز دەکاتـەوە، دۆسـتانی خـۆی بـە نزیککردنـەوە بەرزدەکاتەوە و دوژمنانی خۆی بە دوورخستنەوە دادەبەزێنێت، هەر کەس بینینـەکانی بـۆ بەرهەستەکان و ئەندێشەکراوەکان بالاّ بکات و ویستی لە حەزی پەست و نزم بەدووربگرێت ئـەوا خـودا ئـەوی بـۆ ئاسـۆی فریشـتە نزیکـەکانی خـۆی بەرزکردووەتـەوە، ئـەو کەسـەی بینینەکانی لە شـتە بەرهەسـتەکاندا کورتبووەتـەوە و هـەوڵ و سـووربوونی تـەنها بـۆ ئـەو شـتانەیە ئـاژەڵانیش تیایـدا بەشـدارن لـە حـەزە جۆراوجۆرەکـان ئـەوا بـۆ پەسـترین خـاڵ دایدەبەزێنێت، ئەوەش تەنها خودا بەئەنجامی دەگەیەنێت و هەر ئەوە **"الخافض الرافع"**.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لەوەدا ئەوەیە حەق بالاّ بکات و باتڵ داببـەزێنێت، ئـەوەش بـەوەی حـەق سەربخات و باتڵ دەمکـوت بکـات، دوژمنایـەتی دوژمنـانی خـودا بکـات بـۆ ئـەوەی دایانبەزێنێت و دۆستایەتی دۆستانی خودا بکات بـۆ ئـەوەی بـەرزیان بکاتـەوە، بۆیـە خودا(**سبحانه وتعالی**) بە هەندێ لە دۆستانی خۆی دەفەرموێت: ((زوهدەکەت لـە دونیـا ئاسوودەیی و ئیسراحەتت لێوە بەدەسـتهێنا، یادکردنـت بـۆ منـیش پێـی شـەرەفمەند بووی، ئایا لەپێناوی مندا دۆستایەتی دۆستێکی منت کردووە؟ یان لـە پێنـاوی منـدا دوژمنایەتی دوژمنێکی منت کردووە))[٣].

---

[١] ووشەی (**الخافض**): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (**الرافع**): (٩)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٣] **رواه أبو نعيم في الحلية والخطيب في التأريخ، أنظر "ضعيف الجامع الصغير".**

٢٥ ٢٦

(الْمُعِزُّ)[١] (الْمُذِلُّ)[٢]

ئەو کەسەیە موڵك دەبەخشێت بە هەرکەسێك بیەوێت، هەر بەو جۆرە وەریدەگرێتەوە لە هەر کەسێك بیەوێت.

موڵکی راستەقینە لە رزگاربووندایە لە زەلیلی پێویستی و ژێربارکردنی حەزەکان و نەمانی مۆری نەزانی، ئەو کەسەی پەردە لەسەر دڵی هەڵدەگیرێت تا جوانی مەزنی و شکۆمەندی خودا دەبینێت و قەناعەت دەکات بە بەشی خۆ تا وای لێ دێت لە دروستکراوەکانی خودا بێنیاز دەبێت، بە هێز و پشتیوانی کۆمەکی دەکات تا زاڵ دەبێت بەسەر سیفەتەکانی نەفسی خۆیدا، ئەم کەسە خودا عیززەتی پێداوە و موڵکی پێبەخشیوە لە دونیادا، لە کۆتا تەمەنیشدا بە نزیکردنەوە و بانگلێکردنی بە: ﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ٢٧ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ﴾ الفجر: ٢٧– ٢٨ عیززەتی پێ دەبەخشێت.

هەر کەس چاوی ببڕێتە خەڵکی و پێیان ئاتاج بێت و هەڵپە زاڵ ببێت بەسەریدا تا بە بەشی خۆی رازی نەبێت و بە مەکر و پیلانی رووبەڕووی هەڵنان ببێتەوە تا وای لێ بێت بە خۆی گومڕا ببێت و لە تاریکی نەزانیدا بمێنێتەوە ئەوا ئەو کەسە خودا زەلیلی کردووە، ئەوەش کاری خودایە وەك چۆن دەیەوێت و بەو جۆرەی دەیەوێت، ئەو "المعز المذل"ە، هەر کەسی بیەوێت عیززەتداری دەکات و هەر کەسی بوێت زەلیلی دەکات، ئەم زەلیلەیە خودا رووی قسەی لێ دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَلَٰكِنَّكُمۡ فَتَنتُمۡ أَنفُسَكُمۡ وَتَرَبَّصۡتُمۡ وَٱرۡتَبۡتُمۡ وَغَرَّتۡكُمُ ٱلۡأَمَانِيُّ حَتَّىٰ جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ١٤ فَٱلۡيَوۡمَ لَا يُؤۡخَذُ مِنكُمۡ فِدۡيَةٞ﴾ الحديد: ١٤ – ١٥، هەر بەندەیەك دەست و زمانی بەکارهێنا لە ئاسانکاری هۆکارەکانی عیززەتدا ئەوا لەم وەسفە بەشی بەرکەوتووە.

---

[١] ووشەی (المعز): (١)جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (المذل): (١)جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

٢٧

(السَّمِيعُ)[١]

ئەو کەسەیە هیچ بیستراوێك هەرچەند شاراوە بێت لە پەیبردنی ئەو بزر نابێت، تەپەی پێی مێروولەیەکی رەش لەسەر گابەردێك لە شەوێکی تاریکدا دەبیستێت، حەمدی حەمدکەران دەبیستێ و پاداشتیان دەداتەوە و دوعای داواکەران وەڵامدەداتەوە، خودا بەبێ ئامێری گوێ و نەرمەگوێ دەبیستێت وەك چۆن بەبێ زمان خودا قسان دەفەرموێت، بیستنی خودا پاك و بێگەردە لەوەی رابردوو و داهاتوو بیگرێتەوە.

هەتا بەندە کەسی "السمیع" لە رووداني بیستراوەکان پاك و بێگەرد رابگریت و بیستنی خودا بە گوێ و ئامێر و ئامڕاز بەدووربگریت و تێبگات بیستن لە حەقی خودادا بریتییە لە سیفەتێك کە پەردەی پێ لادەدرێت لەسەر کەماڵی سیفەتی بیستراوەکان، هەر کەس وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی لەم سیفەتەدا نەبێت ئەوا سەرئەنجامەکەی لە چواندن(تشبیە)ەوە دەردەچێت، بۆیە لێی بەئاگابە و لێی وردببەرەوە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

لەڕووی هەستەوە بەندە بەشێکی لە بیستن پێدراوە، بەڵام کەموکورتە، ئەو هەموو بیستراوەکان نابیستێت، بەڵکو دەنگە نزیکەکان دەبیستێت، پاشان پەیبردنی پێویستی بە ئامڕازە و ئامڕازەکەش رووبەڕووی نەخۆشی و تیاچوون دەبێتەوە، گەر دەنگەکە نزم بوو ناتوانێت پەیی پێ ببات، هەر بەو جۆرە گەر دوور بوو پەی بە دەنگەکە نابات، گەر دەنگەکەش دەنگێکی گەورە بوو لەوانەیە بیستنی نەهێڵێت و بپوکێتەوە.

---

[١] ووشەی (السمیع): (٤٣)جار لە قورئاندا هاتووە.

بەشی ئاییینی ئەو لە بیستن دوو شتە :

یەکەم: بزانێت خودا "سمیع-بیسەر"ە و زمانی بپارێزێت.

دووەم: ئەوە بزانێت بیستنی بۆ ئەوە دروستکراوە کەلامی خودا(**سبحانە وتعالی**) ببیستێت، بۆیە سوودی هیدایەتی بۆ سەر ڕێگەی خودا لێ دەبینێت و بیستنی تەنها لەو مەیدانەدا بەکاردەهێنێت.

٢٨

(الْبَصِيرُ)[1]

ئەو کەسەیە دەبینێت و دەڕوانێت تا گەردیلەیەکی ژێر خاکی لێ بزر نابێت، بینینی خوداش پاك و بێگەردە لەوەی چاو و برژانگی پێویست بێت، هەر بەو جۆرە پاك و بێگەردە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ نەقشبوونی وێنە و رەنگ لە خودی خودادا(سبحانه وتعالى) وەك چۆن وێنە و رەنگ لە بینینی مرۆڤەوە نەقش دەگرێت، چونکە ئەوە بریتییە لە کاریگەربوون و گۆڕان کە لە دوو دەمەکەدا(رابردوو و داهاتوو) روودەدەن.

گەر خودا لەوە پاك و بێگەرد راگیرا ئەوا بینین لە حەقی خودادا بریتییە لە سیفەتێك کە پەردەی پێ لادەدرێت لەسەر کەماڵی سیفەتی بینراوەکان، ئەمەش بریتییە لە رۆشنترین و روناکترین شتێك تێبگەیت لە پەیبردنی بینینی کەموکورت لەسەر دیاردە بینراوەکان.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لەڕووی هەستەوە ئەو بینینە ئاشکرایە کە هەیەتی، بەڵام بینینێکی کەم و کورتە، چونکە شوێنە دوورەکان ناگرێتەوە، و ناچێتە ناخ و ناوەوەی ئەو شتەی کە نزیکە، بەڵکو تەنها رووالەت دەگرێتەوەو بۆ ناوەوەی شتەکان کەم مەودایە و ناتوانێت پەی بە نهێنییەکانی ناوەوە ببات.

بەشی ئایینی بینین لە خوداوە دوو شتە:

یەکەم: بزانێت خودا بینینی بۆ دروستکردووە بۆ ئەوەی تەماشای ئایەتەکان و سەرسوڕهێنی مەڵەکوتی ئاسمانەکان و زەوی پێ بکات، بۆیە بینینەکەی دەبێت پەندوەرگرتن بێت، بە عیسا(علیه السلام) وترا: ئایا کەسێکی تر هەیە لە دروستکراوەکان

[1] ووشەی (البصیر): (٤٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

وەك تۆ وابێت؟ فەرمووی: ئەو کەسەی بینینەکەی پەندوەرگرتن و بێدەنگییەکەی بیرکردنەوە و قسەکردنەکەی یادی خودا بێت ئەو کەسە وەك منە.

دووەم: بزانێت ئەو لەبەردەم بینین و بیستنی خودادایە(**سبحانه وتعالى**)، بۆیە بینین و سەیرکردنی خودا بۆ ئەو بە کەم تەماشا نەکات، هەر کەس شتێك لە خەڵکی بشارێتەوە و لە خودای نەشارێتەوە ئەو کەسە بە کەم تەماشای بینینی خودای کردووە، چاودێری یەکێکە لە بەرەکانی باوەڕ بەم سیفەتەی خودا، هەر کەس گوناهێك ئەنجام بدات و بیشزانێت خودا ئەو دەبینێت، چەندە ئەو کەسە بوێرە و چەندە زیانۆمەندە! گەر وا گومان ببات خودا ئەو نابینێت چەندە کەسێکی بێباوەڕە!.

٢٩

(الْحَكَمُ)[١]

بریتییە لە حاکمێکی فەرمانڕەوا و قازییەکی فەرماندەرکەر و جێبەجێکەر کە گەڕانەوە نییە لە حوکمەکانیدا و کەس ناتوانێت بڕیارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە و پیاهەڵچوونەوەی بۆ بکات.

لە حوکمەکانی لە حەقی بەندەکاندا: ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ النجم: ٣٩
هەروەها: ﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ ٱلْفُجَّارَ لَفِى جَحِيمٍ ﴿١٤﴾ ﴾ الانفطار: ١٣- ١٤

مانای "بَر" و "فاجر" بە بەختەوەری و بەدبەختبوون ئەوەیە "بر" و "فجور" والێبکات خاوەنەکەیان بەرەو بەختەوەری و بەدبەختبوون ببەن، وەك چۆن دەوا و دەرمان و ژەهری کردووە بە هۆیەك کە ئەوانەی دەیانخۆنەوە بەرەو شیفا و مەرگیان و دەبەن.

گەر مانای حیکمەت بریتی بێت لە ڕێکخستنی هۆکارەکان و ئاراستەکردنیان بۆ سەرئەنجامەکان ئەوا خودا دەبێتە حەکەمی ڕەها چونکە سەبەبکاری هەموو هۆیەکە بەگشتی و بە دوورودرێژی.

لە "الحكم"ەوە قەزا و قەدەر سەرچاوە دەگرن:

تەگبیری خودا بنەڕەتی دانانی هۆگەلێکە بۆ ئەوەی حوکمەکەی رووبکاتە سەرئەنجامەکان و دامەزرانی هۆگەلێکی هەمووەکی بنەڕەتی جێگیری دامەزراو کە نە تیادەچن و نە ئاڵوگۆڕ دەکرێن: وەك زەوی و حەوت ئاسمانەکە و هەسارەکان و خولگە و جووڵە هەماهەنگە هەمیشەییەکان کە گۆڕانیان بەسەردا نایەت و نەبوون روویان لێ ناکات تا فەرمانەکان دەگەنە جێگەی خۆیان ئەمەش بریتییە لە قەزای خودا، وەك دەفەرموێت:

[١] ووشەی (الحكم): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَا﴾ فصلت: ١٢

ئاراستەکردنی ئەم هۆیانە: بزواندنی هەماهەنگی سنووورداری ئەندازەگیری ژمێرراو بۆ سەرئەنجامە هەڵقولاوەکان لێیانەوە سات لەدوای سات بریتییە لە قەدەری خودا، کەوابوو حوکم بریتییە لە تەگبیری یەکەمی هەمووەکی، و فەرمانی یەکەم کە وەك تروکەی چاو وایە، قەزاش بریتییە لە دۆخی هەمووەکی بۆ هۆکارە هەمووەکییە هەمیشەییەکان، قەدەریش بریتییە لە ئاراستەکردنی هۆیە هەمووەکییەکان بە جووڵەی ئەندازەگیرکراو و هەژمارکراو بۆ سەرئەنجامە سنووردارە ژمێرراوەکانیان بە ئەندازەیەکی زانراو کە نە زیاد دەکات و نە کەم دەکات.

بۆیە هیچ شتێك لە قەزا و قەدەری ئەو دەرناچێت، ئەمەش تەنها بە نموونەیەك مرۆڤ لێی حاڵی دەبێت: لەوانەیە سندووقی کاتژمێرت بینی بێت کە کاتەکانی نوێژی پێ دەزانرێت، گەر نەشتبینی بێت کۆی ئەو سندووقە ئەوەیە:

ئـامێرێکی تێدایـە لـە شـێوەی لولـەکێك کـە بڕێکـی دیـاریکراو ئـاوی تێدایـە، ئـامێرێکی تـری بـۆش لەسـەر ئاوەکـە دانـراوە، هـەروەها پـەتێك کـە سـەرێکی بەستراوەتەوە بە ئامێرە بۆشەکەوە و سەرەکەی تری لـە خـوارەوە بەسـتراوەتەوە بـە دەفرێکی بچووك کە لەسەر لولەکەکە بۆشەکە دانراوە و تۆپی تێدایە و تەشـتێکی تر لە ژێریدایە بـە جۆرێـك گـەر تۆپەکـە بەربێتـەوە دەکەوێتـە نـاو دەفرەکـەوە و لەرینەوەکە (زرنگانەوەکە)ی دەبیستریٚ، پاشان لەژێر ئامێرە لولەکییەکـەوە چـەند کونێك بە ئەندازەی تایبەت و زانراو دروست دەکرێن کـە ئـاو لێیانـەوە کـەم کـەم دادەبەزێت، کاتێك ئاوەکە دادەبەزێت ئامێرە بۆشەکە کە لەسـەر ئاوەکـە دانـراوە بەرزدەبێتەوە و بەوەش پەتە بەستراوەکە پێیەوە درێژدەبێتەوە و ئەو لایەی تـر کـە تۆپی تێدایە بـە جولانێـك دەجولێنێـت کـە لـە قلپوونـەوە نزیکـی دەکاتـەوە، تـا قلپدەبێتەوە و تۆپ خلدەبێتەوە و دەکەوێتە سـەر تەشـتەکە و دەنـگ و لەرینـەوە پەیـدا دەبێـت، لەگـەڵ گـوزەرکردنی هـەر کاتژمێرێکـدا یـەکێك لـە تۆپـەکان بەردەبێتـەوە، مـاوەی نێـوان بەربوونـەوەی دوو تـۆپ بـە ئەنـدازەگیری دەرچـوونی ئاوەکە و دابەزینییەتی، ئەوەش بە ئەندازەی بەرینی ئەو کونانەیە ئاوەکەیان لێـوە دەردەچێت، ئـەوەش لـە ڕێگـەی زانسـتی بیرکارییـەوە دەبێـت بۆیـە بـۆ دابـەزینی ئاوەکە بە بڕێکی دیاریکراو هۆیـەك هەیـە کـە بریتییـە لـە بـەرینی کونـەکان بـە ئەندازەگیرییەکی تایبەت، لەوێشەوە دابەزینی بەرزی ئاوەکە بەو بـڕ و ئەندازەیـە، هـەر بـەوەش دابـەزینی ئـامێرە بۆشـەکە و راکێشـانی پەتەکـە بـەو هۆیـەوە و سەرهەڵدانی جووڵە لەو لایـەی تۆپـەکانی تێدایـە ئەنـدازەگیری دەکرێـت، هـەموو ئەمانە هۆیەکەیان ئەندازەگیرکراوە و نە زیاد دەکات و نە کەم دەکـات، دەگـونجیٚ بەربوونەوەی تۆپەکە بـۆ سـەر تەشـتەکە ببێتـە هۆیـەك بـۆ جووڵەیـەکی تـر، ئـەو جووڵەش ببێتە هۆ بۆ جووڵەی سێیەم، بەم جۆرە تا چەندین پلە تـا وای لـیٚ دێـت جووڵەی سەرسوڕهێنی لێوە پەیدا دەبێت کە بە بڕ و ئەندازەی تایبەت ئەنـدازەگیر کراوە، هۆی یەکەمی هەموو ئەمانەش بـریتی بـوو لـە دابـەزینی ئـاو بـە بڕێکـی دیاریکراو.

گەر ئەم وێنەیەت هێنایە پێش چاو ئەوا بزانە دانەری ئەم کاتژمێرە پێویستی بە سێ شتە:

یەکەم: تەگبیر(التدبیر): بریتییە لە بڕیار(الحکم) دەبێ ئەو ئامێر و هۆکار و جوولانە چۆن بن تا ئەوەی پێویستە لێیانەوە بەرهەم بێت و سەرهەڵبدات، ئەوەش بریتییە لە حوکمەکە.

دووەم: یەکگرتنی ئەم ئامێرانە کە بریتین لە بنەڕەتەکان(ئامێرێکی لولەکی بۆ تێکردنی ئاو، و ئامێرێکی ناو بۆش بۆ دانانی لەژێر ئاوەکە و دەزوویەك(داوێك) کە بەستراوەتەوە بەو بەرەی تۆپەکەی تێدایە و تەشتێك کە تۆپەکەی دەکەوێت بەسەردا ئەوەش بریتییە لە قەزا.

سێیەم: راستکردنەوەی هۆیەك کە جوولەیەکی دیاریکراوی ئەندازەگیرکراوی حسابکراو پێویست دەکات، ئەوەش بریتییە لە کونی خوارەوەی ئامێرەکە کە بەرینییەکەیان دیاریکراو و ئەندازەگیرکراوە بۆ ئەوەی بە دابەزینی ئاوەکە جوولەیەك لێیەوە لە ئاوەکەدا دروست ببێت و ببێتە هۆی جوولەی رووی ئاوەکە، پاشان ئەوەش ببێتە هۆی جوولەی ئامێرە بۆشەکە کە لەسەر رووی ئاوەکە دانراوە، پاشان سەربکێشێت بۆ جوولەی داوەکە کە سەرێکی لەو بەرەوەیە تۆپەکەی تێدایە، پاشان بۆ جوولەی تۆپەکە، پاشان بۆ ئاگادارکردنەوەی ئامادەبووان و پێبیستنیان، پاشان بۆ جموجوولی ئەوان لە سەرقاڵبوون بە نوێژەکان و کارەکانیانەوە کاتێك دەزانن کاتژمێرێك تەواو بووە، هەموو ئەمانەش بە قەدەرێکی زانراو و دیاریکراو و بڕێکی ئەندازەگیرکراو بە هۆی ئەندازەگیری هەموو ئەمانە و بەستنەوەیان بە جوولەی یەکەمەوە کە بریتی بوو لە جوولەی ئاوەکە.

گەر ئەمە حاڵی بووی کۆی ئەم ئامێرانە بنەڕەتن و هەردەبێت جوولەیان لێوە سەرهەڵبدات، دەبێت جوولەکە ئەندازەگیرکراو بێت بۆ ئەوەی ئەوەی لێیەوە لەدایك دەبێت بە بڕ و ئەندازەی تایبەت بێت، هەر بەم جۆرە لە رووداوە ئەندازەگیرکراوەکان تێبگە کە شتێك لێیان نە پێشدەکەون و نە دوادەکەون گەر کاتی هاتە بەرەوە(واتە هۆیەکەی بۆ رەخسا)، هەموو ئەمانەش بە بڕێکی دیاریکراوە و خودا کارەکانی خۆی دەگەیەنێتە ئەنجام، چونکە بۆ هەموو شتێك بڕ و ئەندازەیەکی داناوە.

ئاسمانەکان و کەشکەشانەکان و زەوی و دەریا و ئەم تەنە گەورانەی جیهان وەك ئەو ئامێری کاتژمێرەکە وان.

هۆی بزوێنەری کەشکەشان و هەسارە و خۆر و مانگ بە حسابێکی تایبەتە هەروەك ئەو کونەی بە بڕ و ئەندازەیەکی تایبەت ئاوەکەی لێوە دادەبزێت.

سەرکێشانی جووڵەی خۆر و مانگ و هەسارەکان بۆ بەرهەم هاتنی رووداوەکان لەسەر زەوی وەك سەرکێشانی جووڵەی ئاوەکە وایە کە ئەو گشتە جووڵە بەرهەم دەهێنێت بۆ بەربوونەوەی تۆپەکە کە پێمان دەڵێت کاتژمێرێك گوزەری کردووە، نموونەی جووڵەی ئاسمان بۆ گۆڕانەکانی زەوی: کاتێك جووڵەی خۆر دەگاتە خۆرهەڵات[1] هەموو جیهان رووناك دەبێتەوە و بینینی رۆشن بۆ مرۆڤ فەراهەم دەبێت، ئەوکات بۆ کار و سەرقاڵی خۆیان بڵاوەی لێ دەکەن، کاتێك خۆر دەگاتە خۆرئاوا ئەو کارەیان بۆ ئەستەم دەبێت و دەگەڕێنەوە ناو لانە و خانەوادەی خۆیان، کاتێك خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان نزیکدەبێتەوە و بەسەر سەری هەموو وڵاتانەوە بەرزدەبێتەوە هەوا گەرم دادێت و گەرما تیندەسێنێت و میوەکان پێدەگەن، کاتێك خۆر دووردەکەوێتەوە زستان دێتە بەرەوە و سەرما تاودەسێنێت.

کاتێك لە دووریدا مامناوەند دەبێت میانەگیری دێتە ئاراوە و بەهار دێتە بەرەوە و زەوی دەبوژێتەوە و سەوزی سەرهەڵدەدات، بەمانە پێوانەی شتەکانی تر بکە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك شتی سەرسوڕهێن و سەیروسەمەرەت بۆ دەربکەوێت کە نایانزانیت، جیاوازی هەموو ئەم وەرزانە ئەندازەگیر کراو و دیاریکراوە، چونکە پەیوەستن بە جووڵەی خۆر و مانگەوە و ﴿ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ ﴿٥﴾ ﴾ الرحمن: ٥ واتە جووڵەکانیان بە بڕ و ئەندازەی دیاریکراو و تایبەتن.

ئەمە بریتییە لە "تەقدیر" و دانانی هۆی هەمووەکیش بریتییە لە قەزا، تەگبیری یەکەم-کە وەك تروکەی چاوە- بریتییە لە حوکم، خودا(سبحانە وتعالی) بۆ کۆی ئەم کاروبارانە حەکمێکی دادپەروەرە.

---

[1] {(لەبەر رۆشنایی زانستدا دەرکەوتووە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە)}.

وەك چۆن جوولەی ئامێرەکە و داوەکە و تۆپەکە لە ویستی دانەری ئامێرەکە بەدەر نییە، بەڵکو ئەوەیە ویستوویەتی بە دانانی ئامێرەکە بێتە دی، هەر بەو جۆرە هەموو ئەوەی لە جیهاندا روودەدەن لە رووداوەکان-بە خێر و شەڕ و قازانج و زیانییانەوە- لە ویستی خودا(**سبحانه وتعالی**) بەدەر نیین، بەڵکو ئەوە ویستراوی خودا(**سبحانه وتعالی**) بووە، و لەو پێناوەدا بووە هۆکارەکانی تەگبیر کردووە ئەوەش مانای ئەو بەشەی ئایەتەکەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾هود: ١١٩

تێگەیاندنی کارە خوداییەکان بە نموونەی عورفی کارێکی دژوارە، بەڵام مەبەست بە نموونە چوواندنە، بۆیە نموونە وازلێبهێنە و لە مەرامەکە حاڵی ببە و خۆت لە چوواندن و نموونواندن(**التشبيه والتمثيل**) بپارێزە.

ئاگاهێنانەوەیەك: لەو نموونە باسکراوەوە(نموونەی کاتژمێرەکە) ئەوە حاڵی بوویت چەندە بەندە خاوەنی حیکمەت و تەگبیر و بڕیار و ئەندازەگیرییە، ئەوەش هێشتا کەمێکی زۆر کەمە، ئەوەی مەزن و گەورەیە ئەوەیە لە بیرکاری و تێکۆشانەکان و بەڕێوەبردن و سیاسەت بۆ رێکخستنی بەرژەوەندییەکانی دین و دونیا بەرهەم دێت، بەوەش خودا بەندەکانی لەسەر زەوی کردووەتە جێنشین و بەوان زەوی ئاوەدان کردووەتەوە بۆ ئەوەی تەماشابکات ئەوان چی ئەنجام دەدەن.

بەشی ئایینی لە موشاهەدەی ئەم وەسفەی خودا(حکم) ئەوەیە بزانیت: کارەکە بڕاوەتەوە و پەیوەندی بە ئێستاوە نییە، قەڵەم هەڵگیراو مەرەکە وشکبوویەوە بەوەی نووسرا و بڕیاری لێدرا، هۆیەکان ئاراستەی سەرئەنجامەکان کراون، سەرکێشانی هۆیەکان بۆ سەرئەنجامەکان لە کات و وەختی خۆیدا کارێکی پێویست و سەپاوە، هەموو ئەوەی دێتە ناو بوونەوە بە پێویستبوون دێتە ناوەوە، واتە بەو قەزا ئەزەلییەی کە گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەو پێویست بووە بێتە ناو بوونەوە، با لە خودی خۆیدا پێویستیش نەبێت، بەڵام بە قەزای ئەزەلی کە گەڕانەوەی بۆ نییە واجب بووە، ئەو کات دەزانین ئەوەی تەقدیرکراوە هەر دەبێت و خەم و هەوڵ تەنها فەزڵێکە، بەندە لە رۆزییەکەیدا بە جوانترین داوا داوای خۆی دەکات، بە نەفسێکی دڵنیا و بیرێکی ئارامەوە بەبێ لەرزینی دڵ و ناخی.

گەر بڵێیت: ئەمە دوو ناڕوونی لێوە سەرهەڵدەدات:

یەکەم: چۆن خەم و هەوڵ دەبێتە فەزڵ و چاکە لە کاتێکدا ئەویش ئەندازەگیرکراوە و بڕاوەتەوە، چونکە هۆی بۆ دیاریکراوە گەر هۆیەکەی بۆ بڕابێتەوە بەرهەمهاتنی خەم و هەوڵ پێویستە و فەزڵ و گەورەیی تێدا نییە؟

دووەم: گەر کارەکە بڕاوەتەوە ئیتر کارکردن لەپای چی، چونکە ئەو لە هۆی بەختەوەری و بەدبەخت بوون بڕاوەتەوە؟

وەڵامی یەکەم ئەو قسەیەمان: ئەندازەگیرکراو هەر دەبێت ببێت و خەم و هەوڵ فەزڵێکە، ماناکەی ئەوە نییە خەم و هەوڵ لە دەرەوەی ئەندازەگیرکراوەیە، بەڵکو ئەوە خەمێکە سوودێکی تێدا نییە، چونکە بڕاوە و ئەندازەگیرکراو لانابات، چونکە هۆی خەمەکە بەوەی پێشبینی روودانی دەکات بریتییە لە نەزانینێکی رووت، چونکە ئەو شتە گەر بڕابێتەوە ئەوا خۆلادان و خەم وەلای نانێن، ئەوە تەنها بریتییە لە پەلەکردن بۆ جۆرێك لە ئازار وەك ترسان لە رووداني ئازار، گەر شتەکەش نەبڕابێتەوە و ئەندازەگیر نەکرابێت ئەوا مانایەك بۆ خەم و پەژارە نامێنێتەوە، لەم دوو رووەوە خەم و پەژارە زیادەیە.

کارکردنیش(وەڵامی دووەم): وەڵامەکەی بریتییە لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ((کاربکەن هەموو کەسێك ئاسانکراوە بۆ ئەوەی لە پێناویدا دروستکراوە)) ماناکەی: ئەو کەسەی بەختەوەری بۆ بڕاوەتەوە بە هۆیەك بۆی بڕاوەتەوە بۆیە هۆیەکانی بۆ بگرە بەر کە بریتین لە گوێڕایەڵی خودا، ئەو کەسەش بەدبەختی بۆ بڕاوەتەوە بە هۆیەك بۆی بڕاوەتەوە کە بریتییە لە وازهێنان لە دەستبردن بۆ هۆی بەختەوەری.

لەوانەیە هۆی مایەپووچییەکەی ئەوە بێت ئەوە لە ناخیدا جێگیر ببێت گەر ئەو بەختەوەر بێت پێویستی بە کارکردن نییە، خۆ گەر بەدبەخت بێت کار سوودێك بە ئەو ناگەیەنێت، ئەمە بریتییە لە نەزانی چونکە ئەو نازانێت گەر بەختەوەری بۆ نووسرابێت بەختەوەر دەبێت چونکە هۆکارەکانی بەختەوەری بەسەردا گوزەر دەکات لە زانست و کردار، گەر ئەوەشی بۆ ئاسان نەبوو و ئەوەی بەسەردا جاری نەبوو ئەوە نیشانەی بەدبەختییەکەیەتی، نموونەکەی: وەك ئەو کەسەی ئاوات دەخوازێت فەقیهێکی پێگەیو بێت و بگاتە پلەی

ئیمامەت، پێی دەوترێت: تێبکۆشە و فێرببە و بەردەوام بە، ئەویش دەڵێت: گەر خودا لە ئەزەلەوە بڕیاری ئیمامەتی بۆ دابێ ئەوا پێویست بە تێکۆشان و فێربوون ناکات، خۆ گەر خودا بڕیاری نەزانی بۆ من دابێت ئەوا تێکۆشان و فێربوون سوودێکی نابێت، بەو کەسە دەوترێت: گەر ئەم جۆرە بیرکردنەوە زاڵ ببێت بەسەرتدا ئەوە نیشانەی ئەوەیە خودا نەزانی بۆ تۆ بڕیوەتەوە، چونکە ئەو کەسەی خودا ئیمامەتی لە ئەزەلەوە بۆ بڕیوەتەوە بە گرتنەبەری هۆکارەکانی بوون بە ئیمام بۆی بڕیوەتەوە، بۆیە هۆکارەکان بەسەریدا گوزەر دەکەن و ئەو لە گرتنەبەری ئەو هۆکارانەدا بەکاردەهێنێت و ئەو بیرکردنەوەی کە بانگی دەکات بۆ تەمبەڵی و دەستبەتاڵی لێ بەدوور دەگرێت، بەڵکو ئەو کەسەی تێناکۆشێت هەرگیز ناگاتە پلەی ئیمامەت، ئەو کەسەش تێدەکۆشێت و گرتنەبەری هۆکارەکانی بۆ ئاسان دەبێت و رجای لە گەیشتن بەو پلە باڵایە بەڕاستدەگەڕێت گەر لەسەر تێکۆشانەکەی تا کۆتا تەمەن راست راوەستا و کۆسپ و لەمپەر نەهاتە سەر رێگەکەی تاکو لایبدەن لەسەر رێگە ئەوا ئەو کەسە بێ هیچ گومانێك دەگاتە پلەی باڵا.

هەر بەو جۆرە دەبێت تێبگەین تەنها ئەوانەی بە دڵێکی سەلامەتەوە دێنەوە بۆ لای خودا بەختەوەری بەدەست دەهێنن، سەلامەتی دڵیش سیفەتێکە بە تێکۆشان بەدەست دێت وەك فیقهی نەفس و سیفەتی ئیمامەت، بەبێ جیاوازی.

راستە بەندەکان لە بینینی حوکمدا لەسەر چەندین پلە و ئاستن:

هەیانە تەماشای کۆتایی دەکات و بیردەکاتەوە سەرئەنجامی بە چی کۆتایی دێت، **هەیانە** لە بڕیاری پێشین و دێرینی خودا دەڕوانێت و بیردەکاتەوە لە ئەزەلەوە چ بڕیارێك لە چارەنووسی ئەو دراوە، ئەمەیان باڵاترە چونکە سەرئەنجام شوێنی بڕیاری پێشینە دەکەوێت.

هەشیانە رابردوو و داهاتوو وازلێدەهێنێت، ئەو رۆڵەی کاتی خۆیەتی، رازییە بەرووداوەکانی قەدەری خودا و ئەوەی لێی دەردەکەوێت، ئەمەیان لە دوانەکەی پێشتر باڵاترە.

جۆرێکی تریان ئەوەیە رابردوو و داهاتوو و ئێستای وازلێهێناوە و دڵی لە حوکمی خودادا نوغرۆ(نوقم) بووە، پابەندە بە بینینییەوە، ئەم پلە هیچ پلەیەکی ناگاتێ و باڵاترینە.

٣٠

(الْعَدْلُ)[١]

ماناکەی بریتییە لە "العادل-دادپەروەر" ئەو کەسەیە کاری عەدل-دژ بە جەور و ستەم-ی لێوە سەرهەڵدەدات.

کەسێك "عادل" نەناسێت عەدلی خودا ناناسێت، کەسێکیش کرداری خودا نەناسێت عەدلی خودا ناناسێت.

هەر کەس دەیەوێ لەم وەسفە تێبگات پێویستە زانستەکەی ئابلۆقەی کردارەکانی خودا(**سبحانه وتعالى**) بدات لە باڵاترین مەلەکوتی ئاسمانەکانەوە تا کۆتایی بوون، تا وای لێ بێت لە دروستکراوەکانی رەحماندا جیاوازی و ناتەبایی نەبینێتەوە، پاشان چاو بخشێنێتەوە و شتێك لە ناکۆکی و ناتەبایی نەکەوێتە پێش چاو، جارێکی تر چاو هەڵبدات و ورد ببێتەوە و چاوەکانی بە شەرمەزاری و شۆڕی بگەڕێنەوە، ئەو جوانی شکۆمەندی پەروەردگاری سەرسامی کردووە و رێکی و جوانی و رێکخستنی دروستکراوەکان مەستی کردووە، ئا لەو بارەدا بە تێگەیشتنەکەی شتێك لە مانای عەدلی خودا(**سبحانه وتعالى**) حاڵی دەبێت.

خودا دروستکراوە جەستەیی و رۆحانییەکانی دروستکردووە، هەر بەو جۆرە دروستکراوە کامڵەکان و دروستکراوە ناتەواوەکان، خەلقی بە هەموو شتێك بەخشیوە، ئەو(**سبحانه وتعالى**) بەو کارەی کەسێکی جەوادە و هەر دروستکراوێکی لە شوێنی شیاوی خۆی داناوە، بەوەش خودا(**سبحانه وتعالى**) دادپەروەرە.

لە جەستە مەزنەکان لە دونیادا: وەك زەوی و ئاو و هەوا و ئاسمانەکان و هەسارە و ئەستێرەکان، هەموو ئەمانەی خولقاندووە و رێکیخستوون، زەوی راخستووە و ئاوی

---

[١] ووشەی (**العدل**): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

لەسەر داناوە و هەواش لەسەرو ئاو و وشكانییەوە، ئاسمانـەكانیش بـە دەوری زەویـدا، گەر ئەم رێكخستنە پێچەوانە ببێتەوە سیستمەكە تێكدەچێت.

لەوانەیە باس و لێكدانەوەی رووی راستەقینەی ئەم رێكخستنە لە عەدل و نیزامدا لـە تێگەیشتنی زۆربەی خەڵكی بـەدوور بێـت، بـا خۆمـان بـۆ ئاسـتی خـەڵكی رەشـۆكی دابـبەزێنین و بڵێین: با مرۆڤ تەماشای جەستەی خۆی بكات، ئەو جەستەیە لـە چـەندین ئاندام پێكهـاتووە وەك چـۆن جەسـتەی جیهـان لـە چـەندین تـەن و بـەش پێكهـاتووە، یەكەمین جیاوازی ئەوەیە جەستە لە ئێسك و گۆشت و پێست پێكهاتووە، ئێسك بـووە بـە پەیكـەرێكی راگـر، گۆشـت بەسـەر ئێسـكدا هاتووەتـەوە و بـووە بـە داپۆشـەر و پارێزەری، دواتر پێست بەسەر گۆشتدا هاتووە و بووە بە داپۆشەر و پارێزەر بۆی، گـەر ئەم رێكخستنە پێچەوانە ببێتەوە ئەوا ئەوەی پێویستە بشارێتەوە و خودا شاریویەتەوە دەردەكەوێت و ئەوەی دەركەتووە و خودا دەیەوێت دەربكەوێت دەشاررێتەوە.

گەر ئەمەت لێشاراوە بوو ئەوا دەڵێین: خودا ئەندامی جۆراوجۆری بە جەسـتەی مـرۆڤ بەخشیوە: دەست و پێ و چاو و لـوت و گـوێ، ئـەو كاتێـك ئـەم ئەندامانـە بـۆ مـرۆڤ دەخولقێنێت جەوادە و كاتێك ئەندامەكان رێكدەخات و لە شـوێنی خـۆی دایانـدەنێت عەدلە، دانانی چاو لەو جێگەدا باشترین شوێنێكە بۆی دانراوە، چونكە گەر لە پشـتی سەر بۆی دروستكرابا یان لەسەر قاچ یان لەسەر دەست یان لە ترۆپكی سەر ئاشـكرایە چ ناتەواوی و ئافەتێك رووی لە مرۆڤ دەكرد، هەر بەو جۆرە لكاندنی دوو دەستی مرۆڤ بە شانەوە، گەر بە سەرەوە پەیوەستبوونایە یان بە قوڕگەوە یان بە ئەژنۆوە ئاشكرایە چ ناتەواوییەك دەهاتە ئاراوە، هەر بەو جۆرە دانانی هەستەكان(بینین و بیستن و بۆنكردن و تامكردن) لە سـەردا، ئەوانـە كۆمـەڵێك جاسووسـن بـۆ ئـەوەی ببن بـە سـەرۆكار و سەرپەرشتیار بەسەر هەموو جەستەوە، گەر ئەو هەسـتانە بـە لاقـەوە پەیوەسـتبوونایە ئەوا بێ هیچ گومانێك نیزامەكە تێكدەچوو، لێكدانەوە و شرۆڤەكردنی هەموو ئەمانە درێژەدەكێشێت.

بە پوختی دەبێ ئەوە بزانیت كاتێك خودا ئەندامێك لە جەستەی مرۆڤ دروستدەكات و لە شوێنێكدا دایدەنێت ئەو شوێنە باشترین و شیاوترین شوێنێكە بۆی، گەر ببرێتە لای

راست یان لای چەپ یان ببرێتە خوارەوە یاخود سەرەوە ئەوا ئەو کارە ناتەواو دەردەچێت یان پووچ و ناشیرین دەبێت و لە تەبایی و گونجاوی دەردەچێت و دیمەنەکەی بێزراو و ناشیرین دەنوێنێت، وەك چۆن لوت لە ناوەڕاستی روخساردا دانراوە گەر لەسەر نێوچاوان یان لەسەر کولمەکان دروستبکرابایە ئەوا ناتەواوی رووی لە سوودەکانی دەکرد.

گەر تێگەیشتنت بۆ پەیبرد بە حیکمەتی خودا(**سبحانه وتعالى**) بەهێز بوو ئەوا بزانە خۆریش هەروا و بەبێ حیکمەت لە ئاسمانی چوارەمدا دروست نەبووە[1] بەڵکو هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بۆی کارێکی حەق و دروست و رەوایە، شوێنەکەی شیاوترین و گونجاوترینە بۆی و ئەوەی لە خۆر مەبەستە لێیەوەی بەرهەم دێت، بەڵام لەوانەیە تۆ لە پەیبردن بە حیکمەتەکەی دەستەوسان بیت، چونکە کەم بیردەکەیەوە لە مەلەکوتی ئاسمانەکان و زەوی و شتە سەیر و سەرسوڕهێنەکانی، گەر لێی وردبییەوە ئەوا ئەوەندە شتی سەرسوڕهێنی تێدا دەبینی کە شتە سەرسوڕهێنەکانی جەستەی خۆت بەکەم دەزانی، چۆن بەو جۆرە نابێت لە کاتێکدا خودا(**سبحانه وتعالى**) دەفەرموێت: ﴿ **لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ** ﴾ غافر: **٥٧**؟! خۆزگە نهێنییەکانی جەستەی خۆتت پەی پێ دەبرد و خۆت یەکلادەکردەوە بۆ تێڕامان لێی و ئەوەی لە ئامێزی دەگرێت لە تەنی جۆراوجۆر، لەوێشەوە ببیت بە یەکێك لەو کەسانەی خودا(سبحانه وتعالى) لە حەقیان دەفەرموێت:﴿ **سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ** ﴾ فصلت: **٥٣**، هەروەها ئەوانەی خودا(سبحانه وتعالى) دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ **وَكَذَٰلِكَ نُرِىٓ إِبْرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾** ﴾ الأنعام: **٧٥**، لە کوێ دەرگاکانی ئاسمان بۆ کەسێك دەکرێتەوە لە خەم و پەژارەی دونیادا نوقم بووە و هەڵپە و ئارەزوو کردوویانە بە بەندەی خۆیان؟!

ئەمە بریتییە لە هێما بۆ تێگەیشتنی بنەماکانی رێگە بەرەو ناسینی ناوی "الواحد" و شرۆڤە و لێکدانەوەکەی پێویستی بە چەندین کتێبە، هەر بەو جۆرە لێکدانەوە و

[1] {(لە راستیدا گەلە ئەستێرەی رێگەی کاکێشان(Milky Way) حەوت پێچە، وەك تەلەسکۆبەکان نیشانی دەدەن خۆری ئێمە لەم کەشکەشانەدا دەکەوێتە پێچی چوارەمەوە، غەزالی چۆن ئەمەی زانیوە؟ نازانم!)}.

شرۆڤەی هەر ناوێك لە ناوە جوانەكانی خودا(سبحانه وتعالی)، ناوەكان لە كردارەكان داتاشراون و ناتوانین لێیان تێبگەین تا لە كردارەكان حاڵی نەبین، هەرچی لە بووندایە لە كرداری خودان و ناتوانیت بە زانست ئابلۆقە بە دوورودرێژی و وردەكارییەكانیان هەبێت، چونكە كۆتاییان بۆ نییە، بەڵام بە پوختی رێگەیەك بۆ ناسینیان لەبەردەم بەندەدا والآیە، بە ئەندازەی بەرینی ناسینەكە بەشی لە مەعریفەی ناوەكان بۆ هەیە، ئەوەش هەموو زانستەكان لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئامانجی ئەم كتێبەی ئێمە ئاماژەیەكە بە كلیلی ئەو ناوانە و پوختەیەك لەسەر ئەو ناوانە.

بەشی بەندە لە ناوی "العدل" شاراوە نییە، یەكەمین عەدلێك لەسەریەتی لە سیفەتی نەفسی خۆیدایە، ئەوەش ئەوەیە حەز و تووڕەبوون بكاتە یەخسیر و دیلی ئاماژەكانی ئەقڵ و ئایین، ئەو هەتا ئەقڵ بكاتە خزمەتكاری حەز و تووڕەبوون ستەمی لە خۆی كردووە.

ئەمە بریتییە لە پوختەی عەدل لە نەفسی خۆیدا، درێژەپێدانەكەی بریتییە لە رەچاوكردنی هەموو سنوورەكانی شەرع.

عەدلی مرۆڤ لە هەر ئەندامێكی جەستەیدا ئەوەیە بەو جۆرە بەكاریبهێنێت كە شەرع مۆڵەتی داوە تیایدا.

عەدل لەناو خانەوادە و نەوەكانیدا و پاشان لەناو شوێنكەتوانی ئەودا گەر ئەهلی دەسەڵات بوو دیسان شاراوە نییە، لەوانەیە وا گومان ببات ستەم بریتییە لە ئازاردانی بەرانبەر، و عەدلیش بریتییە لە گەیاندنی سوود و قازانج بە خەڵكی، ئەمە بەو جۆرە نییە، بەڵكو گەر مەلیكێك دەرگای هەموو گەنجینەكانی-كە پڕن لە ماڵ و سامان و چەك و كتێب- بخاتە سەرپشت بەڵام ماڵ و سامانەكەی بەسەر دەوڵەمەندانـدا دابەش بكات و چەكەكان و قەڵاكانی بدات بە ئەهلی زانست و كتێبەكان و مزگەوتەكان و قوتابخانەكانیش بدات بە سەربازەكانی ئەوا ئەو بەو كارەی سوودی گەیاندووە، بەڵام ستەمی كردووە و لە دادپەروەری لایداوە، چونكە شتەكانی لە جێگەی نەشیاو و نەگونجاو داناوە، لە كاتێكدا گەر بە دەرخواردانی دەرمان و گرتنی كەڵەشاخ ئازاری نەخۆش بدات و سزا و تۆڵە بەسەر تاوانباراندا داببارێنێت بە لێدان و كوشتنیان كارەكەی عەدالەتە و دادپەروەری ئەنجامداوە، چونكە ئیشەكەی لە جێگەی خۆیەتی.

بەشی بەندە لەڕووی ئایینەوە لە بینینی ئەم وەسفە بریتییە لە باوەڕ بەوەی خودا دادپەروەرە، و لە تەگبیر و بڕیار و هەموو کارەکانی تردا بەرهەڵستی خودا نەکات، ئەو کارانە لەگەڵ مەبەست و مەرامی ئەو پێکبێنەوە و تەبا بن یان نە، چونکە هەموو ئەو کارانە بریتین لە عەدل و بەو جۆرەن کە دەبێت بن، گەر خودا ئەو کارەی ئەنجامی دەدات ئەنجامی نەدایە ئەوا کارێکی تر سەریهەڵدەدا زیانەکەی زۆر گەورەتر بێت لەوەی پێشوو، وەك چۆن نەخۆش گەر کەڵەشاخ نەگرێت رووبەڕووی زیانێك دەبێتەوە زۆر زیاترە لە ئازاری کەڵەشاخ.

بەمەش خودا(سبحانە وتعالى) خاوەنی عەدالەتە و دادپەروەرە، باوەڕبوون بەمەش بەرهەڵستی ئاشکرا و پەنهان کۆتایی پێ دەهێنێت، تەواوی ئەمە ئەوەیە جنێو بە سەردەم و رۆژگار نەدەی و شتەکان نەدەیە پاڵ فەلەك و رۆژگار و وەك چۆن بووە بە نەرێت بەرهەڵستی نەکەیت، بەڵو بزانێت هەموو ئەوانە کۆمەڵە هۆکارێکی رامهێنراون و رێکخراون و ئاراستەکراون بۆ کۆمەڵێك سەرئەنجام بە جوانترین و باشترین رێکخستن و ئاراستەکردن و ئەوپەڕی رووی عەدل و لوتفی خودایی.

٣١

(اللَّطِيفُ)[١]

هەر کەس وردەکاری و شاراوەکانی بەرژەوەندی بزانێت-ئەوەی ورد و پەنهانە و ئەوەی ناسك و شاراوەیە- شایستەیە بەم ناوە، پاشان لە گەیاندنی ئەو بەرژەوەندییانە بۆ کەسی شایستە ڕێگەی نەرمونیانی بەبێ توندوتیژی بگرێتە بەر.

گەر نەرمونیانی لە کردار و لوتفدا لەناو زانستدا کۆبوویەوە مانای لوتف تێر و تەواو دەبێت، کەماڵی ئەوە لە زانستدا تەنها بۆ خودا(**سبحانه وتعالى**) وێنا دەکرێت.

ئابلۆقەدانی بە شتە وردەکان و شاراوەکان ناتوانرێت درێژەیان پێبدرێت، بەڵکو شاراوە لە زانستی ئەودا(**سبحانه وتعالى**) هەروەك ئاشکرا روون و دیارە بەبێ هیچ جیاوازییەك.

نەرمونیانی و لوتفی ئەو(**سبحانه وتعالى**) لە کردارەکاندا دیسان نایەنە ژێر هەژماردن، چونکە تەنها ئەوانەی درێژەی کردارەکانی خودا دەزانن و وردەکارییەکانی نەرمونیانی لەو کردارانەدا پەی پێ دەبەن لوتفی خودا لە کردارەکانیدا دەناسنەوە، بە ئەندازەی بەرینبوونی مەعریفە تیایدا مەعریفە بە مانای ناوی **"اللطيف"** فراوان دەبێت.

لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەمەش درێژەپێدانی گەرەکە، پاشان بە دەیان کتێب ناتوانرێت مافی ئەم مانانە بدرێت، بەڵکو تەنها دەتوانین ئاماژە بە چەند رستەیەك بکەین.

لە لوتفی خودا: دروستکردنی کۆرپەلەیە لە سکی دایکدا و لەناو سێ تاریکیدا، و پارێزگاری لەو کۆرپەلەیە و پێدانی خۆراك لە ڕێگەی ناوکەوە تا لە دایك جیادەبێتەوە و لە ڕێگەی دەمەوە خواردن دەخوات، پاشان لە کاتی جیابوونەوە لە دایك ئیلهامی ئەو کۆرپەلەیە دەکات مەمکی دایکی بگرێت با لە تاریکی شەویشدا بێت بەبێ فێرکردن یان بینین، بەڵکو بێچوو لە هێلکە دەهێنێتە دەرەوە و یەکسەر فێری

---

[١] ووشەی (**اللطيف**): (٦)جار لە قورئاندا هاتووە.

دانهەڵگرتنەوەی دەکات، پاشان دواخستنی دروستکردنی ددان لە سەرەتاوە چونکە لێی بێنیازە بە هۆی شیری دایکەوە، پاشان روانی ددانەکان بۆ کاتی پێویست و هاڕینی خۆراك، پاشان دابەشکردنی خۆراك بۆ خرێکان (بۆ هاڕین) و کەڵبەکان(بۆ شکان) و دانەکانی پێشەوە بۆ بڕین، پاشان بەکارهێنانی زمان(کە مەبەستی سەرەکی لێی قسەکردنە) بۆ گێڕانەوەی خۆراك بۆ هاڕین هەروەك راماڵەر.

گەر لوتفی خودا لە ئاسانکردنی لوقمەیەك کە مرۆڤ دەیخوات بەبێ هیچ تێچوونێك باس بکەین-کە زۆرێك لە دروستکراوەکانی خودا هاوکاربوون بۆ بەرهەمهێنانی ئەو لوقمەیە: لەوانەی زەوی چاك دەکەن و دەیکێڵن و ئاوی دەدەن و دەیدوورنەوە و شەن و کەوی دەکەن و دەیهاڕن و دەیشێلن و دەیکەن بە نان و شتانی تر- ئەوا ناتوانین بە تێر و تەواوی باسی لەبارەوە بکەین.

بە پوختی:

ئەو(**سبحانه وتعالى**) لەو رووەوە تەگبیری کارەکان دەکات بریتییە لە "حكم".. لەو رووەوە هێناونییەتە ناو بوونەوە بریتییە لە "جواد"ە..

لەو رووەوە هەموو شتێکی لە شوێنی خۆی داناوە خاوەنی عەدل و دادپەروەرییە...

لەو رووەوە وردەکارییەکانی رووی نەرمونیانی وازلێنەهێناوە بریتییە لە "**لطيف**"...

گەر کەسێك راستەقینەی ئەو کردارانە نەزانێت لە راستەقینەی ئەو ناوانە تێناگات.

لە لوتفی خودا بە بەندەکانی ئەوەیە زیاد لە پێویست پێیداون و لە خوار توانای خۆیانەوە داوای لێکردوون.

هەروەها لە لوتفی خودا ئەوەیە رێگەی گەیشتن بە بەختەوەری هەمیشەیی بۆ ئاسان کردوون، ئەوەش بە هەوڵێکی کەم و لە ماوەیەکی کەم و کورتدا کە بریتییە لە تەمەنی مرۆڤ، ئەو بڕە تەمەنە پێوانە ناکرێت بەو ژیانە هەتاهەتاییەی بەختەوەری.

هەروەها لە لوتفی خودا دەرهێنانی شیرە لەنێوان خوێن و خواردنی هەرسکراودا، و دەرهێنانی شتی بەنرخ لە بەردی رەق، هەروەها دەرهێنانی هەنگوین لە مێشهەنگ و ئاورشم لە کرمی ئاورشم و دەرهێنانی مرواری لە سەدەفی گوێچکەماسی.

سەرسوڕهێنتر لە هەموو ئەمانە دروستکردنی مرۆڤە لە نوتفەیەکی قێزەون و کردنی مرۆڤ بە خەزێنەی مەعریفەتی خۆی و هەڵگری ئەمانەتەکەی و بینەری مەلەکوتی ئاسمانەکانی، ئەمەش نەرمونیانی و دڵنەرمییەکی ترە و ناتوانین هەژماری بکەین.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە) :

بەشی بەندە لەم ناوە دڵنەرمی و نەرمونیانییە لەگەڵ بەندەکانی خودا(**سبحانە وتعالی**) و لوتف لەگەڵیان لە بانگکردنیان بۆ لای خودا و هیدایەت بۆ بەختەوەری دوارۆژ بەبێ کەم تەماشاکردن و توندوتیژی، و بەبێ نەیاری و دەمارگیری، جوانترین و بالآترین رووی لوتفی خودا بریتییە لە راکێشانی خەڵکی بۆ قبووڵ کردنی حەق بە سیرە و ئەخلاقی جوان و کرداری چاکە، ئەمە زۆر کاریگەرتر و دڵنەرمانەترە لە قسەی بریقەدار.

٣٢

(الْخَبِيرُ)[١]

ئەو کەسەیە هەواڵە پەنهانەکانی لێ شارەوە نییە، کە لە موڵك یان لە مەلەکوتیدا شتێك جاری دەبێت و گەردیلەیەك دەبزوێت یان دەوەستێت، نەفسێك دێتە هەژان یان ئارامی دایدەگرێتەوە، هەموو ئەمانە خودا(سبحانه وتعالى) هەواڵی لێیان هەیە، ئەوەش بە مانای "العلیم" دێت، بەڵام گەر زانست بدرێتە پاڵ شاراوە پەنهانەکان پێی دەوترێت "خبرة-شارەزایی" و بە خاوەنەکەی دەوترێت "الخبیر-شارەزا".

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لەم ناوە ئەوەیە شارەزا بێت لەوەی لە جیهانی ئەودا روودەدات، جیهانی ئەو بریتییە لە دڵ و جەستە و شاراوەکان کە دڵ دەیانکاتە سیفەتی خۆی لە: غەش و ناپاکی و عەودالبوون بەدوای شتە کەموکورتەکانی دونیا و حەشاردانی شەڕ و دەرخستنی خێر و خۆجوانکردن بە دەرخستنی ئیخلاص لە کاتێکدا ئەو تیایدا ئیفلاسی کردووە، ئەم حاڵەش تەنها خەڵکانێکی خاوەن شارەزایی قووڵ دەیناسنەوە، نەفسی خۆی هەڵسەنگاندووە و ناسیویەتی و فێڵ و چاوبەستکردن و پیلانەکانی ناسیوە، بۆیە خۆی لێ دەپارێزێ و ئامادەکاری دەکات بۆ دوژمنایەتی کردنی و چوونە شکار بۆ رامکردنی، ئەو جۆرە بەندانە شایستەن بەوەی ناوی "خبیر-شارەزا"یان لێ بنرێت.

[١] ووشەی (الخبیر): (٣٣)جار لە قورئاندا هاتووە.

٣٣

(الْحَلِيمُ)[١]

ئەو کەسەیە تاوان و یاخیبوونی بەندەکانی و سەرپێچی لە کارەکانی دەبینێت... لەگەڵ ئەوەش تووڕەبوون دایناگرێتەوە و رق ناخواتەوە و کاری خراپی بەندەکانی هەڵینانێت بۆ پەلەکردن لە تۆڵەسەندنەوەدا لەگەڵ ئەوەی لە ئەوپەڕی توانا و دەسەڵاتدایە، ئەو لە بڕیارەکانیدا پەلەکردن و سەرکەشی بوونی نییە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُواْ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهۡرِهَا مِن دَآبَّةٖ﴾ فاطر: ٤٥

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لە وەسفی "الحلیم" ئاشکرایە، حیلم لە جوانترین خەسڵەتەکانی مرۆڤە، ئەوەش بێنیازە لە لێکدانەوە و زیادەڕەوی.

---

[١] ووشەی (**الحليم**): (١٥)جار لە قورئاندا هاتووە.

٣٤

(الْعَظِيمُ)[1]

بزانە ناوی **"العظيم"** لە یەکەم دانانیدا بۆ تەنەکان بەکاربراوە، دەوترێت **"هذا جسم عظيم**-ئەمە تەنێکی مەزنە"، یان **"هذا الجسم أعظم من ذالك الجسم**-ئەم تەنە لەو تەنەی تر مەزنترە" گەر پێوانەکەی لە درێژی و پانی و قووڵی(بەرزی)دا لە تەنەکەی تر زیاتر بێت.

پاشان دابەش دەبێت بۆ: مەزنێك کە چاو پڕ دەکات و پانتاییەکی بەرینی لێ داگیر دەکات، لەگەڵ ئەوەی وێنا ناکرێت چاو بتوانێت کۆتاییەکانی ببینێت وەك زەوی و ئاسمان، فیل و حوشتر مەزنن، بەڵام چاو کۆتاییەکانیان دەبینێت، ئەو دوانە بەراورد بەوانەی لە خوار ئەوانەوەن مەزنن، بەڵام زەوی وێنا ناکرێت چاوی مرۆڤ کۆتاییەکەی ببینێت هەر بەو جۆرە ئاسمان، بۆیە زەوی و ئاسمان مەزنی رەهان لە بینینەکان و پەیپێبردنەکانی چاودا[2].

بزانە لە پەیپێبردنەکانی چاودا جیاوازی هەیە، هەیانە ژیری پەیدەبات بە چییەتی راستەقینەکەی، هەشیانە ژیری لە ئاستیدا کەموکورتە، ئەوەی ژیری لە ئاستی کەموکورتە دابەش دەبێت بۆ ئەوەی وێنا دەکرێت هەندێ ژیری ئابلۆقەی بدات با زۆرینەشیان لێی دەستەوسان بن، لەگەڵ دابەشبوون بۆ ئەوەی کە وێنا ناکرێت لە هیچ رێگەیەکەوە و بۆ هیچ کەسێك چییەتی راستەقینەی بزانرێت، ئەوەش بریتییە لە مەزنی رەها کە هەرچی سنووری ژیرییە تێیپەڕاندووە تا وایلێهاتووە وێناکردنی ئابلۆقەدان بە

[1] وشەی (**العظيم**): (٤)جار لە قورئاندا هاتووە.

[2] {(لە ئێستادا کە زانست شێوەی گۆی زەوی و سنوورەکانی بۆمان ئاشکرا کردووە ناتوانین بڵێین زەوی مەزنی رەهایە، بەڵکو بۆمان دەرکەوتووە هەندێ لە هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر چەندین ئەوەندەی زەوییە)}.

حەقیقەتی کارێکی محاڵە، ئەوەش بریتییە لە خودا(سبحانە وتعالی)، لە هونەری یەکەمدا ئەمەمان ڕۆشنکردەوە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

مەزن لە بەندەکان بریتین لە پێغەمبەران و زانایان، ئەوانەی گەر کەسی ژیر شتێك لە سیفەتیان بزانێت سینەی پڕ دەبێت لە هەیبەت و دڵی بە جۆرێك لە شکۆی ئەوان پڕ دەبێت جێگەی شتێکی تری تێدا نامێنێتەوە.

پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە حەقی ئومەتەکەیدا مەزنە، هەروەك چۆن شێخ بۆ موریدەکانی و مامۆستا بۆ قوتابییەکانی مەزنن، چونکە ژیری ئەو دەستەوسانە لە ئابلۆقەدان بە راستەقینەی سیفەتەکانی، گەر پێی یەکسان بوو یان کەسەکە شێخەکەی یان مامۆستاکەی تێپەڕاند بە مەزن دانانرێت بە بەراورد پێیان، بە مەزنزانینی هەر شتێك جگە لە بەمەزنزانینی خودا ناتەواوە و مەزنی رەها نییە، چونکە بەراورد بە شتێك مەزنە، بەڵام بەراورد بە شتێکی تر بەو جۆرە نییە، جگە لە مەزنی خودا(سبحانە وتعالی)، ئەو مەزنی رەهایە نەك بە رێگەی بەراورد.



٣٥

(الْغَفُورُ)[١]

به‌ مانای "الغفار"ه‌، به‌ڵام ئاماژه‌ به‌ جۆرێکی تر له‌ موباله‌غه‌ ده‌کات جیا له‌و موباله‌غه‌ی کێشی "الغفار" ده‌یگه‌یه‌نێت، "غفار" موباله‌غه‌یه‌ له‌ مه‌غفره‌تدا له‌گه‌ڵ مه‌غفره‌تێکی دووباره‌ بووه‌وه‌ جار له‌دوای جار، کێشی **"فَعّال"** ئاماژه‌ به‌ زۆری کرداره‌که‌ ده‌کات، به‌ڵام کێشی **"فعول"** ئاماژه‌ به‌ جه‌وده‌ت و که‌ماڵ و گشتگیری ده‌کات، ئه‌و "الغفور"ه‌ به‌و مانایه‌ی غوفرانه‌که‌ی تێروته‌واوه‌ تا ده‌گاته‌ ئه‌وپه‌ڕی پله‌ی مه‌غفیره‌ت، پێشتر ئاماژه‌مان پێکردووه‌.

---

[١] وشه‌ی (الغفور): (٩١)جار له‌ قورئاندا هاتووه‌.

٦٣

(الشَّكُورُ)[١]

ئەو کەسەیە بە کەمێك لە گوێڕایەڵی زۆرێك لە پلە و پایە دەبەخشێت، هەروەها بە کارکردن لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراوی کەمدا نیعمەتی هەژمارنەکراو لە دواڕۆژدا بە بەندەکانی دەبەخشێت.

گەر تەماشای زیادە لە پاداشتدا بکەی ئەوا شەکوری ڕەها تەنها خودایە(**سبحانه وتعالى**)، ئەو زیادەکانی لە پاداشتدا هەژمارنەکراو و بێسنوورن، چونکە نیعمەتەکانی بەهەشت سنوور و کۆتاییەکیان بۆ نییە، خودا(**سبحانه وتعالى**) دەفەرموێت:﴿ **كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الْأَيَّامِ الْخَالِيَةِ** ﴾ الحاقة: **٢٤**، گەر لە مانای سەنا(**الثناء**) وردبببیەوە ئەوا سەنای هەر کەسێك لەسەر کەسێکی ترە جیا لە خۆی، بەڵام پەروەردگار(**سبحانه وتعالى**) گەر سەنای کاروکردەوەی بەندەکانی بکات سەنای کاری خۆی کردووە، چونکە کاروکردەوەی بەندەکانی دروستکراوی ئەون، بۆیە ئەو کەسەی دەبەخشێت و سەناش دەکات کەسێکی شەکورە، سەنای خودا لەسەر بەندەکانی وەك ئایەتی: ﴿ **وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ** ﴾ الأحزاب: **٣٥**، هەروەها ئایەتی: ﴿ **نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ** ﴾ ص:**٤٤**، ئەمانە و هاوشێوەکانی ئەمانە، هەمووشی بەخشینە لە ئەوەوە(**سبحانه وتعالى**).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەندەیەك وا وێنا دەکات لە حەقی بەندەیەکی تردا شاکر بێت، جارێك بە مەدح و سەنا کردنی وەك چاکەکردنێك لەگەڵی، جارێکیش بە پاداشتدانەوەی زیاتر لەو چاکەی

[١] ووشەی (الشكور): (٤)جار لە قورئاندا هاتووە.

لەگەڵی کردوویەتی، ئەوەش لـە خەسـڵەتە چـاکەکانە، پێغەمبـەر(صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەفەرموێت: ((هەر کەس شوکری خەڵکی نەکات شوکری خودای ناکات))[1].

شوکری خودا تەنها بـە جۆرێـك لـە مـەجاز دەبێـت، ئـەو گـەر سـەنای خـودا بکـات سەناکەی کەموکورتە، چونکە هیچ کەس سەنای خودای پێ هەژمار ناکرێت(**لا أحصي ثنـاء عليـك**-نـاتوانم هـەژماری سـەنای تـۆ بکـەم)، گـەر گوێڕایـەڵی خـودای کـرد گوێڕایەڵییەکەی نیعمەتێکی ترە لە خوداوە بۆ سـەر ئـەو، بـەڵکو خـودی شـوکرکردنی خودا نیعمەتێکی ترە لە پشتی ئەو نیعمەتەوە کە شوکر دەکرێت، باشترین رووی شوکر بۆ نیعمەتەکانی خودا(**سبحانه وتعالى**) ئەوەیە لە یاخیبوون لە خودا بەکاریان نـەهێنێت، بەڵکو لە گوێڕایەڵی خودا بەکاریان بهێنێت، ئەمەش دیسان بە کۆمەکی خـودا و کـار بۆ ئاسانکردنی لە بارێکدا بەندە شوکرکاری نیعمەتی پەروەردگاری بێت.

وێناکردنی ئەمە قسەیەکی زۆر وردە لـە بەشـی "الشـکر" لـە کتـێبی (إحیـاو علـوم الدین)دا باسمان کردووە، با بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو شـوێنە، چـونکە باسـی شـوکر لێـرەدا جێگەی نابێتەوە.

---

[1]رواه الترمذي وحسنه، و لأبي داود وابن حبان من حديث أبي هريرة وقال حسن صحيح.

٣٧

(الْعَلِيُّ)[١]

ئەو کەسەیە پلە و پایەیەك بەرزتر و سەرووتر لە پلە و پایەی ئەو بوونی نییە، هەرچی پلە و پایەی ترە لە خوار پلە و پایەی ئەوەوەیە، ئەوەش چونکە **"العلي"** لە وشەی "العلو" داتاشراوە، "العلو"ش لە "علو"ی بەرانبەر بە "السفل" وەرگیراوە، ئەوەش یان لە پلەی بەرهەستدا وەك پێپەیژە و پێپلەکانە، و هەموو تەنێکی دانراو هەندێکی لەسەر هەندێکی تری، یان لە پلە و پایەی ژنەوراو و مەعنەوی هەبووەکاندا کە بە ڕێکخستنێکی ئەقڵی ڕێکخراون.

هەر شتێك لە شوێندا **"فوقية-بانگیری"** هەبێت ئەوە بەرزی هەیە لەڕووی شوێنەوە، هەر شتێکیش بەرزی هەبێت لەڕووی پلە و پایەوە ئەوا لەڕووی پلە و پایەوە بەرزی هەیە.

پلە ئەقڵییەکان هەروەك پلە بەرهەستەکان ئاشکران و جێگەی تێگەیشتنن، نموونەی پلە ئەقڵییەکان بریتییە لە جیاوازی نێوان هۆ و سەرئەنجام و هۆکار و ئەنجام، و بکەر و بەرکار و قبووڵکەر و قبووڵکراو و کامڵ و ناتەواو، گەر ئەندازەگیری شتێك بکرێت دەبێتە هۆ بۆ شتی دووەم، ئەوەی دووەمیش دەبێتە هۆ بۆ شتی سێیەم و سێیەمیش بۆ چوارەم تا بۆ نموونە دە پلە، دەیەم دەکەوێتە پلەی کۆتاییەوە، ئەوەش نزمترین و پەستترینە، یەکەم لە پلەی یەکەمدایە لە هۆگەراییدا بۆیە باڵاترین و بەرزترینیانە، ئەوکات یەکەم لەسەر دووەمە، "لەسەربوون" بە مانا نەك بە شوێن، باڵابوونیش بریتییە لە "لەسەربوون".

گەر مانای پلەبەندی ئەقڵی تێگەیشتی ئەوا بزانە ناتوانرێت دروستکراوەکان بۆ پلەی بەشەکانیان دابەش بکرێن تا وا وێنا نەکرێت خودا(سبحانه وتعالى) لە پلەی هەرە باڵای

---

[١] وشەی (**العلي**): (٩)جار لە قورئاندا هاتووە.

ئەو دروستکراوانەدایە و وا وێنا بکرێت لەسەرو ئەوەشەوە پلە بوونی هەیە، ئەوەش لەبەرئەوەی خودا(**سبحانه وتعالی**) بەرزەهایی **"العلي"**ە، هەرچی شتە لەخوار ئەوەوە بە بەراورد بە خوار خۆی ناوی **"العلي"** لێدەنرێت، و بەراورد بە سەرو خۆی نزم و پەستە.

نموونەی دابەش کردنی ئەقڵی: دابەشکراوەکان دابەش دەبن بۆ ئەوەی هۆیە و ئەوەی ئەنجامە، هۆ لەسەرو ئەنجامەوەیە، سەرووبوون بە پلە و پایە، سەرووبوونی رەها تەنها بۆ هۆی هەموو هۆیەکان(**مسبب الأسباب**)ە دەگەڕێتەوە.

هەر بەو جۆرە دروستکراوەکان دابەش دەبن بۆ مردوو و زیندوو، زیندوو دابەش دەبێت بۆ ئەوەی تەنها پەیبردنی هەستی هەیە کە بریتین لە ئاژەڵان لەگەڵ ئەوەی پەیبردنی هەستی هەیە بە پەیبردنێکی ئەقڵی، ئەمەش کە پەیبردنی ئەقڵی هەیە دابەش دەبێت بۆ ئەوەی بەرهەڵستی لەگەڵ ئەو پەیبردنە دەکات لە زانراوەکانی حەز و تووڕەبوون کە بریتییە لە مرۆڤ، لەگەڵ ئەوانەی پەیبردنەکانیان لە لێڵی بەرهەڵستی سەلامەتن، ئەمانەش کە پەیبردنەکانیان سەلامەتن دەگونجێ پێی گرفتار بن، بەڵام خودا سەلامەتی پێبەخشیون وەك فریشتەکان، لەگەڵ ئەو کەسەی ئەمە لە حەقیدا محاڵە و هیچ جۆرە بەرهەڵستییەك لە پەیبردنەکانیدا بوونی نییە کە بریتییە لە خودا(**سبحانه وتعالی**).

لەم دابەشکردنە پلەبەندییەدا شاراوە نییە لات فریشتە لەسەرو مرۆڤەوەیە، و مرۆڤیش لەسەرو مەملەکەتی ئاژەڵانەوەیە، خوداش(**سبحانه وتعالی**) لەسەروو هەموانەوەیە، ئەو باڵا و بڵندی رەهایە، ئەو(**سبحانه وتعالی**) زیندووی زیندووکەرەوەی زانای رەهایە، دروستکەری زانست و زانیاری زانایانە، و پاك و بێگەردە لە هەرچی جۆرەکانی ناتەواوییە، مردوو دەچێتە ژێرەوەی پلەکانی کەماڵەوە، و لە بەرەکەی ترەوە تەنها خودا(**سبحانه وتعالی**) بوونی هەیە، ئا بەم جۆرە پێویستە لە سەرووبوون و باڵابوونی خودا(**سبحانه وتعالی**) حاڵی ببین.

ئەم ناوانە یەکەمجار بەراورد بە پەیبردنی بینینی مرۆڤ دانراون کە بریتییە لە پلە و ئاستی خەڵکی رەشۆکی، پاشان کاتێك تایبەتان بۆ پەیبردنەکانی بەصیرەت بەئاگاهاتنەوە بینییان لە نێوان ئەو جۆرە پەیبردنە و پەیبردن بە چاو هاوتەریبییەك بوونی هەیە و لەوەوە خواستنیان کرد بۆ وشە رەهاکان، ئەمە تایبەتان لێی حاڵی بوون

و خەڵکی ڕەشۆکی ڕەدیان کردەوە، چونکە پەیبردنەکانیان لـە هەسـتەکانیان تێناپـەڕن کە پلەیەکی ئاژەڵییە، ئەوان مەزنی بە پەنتاییدا دەناسنەوە و بەرز و بڵندی بە شوێندا و لەسەرووبوون بە بانبوون حاڵی دەبن.

گەر لەمە تێگەیشتی ئەوا مانای ئەوە تێبگە خـودا لەسـەر عەرشـەکەیەتی، چـونکە عەرش مەزنترین تەنێکە و لەسەروو هەموانەوەیـە، ئـەو هـەبووە پـاك و بێگـەردە لـە سـنوورداربوون و ئەنـدازەگیری بـە سـنووری تەنـەکان و پێوانـەیان لەسـەروو هـەموو تەنەکانەوەیە لـە پلـە و پایـەدا، بـەڵام عەرشـی تایبـەت کـرد بـە باسـکردن، چـونکە لەسەروو هەموو تەنەکانەوەیە، ئەو کەسەی لەسـەر ئـەو عەرشـە بێـت واتـە لەسـەروو هەمووانەوەیە، ئەوەش وەك ئەو قسە وایە کە دەڵێت: خەلیفە لەسـەروو سـوڵتانەوەیە، ئەوەش وەك ئاگادارکردنەوەیەك گەر خەلیفە لەسەروو سوڵتانەوە بێت کەوابوو لەسەروو هەموو ئەوانەوەیە کە لە خوار سوڵتانەوەن.

جێگەی سەرسوڕمانە حەشوییەکان[1] کە لە مانای سـەروو تـەنها شـوێن تێدەگـەن، لەگـەڵ ئەوەش گەر دەربارەی دوو پیاوی گـەورە بپرسـرێت و بوترێـت: چـۆن لـە مـەجلیس و بۆنـە گشـتییەکاندا دادەنیشـن؟ دەڵێـت: ئەمـەیان لەسـەروو ئـەوەوە دادەنیشـێت، لـە کاتێکـدا دەزانێت تەنها لە تەنیشتییەوە دادەنیشێت، بەڵکو دانیشـتن لەسـەرووییەوە کاتێکـە لەسـەر سەری دابنیشێت یان لەسەر شوێنێك لەسەروو سەری ئەوەوە بێت، گەر پێـی بوترێـت: درۆ دەکەی نە ئەو لەسەریەوە دادەنیشێت و نە ئەو لەژێرەوە، بەڵکو لە تەنیشـتی دادەنیشـێت، نەفسی لەم ڕەدکردنەوەیە بێزار دەبێت و دەڵێت: مەبەستم پێی سەرووبوونە لە پلە و پایەدا و نزیکییە لە پێشەنگبوون، چونکە ئـەو کەسـەی لـە پێشـەنگ نـزیکترە -کـە بریتییـە لـە کۆتایی- بریتییە لە سەرووبوون بەراورد بە کەسێکی تر کە دوورترە لە پێشەنگبوون.

پاشـان لەمـەوە ئـەوە تێناگـەین هـەموو ڕێکخسـتنێك دوو بـەری هـەبێت دروسـتە سەرووبوون و باڵابوون بدەینە پاڵ یەکێك لە بەرەکانی و خواربـوون و نزمبـوون بدەینـە پاڵ بەرەکەی تر.

[1] {(زاراوەیەك بوو بۆ ئەهلی فەرموودە بەکاردەهات)}.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

وێنا ناکرێت بەندە بەڕەهایی **"العلي"** بێت، چونکە هەر کات پلەیەکی باڵا بەدەست دەهێنێت پلەیەکی باڵاتر لە بووندا بوونی هەیە کە بریتییە لە پلە و پایەی پێغەمبەران و فریشتەکان[1].

بەڵێ، وێنا دەکرێت پلە و پایەیەك بەدەست بهێنێت لە رەگەزی مرۆڤ ئەو پلە و پایەی بەدەست نەهێنابێت، ئەمەش بریتییە لە پلە و پایەی پێغەمبەرمان(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بەڵام بەراورد بە باڵا و بڵندنی رەها لە دوو رووەوە کەم و کورتە:

یەکەمیان: ئەو باڵابوون و سەروبوونە بەراورد بە دروستکراوەکانی تر باڵابوون و سەرووبوونە.

دووەم: سەرووبوون و باڵابوونێکە بەراورد بۆ بوون نەك بە رێگەی پێویستبوون، بەڵکو ئەگەری بوونی مرۆڤێکی تر لەسەروو ئەوەوە بوونی هەیە، تەنها **"العلي"** رەها سەرووبوون و باڵابوون و بڵندبوونی بۆ هەیە لە خودی خۆیدا نەك بە بەراورد بە بوونەکانی تر، ئەوەش بەپێی پێویستبوون نەك بەپێی بوون کە ئەگەری بوونی دژی لێ دەخوێنرێتەوە.

[1] {(خودا(سبحانه وتعالى) دەفەرموێت:﴿ وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾ ﴾ يوسف: ٧٦)}.

٣٨

(الْكَبِيرُ)[1]

بریتییە لەو کەسەی "کبریاء-خۆبەمەزنزانی"ی هەیە، "کبریاء"ش بریتییە لە کەماڵی زات، مەبەست بە کەماڵی زات کەماڵی بوونە.

کەماڵی بوونیش بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان: بەردەوامبوونی ئەو زاتە لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە، هەر بوونێك نەبوونێکی پێشینە یان پاشینە رووی لێ بکات بوونێکی ناتەواوە، بۆیە ماوەی بوونی مرۆڤێك درێژە بکێشێت پێی دەوترێت: ئەو کەسێکی "کبیر"ە، واتە تەمەنی گەورەیە و مانەوەی لە تەمەندا درێژەی کێشاوە، ناوترێت "**عظیم السن**-تەمەنی مەزنە"، "کبیر" لە شتێکدا بەکاردێت کە "**عظیم**"ی تێدا بەکارنایەت، گەر کەسێك ماوەی بوونەکەی درێژەی کێشا بە "کبیر" ناوبرێت لەگەڵ ئەوەی ماوەی مانەوەکەی سنووردارە ئەوا هەربووی ئەزەلی کە عەدەم لە وەسفیدا محاڵە لەپێشترە پێی بوترێت "الکبیر".

دووەم: بوونی خودا بوونێکە هەرچی بوونەکانی ترە لەو بوونەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە، گەر ئەو کەسە بوونی لە نەفسی خۆیدا کامڵ ببێت پێی بوترێت "کبیر" ئەوا ئەو کەسەی هەرچی بوونە لە ئەوەوە بەرهەمهاتووە لەپێشترە بەوەی کامڵ بێت و ناوی "الکبیر"ی لێ بنرێت.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

"کبیر" لە بەندەکان ئەو کەسە کامڵەیە کە سیفەتەکانی کەماڵ لەخۆیدا کورتناکاتەوە، بەڵکو جاری دەبن بۆ سەر کەسانی تر، هەر کەس لەگەڵی دادەنیشێت

[1] ووشەی (الکبیر): (٤)جار لە قورئاندا هاتووە.

شتێك لە کەماڵی خۆی بەسەردا دادەبارێنێت، کەماڵی بەندەش لە ئەقڵ و وەرع و زانستیدایە.

بۆیە "کبیر" لە بەندەکان بریتییە لە زانایەکی خاوەن تەقوا، و مورشیدی خەڵکی، ئەو کەسە صاڵحەی شیاوە بەوەی ببێتە پێشەنگی خەڵکی و لە نوور و زانستەکانی خەڵکی بەهرەمەند بن، بۆ ئەو مەبەستە عیسا(علیه السلام) فەرموویەتی: هەر کەس بزانێت و کاربکات ئەوا لە مەلەکوتی ئاسمانەکان و زەویدا "**عظیم**"ە.

٣٩

(الْحَفِيظُ)[١]

ئەو کەسێکی زۆر پارێزەرە..

لەمە تێناگەین تا لە مانای "حفظ" تێنەگەین کە دوو ڕووی هەیە:

یەکەم: بەردەوام کردنی بوونی دروستکراوەکان و هێڵانەوەیان، دژی ئەم کارە بریتییە لە نەهێڵان و سڕینەوەیان، خودا(**سبحانە وتعالی**) پارێزەری ئاسمانەکان و زەوی و فریشتە و هەموو بوونەکانی ترە، ئەوەی مانەوەی درێژە دەکێشێت و ئەوەی مانەوەی کورتماوەیە وەك ئاژەڵان و ڕووەك و گژوگیا.

ڕووی دووەم کە بەهێزترین مانای "**حفظ**-پارێزگاری"ە بریتییە لە پارێزگاری کردنی دەستدرێژکارەکان و دژبەیەکەکان لە یەکتری کاتێك هەندێکیان دەستدرێژی دەکەنە سەر هەندێکی تریان و دژ بەیەکتر دەوەستنەوە، مەبەستم بەم دەستدرێژکارییەی نێوان ئاو و ئاگرە، ئەم دوانە بە سروشتی خۆیان دژ بە یەکترن، جا یان دەبێ ئاو ئاگر بکوژێنێتەوە یان ئاگرەکە ئاوەکە دەکاتە هەڵم و دەچێتەوە بۆ ناو هەوا، دژیەکی و دەستدرێژگاری لە نێوان گەرما و سەرمادا ئاشکرایە، چونکە یەکێکیان ئەویتریان ژێربار دەکات، بە هەمان شێوە لە نێوان تەڕی و وشکیدا و هەموو تەنە زەمینییە پێکهاتووەکان لە بنەڕەتی دەستدرێژکاری، هەردەبێ گیانداران گەرمییەکی غەریزییان هەبێت، گەر ئەم گەرمییە نەما ئەوا ژیانی گیاندارەکە پووچ دەبێتەوە، هەروەها دەبێ تەڕییەکی هەبێت ببێتە خۆراك بۆ جەستەی وەك خوێن و هاوشێوەکانی خوێن، هەروەها پێویستە بۆ جەستەیان سەرما بوونی هەبێت و سنووری گەرمی ببەزێنێت تا جەستەکە بێتە ڕاستە و نەسووتێت و تەڕییە ناوەکییەکانی بە خێرایی شینەبێتەوە.

---

[١] ووشەی (**الحفیظ**): (٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

خودا(سبحانه وتعالى) ئەم دژبەیەك و دەستدرێژكارانەی لە جەستەی مرۆڤ و لاشەی ئاژەڵان و رووەكەكان و هەموو گیاندارانی تردا كۆكردووەتەوە، گەر پارێزگاری خودای لەگەڵ نەبوایە ناتەبایی و دووركەوتنەوە لەیەكتر سەریهەڵدەدا و تێكەڵبوونیان پووچ دەبوویەوە و پێكهاتەكانیان دەپووكانەوە ئەو كات ئەو مانایەی بە هۆی پێكهاتە و تێكەڵبوونەوە ئامادەیی قبووڵ كردنی هەبوو بۆی پووچ دەبوویەوە، پارێزگاری خودا لەگەڵیان ئەوەیە جارێك هاوسەنگی هێزەكانیان بۆ رێكدەخات و جارێكیش كۆمەكی ژێردەستە و لاوازەكانیان دەكات.

هاوسەنگی كردن ئەوەیە ئەوپەڕی هێزی سارد وەك ئەوپەڕی هێزی گەرم وابێت، بۆیە گەر كۆببنەوە هیچ یەكێكیان بەسەر ئەویتریاندا زاڵ نابێت، بەڵكو هەریەكەیان ئەویتریان پاڵ دەنێت، چونكە هیچ كامیان-بەهۆی هاوسەنگییەوە- شایستە نین بە زاڵ بوون، بۆیە دەكەونە بەرگری كردن بەرانبەر یەكتر، ئەو كات راوەستان و مانەوەی ئەو پێكهاتەیە(ئەو جەستەیە) بە بەرگری و هاوسەنگی ئەو دوانەوە دەمێنێتەوە، ئەمە ئەوەیە بە هاوسەنگی میزاج گوزارشتی لێكراوە.

دووەم: ئەوەیان ژێردەستە و لاواز دەبێت لە هێزەكان خودا بەم ناوە كۆمەكی دەكات تاكو بەرگری زاڵەكە بكات و بێتەوە راستە، نموونەكەی: گەرمی تەڕی تیادەبات و بێ هیچ گومانێك وشكی دەكاتەوە، كاتێك گەرمی زاڵ دەبێت ساردی و تەڕی لاواز دەبن و گەرمی و وشكی زاڵ دەبن، كۆمەكی لاواز بە مادەی تەڕ و سارد دەبێت كە بریتییە لە ئاو، مانای تینوێتی بریتییە لە پێویستی بۆ مادەی سارد و تەڕ، بۆیە خودا سارد و تەڕی خولقاندووە و كۆمەكی دەكات بە بە ساردی و بە تەڕی كاتێك جەستەكە ژێردەستەكرابێت بە هۆی گەرمی و وشكییەوە، هەر بەو جۆرە خودا خۆراك و دەوا و هەموو مادە دژبەیەكەكانی خولقاندووە، بۆیە كاتێك شتێك زاڵ دەبێت بە شتێكی تر رێگری لێ دەكرێت تا دەچێتە دواوە، ئەمە بریتییە لە كۆمەكی.

ئەم كارە بە دروستكردنی خۆراك و دەرمان دێتە دی، هەروەها بە دروستكردنی كۆمەڵێك ئامێری چاكساز بۆی، و پێبەخشینی زانیاری رێنیشاندەر بۆ بەكارهێنانیان،

هەموو ئەمانە بۆ پارێزگاری لە جەستەی گیانداران و پێکهاتەکان لە دژبەیەکەکان، ئەمەش ئەو هۆکارانەیە مرۆڤ دەپارێزن لە تیاچوونی ناوەوە.

بە هەمان شێوە مرۆڤ رووبەڕووی تیاچوون دەبێتەوە بە کۆمەڵێك هۆی دەرەکی: وەك دڕندە و دوژمنی کێبەرکێکار.. پارێزگاری خودا لەم شتانە لەو ڕێگەیەوەیە کە کۆمەڵێك هەستی بۆ دروست کردووە، لە نزیکبوونەوەی دوژمن دەیترسێنن و ئاگاداری دەکەنەوە، ئەوانە وەك دیدەوان وان بۆ ئەو، وەك چاو و گوێ و هەستەکانی تر، پاشان دەستی لێدەر و پاڵنەری بۆ دروستکردووە، بە هەمان شێوە ئامێری پارێزگاریکەر وەك قەڵغان و زرێپۆش، هەروەها ئامێری هێرشبەر وەك شمشێر و چەقۆ و خەنجەر، پاشان لەوانەیە لەگەڵ بوونی هەموو ئەوانەدا دەستەوسان بێت لە پاڵنانی دوژمن بۆیە ئامێری هەڵهاتنی بۆ دروستکردووە کە لاقەکانە بۆ گیانداران و باڵە بۆ باڵندەکان.

بەم جۆرە پارێزگاری خودا(سبحانه وتعالى) هەموو گەرد و گەردیلەکانی ئاسمان و زەوی گرتووەتەوە تا ئەو گژوگیایەی لە زەوی سەردەردەهێنن کرۆکەکەی بە توێکڵێکی ئەستووری رەق دەپارێزرێت و ناسکی گیاکە بە بوونی تەڕی دەپارێزێت، ئەوەی بە تەنها بەرگ ناپارێزرێت دڕکیشی بۆ دروستکردووە بۆ ئەوەی هەندێ گیاندار لە خۆی دووربخاتەوە کە دەیانەوێت لەناویببەن، دڕك چەکی رووەکە وەك چۆن شاخ و چڕنووك و کەڵبە چەکی ئاژەڵانە، بەڵکو هەموو دڵۆپێکی ئاو پارێزەری لەگەڵە و لە دژە هەوا بۆ ئەو ئاوە دەیپارێزێت، گەر ئاو بکرێتە دەفرێکەوە و بۆ ماوەیەك وازیلێبهێنرێت ئەوا دەچێتە دۆخێکی تری و دەبێتەوە بە هەڵم، و هەوا سیفەتی ئاویی لێ وەردەگرێتەوە، گەر پەنجەیەك لە ئاودا نوقم بکەی و پاشان دەریبهێنیت و سەری پەنجەت شۆڕبکەیەوە ئەوا دڵۆپی ئاوی لێ بەردەبێتەوە و شێوە دڵۆپییەکەی خۆی دەپارێزێ و پەرش نابێتەوە، گەر پەرش بکرێتەوە هەوا دەیگۆڕێت بۆ دۆخێکی تری، بەردەوام بە سەری پەنجەوە دەمێنێتەوە تا هەموو دڵۆپەکانی تر لەگەڵی کۆدەبنەوە و دڵۆپەکە گەورە دەبێت ئەوجا بەردەبێتەوە، گەورەبوونی دڵۆپەکە ڕێگری دەکات لەوەی هەوا بە خێرایی بیگۆڕێت بۆ هەڵم، ئەم پارێزگارییە لە مەعریفەی خودی دڵۆپە ئاوەکەوە نییە، لاوازی خۆی ناسیبێت و بەهێزی دژەکەی خۆی زانیبێت و لەوەوە تێگەیشتبێت پێویستە بە

تەڕییەكانی تر كۆمەك بكرێت، بەڵكو ئەوە پارێزگارییەكە لە فریشتەیەكەوە ئەو كارەی پێڕاسپێرراوە بە هۆی مانایەكەوە لە خودی خۆیدا، لە ریوایەتێكدا هاتووە: هەموو دلۆپە ئاوێك(بارانێك) كە دادەبارێت فریشتەیەكی لەگەڵە پارێزگاری لیٚ دەكات تا دەگاتە شوێنی خۆی لەسەر زەوی، ئەمە راستییەكە ئەهلی بینینی ناوەوە موشاهەدەیان كردووە، و بووەتە بەڵگە لەسەری و رێنموونی بۆ لای، بۆیە باوەڕ بە ریوایەتەكە بهێنن نەك بە چاولێكەری بەڵكو بە بەصیرەت.

قسەكردن لە پارێزگاری ئاسمانەكان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە درێژە دەكێشێت هەروەك كارەكانی تر، بەوەش مانای ئەم ناوە دەزانرێت نەك بە داتاشینی لەناو زماندا، و وەهمی مانای **"حفظ"** بە شێوەیەكی گشتی.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

پارێزەر لە بەندەكان ئەو كەسەیە دڵ و ئەندامەكانی دەپارێزێت، هەروەها ئایینی خۆی دەپارێزێت لە پەلاماری تووڕەبوون و راكێشانی حەز و فێڵی نەفس و فریوی شەیتان، چونكە مرۆڤ لە لێواری تیاچووندایە و ئەم هەموو تیابەرانە بە دەوروبەریدایە و دەیانەوێت بەرەو زیانۆمەندی و تیاچوون پاڵی بنێن.

٤٠

(الْمُقِيتُ)[١]

ماناکەی: دروستکەری ڕۆزی(قوت) و گەیەنەری بۆ جەستەکان، ئەوەش بریتییە لە خۆراك، هەروەها گەیاندنی ڕۆزی بە دڵان کە بریتییە لە مەعریفە، هەروەها بە مانای "الرازق"یش دێت، بەڵام تایبەتترە لە "الرازق" چونکە "رزق" ئەوەی خۆراکە و ئەوەی خۆراك نییە دەیگرێتەوە، بەڵام "قوت" تەنها ئەوە دەگرێتەوە جەستەی پێ ڕاستدەبێتەوە[٢].

یان بە مانای "دەستگرتوو(المستولي) بەسەر شتێکدا و بەتوانا لەسەری، دەستگرتن (الإستلاء) بەسەر شتێکدا پێویستی بە توانا و زانینە، ئەمەش ئەم ئایەتە ئاماژەی پێ دەکات: ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقِيتًا ﴿٨٥﴾﴾ النساء: ٨٥، واتە لێی بەئاگایە و خاوەن توانا و دەسەڵاتە بەسەریدا، ئەو کات ماناکەی دەگەڕێتەوە بۆ "توانا" و "زانست"، پێشتر قسەمان لە زانست کردووە، "توانا"ش دواتر باسی لێوە دەکەین، بەم مانایە وەسفکردنی بە "المقيت" تەواوترە تا وەسفکردنی تەنها بە "القادر" یان تەنها بە "العالم" چونکە ئاماژە بە کۆبوونەوەی دوو ماناکە دەکات، بەم جۆرە ئەم ناوەش لە هاوواتایی(ترادف) دێتە دەرەوە.

---

[١] ووشەی (المقيت): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] {لە سەرەتاوە فەرمووی: یەکێك لە مانای "المقيت" بریتییە لە گەیاندنی ڕۆزی بە دڵان کە مەعریفە، بەڵام لێرەدا دەفەرمووێت: ""قوت" تەنها ئەوە دەگرێتەوە جەستەی پێ ڕاستدەبێتەوە" لە ڕاستیدا زۆر لەسەری وەستام لێی تێنەگەیشتم، دەگونجێ بۆ ئەقڵی کەموکورتی من بگەڕێتەوە)}.

٤١

(الْحَسِيبُ)[1]

مانای "الكافي" هەیە، ئەوەش ئەو کەسەیە بۆ هەر کەس ببێت ئەوا ئەوی بەتەنها بەسە، خودا(سبحانه وتعالى) بەسە بۆ هەموو کەسێك و بەشێکی مەزنە بۆ کەسەکە.

ئەم وەسفە بۆ هیچ کەسێکی تر جگە لە خودا وێنا ناکرێت، چونکە بەسبوون بۆ کەسی ئاتاج ئەوەیە کەسەکە بەس بێت بۆ بوونی و بەردەوامی بوونی و کەماڵی بوونی، هیچ شتێك لە بووندا نییە بۆ شتێکی تر بەس بێت جگە لە خودا(سبحانه وتعالى)، بۆیە تەنها ئەوە بەسە بۆ هەموو شتێك نەك بۆ هەندێ شت، واتە ئەو بەتەنها بەسە و هەموو شتەکان بە ئەوەوە بەرهەم دێن و بە ئەوەوە بەردەوام دەبن و بە ئەوەوە بوونیان کامڵ دەبێت.

وا گومان مەبە کاتێك تۆ ئاتاجی بە خواردن و خواردنەوە و زەوی و ئاسمان و خۆر و شتەکانی تر ئاتاجبوویت بە شتانێك جگە لە خودا و ئەو بۆ تۆ بەس نییە، چونکە ئەوە خودایە بە دروستکردنی خواردن و خواردنەوەو زەوی و ئاسمان تۆی بێنیاز کردووە، ئەو بەتەنها بەسە بۆ تۆ.

وا گومان مەبە ئەو منداڵەی ئاتاجە بە دایکی و شیری پێ دەدات و چاودێری دەکات خودا بۆ ئەو بەس نییە، بەڵکو ئەوە خودایە بە دروستکردنی دایك بۆی بێنیازی کردووە، شیری لە مەمکی دایکدا بۆ دروستکردووە و ئیلهامی کردووە بۆ گرتنی مەمکی دایکی، بە هەمان شێوە خۆشەویستی و بەزەیی لە دڵی دایکیدا داناوە تا لە پێناویدا هەموو ئازار و ماندووبوونێك بچێژێت و شان بداتە ژێر زەحمەتەکانی، راستە بەسبوون و بێنیازبوونی بەو هۆکارانەوەیە، بەڵام تەنها خودا بە دروستکردنی ئەو هۆکارانە تەنهاکەوتووەتەوە.

---

[1] ووشەی (الحسیب): (٣)جار لە قورئاندا هاتووە.

گەر پێت بوترێت: تەنها دایك بەسە بۆ منداڵ و ئەو بێنیازی دەكات باوەڕی پێ دەكەی و ناڵێیت: ئەو بە تەنها بەس نییە بۆی، چونكە ئاتاجە بە شیر، لە كوێ دایك بەسە بۆ ئەو گەر شیر بەس نەبێت بۆ ئەو و بێنیازی نەكات؟ دەڵێیت: بەڵێ، منداڵەكە ئاتاجە بە شیر، بەڵام شیرەكەش هەر لە دایكەوەیە و منداڵەكە ئاتاج بە كەسێكی تر نەبووە جگە لە دایكەكە، بزانە شیر لە دایكەوە نییە، بەڵكو شیر و دایكەكە هەردوو لە چاكە و بەخشینی خوداوەن(سبحانه وتعالى).

ئەو بەتەنها بەسە بۆ هەر كەسێك، لە بووندا شتێك بوونی نییە بەس بێت بۆ شتێكی تر جگە لە خۆی، بەڵكو شتەكان هەندێكیان بە هەندێكیانەوە پەیوەستن و هەر هەمووشیان بە خوداوە پەیوەستن.

ئاگاهێنانەوەیەك: بەندە لەم ناوە بەشی نییە مەگەر بە ڕێگەی مەجازی دوور، یان بە دانەپاڵی -وەك هۆیەك- لەلای خەڵكانی سادە و ڕەشۆكی.

ئەوەی كە مەجاز بێت: گەر دایكەكە بەس بێت بۆ منداڵەكە بە هەستان بە چاودێری كردنی یان مامۆستاكە بەس بێت بۆ قوتابییەكەی تا وای لێ بێت ئاتاج بە هیچ كەسی تر نەبێت ئەوا ئەو دوو كەسە ناوەنگێرن بۆ بەسبوون نەك لە ڕاستەقینەدا بەس بن بۆ منداڵەكە و شاگردەكە، چونكە تەنها خودایە(سبحانه وتعالى) بەسە بۆ بەندەكانی، چونكە مرۆڤ مانەوە و ڕاوەستانی بە خودی خۆیەوە نییە و ناتوانێت خۆی بەس بێت بۆ خۆی، ئیتر چۆن دەتوانێت بەس بێت بۆ كەسانێكی تر جگە لە خۆی؟

ئەوەش خەڵكی سادە و ڕەشۆكی وا گومان دەبەن هۆكارەكان بەسبن بۆ بێنیازبوون: گەر وا دابنێین بەو جۆرەیە و كەسەكان لە بەسبووندا سەربەخۆ بوون و ئەوان ناوەندگیر نین ئەوا دەڵێین: ئەو كەسە بەتەنها بەس نییە بۆ بەسبوون و بێنیازبوونی كەسەكەی تر، چونكە ئاتاجە بە شوێن تا كارەكەی تێدا ئەنجام بدات و بەس بێت بۆ كەسەكە، ئەمە لە كەمترین گریمانەدا.

ئەو دڵەی كە شوێنی زانستە(دڵی قوتابییەكە) دەبێت لەسەرەتاوە بوونی هەبێت بۆ ئەوەی كەسەكە(مامۆستاكە) بەس بێت بۆ فێركردن، گەدەش(گەدەی منداڵەكە) كە شوێنی خۆراكە دەبێت بوونی هەبێت بۆ ئەوەی دایكەكە بەس بێت بۆ گەیاندنی خۆراك

به جەستەی منداڵەکە، ئەمە و لەگەڵ ئەوەی پێی ئاتاج دەبێت لە زۆر شتی تر کە نایەنە هەژماردن و ناکەونە ژێر هەڵبژاردەی ئەوەوە، کەمترین پلەی کردار ئاتاجبوونییەتی بە بکەر و وەرگر(فاعل و قابل)، بکەر بەبێ وەرگر(بەرکار) هەرگیز بوونی نییە، ئەمە تەنها لە حەقی خودادا(سبحانه وتعالى) دروستە، چونکە دروستکەری کردار و دروستکەری وەرگر و دروستکەری هەلومەرجی قبوولکردن و ئەو بارودۆخەیە دەوری داوە، بەڵام کەسی سادە لەوانەیە تەنها بکەرەکە ببینێت و کەسێکی تری بە بیردا نەیەت و پێیوابێت بکەرەکە بەتەنها بەسە بۆ ئەو، بەڵام کارەکە بەو جۆرە نییە.

بەڵێ، ئەو بەشەی لەم ناوەوە بە بەندە دەگات ئەوەیە کە خودا بەتەنها بەس بێت بۆ ئەو لەگەڵ ویست و هەوڵ و لێبڕانی، ئەو لە کارەکانیدا تەنها خودای دەوێت، تەنانەت بەهەشتی ناوێت و دڵی بە ئاگرەوە خەریك ناکات تا خۆی لێ بپارێزێت، بەڵکو هەموو هەوڵ و ویست و لێبڕانێکی تەنها بە خوداوەیە و لەودا نغرۆ بووە، کاتێك بە جەلالی خۆی پەردەی بۆ لادەدات دەڵێت: ئەوە بەسە بۆ من و هیچ شتێکی ترم جگە لە ئەو ناوێت و گوێی پێ نادەم، من جگە لە ئەوم، بۆیە بۆ خۆم هیچ شتێکم ناوێت.

٤٢

(الْجَلِيلُ)[١]

ئەو كەسەیە بە وەسفی "الجلال" وەسفكراوە..

وەسـفەكانی جـەلالیش بـریتین لـە: "دەوڵەمەنـدی و بێنیـازبوون و موڵـك و پـاكی و بێگەردی و زانست و توانا" و كۆمەڵێك وەسفی تـر كـە باسـمـان كـردووە، كۆكـەرەوەی هەموو ئەمانە بریتییە لە "الجلیـل" بـەرەهایی، وەسـفكراو بـە هەنـدێ لـەم وەسـفانە شكۆكەی(جەلالەكەی) بە ئەندازەی ئەو وەسفانەیە.

"جلیل"ی رەها تەنها خودایە(سبحانه وتعالى)، وەك نـاوی "الكـبیر" بـۆ كـەماڵی زات بگەڕێتەوە و ناوی "الجلیل"یش بۆ كەماڵی سیفات بگەڕێتەوە، ناوی "**العظیم**"یش بـۆ كەماڵی زات و كەماڵی سیفات دەگەڕێتەوە، و دەدرێتـە پـاڵ پـەیبردنی بەصـیرەت بـە جۆرێك هەموو بەصیرەت داگیر دەكات، بەڵام بەصیرەت هەموو ئەو داگیر ناكات.

پاشان سیفەتەكانی "جلال" گەر بدرێنە پاڵ بەصیرەتی پەیبردوو بۆیان پێیان دەوترێـت "جمال" و كەسی وەسفكراو پێی پێی دەوترێت "جمیل"، ناوی "جمیل" لە بنەڕەتدا بۆ وێنەی ئاشكرای پەیپێبراو بە چاو دانراوە هەر چۆنێك بێت بە جۆرێك تەبا و گونجاو بێت لەگەڵ چاو، پاشان گوازراوەتەوە بۆ وێنەی ناوەوە كە بە بەصیرەت پەیی پێ دەبات و پێی تەبا و گونجاو دەبێت، گونجانێك لە كـاتی دەركەوتنییـدا خاوەنەكـەی پـەی بـە چـێژ و گەشانەوە و هاتنە هەژان دەبات زۆرتر لەوەی كەسێك بە چاوی سـەر وێنەیـەكی جـوان دەبینێت.

"جمیـل"ی راسـتەقینەی رەهـا تـەنها خودایـە(سـبحانه وتعـالى)، چـونكە هەرچـی لـە جیهاندایـە لـە جـوانی و كـەماڵ و گەشـی و قەشـەنگی و باشـی نـووری زاتـی ئـەو و

---

[١] ووشەی (الجلیل): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

ئاسەواری سیفەتەکانییەوەن، بوونێك نییە کەماڵی ڕەهای هەبێت جگە لـە خـودا، بـۆ ئەو مەبەستەیە خوداناسان و تەماشاکەرانی جوانی خودا پـەی بـە خۆشـی و سـروور و گەشانەوە دەبەن و نیعمەتەکانی بەهەشت و جوانی وێنەی بینـراو بـە چـاو لایـان کـەم دەبێتەوە، بەڵکو بەراوردکاری بوونی نییە لە نێوان جوانی وێنەی ئاشکراو -کە بە چاو پەیی پێ دەبرێت- و جوانی ماناکانی ناوەوە -کە بە بەصیرەت پەییان پێ دەبرێت- لـە بەشی "**المحبة**"ی کتێبی "**إحياء علوم الدين**"دا پەردەمان لەسەر ئەم مانایە لاداوە.

گەر سەلمێنرا ئەو(**سبحانه وتعالى**) "**جميل** و **جليل**"ە، ئەوا هەموو جوانێك "**محبوب** و **معشوق**"ە لەلای ئەو کەسەی پەی بە جوانییەکەی دەبات، بۆ ئەوەیە لای عاریفان خودا(**سبحانه وتعالى**) مەحبووبە، وەك چۆن وێنەی ئاشکرای جوان لەلای ئەوانەی چاوی سەریان هەیە -نەك لەلای کوێران- خۆشەویستە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

"**جليل**" لە بەندەکان ئەو کەسەیە سیفەتەکانی ناوەوەی چاك و پاکن، ئەو سیفەتانەی چاوی خاوەن بەصیرەت چێژیان لێ وەردەگرێت، بەڵام جوانی ئاشکرا -بەراورد بە جوانی ناوەوە- پلە و پایەکەی نزمە.

٤٣

(الْكَرِيمُ)[1]

ئـەو کەسـەیە بـەڵێن دەدات و وەفـادارە بـە بەڵێنەکـەی، کـاتێکیش دەبەخشـێت تـا کۆتایی رجا و داوا دەبەخشێت، ئەو(**سبحانە وتعالی**) باکێکی نییـە چـەندی بەخشـیوە و بە کێی بەخشیوە، گەر پێویستی بـەرز بکرێتـەوە بـۆ لای کەسـانی تـر جگـە لـە ئـەو رازی نابێت، گەر بێوەفایی بەرانبەر بکرێت لۆمە دەکات، بەڵام لە دڵی ناگرێـت، ئـەو کەسەی هانا و پـەنای بـۆ دەبـات بێهیـوا نابێـت و پـەنای دەدات و لـە هۆکارەکـان و تکاکارەکان بێنیازی دەکات.

هەر کەس هەموو ئەمانەی تێدا کۆبوویەوە -نەك بە زۆر لەخۆکردن- ئـەوا ئـەو کەسـە کەریمی رەهایە، ئەوەش تەنها خودایە(**سبحانە وتعالی**).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەندە هەندێ جار خـۆی دەڕازێنێتـەوە بـە بەدەسـتهێنانی ئـەم خەسـڵەتانە، بـەڵام لـە هەندێ کاروباردا، و لەگەڵ جۆرێك لە زۆرلەخۆکردن، لەوانەیە هەندێ جار کەسەکە بـە کەریم وەسف بکرێت، بەڵام بەراورد بە کەریمی رەها ناتەواوە.

چۆن بەندە بەم ناوە وەسف ناکرێت کاتێك پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویـەتی: ((بە درەختی ترێ(مێو) مەڵێن "الکـرم" چـونکە "الکـرم" پیـاوێکی موسـڵمانە))[2]، **وتراوە** بۆیە درەخـتی مێـو بـە "الکـرم" نـاونراوە، چـونکە درەختێکـی بەخشـندەیە و

---

[1] ووشەی (الکریم): (٣)جار لە قورئاندا هاتووە.

[2] **متفق علیه**.

بەرەکەی خۆش و بەتامە و کردنەوەی بەرەکەی ئاسانە و دڕك و داڵ و شتی ئازار بەخش بە دەوری خۆیدا دروست ناکات بە پێچەوانەی دارخورماوە[1] .

---

[1] {(بەڵگەی ڕۆشنتر ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە کە ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە و دەفەرموێت: (**الكريم ابن الكريم ابن الكريم ابن الكريم يوسف بن يعقوب بن إسحاق بن إبراهيم عليهم السلام**–کەریمی کوڕی کەریمی کوڕی کەریمی کوڕی کەریم) دەبینی چوار پێغەمبەری بە "کریم" وەسف کردووە)} .

٤٤

(الرَّقِيبُ)[١]

بریتییە لە "**العلیم الحفیظ**-زانای پارێزەر"، هەر کەس چاودێری شتێك بكات تا لێـی بێئاگا نەبێت و بە هەمیشەیی و بەردەوام چـاوی لەسـەری بێـت، گـەر قەدەغـەلێكراو بیناسێت نەتوانێت دەست بۆ ئەو كارە ببات پێی دەوترێت "الرقیب" وەك ئـەوەی ئـەم ناوە بگەڕێتەوە بۆ "زانسـت و پارێزگـاری"، بـەڵام لـەو سـۆنگەیەوە كـە پەیوەسـت و پێویست و هەمیشەییە، سەرباری قەدەغەلێكراو پاسەوانیكراوە لە دەستبۆبردن.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

وەسفی چاودێری بەندە كاتێك پەسەندە گەر چاودێرییەكەی بە دڵ بۆ پەروەردگاری بێت، ئەوەش بەوەی بزانێت خودا چاودێری ئەوە، و لە هەموو شتێكدا دەیبینێت و بشزانێت نەفس و شەیتان دوژمنی ئەون و بە دوای هەلێكدا دەگەڕێن تاكو هەڵینێن بۆ بێئاگایی و سەرپێچیكردن، خۆی لەو دوانە بپارێزێت بەوەی بزانێت لە كوێوە دێنە ژوورەوە و چی لەبەر دەكەن و جێگەی هەڵچوون و پەلاماریان لە كوێوەیە، تاكو بتوانێت هەموو كون و كەلەبەر و دەروازەیەكیان لێ دابخات، ئەمە بریتییە لە چاودێری بەندە.

[١] ووشەی (الرقیب): (٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

٤٥

(الْمُجِيبُ)[١]

ئەو کەسەیە دەچێت بەهانای داواکاری داواکارانەوە و دوعای دوعاکارانەوە، ئەوەش بە وەڵامدانەوەیان و دابینکردنی پێویستی کەسە ناچار و بێپەناکان، بەڵکو بەر لە بانگ و هاوار و دوعای ئەوان دەچێت بە دەمیانەوە و نیعمەتی خۆی بە ئەوان دەبەخشێت و چاکەیان لەگەڵ دەکات، ئەمەش تەنها بۆ خودایە(**سبحانه وتعالى**)، ئەو پێویستی ئاتاجان دەزانێت بەر لە داواکانیان، ئەو(**سبحانه وتعالى**) لە ئەزەلەوە ئەمەی زانیوە، هۆکارەکانی دابینکردنی پێویستییەکانی بڕیارلێداوە، ئەوەش بە دروستکردنی خۆراك و رۆزی و بژێوی و ئاسانکاری هۆکارەکان و ئامڕازە گەیەنەرەکان بە هەموو ئەرك و کارەکان.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

پێویستە بەندە یەکەمجار وەڵامدەرەوەی بانگی پەروەردگاری بێت لەو شتانەی فەرمانی پێکردوون و نەهی لێکردوون، هەروەها لەو شتانەی خودا بە پەسەند دەیانبینێت و بانگ دەکات بۆ سەریان، پاشان وەڵامدانەوەی ئەو بەندانەی خودا کە خودا بە بەزەیی و چاکەی خۆی نیعمەتی بەسەردا داباراندوون و دەسەڵاتی ئەوەی پێداون خەڵکی بانگ بکەن بۆ لای خودا لە پێغەمبەران(علیهم السلام) و زانایان و صالحان، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو بەندانەی ئاتاجن لەو شتانەی خودا بەوی بەخشیوە و نیعمەتی بەسەردا داباراندووە، بە هەمان شێوە ئاسوودە کردن و بەختەوەر کردنی هەر داواکەرێك لەو شتانەی توانا و دەسەڵاتی ئەو دەیگاتێ، هەروەها جوان و شیرین وەڵامدانەوەی بەرانبەر بەو شتانەی توانا و دەسەڵاتی ئەو پێیان ناگات، خودا(**سبحانه وتعالى**)

---

[١] ووشەی (المجیب): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

دەفەرمویت: ﴿ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ ۝١٠ ﴾ الضحى: ١٠، هەروەها پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمویت: ((گەر بانگهێش بکرێم بۆ "کراع-لاقی گیاندارێك[1]" دەچم بە دەم داواکەوە، گەر دەستێکیش(دەستی گیاندارێك) بکرێتە هەدیەم وەریدەگرم))[2] ئامادەبوونی پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە بانگهێشکردنەکاندا و قبوولّ کردنی هەدیە ئەو پەڕی بەخشندەیی ئەو بووە، زۆرێك لە کەسی پەستی لوتبەرز هەن خۆیان بە گەورەتر تەماشا دەکەن لەوەی هەدیە وەربگرن و بچن بە دەم بانگهێشەکانەوە، بەڵکو پلە و پایە و لوتبەرزییەکەی خۆیان دەپارێزن، ئەوان گوێ بەوە نادەن کەسی داواکار چەندە تەنگەتاوە یا بە هۆی ئەوانیشەوە رووبەڕووی ئازار بووبێتەوە، ئەو کەسانە لە مانای ئەم ناوە هیچ بەشێکیان نییە.

---

1 {(لاق کەمترین گۆشتی پێوەیە و وەك ئەوە وایە ئێسقان بێت و تەنها پێستی بەسەردا هاتبێت)}.

2 رواه البخاري.

٤٦

(الْوَاسِعُ)[١]

له "السعة"ەوە داتاشراوە، "السعة"ش جارێك دەدرێتە پاڵ زانست گەر فراوان بێت و ئابلۆقەی بە زانیاری زۆر هەبێت، جارێکیش دەدرێتە پاڵ خێر و چاکە و بەخشینەوەی نیعمەت.

هەرچۆن ئەندازەگیری بکرێت و بەسەر هەر شتێکدا دابەزی بێت "واسع"ی رەها بریتییە لە خودا(سبحانە وتعالى)، چونکە گەر سەرنجی زانستەکەی بدرێت ئەوا کەناراوێك بۆ دەریای زانستی ئەو نابینرێتەوە، بەڵکو گەر دەریاکان ببن بە مەرەکەبی نووسینەوەی وشەکانی ئەو کۆتاییان پێ دێت، خۆ گەر لە چاکە و نیعمەتەکانی ئەو وردببینەوە کۆتاییەك بۆ چاکەکانی نابینرێتەوە.

بەڵکو هەموو بەرینی و فراوانییەك-با گەورە و مەزنیش بێت- کۆتاییەکی بۆ هەیە، ئەو شتە شایستە دەبێت بە ناوی فراوان، بەڵام خودا "الواسع"ی رەهایە، چونکە هەموو "واسع"ێك بەراورد بە بەرینتر لە ئەو بەرتەسکە، هەموو فراوانییەك لە زانستدا کۆتاییەکی بۆ هەیە، بۆیە زیادە لەسەری وێنا دەکرێت، بەڵام ئەوەی کۆتایی بۆ نییە و ناگاتە بەرێکی تر زیادە لەسەری وێنا ناکرێت.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەرینی بەندە لە مەعریفە و ئەخلاقیدایە، گەر زانستەکانی زۆر بوون ئەوا ئەو بەرینە بە ئەندازەی بەرینی زانستەکەی، گەر ئەخلاقی بەرین بوو تا وای لێ هات ترسی هەژاری و کینەی حەسوودی و زاڵبوونی هەڵپە و هەموو سیفەتە ناباشەکانی تر

---

[١] ووشەی (الواسع): (٩)جار له قورئاندا هاتووه.

ئەخلاقیان بەرتەسك نەكردەوە ئەوا ئەو كەسە ناوی "واسع"ی لێ دەنرێت، بەڵام هەموو ئەوانە كۆتایی و سنوور و رادەیەكیان بۆ هەیە و "واسع"ی حەقی رەها تەنها خودایە(**سبحانە وتعالی**).

٤٧

(الْحَكِيمُ)[1]

کەسێکی خاوەن حیکمەت..

حیکمەت بریتییە لە مەعریفەی باڵاترین شت بە باڵاترین زانست، باڵاترین بوون بریتییە لە خودا(سبحانه وتعالى)، پێشتر باسی ئەوەمان کرد تەنها خۆی خۆی دەناسێت و دەزانێت حەقیقەتی ئەو بوونە چییە، بۆیە ئەو حەکیمی راستەقینەیە، چونکە مەزنترین و باڵاترین شت بە مەزنترین و باڵاترین زانست دەزانێت، چونکە باڵاترین زانست بریتییە لە زانستی ئەزەلی هەمیشەیی کە وێنای تیاچوونی ناکرێت، زانستێك کە پڕاوپڕە لەگەڵ زانراوەکەدا بە پڕاوپڕی و هەماهەنگبوونێك شاردنەوە و لێڵی و تەمومژ رووی لێ نەکات، تەنها زانستی خودا بەمە وەسف دەکرێت، هەندێ جار بە ئەو کەسەی وردەکاری پیشەسازی و دروستکردن دەزانێت و تیایدا قاڵبووە و قووڵبووەتەوە دەوترێت "حکیم"، دیسان کەماڵی ئەمەش تەنها بۆ خودایە(سبحانه وتعالى) و هەر ئەوە حەکیمی رەها.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

هەر کەس هەرچی شتە بزانێت بەڵام خودا(سبحانه وتعالى) نەناسێت شایستە نییە ناوی حەکیمی لێ بنرێت، چونکە مەزنترین و باڵاترین بوونی نەناسیوە، حیکمەت مەزنترین زانستی ناو زانستەکانە و مەزنی و باڵابوونی زانست بە ئەندازەی مەزنی و باڵابوونی زانراوەکەیە، هیچ شتێکیش وەك خودا مەزن و باڵا نییە.

هەر کەس خودای ناسی کەسێکی حەکیمە، با ئاگاهی و داناییەکەی لە زانستە فەرمییەکانی تردا لاواز بێت، و زمانی کوڵ بێت و رۆشنکردنەوەی بۆیان کەموکورت بێت.

---

[1] ووشەی (الحكيم): (٩٤)جار لە قورئاندا هاتووە.

دەبێ ئەوە بزانین ڕێژەی حیکمەتی بەندە بۆ حیکمەتی خودا(سبحانه وتعالی) وەك ڕێژەی مەعریفەی بەندە بە خودا وایە بۆ مەعریفە(زانست)ی خودا(سبحانه وتعالی) بە خودی خۆی، جیاوازییەکی بەرین هەیە لە نێوان ئەو دوو مەعریفە و ئەو دوو حیکمەتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو دووریەش لێیەوە ئەو زانستە بەنرخترین و دەگمەنترین زانست و مەعریفەیە و گەورەترین و زۆرترین خێری لێوە بەرهەم دێت، هەر کەس حیکمەتی پێ بدرێت خێرێکی زۆری پێدراوە: ﴿وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾البقرة: ٢٦٩

بەڵێ، هەر کەس خودا بناسێت قسەکانی جیاوازە لە قسەی کەسانی تر، ئەو زۆر کەم خۆی دەداتە دەم شتە بەشەکییەکان(الجزئيات)، بەڵکو قسەکردنەکانی لە هەمووەکییەکان (الکليات)ە، خۆی ناداتە دەم بەرژەوەندییە کەم و کورتە گوزەرکردەکان، بەڵکو سەرقاڵی ئەوەیە لە سەرئەنجامی دوارۆژدا سوودی پێ دەگەیەنن، لەبەرئەوەی لای خەڵکی ئەمە ئاشکراترین شتێکە دەربارەی حاڵ و باری کەسی حەکیم ئەوا ناوی حیکمەت بۆ قسە و وشەگەلێکی هەمووەکی بەکاردەهێنرێت و ئەو کەسەش ئەو قسە هەمووەکییانە دەکات بە حەکیم ناودەبرێت.

ئەوەش وەك فەرموودەکەی سەروەری پێغەمبەران(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە دەفەرموێت: ((لوتکەی حیکمەت ترسانە لە خودا))[١].

هەروەها دەفەرموێت: ((کەسی دانا ئەو کەسەیە نەفسی خۆی لۆمە دەکات و بۆ دوای مردن کار دەکات، کەسی دەستەوسانیش ئەو کەسەیە نەفسی شوێنی ئارەزووی دەکەوێت و هیوا و خۆزگە لەسەر خودا دەخوازێت))[٢].

هەروەها دەفەرموێت: ((ئەوەی کەم بێ و بەش بکات چاکتر و باشترە لەوەی زۆر بێ و کەسەکە بێئاگا بکات))[٣].

---

[١] أخرجه الحكيم وابن لالي عن ابن مسعود وقال السيوطي حديث صحيح.
[٢] رواه أحمد في مسنده والترمذي وابن ماجة والحاكم في مستدركه وقال السيوطي حديث صحيح.
[٣] رواه أبو يعلى، قال السيوطي حديث صحيح.

هەروەها: ((هەر کەس ڕۆژی لێبووبیەوە لە جەستەیدا تەندروست بوو و لەناو دەستە و تیرەکەیدا ئاسایشی هەبوو، خۆراك و بژێوی ئەو ڕۆژەی هەبوو وەك ئەوە وایە هەموو دونیا ڕووی لەو کردبێت))[1].

هەروەها: ((ببە بە کەسێکی واریع دەبیت بە بەندەترین بەندەی خودا، ببە بە کەسێکی قانع دەبیت بە شاکیرترین بەندەی خودا))[2].

هەروەها: ((بەڵا بە قسە و زمانەوە ڕاگیراوە))[3].

هەروەها: ((بەختەوەر ئەو کەسەیە بە کەسانی تر پەند و ئامۆژگاری وەردەگرێت))[4].

هەروەها: ((بێدەنگی حیکمەتە و کەمن ئەوانەی ئەنجامی دەدەن))[5].

هەروەها: ((قەناعەت سامانێکە تەواو نابێت))[6].

هەروەها: ((ئارامگرتن نیوەی باوەڕە و یەقینیش هەموو ئیمانە))[7].

ئەم وشانە و نموونەکانیان پێیان دەوترێت حیکمەت و بە خاوەنەکەیان دەوترێت حەکیم.

[1] رواه البخاري في الأدب والترمذي وابن ماجة، قال السيوطي حديث صحيح.

[2] قال السيوطي حديث حسن.

[3] رواه الخطيب في التأريخ والبيهقي في شعب الإيمان.

[4] رواه الترمذي وقال غريب، وابن ماجة من حديث أبي هريرة.

[5] رواه أبو منصور الديلمي بسند ضعيف والبيهقي في الشعب.

[6] رواه القضاعي في "مسند الشهاب" وذكره السخاوي في "المقاصد"، قال السيوطي حديث ضعيف.

[7] رواه أبو نعيم في "الحلية" والخطيب في تأريخه والبيهقي في الشعب بأسانيد ضعيفة.

٤٨

(الْوَدُودُ)[١]

ئەو کەسەیە خێری بۆ هەموو کەسێك گەرەکە و چاکەیان لەگەڵ دەکات و مەدح و سەنایان دەکات، ئەم ناوە لە مانای ناوی "الرحیم"ەوە نزیکە، بەڵام "**رحمة**" بە دانەپاڵی بۆ لای رەحمپێکراو، رەحمپێکراویش بریتییە لە ئاتاجی ناچاری تەنگەتاو، کارەکانی "الرحیم" داوای رەحمپێکراوێکی لاواز دەکات، بە هەمان شێوە کارەکانی "الودود" داوای هەمان شت دەکەن، بەڵکو بەهرەمەندکردن بە نیعمەت هەر لە سەرەتاوە بەرهەمی "ود"ی خودایە(**سبحانه وتعالى**).

وەك چۆن مانای رەحمەتی خودا بریتییە لە ویستی خێر بۆ رەحمپێکراو و پێدانی بە ئەندازەی پێویستییەکەی(لەگەڵ ئەوەش ئەو(**سبحانه وتعالى**) پاك و بێگەردە لە سۆز و نەرمبوون و بەزەیی وەك مرۆڤ) بە هەمان شێوە "ود"ی خودا بریتییە لە ویستی بەخشین و رێزلێنان و نیعمەت(لەگەڵ ئەوەش پاك و بێگەردە لە مەیلی مەوەدەتی مرۆڤ ئاسا)، مەوەدەت و رەحمەت لە پای "رەحمپێکراو و مەودود"دا تەنها بەر و سوودەکەیان ویستراوە، نەك سۆز و مەیل، سوودەکە بریتییە لە کرۆکی رەحمەت و مەوەدەت، ئەمەش تەنها لە حەقی خودادا(**سبحانه وتعالى**) وێنا دەکرێت نەك ئەوانەی دەکەونە خوار ئەو دوو ناوەوە و لە سوودگەیاندنیان بێ مەرج نین(واتە مەیل و سۆزیان هەیە لەگەڵ رەحمەت و مەوەدەکەیاندا).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

وەدود لەناو بەندەکانی خودادا ئەو کەسەیە خێری بۆ هەموان دەوێت وەك چۆن بۆ خۆیی دەوێت، باڵاتر لەمەدا کەسەکە خێری ئەوان پێش دەخات بەسەر خێری خۆیدا،

[١] ووشەی (**الودود**): (٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

وەك یەكێك لەوانە دەڵێت: دەمەوێت ببم بە پردێك بەسەر ئاگرەوە و خەڵكی بەسەرمدا بپەڕنەوە و ئازاریان پێ نەگات.

كەماڵی ئەمەش ئەوەیە تووڕەیی و كینە و ئەوەی لە ئازار پێیگەیشتووە رێگر نەبن لە چاكە و ئیسارەكەی(پێشخستنی خەڵكی بەسەر خۆیدا).

وەك چۆن پێغەمبەر(صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ)-كاتێك قورەیش ئازاریاندا و لێیاندا- فەرمووی: ((خودایە لە هۆزەكەم خۆشببە چونكە ئەوان نازانن))[١].

كاری خراپی ئەوان رێگری نەكرد لەوەی ویستی خێری بۆ ئەوان هەبێت، هەروەها وەك چۆن فەرمانی بە عەلی كرد(خوا لێی رازی بێت) و فەرمووی: ((گەر دەتەوێ پێش نزیكان لە خودا بكەویت سەردانی ئەو كەسە بكە پەیوەندیت لەگەڵ دەپچڕێت، ببەخشە بەو كەسەی تۆ بێبەش دەكات، ئەو كەسەی ستەمت لێ دەكات تۆ لێی خۆشببە))[٢].

---

[١] رواه البخاري ومسلم.

[٢] رواه الطبراني في الأوسط إلا أنه قال: "ألا أدلك على أكرم أخلاق الدنيا والآخرة...".

٤٩

(الْمَجِيدُ)[١]

ئەو کەسەیە زاتێکی پاك و بەرز و بڵند و شکۆمەندی هەیە، و هەموو کارەکانی جوانن و چاکە و بەخشینەکانی زۆر و کەموێنەن، کاتێك پاکی و بەرزی و بڵندی زات لەگەڵ باشی و جوانی کاردا یەکدەگرن کەسەکە بە "مجد" ناودەبرێت، هەروەها دەبێتە "ماجد" بەڵام یەکێکیان ئاماژەی زیاتر دەکاتە سەر موبالەغە، وەك ئەوەی کۆکەرەوەی مانای ناوەکانی "الجليل و الوهاب و الكريم" بێت کە پێشتر قسەمان لێکردووە.

[١] ووشەی (المجید): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٥٠

(الْبَاعِثُ)[١]

ئەو کەسەیە ڕۆژی ڕاستبوونەوە خەڵکی زیندوو دەکاتەوە و ئەوانەی لە گۆڕدا بن بەئاگادێن و ئەوەی لە سینەدا شاراوەتەوە دێتە دەرەوە، **"البعث"** بریتییە لە سەرهەڵدان و دروستبوونەوەیەکی تر، ناسینی ئەم ناوە لەسەر زانین و ناسینی حەقیقەتی **"البعث"** وەستاوە، ئەوەش لێڵترین و ناڕوونترین زانستە، زۆرینەی خەڵکی وەهمی گشتی و ئەندێشەی تەمومژاوییان دەربارەی هەیە، ئەوپەڕی هەوڵیان ئەندێشەکردنیانە بەوەی مردن بریتییە لە نەبوون(عدم)، زیندووبوونەوەش هاتنەبوونێکی ترە لەدوای نەبوون هەروەك هاتنەبوونی یەکەم، ئەو گومانەی مردن بریتی بێت لە نەبوون(عدم) گومانێکی هەڵەیە، ئەو گومانەش هاتنەبوونی دووەم وەك هاتنەبوونی یەکەم وایە دیسان هەڵەیە، ئەو گومانەیان مردن بریتییە لە نەبوون پووچ و بێبنەمایە، چونکە گۆڕ یان چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ یان باخێکە لە باخەکانی بەهەشت، مردووەکانیش یان بەختەوەرن کە ئەوانە مردوو نین: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ﴾ آل عمران:١٦٩-١٧٠، یان بەدبەختن، ئەمانەش دیسان زیندوون، بۆ ئەو مەبەستە بوو پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە غەزوەی بەدردا بانگی لە کوژراوانی قورەیش کرد لە گۆڕەکانیان و فەرمووی: ((من ئەوەی خودا بە حەق بەڵێنی پێدابووم پێیگەیشتم، ئایا ئەوەی پەروەردگارتان بەڵێنی پێدابوون پێیگەیشتن؟)) پاشان کاتێك پێی وترا: چۆن بانگ لە دەستەیەك دەکەیت بوون بە کەلاك؟ فەرمووی: ((لەوەی پێیان دەڵێم ئێوە باشتر لە ئەوان نابیستن، بەڵام ناتوانن وەڵامم بدەنەوە))[٢].

---

[١] وشەی (الباعث): (٧) جار بە صیفاتی تعالا لە قورئاندا هاتووە.

[٢] رواه البخاري في صحيحه واحمد والطبراني.

موشاهەدەی ناوەکی کەسانی خاوەن بەصیرەت ئاماژە بەوە دەکات مرۆڤ بۆ نەمری خولقاوە و ڕێگەی نەبوون(عدم) لەبەردەمیدا نییە، ڕاستە جارێك لە جەستەی خۆی دادەبڕێت و دەوترێت: مردو جارێکیش جەستەی بۆ دەگەڕێتەوە دەوترێت زیندووبوویەوە، واتە جەستەی زیندووکرایەوە.

ئەو گومانەشیان گوایە زیندووبوونەوە هاتنەبوونی دووەمە هەروەك هاتنەبوونی یەکەم ئەمەش دیسان ناڕاستە، بەڵکو زیندووبوونەوە سەرهەڵدان و دروستبوونەوەیەکی ترە و لە هیچ ڕوویەکەوە گونجاوی و تەبایی لەگەڵ سەرهەڵدان و دروستبوونی یەکەمدا نییە، چەندین سەرهەڵدان و دروستبوون بۆ مرۆڤ بوونیان هەیە، تەنها بریتی نین لە دوو سەرهەڵدان، بۆیە خودا(سبحانه وتعالى) دەفەرموێت: ﴿وَنُنشِئَكُمْ فِي مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾﴾ الواقعة: ٦١، هەر بەو جۆرە خودا(سبحانه وتعالى) لەدوای دروستکردنی جوواو(**مضغة**) و لکێنراو(**معلقة**) و قۆناغەکانی تر دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ﴾ المؤمنون: ١٤، بەڵکو نوتفە سەرهەڵدانێکە لە خاکەوە و جوواو سەرهەڵدانێکە لە نوتفەوە و لکاو سەرهەڵدانێکە لە جوواوەوە و ڕۆح سەرهەڵدانێکە لە لکاوەوە، لەبەر گەورەیی و بەرز و بڵندی و شکۆمەندی و ڕەببانیبوونی ڕۆح خودا(عز وجل) دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴿١٤﴾﴾ المؤمنون: ١٤، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ ۖ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي﴾ الإسراء: ٨٥، پاشان پەیبردنە هەستییەکانی لەدوای دروستکردنی بنەڕەتی ڕۆح سەرهەڵدانێکی ترە، پاشان سەرهەڵدانی جیاکردنەوە(تمییز) لە مرۆڤدا -لەدوای تەمەنی حەوت ساڵ- سەرهەڵدانێکی ترە، پاشان دروستکردنی ئەقڵ -لەدوای تەمەنی پازدە ساڵ- سەرهەڵدانێکی ترە، هەموو سەرهەڵدانێك قۆناغێکە: ﴿وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا ﴿١٤﴾﴾ نوح: ١٤، پاشان سەرهەڵدانی تایبەتمەندی ویلایەت -بۆ کەسێك خودا ئەو ڕۆزییەی پێدابێت- سەرهەڵدانێکی ترە، ئەمە جۆرێکە لە زیندووبوونەوە، خودا(سبحانه وتعالى) **"باعث"**ی پێغەمبەرانە(علیهم السلام) وەك چۆن لە ڕۆژی کۆبوونەوەدا **"باعث"**ی هەموو ئەوانەیە لە گۆڕدان[1].

[1] {(واتە خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە مرۆڤەکان -بە ئیمان- زیندوو دەکاتەوە وەك چۆن خۆی لە دواڕۆژدا مردوو زیندوو دەکاتەوە)}.

هەروەك چۆن ئەو منداڵـەی لـە لانكەدایـە دژوارە بـۆی لـە راسـتەقینەی جیاكردنـەوە (تمییز) تێبگات بەر لە گەیشتن بە قۆناغی جیاكردنەوە، هەروەها منـداڵی جیاكـەرەوە تێگەیشتن لە راستەقینەی ئەقڵ لەلای دژوارە بەر لە گەیشتن بەو قۆناغـە، بـە هـەمان شێوە تێگەیشتن لە قۆنـاغی ویلایـەت و پێغەمبەرایـەتی دژوارە بـۆ ئـەو كەسـەی لـە قۆناغی ئەقڵدایە، چونكە ویلایەت قۆناغێكی كەماڵـە لەپشـت سـەرهەڵدانی ئەقڵـەوە وەك چـۆن ئـەقڵ قۆنـاغێكی كـەماڵ بـوو لـەوای سـەرهەڵدانی جیاكردنـەوەوە، جیاكردنەوەش قۆناغێكی كەماڵ بوو لەدوای سەرهەڵدانی هەستەكانەوە.

وەك چۆن لە سروشتی مرۆڤە شتێك رەدبكەنەوە پێینەگەیشتوون و بەدەستیان نەهێناوە، تا هەریەكێك ئـەوەی نـەیبینیوە و بەدەسـتی نـەهێناوە نـەرێی دەكـات و بـاوەڕ بـەوە ناهێنێت لە ئەو بزر و نادیارە، بۆ نموونە لە سروشتیان رەدكردنـەوەی ویلایـەت و كـارە سەرسوڕهێنەكانی و پێغەمبەرایەتی و كارە پڕ نهێنییەكانییەتی، بەڵكو لە سروشـتیان نـەرێكردنی زیندووبوونـەوە و ژیـانی دوارۆژە، چـونكە هێشـتا پێینەگەیشـتوون، گـەر قۆناغی ئەقڵ و كارە سەرسوڕهێنەكانی جیهانەكەی و ئەوەی تیایـدا دەردەكـەوێت بـۆ منداڵێكی جیاكەرەوە بخرێتە روو ئەوا نەرێی دەكات و رەدی دەكاتەوە و بوونی بە محاڵ دەبینێت، هەر كەس ئیمان بە شتێك بهێنێت كە خۆی پێینەگەیشتبێت ئەوە ئیمانی بە نادیار و پەنهان(غیب) هێناوە، هەر ئەوەش كلیلی هەموو بەختەوەرییەكانە.

وەك چۆن قۆناغی ئەقڵ و پەیبردنەكان و سەرهەڵدانی تەبایی و گونجـاوی لـە پەیبردنـە هەسـتییەكانی پـێش ئـەو قۆناغـە دوورە هـەر بـەو جـۆرە زیندووبوونـەوە و سـەرهەڵدانێكی تـر دوورتـرە و نابێـت بـە سـەرهەڵدانی یەكـەم و هاتنـەبوونی یەكـەم پێوانە بكرێت، ئەو سـەرهەڵدان و زیندووبوونـەوەی دووەمـە كۆمـەڵێك قۆنـاغی یـەك خودە، كۆمەڵێك پلەیە كە ئەو خودە پیایدا بەرزدەبێتەوە بۆ ئاست و پلـەكانی كـەماڵ تا دەگاتە خزمەتی خودا كە كۆتایی هەرچی كەماڵە، ئەو كات لەلای خودا لـە نێـوان رەدكردنـەوە و قبـووڵ و پـەردە بـەڕووداوان و گەیشـتن بـە خـودا دەبێـت، گـەر خـودا قبووڵی كرد بەرز دەبێتەوە بۆ باڵاترین باڵاكان(أعلى العليين)، ئەگینا بەردەبێتـەوە بـۆ پەسترینی پەسەتەكان(أسفل السافلين).

مەبەستەکە ئەوەیە تەبایی و گونجاوی نییە لە نێوان ئەو دوو سەرهەڵدانەدا لەڕووی ناوەوە، هەر کەس سەرهەڵدان و زیندووبوونەوە نەزانێت ناوی **"الباعث"** ناناسێت، لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەمە درێژە دەکێشێت با تێپەڕێنین.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

حەقیقەتی **"البعث"** دەگەڕێتەوە بۆ زیندووکردنەوەی مردووان و سەرهەڵدانەوە بۆ جارێکی تر، نەزانین بریتییە لە گەورەترین مردن، زانستیش بریتییە لە بالآترین ژیان، خودا زانست و نەزانی لە قورئاندا باس کردووە و بە ژیان و مردن ناوی هێناون، هەر کەس یەکێك لە نەزانینەوە بەرەو زانست بەرز بکاتەوە ئەوا سەرهەڵدانێکی تری پێداوە و زیندووی کردووەتەوە بۆ ژیانێکی چاك و پاك، گەر چوونەژوورەوەیەك بۆ بەندە بوونی هەبێت لە سوودگەیاندن بە خەڵکی بە زانست بانگکردنیان بۆ لای خودا(**سبحانە وتعالى**) ئەوە جۆرێکە لە زیندووکردنەوە، ئەو پلەیەش پلە و پایەی پێغەمبەران و ئەو کەسانەن لە زانایان بوون بە میراتگری پێغەمبەران(علیهم السلام).

٥١

(الشَّهِيدُ)[١]

ماناکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی "العلیم" لەگەڵ تایبەتمەندی دانەپاڵ، ئەو(**سبحانە وتعالی**) زانای پەنهان و ئاشکرایە(**عالم الغیب والشهادة**)، پەنهان(غیب) ئەو شتەیە شاراوەتەوە و ئاشکرا(**شهادة**)ش ئەوەیە دەرکەوتووە، خودا بۆ خۆی هەموو ئەوانە دەبینێت.

گەر بەڕەهایی باس لە زانست بکرێت ئەوا خودا بە ناوی "العلیم" ناودەبرێت، گەر زانست بدرێتە پاڵ پەنهان و کارە شاراوەکان ئەوا بە ناوی "الخبیر" ناودەبرێت، خۆ گەر بدرێتە پاڵ کارە ئاشکراکان ئەوا بە ناوی "الشهید" ناودەبرێت.

لەگەڵ ئەمەش لە رۆژی دواییدا خودا(**سبحانە وتعالی**) شایەتی لەسەر دروستکراوەکانی دەدات بەوەی دەربارەی ئەوان دەیزانێت و لێی بینیون، قسە لەسەر ئەم ناوە نزیکە بە قسەکردن لەسەر ناوی "العلیم الخبیر" بۆیە دووبارەی ناکەینەوە.

---

[١] ووشەی (الشهید): (٢١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٥٢

(الْحَقُّ)[١]

ئەو کەسەیە بەرانبەر بە "الباطل"ە..

شتەکان بە دژەکانیان روون و رۆشن دەبنەوە، هەر شتێك هەواڵی لەمەڕ دەدرێت یان بە رەهایی پووچ و بێبنەمایە یان بە رەهایی حەقە یاخود لە روویەکەوە حەقە و لە روویەکی ترەوە پووچە.

ئەوەی لە خودی خۆیدا رێلێگراوە بەرەهایی پووچە، ئەوەش لە خودی خۆیدا پێویستە بەرەهایی حەقە، ئەوەش لە خودی خۆیدا گونجاوە و بە کەسێکی ترەوە پێویستە ئەوە لەڕوویەکەوە حەقە و لەڕوویەکی ترەوە پووچە، ئەو وەك خودی خۆی بوونی نییە بۆیە پووچە، بەڵام لەڕوویەکی ترەوە کە بوونی لە کەسێکی ترەوە وەرگرتووە ئەوا لەم رووەوە سوودمەند بووە لە بوون حەق و بە حەق دادەنرێت، بەڵام لە رووی خودی خۆیەوە پووچە، بۆیە خودا(سبحانه وتعالى) دەفەرموێت: ﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ﴾القصص: ٨٨، ئەو بەتەنها لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە لە حاڵ و بارێکدا نییە نزمتر لە حاڵ و بارێکی تر، چونکە هەرچی شتی ترە بە ئەزەلی و هەتاهەتایی لەڕووی خودی خۆیانەوە شایستەی بوون نین، بەڵکو لەڕووی خوداوە شایستە بوون بە بوون، کەوابوو ئەوان لە خودی خۆیاندا پووچن و بوونیان بە خوداوە حەقە.

لێرەدا حەقی رەها پێناسە دەکرێت بەوەی هەبوویەکی حەقیقییە لە خودی خۆیدا کە هەموو حەقێك حەقیقەتی خۆی لە ئەوەوە وەردەگرێت.

هەندێ جاریش بەو ماقووڵ(ژنەوراو)ەی کە ئەقڵ لە هەبوودا رێکەوتی پێ دەکات دەوترێت حەق، ئەو لە رووی خودی خۆیەوە بە "هەبوو" ناودەبرێت، لەڕووی دانەپاڵی

---

[١] ووشەی (الحق): (٥) لەناوەجوانەکان بەلاّم بە صیفات زۆرجار لە قورئاندا هاتووە.

بۆ ژیری کە پەیی پێبردووە-لەسەر ئەوەی کە لەسەریەتی- پێی دەوترێت حەق.

کەوابوو شایستەترین هەبوو بەوەی حەق بێت بریتییە لە خودا(**سبحانه وتعالى**)، شایستەترین مەعریفەیەك بەوەی حەق بێت بریتییە لە مەعریفەی خودا(**عز وجل**)، چونکە ئەو لە خودی خۆیدا حەقە، واتە تەبا و پڕاوپڕە بە زانراو لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە، پڕاوپڕی و هەماهەنگی لەگەڵ خودی خۆیدا نەك لەگەڵ شتێکی تر جگە لە خۆی، وەك زانست نییە بە بوونی شتانی تر جگە لە خۆی، ئەوە تەنها لە بارێکدا دەبێت ئەو شتە هەبوو بێت، گەر نەبوونی بەسەردا هات ئەو باوەڕە دەبێتە پووچ، ئەو باوەڕەش نابێتە حەق بۆ ئەو خودەی باوەڕی پێیەتی، چونکە لە خودی خۆیدا هەبوو نییە، بەڵکو هەبووە بۆ جگە لە خۆی.

هەندێ جار "**حق و باطل**" بۆ قسە و گوفتار بەکاردەهێنرێن و دەوترێت: "**قول حق**" و "**قول باطل**" لەسەر ئەم بەکارهێنانە حەقترین قسە بریتییە لە "**لا إله إلا الله**" چونکە لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە لە خودی خۆیدا راست و رەوانە نەك بە شتێکی ترەوە جگە لە خۆی بە حەق دابنرێت.

کەوابوو حەق بەکاردەهێنرێت بۆ بوونی شتەکان و تەنەکان، هەروەها بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو بوونەی لەناو زەیندایە کە بریتییە لە مەعریفە، هەروەها بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی لەسەر زمانە کە بریتییە لە گۆکردن(**نطق**)ی وشە.

شایستەترین شت بەوەی حەق بێت ئەو بوونەیە کە بوونەکەی لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە لە خودی خۆیدا جێگیرە و مەعریفەکەشی لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە حەقە، شایەتیدانیش بەمە لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە حەقە، هەموو ئەمانەش بۆ خودی هەبووی حەقیقی دەگەڕێتەوە نەك بۆ شتێکی تر جگە لە ئەو.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لەم ناوە ئەوەیە نەفسی خۆی بە پووچ ببینێت و جگە لە خودا هیچ شتێکی تر بە حەق نەبینێت، گەر بەندە حەق بێت حەقبوونەکەی بە خودی خۆیەوە نییە، بەڵکو ئەو بە خوداوە حەقە، چونکە ئەو بە خوداوە هەبووە نەك بە خودی خۆیەوە، بەڵکو ئەو

به خودی خۆیەوە پووچە گەر هێنانەبوونی حەق بۆ ئەو نەبوایە، هەڵەی کردووە ئەو کەسەی دەڵێت: **"من حەقم" مەگەر یەکێك لەم تەئویلانەی بۆ بکەین:**

یەکەمیان: مەبەستی ئەوە بێت بە حەقەوە حەقە، ئەمەش تەئویلێکی دوورە، چونکە گوزارشتەکە ئەمە ناگەیەنێت.

تەئویلی دووەم: ئەوەیە کەسەکە لە حەقدا نغرۆ بووبێت و رۆچووبێت تا وای لێهاتبێت جێگەی هیچ شتێکی تری جگە لە حەق تێدا نەبێتەوە، هەر کەس هەمووەکی شتێك وەربگرێت و تیایدا نغرۆ ببێت دەوترێت ئەو ئەوە، وەك شاعیرێك دەڵێت: **"أنا من أهوى ومن أهوى أنا"** مەبەستی نوقمبوون و نغرۆبوونە لەو کەسەکەدا.

لەبەر ئەوەی زاڵ بەسەر ئەهلی تەصەوفدا فەنابوونی نەفسی خۆیانە لەڕووی خودی خۆیانەوە بۆیە لە زۆربەی حاڵەکانیاندا لە ناوە جوانەکانی خودا ناوی حەق بەسەر زمانیاندا گوزەر دەکات، چونکە سەرنجی زاتێکی راستەقینە دەدەن جیا لەوەی تیاچووە و فانییە لە خودی خۆیدا.

لەبەرئەوەی ئەهلی کەلامیش دوورترین کەسێکن لە مەقامی بەڵگەهێنانەوە بە کردارەکان لە ناوە جوانەکانی خودا ناوی "البارىء"-بە مانای "الخالق"- بەسەر زمانیاندا گوزەر دەکات.

زۆربەی خەڵکی هەرچی شتە جگە لە ئەو دەبینن و دەیانکەنە بەڵگە بۆ سەر ئەو(**سبحانه وتعالى**)، ئەوان خودا بەم ئایەتە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات: ﴿ **أَوَلَمْ يَنظُرُوا۟ فِى مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ** ﴾ الأعراف: ١٨٥، صادیقان جگە لە ئەو شتێکی تر نابینن بۆیە بە خودا بەڵگە دەهێننەوە لەسەر بوونی شتەکانی تر، ئەوان بەم ئایەتە گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە: ﴿ **أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ** ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت: **٥٣**

٥٣

(الْوَكِيـلُ)[1]

ئەو کەسەیە کاروبارەکان رادەستی ئەو دەکرێن.

بەڵام رادەستکراو بۆ دوو بەش دابەش دەبن:

کەسێك هەندێ شتی رادەست دەکرێت، ئەمە ناتەواوە.

کەسێکیش هەموو شتێکی رادەست دەکرێت، ئەمەیان تەنها بۆ خودایە(**سبحانە وتعالى**).

هەروەها رادەستکراو دیسان دابەش دەبێت بۆ:

-کەسێك کە شایستەیە بەوەی کاروباری رادەست بکرێت نەك بە خودی خۆی، بەڵکو بە بریکاری و رادەست کردن، ئەمەیان ناتەواوە، چونکە هەژار و ئاتاجە بەوەی بکرێت بە سەرپەرشتیار و رادەستکراو.

-لەگەڵ کەسێك کە لە خودی خۆیدا شایستەیە بەوەی کاروبارەکانی رادەست بکرێت و دڵان تەوەکولی پێ ببەستن، ئەمەش نەك بە کردنی بە سەرپەرشتیار و رادەستکراو لەلایەن کەسانێکەوە جگە لە خۆی، ئەم کەسە بریتییە لە "وکیل"ی رەها.

وەکیلیش دیسان دابەش دەبێت بۆ:

-ئەو کەسەی وەفادارە بەوەی رادەستی کراوە بە وەفادارییەکی تێر و تەواو و بێ کەموکورتی.

-کەسێك وەفادار نییە بە هەموو.

وەکیلی رەها ئەو کەسەیە هەموو کاروبارەکان رادەستی خۆیەتی، ئەو بە هەموو کارەکان هەڵدەستێت و وەفادارە بە تەواوکردنیان، ئەو کەسەش تەنها خودایە(**سبحانە وتعالى**).

بەم برە چوونە ژوورەوەی بەندە بۆ مانای ئەم ناوەت لا رۆشن بوویەوە.

---

[1] ووشەی (الوکیل): (٢٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

٥٤ ٥٥

(الْقَوِيُّ)[١] (الْمَتِينُ)[٢]

"**القوة**" ئاماژە دەكات بۆ توانا و دەسەڵاتی تێر و تەواو، "**المتانة**"ش ئاماژە دەكات بۆ توندی و بەهێزی ئەو هێزە.

خودا(**سبحانه وتعالى**) لەو رووەوە توانا و دەسەڵاتی تێر و تەواوە كەسێكی بەهێزە، لەو رووەوەش كە هێزەكەی توند و بێپایانە كەسێكی "متین"ە، ئەمانەش بۆ مانای "**قدرة**" دەگەڕێنەوە كە لە شوێنی خۆیدا باسی لەبارەوە دەكەین.

[١] ووشەی (**القوي**): (٩)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (**المتين**): (١)جار لە ناوەجوانەكان وە (٢) جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

٥٦

(الْوَلِيُّ)[1]

بریتییه له موحیبی سەرخەر..

پێشتر قسه لەبارەی مانای مەوەدەت و مەحەبەتی خودا کرا، مانای سەرخستن (نُصرة)ی خوداش ئاشکرایه، ئەو(سبحانه وتعالى) دوژمنانی ئایین قەلاچۆ دەکات و دۆستانی خۆی سەردەخات، خودا(سبحانه وتعالى) دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ البقرة: ٢٥٧، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَأَنَّ الْكَافِرِينَ لَا مَوْلَىٰ لَهُمْ ﴿١١﴾﴾ محمد: ١١، واته سەرخەریان بۆ نییه، هەروەها دەفەرموێت: ﴿كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي﴾ المجادلة: ٢١

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

وەلی له بەندەکان ئەو کەسەیه خودای خۆشدەوێت و دۆستانی خودای خۆشدەوێت و خودا و دۆستانی خودا سەردەخات و دوژمنایەتی دوژمنەکانی دەکات.. له دوژمنانی خودا نەفس و شەیتانن، هەر کەس ئەم دوانەی سەرشۆڕ کرد و فەرمانی خودای سەرخست و دۆستایەتی دۆستانی خودای کرد و دوژمنایەتی دوژمنەکانی خودای کرد ئەو کەسه دەبێته وەلی لەناو بەندەکاندا.

---

[1] ووشەی (الولي): (٢٠)جار له قورئاندا هاتووه.

٥٧

(الْحَمِيدُ)[١]

ئەو کەسەیە کە مەحموود و سەناکراوە..

خودا(سبحانه وتعالى) بریتییە لە "الحمید" لەبەرئەوەی لە ئەزەلەوە حەمدی خودی خۆی کردووە و بەندەکانیشی بۆ هەتاهەتایە حەمدی دەکەن.

ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتەکانی "جلال و علو و کمال-شکۆمەندی و بەرزوبڵندی و کەماڵ" و دەدرێتە پاڵ یادی یادکەران بۆ ئەو(سبحانه وتعالى)، چونکە حەمد بریتییە لە باسکردنی وەسفەکانی کەماڵ لەو رووەوە کە ئەو(سبحانه وتعالى) خاوەنی کەماڵە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

حەمید لە بەندەکان ئەو کەسەیە بیروباوەڕ و ئەخلاق و هەموو کاروکردەوەکان و گوفتارەکانی باش و پەسەندن و هیچی تێکەڵ نەکردوون، ئەو کەسەش بریتییە لە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەو کەسانەی لە پێغەمبەرەوە(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نزیکن لە پێغەمبەران(علیهم السلام) و پاشان دۆستانی خودا و زانایان، هەریەکێك لەوانە بە ئەندازەی باشی و پەسەندی بیروباوەڕ و ئەخلاق و کردار و گوفتاری باش و پەسەندە.

گەر هیچ کەسێك لە ناپەسەندی و ناتەواوی خاڵی نەبێت-با شتە پەسەند و باشەکانیشی زۆر بن- ئەوا "حمید"ی رەها تەنها بریتی دەبێت لە خودا(سبحانه وتعالى).

[١] ووشەی (الحمید): (١٧)جار لە قورئاندا هاتووە.

٥٨

(الْمُحْصِي)[١]

بریتییە لە زانا(العالم).

بەڵام گەر زانستەکە درایە پاڵ زانیاری(زانراوەکان) لەو رووەوە کە زانیارییەکان ئامار دەکات و دەیانژمێررێت و ئابڵۆقەی پێیان هەیە پێی دەوترێت "**إحصاء**-ئامارکردن".

"**المحصي**-ئامارکەر(هەژمارکەر)"ی رەها بریتییە لەو کەسەی سنوور و ژمارە و رادەی هەر شتێك لەلای ئاشکرایە.

با بەندەش بتوانێت بە زانستەکەی هەندێ زانیاری ئامار(هەژمار) بکات، بەڵام دەستەوسانە لە ئاماکردنی هەموو زانیارییەکان، بۆیە چوونە ناوەوەی لەم ناوە لاوازە وەك چوونە ناوەوەی بۆ ناو بنەڕەتی زانست[٢].

بەشی بەندە لەم ناوە ئامارکردنی جووڵە و وەستانی خۆیەتی لەگەڵ چاودێری کردنی خودا لە پەنهان و ئاشکرادا.

---

[١] ووشەی (**المحصي**): (٥)جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

[٢] {(رەحمەتی خودا لە ئیمامی غەزالی، گەر ئەم چاخەی ئێمەی ببینیبابە کە چاخی زانست و ئامار و هەژماری تەکنەلۆژیایە و چاوی بەو ئامێرانەی کۆکەرەوەی زانیاری بکەوتبایە کە ملیارەها لاپەڕە لە زانیاری لە رۆژێکدا کۆدەکەنەوە و تۆماری دەکەن و هەژماری دەکەن، ئەوا دەیفەرموو: مرۆڤ لە ناوی "**المحصي**" بەشێکی گەورەی پێدراوە، بەڵام بەراورد بە زانستی خودا هێشتا هەر هیچە و بە هیچ نەکەیشتووە)}.

٥٩ ٦٠

(الْمُبْدِئُ)[١] (الْمُعِيدُ)[٢]

ماناکەیان بریتییە لە "الموجد"..

بەڵام گەر هێنانەبوون نموونەی پێشتری نەبێت پێی دەوترێت "**إبداء**-دەستپێکردن"، گەر نموونەی پێشتری هەبێت پێی دەوترێت: "**إعادة**-دووبارەکردنەوە".

خودا(**سبحانه وتعالى**) دروستکردنی مرۆڤی دەستپێکرد پاشان هەر ئەوە(**سبحانه وتعالى**) دووبارە دروستیان دەکاتەوە و کۆیاندەکاتەوە، هەموو شتەکان لە خوداوە دەستیان پێکردووە و دەرکەوتوون و بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، واتە بە ئەو دەستیان پێکردووە و بە ئەو دەگەڕێنەوە.

[١] ووشەی (**المبدیء**): (٨)جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (**المعید**): (١٥)جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

٦١ ٦٢

(الْمُحْيِي)[١] (الْمُمِيتُ)[٢]

ئەم دوو ناوەش دیسان دەگەڕێنەوە بۆ هێنانەبوون، بەڵام گەر پێدانی ژیان بوو بە هەبوو(موجود)ەکە پێی دەوترێت "إحیاء-زیندووکردنەوە"، گەر لێوەرگرتنەوەی ژیان بوو پێی دەوترێت "إماتة-مراندن"، تەنها خودا(**سبحانه وتعالی**) دروستکەری مردن و ژیانە، پێشتر لەسەر مانای ژیان لە ناوی "**الباعث**"دا ئاماژەمان کردووە و لێرە دووبارەی ناکەینەوە.

[١] ووشەی (**المحي**): (٢)جار بە ناوەجوانەکان و (٤٦)جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (**الممیت**): (١٤)جار بە صیفات لە قورئاندا هاتووە.

٦٣

(الْحَيُّ)[1]

بريتییه له "الفعال الدراك-زۆر كارای زۆر پەیبەر".. تا وایلێهاتووه ئەو شتەی كردار و پەیبردنی نییه به مردوو سەرژمێر دەكرێت، كەمترین پلەی پەیبردن ئەوەیه به خودی خۆی پەیپێبراوەكه هەست پێ بكات، ئەوەی به خودی خۆی هەست پێ ناكات بریتییه له بێگیان و مردووان.

زیندووی كاملّی رەها ئەو كەسەیه هەموو پەیپێبراوەكان دەكەونه ژێر پەیپێبردنی و هەموو بوونەكان دەكەونه ژێر كردارەكانییەوە، تا پەیپێبراوێك له زانستی ئەو جیانابێتەوە و بەركارێك له كاری ئەو دەرناچێت، هەموو ئەوانه تەنها بۆ خودان(سبحانه وتعالى)، هەر ئەوە زیندووی رەها، هەرچی زیندووی تره جگه له ئەو زیندەگییەكەی به ئەندازەی پەیبردن و كردارییەتی، هەموو ئەوانەش له كەمیدا سنووردار و رادەدارن، پاشان زیندووەكان له نێوان خۆیاندا جۆراوجۆرن، ئاستەكانیان به ئەندازەی جیاوازییەكەیانه له زیندەگیدا، وەك پێشتر دەربارەی ئاستی زیندەگی فریشته و مرۆڤ و ئاژەڵان ئاماژەمان پێكرد.

---

[1] ووشەی (الحي): (١٤)جار له قورئاندا هاتووه.

٦٤

(الْقَيُّومُ)[1]

بزانە شتەکان دابەش دەبن بۆ:

-ئەوانەی ئاتاجن بە جێگە وەك مەرامەکان و وەسفەکان، تیاندا دەوترێت: ئەمانە لەسەر خۆیان رانەوەستاون.

-ئەوانەی پێویستیان بە جێگە نییە، دەوترێت: لەسەر خۆیان راوەستاون، وەك تەنەکان.

هەرچەند تەنەکان لەسەر خۆیان وەستاون و ئاتاجییان بە جێگەیەك نییە رایانبگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بێنیاز نین لە کۆمەڵێك شت کە بۆ بوونیان هەر دەبێ هەبن و ببنە مەرج بۆ بوونیان، بۆیە ئەمانەش لەسەر خۆیان رانەوەستاون، چونکە لە راگیربوونەکەیاندا ئاتاجن بە بوونێکی تر، با ئاتاجیش نەبن بە جێگە.

گەر لە بووندا بوونێك هەبێت خودی خۆی بە خودی خۆیەوە بێت و ئاتاج نەبێت بە راگیرکردنی لەلایەن بوونی ترەوە و بۆ بەردەوامی بوونی ئاتاج بە بوونی تر نەبێت ئەوا ئەو بوونە بەڕەهایی بە خودی خۆیەوە وەستاوە و راگیراوە، گەر لەگەڵ ئەوەدا هەرچی بوونی ترە بە ئەوەوە راگیرابێت تا بە جۆرێك وێنا نەکرێت شتەکان بوون و بەردەوامییان بۆ هەبێت بەبێ بوون و بەردەوامی ئەو ئەوا ئەو کەسە دەبێتە "القیوم"، چونکە راوەستانەکەی بە خودی خۆیەوەیە و راگیرانی هەموو شتەکانی تر بە ئەوەوەیە، ئەو کەسەش تەنها خودایە(**سبحانه وتعالی**).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

چوونەژوورەوەی بەندە لەم ناوە بە ئەندازەی بێنیازبوونییەتی لە هەرچی شتێك جگە لە خودا(**سبحانه وتعالی**).

---

[1] ووشەی (القیوم): (٣)جار لە قورئاندا هاتووە.

(الْوَاجِدُ)[١]

ئەو کەسەیە ئاتاج بە هیچ شتێك نییە و لە بەرانبەر "الفاقد-بێبەش"دا دادەنرێت.

لەوانەیە گەر کەسێك شتێکی لەدەست بچێت و ئاتاج نەبێت پێی پێینەوترێت "فاقد-بێبەش"، ئەوەش کە ئامادە دەبێت و پەیوەستبوون و کەماڵی بە خودی خۆیەوە نییە پێی ناوترێت "واجد"، بەڵکو "واجد" کەسێکە ئاتاج بە هیچ شتێك نییە لەوەی کە هەر دەبێت بۆی هەبێت لە ئەوەوە.

هەموو ئەوەی هەر دەبێت ببێت لە کەماڵ و سیفەتە خوداییەکان ئەوە بۆ خودایە(سبحانە وتعالی)، بەم تێڕوانینە ئەو بریتییە لە "واجد" و هەر ئەو "واجد"ی رەهایە، جگە لە ئەو گەر "واجد"ی شتێك بێت لە سیفەتەکانی کەماڵ و هۆکارەکانی ئەوا بێبەشبووە لە چەندین شتی تر، بۆیە تەنها بە رێژەیی "واجد"ە نەك بە رەهایی.

---

[١] ووشەی (الواجد): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

٦٦

(الْمَاجِدُ)[١]

بە مانای "المجید" وەك "العالم" بە مانای "العلیم" بەڵام كێشی "الفعیل" موبالەغەی زۆرتری تێدایە، پێشتر باس لە مانەكەی كراوە.

[١] ووشەی (الماجد): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

٦٧

(الْوَاحِدُ)[١]

ئەو کەسەیە بەش ناکرێت و نابێت بە دوان..

ئەوەی کە بەش ناکرێت، وەك ئەو جەوهەرەی دابەش نابێت[٢]، دەوترێت: ئەو(سبحانە وتعالی) یەکە، بەو مانایەی بەش ناکرێت، هەروەك چۆن خاڵ بەشی نییە، خودا(سبحانە وتعالی) یەکە، بەو مانایەی کە محاڵە ئەندازەگیری دابەشبوون لە زاتیدا بکرێت.

ئەوەش کە دوانی نییە، وەك ئەوەی هاوشێوە و هاوشانی بۆ نییە بۆ نموونە وەك خۆر[٣] هەرچەند خۆر بە ئەندێشە قابیلی دابەشبوون و پارچە پارچەبوونە لە خودی خۆیدا، چونکە لە تەنەکانە و هاوشێوەی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەگەری هەیە هاوشێوەی هەبێت[٤].

گەر لە بووندا بوونێك هەبێت لە تایبەتمەندی بوونەکەیدا تەنهاکەوتبێتەوە بە تەنهاکەوتنەوەیەك وێنای هاوبەشیکردنی لەگەڵ کەسانی تر و شتانی تر لێوە نەکرێت ئەوا ئەو کەسە "واحد"ی تەنهای رەهایە لە ئەزەلەوە بۆ هەتاهەتایە.

---

[١] ووشەی (الواحد): (١٨)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] {(ئەمە بیرۆکەیەکی کۆنی فەیلەسوفانە، ئەوان پێیانوابوو گەردیلە بچووکترین تەنە و دابەش نابێت و بچووکتر لە ئەو بوونی نییە، بەڵام زانستی فیزیای هاوچەرخ ئەو بیرۆکەی وەلانا و گەردیلەی بۆ ناوك و ئەلەکترۆن دابەش کرد، دواتر ناوکی بۆ پرۆتۆن و نیوترۆن دابەش کرد، لەمانەش وردبوویەوە و گەیشتە ئەو راستییەی بونیادی گەردوون بریتییە لە وزە)}.

[٣] {(ئەمەش زانستی نوێ لە رێگەی تەلەسکۆبەوە لەسەری قسەی تری هەیە، هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان بریتین لە خۆر، هەیانە بچووکتر لە خۆرەکەی ئێمە و هەیانە گەورەتر و هەشیانە زۆر زەبەلاح)}.

[٤] {(ئەمەیە گەورەی زانستی ئیمامی غەزالی، بەبێ ئەوەی تەلەسکۆب داهێنرا بێت ئەگەری بوونی خۆری تر رەد ناکاتەوە، هەرچەند لە باسی فەلەسفیدا گریمانە لەناو تەنەکاندا بە هەمیشەیی دەرگای والایە، بەتایبەت کاتێك باس لە دروستکراوەکان دەکرێت و بە "ممکنات" ناو دەبرێن)}.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

گەر بەندە لە خەسڵەتێك لە خەسڵەتەكانی خێردا هاوشێوە و هاوتای بۆ نەبێت ئەوا ئەو بەندەیە "واحد"ە، ئەمە بە بەراورد بە هاوڕەگەزەكانی خۆی و بەراورد بە كات و سەردەمی خۆی، چونكە دەگونجێ لەسەردەمێكی تردا هاوشێوەی ئەو هەڵبكەوێت و دەربكەوێت، هەروەها بە بەراورد بە هەندێك لە خەسڵەتەكان نەك هەموو خەسڵەتەكان، بۆیە یەكی تاك و تەنها بەتەنها خودایە(**سبحانه وتعالى**).

٦٨

(الصَّمَدُ)[1]

ئەو کەسەیە لـە ئاتاجییەکانـدا رووی لـیّ دەکریـت و لـە داخوازییەکانـدا بەمەبەسـت دەگیریّت، چونکە لوتکە و کۆتایی سەرداری و سەروەری بۆ لای ئەوە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

هەر کەس خودا بیکات(بیگێڕێـت) بـە مەبەسـتی بەنـدەکانی لـە کاروبـاری ئـایین و دونیادا و لەسەر دەست و زمانی پێویستییەکانی خەڵکی جاری بوون ئەوا ئەو کەسە- بە وەرگرتنی بەشێك لە مانای ئەم ناوە- خودا نیعمـەتی خـۆی بەسـەردا دابارانـدووە، بەڵام "صمد"ی رەها ئەو کەسـەیە لـە هەرچی پێویسـتییەکاندا رووی لـیّ دەکرێـت و بەمەبەست دەگیرێت، ئەوەش بریتییە لە خودا(**سبحانە وتعالى**).

---

[1] ووشەی (**الصمد**): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٦٩ **٧٠**

(الْقَادِرُ)[١] (الْمُقْتَدِرُ)[٢]

مانای ئەم دوو ناوە بریتییە لە خاوەن قودرەت، بەڵام ناوی "المقتدر" موبالەغەی زۆرتری تێدایە[٣].

قودرەت بریتییە لەو مانایەی بەهۆیەوە شتێکی پێ دێتە بوونەوە و بە ئەندازەگیری ویست و زانست ئەندازەگیر کراوە و بەپێی ئەو دوانە روودەدات.

"قادر" کەسێکە گەر بیەوێت کار ئەنجام دەدات و گەر بیەوێت ئەنجامی نادات، لە مەرجەکانی ئەوە نییە هەر دەبێت بیەوێت ئەنجامی بدات، خودا لە ئێستادا "قادر"ە بۆ هێنانی قیامەت، چونکە گەر بیەوێت قیامەت راستدەکاتەوە، کاتێك دەبینین قیامەت ناهێنێت لەبەر ئەوەیە نەیویستووە و نایەوێت بەهۆی ئەو کاتە دیاریکراوەی لە ئەزەلەوە لە زانستی خودادا بۆی دیاریکراوە، بۆیە ئەمە نەنگی نییە بۆ قودرەت، "قادر"ی رەها ئەو کەسەیە داهێنان بۆ هەموو بوونەکان دەکات بە داهێنانێك پێی تەنهاکەوتووەتەوە و لەو کارەشدا لە کۆمەکی کەسانی تر جگە لە خۆی بێنیاز بووە، ئەوەش بریتییە لە خودا(سبحانه وتعالى).

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەندە بەگشتی قودرەتی هەیە، بەڵام قودرەتێکی ناتەواو، چونکە تەنها بەشێك لە شتەکان دەگرێتەوە، و ناشتوانێ بەو قودرەتە داهێنان بکات (واتە لە نەبوون شت

---

[١] ووشەی (**القادر**): (٧)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (**المقتدر**): (٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٣] {(وشەی موبالەغە بە مانا نەحوییەکەی بەکاردەهێنێت کە لە "أوزان"دا هاتووە، نەك بە مانای عورفی کە زیادەڕەوی و ناڕاستی قسە و کردار دەگەیەنێت، لێرەدا ئیمامی غەزالی بە مانا نەحوییەکە وشەی "**مبالغة**"ی هێناوە)}.

بهێنێته بوون)، بەڵکو تەنها خودایە(سبحانه وتعالی) داهێنەری هەموو شتەکان بۆ بەندەکانی، ئەوەش لە رێگەی قودرەتی خۆیەوە کە سەرجەم هۆکارەکانی بوونی بۆ توانا و دەسەڵاتی مرۆڤ بەگەڕخستووە، لەژێر ئەمەدا کۆمەڵێك شاراوە هەیە باسکردنیان لەم کتێبەدا جێی نابێتەوە.

٧١ ٧٢

(الْمُقَدِّمُ)[1] (الْمُؤَخِّرُ)[2]

ئەو کەسەیە نزیك دەکاتەوە و دوور دەخاتەوە، هەر کەسی نزیك کردەوە ئەوە پێشیخستووە، هەر کەسی دوورخستەوە ئەوە دوایخستووە.

پێغەمبەران و دۆستانی خۆی پێشخستووە بە نزیك کردنەوە و هیدایەتیان، دوژمنانی خۆی دواخستووە بە دوورخستووە و دروستکردنی پەردە لە نێوان خۆی و ئەواندا.

گەر بۆ نموونە مەلیکێك دوو کەس پێشبخات، بەڵام یەکێکیانی زیاتر لەخۆ نزیك کردەوە دەوترێت: پێشیخست، واتە پێش کەسانی تری خست، پێشخراو جارێك لە شوێندایەو جارێکیش لە پلەوپایەدا، ئەوەش بێ هیچ گومانێك دەدرێتە پاڵ دواکەوتوو لە ئەوەوە(واتە کەسەکە پێشخراوە بە بەراورد لەگەڵ دواخراوێك)، هەروەها هەردەبێت مەبەستێکی هەبێت کە بریتییە لە ئامانجەکە، بەراورد بەو ئامانجە کەسێك پێشدەخرێ و کەسێك دوادەخرێت، مەبەستەکەش بریتییە لە خودا(**سبحانە وتعالى**).

پێشخراو لەلای خودا بریتییە لە کەسی نزیککراوە(مقرب)، بۆیە فریشتەکانی پێشخستووە و پاشان پێغەمبەران و ئەوجا دۆستانی خۆی و زانایان، هەموو دواکەتوویەك دواکەوتووە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی، پێشکەوتووە بە بەراورد بەوەی دوای خۆی.

خودا(**سبحانە وتعالى**) بریتییە لەو کەسەی پێشدەخات و دوادەخات، چونکە گەر پێشخستن و دواخستنیان بگێڕێتەوە بۆ هەبوونی کەمتەرخەمی و کەماڵ و ناتەواوییان لە سیفەتەکان دەبێ ئەو کەسە کێ بێت هەڵیناون بۆ بەدەستهێنانی زانست و عیبادەت

[1] ووشەی (**المقدم**): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

[2] ووشەی (**المؤخر**): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

بە هاندانی پاڵنەرەکانیان؟ هەروەها ئەو کەسە کێ بووە هەڵیناون بۆ کەمتەرخەمی بە لادانی پاڵنەرەکانیان بە پێچەوانەی شارێگەی راست و دروست؟ هەموو ئەمانە لە خوداوەن(سبحانه وتعالى)، هەر ئەو پێشخەر و دواخەرە(المقدم والمؤخر)، مەبەست پێشخستن و دواخستنی بەندەکانە لە پلە و پایەدا، ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی خودا پێشیخستووە بە زانست و کردارەکەی نییە، بەڵکو بە پێشخستنی خودا خۆیەتی بۆ ئەو، هەر بەو جۆرە ئەو کەسەی دوادەخرێت، لە ئایەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا ٱلۡحُسۡنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ ١٠١﴾ الأنبياء: ١٠١، هەروەها ئایەتی: ﴿وَلَوۡ شِئۡنَا لَأٓتَيۡنَا كُلَّ نَفۡسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ مِنِّي لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ١٣﴾ السجدة: ١٣

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لە سیفەتی کردارەکان رۆشنە، بۆ ئەو مەبەستە لەوانەیە لە هەموو ناوەکاندا دووبارەی نەکەینەوە، ئەوەش بۆ دوورکەوتنەوە لە درێژەپێدان، چونکە لەوەی باسمان کرد پێناسەیەکە بۆ رێگەی قسەکردن.

٧٣ ٧٤

(الأَوَّلُ)[١] (الآخِرُ)[٢]

بزانە، بە بەراورد بۆ شتێك یەكەم دەبێتە یەكەم، هەر بەو جۆرە بە بەراورد بۆ شتێك دوایینیش دەبێتە دوایین، ئەم دوو ناوە دژبەیەكن، وێنا ناكرێت یەك شت-لە یەك رووەوە و بە بەراورد بە یەك شت- ببێتە یەكەم و ببێتە دواهەم، بەڵكو گەر سەرنجی رێكخستنی بوون بدەی و تێبینی زنجیرە یەك بەدوای یەكەكانی دروستكراوەكان بكەی خودا بە بەراورد بە هەموو ئەوانە یەكەمە، چونكە هەموو بوونەكان لە بوونی ئەوەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە و بەهرەمەند بوون، بەڵام ئەو(**سبحانه وتعالى**) بە خودی خۆیەوە بوونی هەیە و لە كەسێكی تر بوونی بەهرەمەند نەبووە.

چەندە لە رێكخستنی سلوك وردبییەوە و تێبینی مەنزیلەكانی گەشتیارانی رێگەی خودا بكەی ئەو(**سبحانه وتعالى**) دوایین ئاست و پلەیەكە عاریفان بۆ لای بەرز دەبنەوە، هەرچی مەعریفەی بەدەستهاتووە بەر لە مەعریفەی ئەو(**سبحانه وتعالى**) هۆكارێكە بۆ بەرزبوونەوە و بەدەستهێنانی مەعریفەی خودا(**سبحانه وتعالى**)، بالاترین و دوورترین مەنزیلەیەك بریتییە لە ناسینی خودا(**سبحانه وتعالى**)، بەراورد بە رێگەی سلوك ئەو دوایین مەنزیلەیەكە، هەروەها یەكەمە بەراورد بە بوون، دەستپێكردنی یەكەم لە ئەوەوەیە و گەڕانەوە و سەرئەنجامیش هەر بۆ لای ئەوە.

[١] ووشەی (**الأول**): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (**الأخر**): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٧٥ ٧٦

(الظَّاهِرُ)[١] (الْبَاطِنُ)[٢]

ئەم دوو وەسفەش بەراوردكارين، ئاشكرا بەراورد بە شتێك ئاشكرايە و شاراوە بەراورد بە شتێكی تر شاراوەیە، شتێك لە یەك رووەوە ئاشكرا و شاراوە نییە، بەڵكو لە یەك رووەوە ئاشكرایە بەراورد بە پەیبردنێك و لە روویەكی ترەوە شاراوەیە، ئاشكرابوون و شاراوەیی بەراورد بە پەیبردنەكان ئاشكرا و شاراوەن، گەر خودا لە پەیبردنی هەستەكان و گەنجینەی خەیاڵ داوابكرێت ئەوا شاراوەیە، خۆ گەر لە گەنجینەی ئەقڵ-بە رێگەی بەڵگەهێناوە- داوا بكرێت ئەوا ئاشكرایە.

گەر بڵێیت: "خودا شاراوەیە بەراورد بە پەیبردنی هەستەكان" روونە، بەڵام "ئەوەی خودا بۆ ئەقڵ ئاشكرایە" قسەیەكی ناڕوونە، چونكە ئاشكرا ئەوەیە شك و گومانی تێدا نامێنێت و خەڵكی لە پەیبردن پێی جیاوازیان نییە، بەڵام ئاشكرایی خودا خەڵكێكی زۆر شك و گومانیان تیایدا هەیە، ئیتر چۆن دەتوانین بڵێین بە ئەقڵ ئاشكرایە؟

بزانە خودا بە هۆی زۆری ئاشكرابوونییەوە شاراوەتەوە و ئاشكرابوونی هۆی شاردنەوەكەیەتی، نووری خودا بووە بە پەردە بۆ نووری خودا(**سبحانه وتعالى**)، هەر شتێك سنووری خۆی تێپەڕاند پێچەوانە دەبێتەوە بۆ دژەكەی.

لەوانەیە لەم قسەیە سەرتسوڕبمێنێت و بەدووری بزانیت و تەنها بە نموونەیەك تێیبگەیت، دەڵێم: گەر سەرنجی تەنها یەك وشە بدەیت كە تەنها یەك نووسەر دەینووسێت ئەوە دەكەیە بەڵگە لەسەر زانایی و بەتوانایی و بیسەری و بینەری نووسەرەكە، یەقین بە بوونی ئەو سیفەتانە پەیدا دەكەی، بەڵكو گەر تەنها یەك وشەی

[١] وشەی (**الظاهر**): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] وشەی (**الباطن**): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

نووسراو ببینیت یەقینت بۆ بەرهەم دێت بەوەی نووسەرەکەی زانا و بەتوانا و بیسەر و بینەرە لە کاتێکدا تەنها وێنەی یەك وشە ئاماژە بەوە دەکات، وەك چۆن ئەم وشەیە شایەتییەکی بڕاوەی دا بە سیفەتەکانی نووسەرەکە ئەوا هیچ گەردیلەیەك لە ئاسمانەکان و زەوی(لە خولگە و ئەستێرە و هەسارە و خۆر و مانگ و گیاندار و رووەك و سیفەتێك و وەسفکراوێك) بوونی نییە شایەتی نەدا لەسەر خودی خۆی بەوەی ئاتاجە بە تەگبیرکەرێك کە تەگبیری کردبێت و ئەندازەگیری بۆ بکردبێت و تایبەتمەندی کردبێت بە تایبەتمەندی سیفەتەکانی، بەڵکو کاتێك مرۆڤ لە ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی یان بەشێك لە بەشەکانی لاشەی-لە ناوەوە و لە دەرەوە- ورددەبێتەوە، کاتێك سەرنجی سیفەتێك لە سیفەتەکانی خۆی و حاڵێك لە حاڵەکانی دەدات کە بەبێ ویستی ئەو بەسەریدا گوزەر دەکات دەبینێت هەموو ئەوانە شایەتی بۆ دروستکەر و تەگبیرکەر و کارهەڵسوڕێنەکەی خۆیان دەدەن، هەر بەو جۆرە هەموو ئەوەی بە گشت هەستەکانی پەی پێ دەبات لە خودی خۆی و لە دەرەوەی خودی خۆی.

گەر شتەکان لە شایەتیداندا جیاواز بن هەندێکیان شایەتی بدەن و هەندێکیان شایەتی نەدەن ئەوا یەقین بۆ هەموان بەرهەم دێت، بەڵام کە شایەتییەکان زۆربوون تا گەیشتنە رادەی کۆدەنگی شایەتییەکە شارایەوەو ناڕوون بوو ئەمەش بەهۆی زۆری ئاشکرابوونەوە، نموونەکەی: ئاشکراترین شت ئەوەیە هەستەکان هەستی پێ دەکەن، روونترین شت ئەوەیە بە هەستی بینین دەبینرێت، ئاشکراترین شتێك بە هەستی بینین ببینرێت بریتییە لە تیشکی خۆر لە کاتی هەڵهاتنیدا بەسەر تەنەکاندا کە هەموو شتێك رووناك و ئاشکرا دەکات، شتێك گەر هەموو شتێکی پێ ئاشکرا ببێت چۆن نابێت خۆی ئاشکرا بێت؟

ئەمە لەسەر خەڵکانێك تەمومژی دروستکردووە تا دەڵێن: شتە رەنگاورەنگەکان تەنها رەنگی خۆیانیان تێدایە لە رەشی و سووری، بەڵام نابێت لەگەڵ رەنگەکەدا نوور و تیشك-هاوتا بە رەنگ- لەگەڵ بێت.

ئەوانە تەنها لە راستبوونەوەی نوور بە رەنگاورەنگییەکان ئاگاهیان هەیە، ئەوەش بەو جیاکارییەی پەییان پێبردووە لە نێوان سێبەر و شوێنی نوور و نێوان شەو و رۆژ، لەبەرئەوەی لە شەودا وێنای بزربوونی خۆر دەکرێت، هەروەها وێنای شاردنەوەی بە

تەنە تاریکەکان لە ڕۆژدا دەکرێـت، بۆیـە کاریگەرییەکـەی لەسـەر ڕەنگاورەنگییـەکان نامێنێت، لەو بارەدا جیاکاری پەی پێ دەبرێت لە نێوان کارتێکراوی ڕۆشن بووەوە بـە خۆر لەگەڵ شاردنەوەی خۆر بە تەنە تاریکەکان لـە ڕۆژدا، ئـەو کـات بـوونی نـوور بـە نەبوونی نوور دەناسرێت.

گەر باری بوون بەراورد بکرێت بە باری نەبوون ئەو کات جیاکاریەکە پەی پێ دەبرێـت لەگەڵ مانەوەی ڕەنگەکان لە هەردوو بارەکەدا، گـەر ڕۆشـنایی خـۆر هـەموو تەنـەکان دابگرێتەوە بۆ تەنها کەسێك و خۆر ئاوا نەبێت تا جیاکارییەکە پەی پێ دەبات هێشتا گرانە بۆی بزانێت ڕۆشناییەکە شتێکی باسکراوی هەبووی زیادەیە لەسـەر ڕەنگـەکان، لەگـەڵ ئـەوەی دەرکـەوتووترین شـتێکە، بـەڵکو ئـەوە هـەموو شـتەکانی تـر ڕوونـاك دەکاتەوە و دەریاندەخات.

گەر نەبوون یان بزربوون لە هەندێ کاروبار بۆ خودا(**سبحانه وتعـالی**) وێنـا بکرێـت ئـەوا ئاسمانەکان و زەوی و هەر شتێك نووری خودای لێ گیرابێتەوە وێران دەبن، لـەو بـارەدا جیاکارییەکە پەیی پێ دەبرێت و بوونەکەی بێ هیچ گومانێك دەزانرێت.

بەڵام لەبەرئەوەی هەموو شتەکان لە شایەتیداندا کۆدەنگیان هەیە و هـەموو حاڵـەکان لەیەك شێوازدا دەخرێنە ڕوو ئەوە دەبێتە هۆیەك بۆ شاردنەوەی.

پاکێتی بۆ ئەو خودایـەی بـە نـوور خـۆی لـە دروسـتکراوەکانی پـەردەپۆش کـردووە و بەهۆی توندی ئاشکرابوونییەوە لێیان شاراوەتەوە، ئەو ئاشکرایەکە هیچ شتێك لە ئـەو ئاشکراتر نییە، و ئەو شاراوەیەکە هیچ شتێك لە ئەو شاراوەتر نییە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

سەرتسوڕنەمێنێت لە سیفەتەکانی خودا(**سبحانه وتعالی**)، ئەو مانایەی مرۆڤی پێ دەبێت بە مرۆڤ ئاشکرایە، گەر لەسەر خودا بەڵگە بە کردارە ڕێکخراوە توندوتۆڵ و پڕ لە حیکمەتەکانی بهێنرێتەوە ئەو ئاشکرایە، گەر لە هەستەکانەوە بەدوایدا بگەڕێیت ئەو شاراوەیە، چونکە هەست تەنها ئاشکرای پێستی خۆی دەبینێت، مرۆڤ تەنها بەو پێستە بینراوە مرۆڤ نییە، بەڵکو گەر ئەو پێستە و هەموو بەشەکانی جەستەی

بگۆڕڕێت ئەو هەر مرۆڤە، بەشەکان دەگۆڕێن، لەوانەیە ئەندامی هەر مرۆڤێك لە کاتی پیریدا جیا بێت لەو ئەندامەی لە کاتی منداڵیدا هەیبووە، چونکە بەدرێژایی رۆژگار ئەو ئەندامە شیبووەتەوە و هاونموونەی تر جێگەی گرتووەتەوە ئەوەش لە رێگەی خۆراکەوە[١]، بەڵام شوناسی مرۆڤەکە نەگۆڕاوە، ئەو شوناسە شاراوەیە لە هەستەکان و بە رێگەی بەڵگەهێنانەوە بە ئاسار و کردار لەلایەن ئەقڵەوە شوناسەکە ئاشکرایە.

[١] {(گەورەیی و شکۆمەندی بۆ ئەو خودایەی قورئان و ئایین و پێغەمبەرێکی ئەوەندە مەزنی رەوانە کردووە زانایەکی کەم نموونەی وەك غەزالی دەبێت بە شوێنکەوتە و دڵۆپێك لە دەریای ئایینی ئیسلام، غەزالی یەکەمین کەسێکە باس لەوە دەکات لە درێژایی تەمەنی مرۆڤدا چەندین جار جەستەی مرۆڤ دەڕوات و جەستەی تر جێگەی دەگرێتەوە)}.

٧٧

(الْوَالِي)[١]

ئەو کەسەیە کاری دروستکراوەکانی هەڵدەسوڕێنێت و سەرپەرشتیان دەکات، واتە سەرپەرشتی ئەوانی گرتەدەست و خاوەنی دەسەڵات و ئاگاهییە بە سەرپەرشتی کردنیان، وەك ئەوەی سەرپەرشتیاری(**الولاية**) مانای هەڵسوڕاندن و تەگبیرکردن و قودرەت و کار بگەیەنێت، هەر کەس هەموو ئەوانەی بۆ کۆنەبێتەوە ناوی **"الولي"** بۆ بەکارناهێنرێت، سەرپەرشتیاری کاروبارەکان تەنها خودایە(**سبحانه وتعالى**)، ئەو یەکەمجار بە تەگبیرکردن و هەڵسوڕاندنیان تەنهاکەوتووەتەوە، دووەمجاریش جێبەجێکار و لەئەستۆگری هەڵسوڕاندن و تەگبیرکردنی دروستکراوەکانییەتی، سێیەمجاریش بەسەریانەوە راوەستاوە بە هێلانەوە و بەردەوام کردنیان.

بەشی بەندە لەم ناوە ئەوەیە بەندە بۆ خودا سەرۆکاری و سەرپەرشتیاری نەفسی خۆی بکات، لە شوێنێکدا بەکاری نەهێنێت خودا(**سبحانه وتعالى**) لە هیچ روویەکەوە پێی رازی نییە.

---

[١] وشەی (الوالي): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

78

(الْمُتَعَالِي)[1]

به ماناى "**العلي**" لەگەڵ جۆرێك لە موبالەغە، پێشتر ماناكەى باسكراوە.

بەشى بەندە لەم ناوە بريتييە لە بەرز و بڵندى ويست و لێبڕانى، بەجۆرێك هيچ شتێك لە دروستكراوەكان نەبن بە خاوەنى ئەو.

[1] ووشەى (**المتعالي**): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٧٩

(الْبَرُّ)[1]

بریتییە لە "المحسن-چاکەکار"، چاکەکاری رەها ئەو کەسەیە هەرچی چاکە و ئیحسانە لە ئەوەوەیە..

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەندە بە ئەندازەی ئەنجامدانی چاکە دەبێت بە چاکەکار، بەتایبەت بە دایك و باوك و مامۆستا و مورشیدەکانی.

ریوایەتکراوە: (کاتێك پەروەردگار قسەی لەگەڵ موسا(علیه السلام) کرد پیاوێکی بینی لە پاڵ پایەی عەرشی مەزندا بەپێوە وەستا بوو، موسا(علیه السلام) لە مەزنی پلە و پایەی ئەو کەسە سەریسوڕما و فەرمووی: ئەی پەروەردگارم، ئەو بەندە بە چی گەیشتووە ئەو جێگەیە؟ فەرمووی: ئەو حەسوودی بە هیچ بەندەیەك لە بەندەکانم نەدەبرد لەوەی پێمدابوون و چاکەی لەگەڵ دایك و باوکی دەکرد.

ئەمە بریتییە لە چاکەی بەندە..

درێژەپێدانی چاکەی خوداش(سبحانە وتعالی) لەگەڵ دروستکراوەکانی باسککردنی درێژە دەکێشێت، هەندێك لەوەی باسمان کردووە ئاماژە بەو چاکەیە دەکەن.

[1] ووشەی (البر): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٨٠

(التَّوَّابُ)[١]

ئەو کەسەیە جار لەدوای جار دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانکاری هۆکارەکانی تەوبە بۆ بەندەکانی، بەوەی لە ئایەتەکانیان بۆ ئاشکرا دەبێت و ئاگاهێنانەوەکانیان بۆ رەوانە دەکات و بە ترس و هەڕەشە بەئاگایان دەهێنێت تا بە ناساندنی ئەوانە لەلایەن خوداوە خراپەکانی گوناهیان بۆ دەربکەوێت و بە ترساندنیان هەست بە ترس بکەن و بگەڕێنەوە بۆ سەر تەوبە، لەو بارەدا چاکەی خودایی بە قبوولٚ کردنی تەوبەکەیان دەگەڕێتەوە سەریان.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە) :

هەر کەس بیانوو و پاساوی تاوانکاری لە رەعییەت و دۆستان و ناسراوانی خۆی-جار لەدوای جار- قبوولٚ کرد ئەوا بەم ئەخلاقە خۆی رازاندووەتەوە و بەشێکی لەم ناوە پێدراوە.

---

[١] ووشەی (التواب): (٨)جار لە قورئاندا هاتووە.

٨١

(الْمُنْتَقِمُ)[١]

ئەو کەسەیە پشتی زاڵمان دەشکێنێ و سزای تاوانکاران دەدات و بە تۆڵەیەکی توند ستەمکاران و ملهوڕان دادەگرێتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی بیانوویان دەبڕێت و ئاگاداریان دەکاتەوە، و سەردەمێك دەسەڵاتیان پێ دەدات و مۆڵەتیان دەدات، ئەوەش توندترین تۆڵەیەکە زیاتر لە پەلەکردنی هەڕەمەکی، چونکە گەر بە هەڕەمەکی پەلە لە تۆڵەسەندنەوە بکات کەسەکە لە یاخیبوون و گوناهدا ڕۆناچێت، ئەوکات سزادان و تۆڵە لێکردنەوەی ناگاتە لوتکە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

پەسەندکراو لە تۆڵەسەندنەوەی بەندە ئەوەیە لە دوژمنانی خودا تۆڵە بسێنێتەوە، گەورەترین دوژمن بریتییە لە نەفسی خۆی، مافی خۆیەتی تۆڵەی لێبکاتەوە هەرکات لە گوناه و یاخیبوون نزیکبوویەوە یان کەمتەرخەمی لە عیبادەتەکاندا نواند، وەك لە ئەبو یەزیدەوە گوازراوەتەوە وتوویەتی: هەندێ شەو نەفسم لە خوێندنی ویردەکانم تەمبەڵی دەکرد، بۆیە بە یەك ساڵ نەخواردنەوەی ئاو سزام دا.

---

[١] ووشەی (المنتقم): (٣)جار لە قورئاندا هاتووە.

٨٢

(الْعَفُوُّ)[1]

ئەو کەسەیە خراپە و گوناهان دەسڕێتەوە و چاوپۆشی لە یاخیبوونەکان دەکات..

ئەم ناوە لە ناوی "الغفور" نزیکە، بەڵام زیاتر دەگەیەنێت، چونکە "غفران" ئاماژە بە داپۆشین دەکات، بەڵام "عفو" ئاماژە بە سڕینەوە دەکات، سڕینەوە لە داپۆشین بەهێزترە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

بەشی بەندە لەم ناوە شاراوە نییە، ئەوەیە لە هەرچی کەسە ستەمی لە ئەو کردووە ببورێت، بەڵکو چاکەیان لەگەڵ بگات، وەك چۆن خودا(**سبحانە وتعالى**) لەگەڵ یاخیبووان و بێباوەڕان لە دونیادا چاکە دەکات و بۆ سزادانیان پەلە ناکات، بەڵکو لەوانەیە لێیان ببورێت بەوەی وایان لێبکات تەوبە بکەن، گەر تەوبەی لێ قبووڵ کردن خراپەکانیان دەسڕێتەوە، چونکە تەوبەکار لە گوناه وەك ئەو کەسە وایە گوناهی نەکردبێت، ئەمەش ئەوپەڕی سڕینەوەی گوناه و تاوانە.

[1] ووشەی (**العفو**): (٥)جار لە قورئاندا هاتووە.

٨٣

(الرَّؤوفُ)[١]

خاوەنی رەئفەت..

رەئفەت بریتییە لە توندی رەحمەت، ئەم ناوە بە مانای "الرحیم"ە لەگەڵ زیادەیەکدا، پێشتر قسەمان لەبارەوە کردووە.

---

[١] ووشەی (الرَّؤوفُ): (١١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٨٤

(مَالِكُ الْمُلْكِ)[1]

ئەو کەسەیە چۆنی بوێت ویستی خۆی لە مەملەکەتی خۆیدا جێبەجێ دەکات بەو جۆرەی دەیەوێت، بە هێنانەبوون و کۆتاپێهێنان، و هێلآنەوە و تیابردن، لێرەدا "مُلك" بە مانای مەملەکەت دێت و "مەلیك"یش مانای ئەو کەسە خاوەن توانایە دارای قودرەتی رەها و تێروتەواوە.

هەرچی لە بووندایە یەك مەملەکەتە و خودا مالیك و دەستڕۆیشتووە بەسەریدا، بۆچی هەموو بوونەکان یەك مەملەکەتن؟ چونکە هەندێکی لەگەڵ هەندێکی تری رێکخراوە، هەرچەند لە روویەکەوە فرەیی لە بووندا هەیە، بەڵام لە روویەکی ترەوە یەکێتی لە بووندا هەیە، نموونەکەی: جەستەی مرۆڤ کە مەملەکەتێکە بۆ راستەقینەی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەش ئەو جەستەیە چەندین ئەندامی لەیەکتر جیاوازن، بەڵام هەموویان هاوکارن بۆ هێنانەدی مەرامی یەك دروستکەر، بۆیە دەبێت بە تەنها یەك مەملەکەت، هەر بەو جۆرە هەموو جیهان وەك یەك مرۆڤ وایە و بەشەکانی جیهان وەك بەشەکانی جەستە وایە و هەموویان لەگەڵ یەکتر هاوکار و هەماهەنگن بۆ هێنانەدی یەك مەبەست، ئەوەش بریتییە لە تەواوکردنی ئامانجی خێری هەبوو بەپێی ئەوەی بەخشندەیی خودایی داوای دەکات، لەپێناو رێکخستنیان بە رێکخستنێکی هەماهەنگ و بەستنەوەیان بە یەکترەوە بوون بووە بە یەك مەملەکەت و خودا(سبحانه وتعالى) بووە بە تەنها مالیکێك(مەلیکێك) بۆی.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

مەملەکەتی هەر مرۆڤێك بریتییە لە جەستە تایبەتەکەی، گەر ویستی خۆی لە سیفەتەکانی دڵ و ئەندامەکانیدا جێبەجێ کرد ئەوا ئەو-بە ئەندازەی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی بەسەریاندا - دەبێت بە مالیکی مەملەکەتی نەفسی خۆی.

---

[1] ووشەی (مالك الملك): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٨٥

(ذُو الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ)[1]

ئەو کەسەیە هەرچی جەلال و کەماڵە بۆ ئەوە، و هەرچی رێز و بەخشین و پایەدارییە لە ئەوەوە سەرچاوە وەردەگرێت، جەلال تەنها بۆ زاتی خودایە و کەرامەتیش لەو زاتەوە داباریوە بۆ سەر دروستکراوەکانی، جۆراوجۆری رێزلێنانی دروستکراوەکانی نایەنە هەژمار و کۆتاییان پێ نایەت، ئەم ئایەتە ئاماژەی پێ دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ الإسراء: ٧٠

[1] وشەی (الذوالجلال والأكرام): (٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

٨٦

(الْمُقْسِطُ)[١]

ئەو کەسەیە مافی تەواو(بێ زیاد و کەم) بۆ ستەملێکراو لە ستەمکار وەردەگرێتەوە.

کەماڵی ئەم مانایە ئەوەیە لەپاڵ رازیکردنی ستەملێکراوەکەدا رازیکردنی ستەمکارەکەی لەگەڵ بێت، ئەوەش ئەوپەڕی دادپەروەری و ویژدانە، وتەنها خودا(سبحانە وتعالی) ئەو کارەی پێ دەکرێت.

نموونەکەی: پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رۆژێك دانیشتبوو، پێکەنی تا ددانەکانی دەرکەوتن، عومەر(خوا لێی رازی بێت) وتی: دایك و باوکم فیدات بێت ئەی پێغەمبەری خودا بەچی پێدەکەنی؟ فەرمووی: دوو پیاو لە ئومەتەکەم لەبەردەم پەروەردگاردا(عز وجل) چۆکیان دادابوو، یەکێکیان دەیوت: خودایە مافەکەم لەم کەسە بۆ وەربگرەوە، خودا(عز وجل) فەرمووی: مافی براکەت بگێڕەرەوە، ئەویش وتی: خودایە هیچ چاکەیەکم نەماوە، خودا(عز وجل) فەرمووی بە خاوەن مافەکە: چی لە براکەت دەکەی هیچ چاکەیەکی نەماوە؟ وتی: خودایە با گوناهەکانم هەڵبگرێت، پاشان چاوەکانی پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرمێسکیان داباراند و فەرمووی: ئەو رۆژە رۆژێکی مەزنە خەڵکی ئاتاجە بەوەی گوناهەکانیان لێ هەڵبگیرێت، فەرمووی: خودا(عز وجل) دەفەرموێت(واتە بە ستەملێکراوەکە): چاوەکانت بەرزبکەرەوە و تەماشای باخەکانی بەهەشت بکە، ئەویش دەڵێت: ئەی پەروەردگار شارێك لە زیوو و چەندین کۆشك لە زێڕ و رازاوە بە مرواری دەبینم، ئەوەت بۆ کام صدیق یان کام شەهید ئامادە کردووە؟ خودا(عز وجل) دەفەرموێت: بۆ کەسێك نرخەکەی بدات، ئەویش دەڵێت: ئەی پەروەردگار جا کێ نرخی ئەوەی لەلایە؟ دەفەرموێت: تۆ نرخی ئەوەت لەلایە، دەپرسێت:

---

[١] ووشەی (المقسط): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

بەچی ئەی پەروەردگار دەفەرمویّت: بە لیّبوردنت لە براکەت، ئەویش دەلّیّت: ئەی پەروەردگار ئەوا لیّیبورام، خودا(عز وجل) دەفەرمویّت: دەستی براکەت بگرە و بڕۆ ناو بەهەشتەوە، پیّغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: لە خودا بترسن و نیّوانی خۆتان چاك بکەن، خودا(سبحانه وتعالى) لە رۆژی دواییدا ئاشتەوایی دەخاتە نیّوان باوەڕدارانەوە))[١].

ئەمەیە ریّگەی ویژدان و میانەگیری و ئاشتەوایی، تەنها پەروەردگار دەتوانیّت ئەمە بکات.

مەزنترین بەش بۆ بەندە لەم ناوە ئەوەیە یەکەمجار لە نەفسی خۆی ببڕیّت بۆ کەسانی تر، دووەمجار ویژدان و دادپەروەری لە نیّوان خەڵکیدا ئەنجام بدات.



---

[١] رواه ابن أبي الدنيا والحاكم في المستدرك.

٨٧

(الْجَامِعُ)[1]

ئەو کەسەیە هاوشێوەکان و جیاوازەکان و دژەکان لەگەڵ یەکتر کۆدەکاتەوە.

کۆکردنەوەی هاوشێوەکان(هاوئموونەکان) لەلایەن خوداوە وەك کۆکردنەوەی خەڵکێکی زۆر لە مرۆڤ و جن لەسەر پشتی زەوی و حەشر کردنیان لە سارای ڕۆژی مەحشەردا.

کۆکردنەوەی لەیەکتر جیاوازەکان وەك کۆکردنەوەی ئاسمانەکان و زەوی و هەسارە و مانگ و ئەستێرەکان و هەوا و دەریا و ئاژەڵان و ڕووەك و کانزا جۆراوجۆرەکان، هەموو ئەمانە فرە شێوە و هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرن لە تام و وەسفدا، ئەمانەی لەسەر زەوی کۆکردووەتەوە و پاشان هەمووی لە جیهاندا کۆکردووەتەوە، هەر بەو جۆرە کۆکردنەوە لە نێوان ئێسك و دەمار و ماسوولکە و مۆخ و پێست و خوێن و هەموو بەشەکانی تری جەستە لە جەستەی گیانداراندا.

کۆکردنەوەی دژیەکەکانیش وەك کۆکردنەوەی گەرمی و ساردی و تەڕی و وشکی لە میزاجی گیانداراندا، ئەمانە دژبەیەکن و لەیەکتر دووردەکونەوە، هەر ئەمەش لوتکەی ڕووی کۆکردنەوەیە.

درێژەی کۆکردنەوەی خودایی تەنها کەسێك دەیزانێت هەرچی کۆکردنەوەکانی دونیا و دوارِۆژە لای ئاشکرا بێت، باسکردنی ئەمەش درێژە دەکێشێت.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

کۆکەرەوە لە بەندەکان ئەو کەسەیە ئادابی ئاشکرای ئەندامەکانی جەستەی لەگەڵ مانا ڕاستەقینەکانی دڵ کۆکردووەتەوە، هەر کەس مەعریفەکەی کامڵ بوو و سیرە و

[1] ووشەی (الجامع): (٢)جار لەگەڵ زیادەیەك لە قورئاندا هاتووە.

ژیانی جوان و باش بوو ئەو کەسە بریتییە لە "جامع-کۆکەرەوە"، بۆیە وتراوە: کامڵ ئەو کەسەیە نووری مەعریفەتی نووری وەرعی نەکوژێنێتەوە، وەك ئەوەی کۆکردنەوەی "صبر" و بەصیرەت لەگەڵ یەکتر ئەستەم بێت، بۆیە دەبینین لەسەر زوهد و وەرع کەسێکی ئارامگرە و بەصیرەتی نییە، لەم بەرەوە کەسێکی خاوەن بەصیرەت دەبینین ئارامگر نییە، کۆکەرەوە ئەو کەسەیە "صبر" و بەصیرەت پێکەوە کۆدەکاتەوە.

٨٨ ٨٩

(الْغَنِيُّ)[١] (الْمُغْنِي)[٢]

"الغني" ئەو کەسەیە پەیوەستبوونی نییە بە هیچ کەس و شتێکەوە جگە لە خۆی، نە لە خودی خۆیدا و نە لە سیفەتەکانی زاتی خۆیدا، بەڵکو ئەو لە پەیوەندی نەیار(ئەغیار) پاك و بێگەردە، ئەوەش تەنها بۆ خودا وێنا دەکرێت.

هەر کەس خودی خۆی یان سیفەتی زاتی بە شتێکی دەرەکییەوە پەیوەست بوو بە جۆرێك بوون یان کەماڵی لەسەر ئەوە بوەستێت ئەو کەسە هەژارە و ئاتاجە بە بەدەستهێنان.

خودا(سبحانه وتعالى) لەگەڵ ئەو ناوە(الغني)دا "المغني"شە، بەڵام ئەو کەسەی خودا بێنیازی کردووە وێنا ناکرێت بەو بێنیازکردنە ببێت بە "الغني" رەها، چونکە لە کەمترین کاریدا ئاتاجە بە "المغني" بۆیە کەسەکە نابێت بە "الغني"، بەڵکو لە هەموو شتێکی تر جگە لە خودا بێنیاز دەبێت، چونکە ئەو(سبحانه وتعالى) ئەوەی ئاتاجی بێت کۆمەکی دەکات، نەك بەوەی بنەڕەتی پێویستی لێ ببڕێت(واتە-بۆ نموونە- ببێت بە کەسێك لە هەموو تەمەندا تینووی نەبێت یان برسی نەبێت)

دەوڵەمەندی راستەقینە ئەو کەسەیە لە بنەڕەتدا هیچ جۆرە ئاتاجییەکی نییە، ئەو کەسەی ئاتاجی هەیە و ئاتاجییەکەی بۆ دابینکراوە و لەلایەتی دەوڵەمەندێکی مەجازە، ئەوەش لوتکەی ئەو دەوڵەمەندییە کەسانی تر جگە لە خودا پێی دەگەن، کەسەکە پێویستی بنەڕەتی نەمێنێت، ئەمەیان نەخێر، بەڵام گەر کەسەکە هیچ ئاتاجییەکی نەما جگە لە خودا ئەوا پێی دەوترێت "غني"، گەر پێویستی بنەڕەتی کەسەکە نەمابایە ئەم ئایەتە راست دەرنەدەچوو کە دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ ٱلْغَنِىُّ وَأَنتُمُ

---

[١] ووشەی (الغني): (١٧)جار لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (المغني): (٢)جار بەصیفات لە قورئاندا هاتووە.

ٱلْفُقَرَآءُ ﴾محمد: ٣٨، گەر وێنا بکرێت کەسێك بوونی هەبێت جگە لە خودا لە هەرچی شتە بێنیاز ببێت ئەوا ناوی "**المغني**" راست دەرنەدەچوو.

٩٠

(الْمَانِعُ)[١]

ئەو كەسەیە هۆكارەكانی تیاچوون و ناتەواوی لە دین و جەستەدا بەرپەرچ دەداتەوە بەهۆی هۆكارەكانی پارێزگاری لێكردن كە دروستی كردوون.

پێشتر مانای "**الحفیظ**"مان لێكدایەوە، هەموو پارێزگارییەك پێویستە رێگری و پاڵنانی تێدا بێت، هەر كەس مانای "**الحفیظ**" حاڵی بوو‌بێت مانای "**المانع**" حاڵی دەبێت، "منع" بەدانەپاڵی بۆ هۆی تیاچوون، "**حفظ**" بەدانەپاڵی بۆ كەس و شتە پارێزراوەكە لە تیاچوون، ئەوەش بریتییە لە مەبەست و مەرام و ئامانجی "منع".

گەر "منع" بۆ "**حفظ**" گەرەك بێت و "**حفظ**" بۆ "منع" گەرەك نەبێت، ئەوا هەموو "**حافظ**"ێك "دافع" و "مانع"ە، بەڵام هەموو "مانع"ێك "**حافظ**" نییە، مەگەر كەسەكە "مانع"ی رەها بێت بۆ هەموو هۆكارەكانی تیاچوون و ناتەواوی، تا "**حفظ**" لە زەرووڕەتی ئەوەوە بەرهەم بێت.

---

١ ووشەی (**المانع**): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

٩٢ ٩١

(الضَّارُّ)[١] (النَّافِعُ)[٢]

ئەو كەسەیە خێر و شەڕ و سوود و زیانی لێوە دەردەچێت، هەموو ئەوانەش بۆ خودا(سبحانه وتعالى) دەگەڕێنەوە، جا یان بە هۆی فریشتە و مرۆڤ و شتەكانەوە یان بەبێ هۆ، وامەزانە ژەهر بە هۆی خودی خۆیەوە دەكوژێت، یان خۆراك بە خودی خۆی دەتوانێت تێربكات، فریشتەیەك، شەیتانێك یان شتێك لە دروستكراوەكان لە ئەستێرە و هەسارە و شتانی تر دەسەڵاتیان هەبێت بەسەر خێر یان شەڕدا ، سوود یان زیاندا، بەڵكو هەموو ئەوانە كۆمەڵێك هۆكاری رامكراون تەنها ئەوەی لێ دەوەشێتەوە لە پێناویدا رامهێنراوە.

كۆی ئەوانە بەراورد بە توانا و دەسەڵاتی ئەزەلی وەك قەڵەم وان بۆ نووسەر لە باوەڕی خەڵكی رەشۆكیدا، وەك چۆن كەسێكی دەسەڵاتدار گەر بیەوێت واژووی رێزلێنانێك یان سزایەك بكات لە سوود و زیانی قەڵەمەكەوە تەماشا ناكرێت، بەڵكو لەوەوە دەیبینن كە قەڵەم لە پێناویدا رامهێنراوە، هەر بەو جۆرە هەموو هۆكار و میانگیرییەكان.

بۆیە وتمان لە باوەڕی خەڵكی رەشۆكیدا چونكە كەسی نەزان وادەبینێت قەڵەمەكە بۆ نووسەرەكە رامهێنراوە، بەڵام كەسی عاریف دەزانێت كەسەكە لەبەر دەستی خودادا رامهێنراوە، ئەو(سبحانه وتعالى) ئەو كەسەیە نووسەرەكەی بۆ رامهێنراوە، هەرچەند نووسەرەكەی دروستكردووە و توانای پێداوە و هێزی یەكلاكەرەوەی پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی پەنجەكانی پێ بجوولێنێت و قەڵەمەكە بەو جۆرە بەكاربهێنێت كە دەیەوێت، بەڵكو ناتوانێت ویستی نەبێت، كەوابوو ئەو كەسەی بە بە قەڵەمی مرۆڤەكە و دەستی

---

[١] ووشەی (الضار): (٩)جار لەگەڵ صیفات لە قورئاندا هاتووە.

[٢] ووشەی (النافع): (١٠)جار لەگەڵ صیفات لە قورئاندا هاتووە.

مرۆڤەکە دەنووسێت بریتییە لە خودا(سبحانه وتعالى)، گەر لە گیانداریکی خاوەن هەڵبژاردە(مرۆڤ)دا ئەمە ببینیت ئەوا لەناو بێگیانەکاندا ڕۆشنتر دەیبینیت.

{**ئاگاهێنانەوەیەك: خۆڕازاندنەوە:**

بەشی بەندە لە ناوی "**الضار**" ئەوەیە زیان بە هەموو ئەوانە بگەیەنێت زیانی پێ دەگەیەنن، ئەوانەش بریتین لە نەفسی خۆی و ئارەزوو و دوژمنانی خودا لە بێباوەڕان، هەروەها بەشی بەندە لە ناوی "النافع" ئەوەیە سوود و قازانج بەوانە بگەیەنێت خودا فەرمانی کردووە بە سوود پێگەیاندنیان، یەکەمین کەسێك سوودی پێ بگەیەنێت بریتییە لە نەفسی خۆی، چونکە خێرەکەی بۆ خۆیەتی و شەڕەکەشی لەسەریەتی} .

٩٣

(النُّورُ)[١]

ئەو کەسەیە ئاشکرایە و هەموو ئاشکرابوونێك بە ئەوەوەیە، ئـەو کەسـەی لـە خـودی خۆیدا ئاشکرایە و ئاشکراکەری شتەکانی تـرە جگـە لـە خـۆی بریتییـە لـە "النـور"، هەرچەندە نەبوون بەرانبەر بە بوون وەستاوە، بەڵام دەرکەوتن و ئاشکرابوون بـۆ بوونـە، هیچ تاریکییەك لە نەبوون تاریکتر نییە، ئەو کەسەی لە تاریکی نەبوون بەرییە بەڵکو لە گریمانەی نەبوون بەرییە و هەموو شتەکانی لە تاریکی نەبوونەوە بۆ ئاشکرای بـوون دەرهێناوە شایستەیە بەوەی بە "النور" ناوبرێت.

بوون نوورێکی رژاوە بەسەر هەموو شتەکاندا کە لـە نـووری زاتـی خوداوەیـە(**سبحانه وتعالی**)، ئـەو(**سبحانه وتعالی**) نـووری ئاسمانـەکان و زەوییـە، وەك چـۆن یـەك بەیـەکی گەردیلەکانی خۆر ئاماژە بە بوونی خۆرێکی رووناك و پرشنگدار دەکەن هەر بەو جۆرە گەردیلەیەك لە دروسـتکراوەکانی ئاسمـان و زەویـدا بـوونی نییـە-لـەپاڵ بوونەکەیـدا- ئاماژە بە پێویستبوونی بوونی خودا نەکات.

ئەوەی لەسەر مانای "**الظاهر**" باسمان کرد لە مانای ناوی "النور" تێتدەگەیـەنێت، و بێنیازت دەکات لە زۆرەملێ و زیادەڕەوییەکی باسکراو لەم میانەدا.

[١] وشەی (النور): (١)جار لە قورئاندا هاتووە.

٩٤

(الْهَادِي)[١]

ئەو کەسەیە یەکەم: بەندە تایبەتەکانی خۆی هیدایەت داوە بۆ ناسینی زاتی خۆیان تاکو بیکەنە شایەت و بەڵگە بۆ سەر ناسینی زاتی خودا(**سبحانە وتعالی**)، هەر بەو جۆرە بەندە رەشۆکییەکانی خۆی هیدایەت داوە بۆ ناسینی دروستکراوەکانی تاکو بیکەنە شایەت و بەڵگە بۆ سەر زاتی خودا(**سبحانە وتعالی**)، هەرچی دروستکراوە هیدایەتدراون بۆ ئەنجامدانی ئەرك و کاری سەرشانیان و جێبەجێ کردنی پێویستییەکانیان، منداڵی هیدایەت داوە بۆ گرتنی مەمکی دایکی لە کاتی شیرەخۆرەییدا، هەر بەو جۆرە بێچووی باڵندە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە لە کاتی دەرچوون لە لانەکەی، هەنگی هیدایەت داوە بۆ دروستکردنی خانووەکەی لەسەر شێوەی شەشپاڵوو، چونکە ئەو شێوەیە گونجاوترین و سەرکەوتووترین شێوەیە بۆ جەستەی و لەئامێزگرتنی.

لێکدانەوەی ئەمە درێژە دەکێشێت، خودا(**سبحانە وتعالی**) بەم چەند ئایەتە گوزارشتی لێداوە: ﴿**ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ۝٥٠**﴾ طه: ٥٠، هەروەها: ﴿**وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ ۝٣**﴾ الأعلى: ٣

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆرِازاندنەوە):

هیدایەتدەران لە بەندەکان بریتین لە پێغەمبەران و زانایان، ئەوانەی خەڵکیان بەرەو بەختەوەری دوارِۆژ رێنموونی کرد، و ئەوانیان خستە سەر شارِێگەی راست و دروست، بەڵکو خودا لەسەر زمانی ئەوان هیدایەتی بەندەکانی خۆی داوە، ئەوان(پێغەمبەران و زانایان) لەژێر دەسەڵات و تەگبیری ئەودا(**سبحانە وتعالی**) رامهێنراون.

[١] ووشەی (**الهادي**): (٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

٩٥

(الْبَدِيعُ)[١]

ئەو کەسەیە هەرگیز لە نموونەی ئەو بوونێك نەبووە..

گەر نموونەی نەبێت نە لە زات و نە لە سیفەت و نە لە کردار و نە لە هیچ کارێکدا کە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ئەوا ئەو(**سبحانه وتعالى**) "بدیع"ی رەهایە، گەر شتێك لەوانە بۆ کەسێکی تر نموونەی هەبێت ئەوا ئەو بە "بدیع"ی رەها تەماشا ناکرێت.

ئەم ناوە تەنها شایستەی خودایە بەڕەهایی، ئەو پێشووی نییە تاکو بەر لە ئەو شتێکی تر هاونموونەی ئەو هەبووبێت، هەرچی بوونە دواتر بە هێنانەبوونی ئەو بەرهەم هاتوون، ئەوان هاوشێوەییان لەگەڵ دروستکەرەکەیان نییە، هەر ئەوە(**سبحانه وتعالى**) لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە "بدیع"ی رەهایە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

هەر بەندەیەك کە بە تایبەتمەندی پێغەمبەرایەتی یان ویلایەت یان زانست تایبەت دەکرێ هاونموونەی نییە-جا یان لە سەردەمی خۆیدا یان لە هەموو سەردەمەکاندا-ئەو بەندەیە دەبێتە "بدیع" بە دانەپاڵی ئەوەی پێی تەنهاکەوتووە، و بەراورد بەو کاتەی ئەو تیایدا بێنموونەیە.

[١] ووشەی (**البدیع**): (٢)جار لە قورئاندا هاتووە.

٩٦

(الْبَاقِي)[1]

ئەو بوونەیە کە بوونی خۆی بە خودی خۆیەوەیە، بەڵام گەر بخرێتە ناو زەینەوە بۆ داهاتوو پێیدەوترێت "الباقي" گەر بدرێتە پاڵ رابردوو پێیدەوترێت "القدیم-دێرین".

"باقي" رەها ئەو کەسەیە کە خەملاندنی بوونی لە داهاتوودا بە یەکێکی تر کۆتایی نایەت، بۆیە بە وشەی "أبدي-هەتاهەتایی" گوزارشتی لێ دەدرێت، "قدیم"ی رەها ئەوەیە درێژبوونەوەی بوونی لە رابردوودا ناچێتەوە سەر یەکێك و بە "أزلي-هەرهەری" گوزارشتی لێ دەدرێت.

ئەو قسەیەت "بوونی لە خودی خۆیدا پێویست(واجب)ە" هەموو ئەو مانانە دەگرێتە خۆ، ئەو ناوانە بەپێی دانانی ئەو بوونەیە لە زەیندا لە رابردوو و داهاتوودا، ئەوەی دەچێتە ناو رابردوو و داهاتووەوە بریتییە لە گۆڕاوەکان، چونکە ئەو دوانە بریتین لە کات، و تەنها گۆڕاو و جووڵەش دەچنە ناو کاتەوە، چونکە جووڵە لە خودی خۆیدا دابەش دەبێت بۆ رابردوو و داهاتوو، گۆڕاویش دەچێتە ناو کاتەوە بە هۆی گۆڕانەوە، ئەوەی لە گۆڕان و جووڵە باڵا دەبێت لەناو کاتدا نییە، واتە لەناو رابردوو و دهاتوودا نییە، بۆیە بۆ هەتاهەتایە دێرینی لێ جیانابێتەوە.

رابردوو و داهاتوو بۆ ئێمەیە، چونکە بەسەرماندا گوزەریان کردووە و کۆمەڵێك کارمان تیایاندا ئەنجامداوە و کارەکانیش لە داهاتوودا نوێ دەبنەوە، کارەکان دەبێت هەندێکیان لەدوای هەندێکی تریان رووبدەن، تا دابەش بن بۆ رابردوویەك کە کۆتایی پێهاتووە و پچڕاوە لەگەڵ دەمی ئێستا و ئەو دەمەی پێشبینی دەکرێت کارەکانی تێدا نوێببێتەوە، گەر نوێبوونەوە و بەسەرچوون بوونیان نەبێت کات بوونی نییە، چۆن

---

[1] ووشەی (الباقي): (١)جار لەگەڵ صیفات لە قورئاندا هاتووە.

دەبێت بەو جۆرە نەبێت لە کاتێکدا خودا(**سبحانه وتعالى**) بەر لە کات بوونی هەیە، کاتێکیش کاتی دروست کرد هیچ شتێك لە خودی خودا(**سبحانه وتعالى**) گۆڕانی بەسەردا نەهات، بەر لە دروستکردنی کات بەسەر خودادا(**سبحانه وتعالى**) کات گوزەری نەدەکرد، دوای دروستکردنی کاتیش لەسەر ئەوە ماوەتەوە کە لەسەری بووە.

ئەو کەسەی کە دەڵێت: مانەوە سیفەتێکی زیادەیە لەسەر زاتی "**الباقي**" لە راستی دووركەوتووەتەوە، دوورتر لەمەش قسەی ئەو کەسەیە کە دەڵێت: دێرینبوون(قدم) وەسفێکی زیادەیە لەسەر زاتی "القديم-دێرین"، مەزنترین بەڵگە لەسەر تێکەوتنی ئەو کەسە لە بۆچوونەکەیدا ئەو تێکەڵییەیە لای دروستبووە لە مانەوەی مانەوە و دێرینبوونی دێرین و دێرینبوونی سیفەتەکان کە پێیەوە پەیوەست دەبن.

٩٧

(الْوَارِثُ)[١]

ئەو کەسەیە موڵکەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو پاش تیاچوونی خاوەن موڵکەکان، ئەو کەسەش بریتییە لە خودا(سبحانه وتعالى)، چونکە دوای تیاچوونی دروستکراوەکان بەتەنها ئەو دەمێنێتەوە، و گەڕانەوە و سەرئەنجامی هەموو شتێك بۆ لای ئەوە، ئەو خاوەن شکۆیە لەو کاتەدا دەفەرموێت: ﴿لِّمَنِ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَۖ﴾بۆ خۆی وەڵامدەداتەوە دەفەرموێت:﴿لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ﴾ غافر: ١٦، ئەمە بەپێی گومانی زۆرینە، چونکە بانگکردن بریتییە لە حەقیقەتی ئەوەی بۆیان دەردەکەوێت لەو کاتەدا.

بەڵام کەسانی خاوەن بەصیرەت بە هەمیشەیی موشاهەدەی ئەم مانایە دەکەن و بەبێ پیت و دەنگ ئەو بانگە دەبیستن و یەقینیان هەیە لە هەموو رۆژێکدا و لە هەموو ساتێکدا و لە هەموو چرکەیەکدا موڵك تەنها بۆ خودای تاکوتەنهای زاڵە، بۆیە ئەو(سبحانه وتعالى) ئەزەلی و هەتاهەتاییە.

ئاگاهێنانەوەیەك (خۆڕازاندنەوە):

ئەم راستییە کەسانێك پەیی پێ دەبەن راستەقینەی یەکتاپەرستییان لە کرداردا پەی پێ بردبێت و بزانن تاکوتەنها لە کرداردا لەناو موڵك و مەلەکوتیدا تەنها یەك کەسە، لە سەرەتای بەشی تەوەکول لە کتێبی "إحياء علوم الدين"دا ئاماژەمان بەمە کردووە و دەتوانن بۆی بگەڕێنەوە، چونکە لەم کتێبەدا جێگەی نابێتەوە.

[١] ووشەی (الوارث): (٢)جار بەصیفات لە قورئاندا هاتووە.

٩٨

(الرَّشِيدُ)[١]

ئەو کەسەیە تەگبیرەکانی بەرەو ئامانجەکانیان-بە یاسا و ڕێسای دروست- ڕێگە دەگرنەبەر، بەبێ ئاماژەکەر و ڕاستکردنەوەی ڕاستکەرەوە و ڕێنموونی ڕێنموونیکاران..

ڕوشدی هەر بەندەیەك بە ئەندازەی هیدایەتی ئەو بەندەیە لە تەگبیرەکانی بۆ گەیشتن بە ڕاست و دروست لە مەرامەکانی دین و دونیایدا.

[١] ووشەی (الرشید): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

٩٩

(الصَّبُورُ)[١]

ئەو کەسەیە پەلەکردن هەڵینانێت بۆ دەستبردن بۆ کارەکان بەر لە کات و دەمی خۆیان، بەڵکو بە ئەندازەی زانراو کارەکان دادەبەزێنێت و لەسەر کۆمەڵێك یاسا و رێسای دیاریکراو تێیان دەپەڕێنێت، دواخستنی تەمبەڵانە کاری تێناکات بۆ ئەنجام نەدانی کارەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا، بە هەمان شێوە پێشخستنی پەلەکار کاری تێناکات بۆ پێشخستنی کارەکان لە کاتی خۆیاندا، بەڵکو هەموو شتێك لە کاتی خۆی و بەو جۆرەی پێویستە ببێت ئەنجام دەدات، هەموو ئەوانەش بەبێ ئازاری بانگکەر لەسەر دژایەتی ویست.

بەڵام ئارامی بەندە خاڵی نییە لە ئازار، چونکە مانای ئارامگرتنەکەی بریتییە لە جێگیربوونی بانگکەری ژیری یان بانگکەری ئاین بەرانبەر بانگکەری حەز و تووڕەیی، گەر دوو بانگکەری دژ بەیەك رایانکێشا و بانگکەری ئەنجامدان چوونەبەرەوەی لە کارەکە پاڵنا و مەیلی بەلای بانگکەری ئەنجام نەداندا شکایەوە ئەو کەسە پێی دەوترێت "صبور"، چونکە بانگکەری پەلەکردنی ژێردەستە کرد و زاڵ بوو بەسەریدا.

بانگکەری پەلەکردن لە حەقی خودادا بوونی نییە، ئەو لە پەلەکردندا زۆر دوورترە لەو کەسەی پاڵنەرەکەی بوونی هەیە بەڵام زاڵبووە بەسەریدا، بۆیە ئەو(**سبحانه وتعالی**) شایستەترە بەم ناوە لەدوای ئەوەی لە دژایەتی پاڵنەرەکان و ئارامگرتنەکان بە رێگەی کۆشان بەدەرە.

---

[١] ووشەی (الصبور): (٠)جار لە قورئاندا هاتووە.

کۆتایی ئەم بەشە و داوای لێبوردنێك

بزانە ئەوەی هانیدام بۆ باسکردنی "ئاگاهێنانەوەکان" بەدوای ناوەکاندا ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوو کە دەفەرموێت: (بە ئەخلاقی خودا(سبحانه وتعالى) خۆتان برازێننەوە))[1].

هەروەها ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە دەفەرموێت: ((خودا سەد و حەڤدە ئەخلاقی هەیە، هەر کەس خۆی بە یەکێکیان برازێنێتەوە دەچێتە بەهەشتەوە))[2]. ئەوەی بەسەر زمانی سۆفییەکاندا گوزەر دەکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئێمە باسمان کرد، بەڵام لەرووبەکەوە ئەندێشەی "حلول-ئاوێزانبوون" یان "إتحاد-یەکگرتن" دروست دەکات، بەڵام ئەوە لە کەسی ژیر و هۆشمەند دوورە چجای جیاکەرەوان بە تایبەتمەندییەکانی موکاشەفە.

گوێم لە ئەبو عەلی قارمدی بوو کە لە مامۆستای خۆیەوە "ئەبو قاسمی گورکانی" یەوە(رەحمەتی خودایان لێ بێت) دەیگێڕایەوە و دەیوت: ئەبو قاسم فەرمووی: (ئەو نەوەد و نۆ ناوە دەبن بە وەسفی بەندەی سالیك هەرچەند هێشتا لەسەر رێگەیە و نەگەیشتووە)

ئەو قسەیە گەر مەبەستی شتێك بێت لەوەی ئێمە باسمان کرد ئەوە دروست و تەواوە، تەنها بەو جۆرەش گومان دەبرێت، لە گوزارەکەدا جۆرێك لە فراوانخوازی و خواستن بوونیهەیە،مانای ناوەکان بریتین لە سیفەتەکانی خودا(سبحانه وتعالى)، سیفەتەکانیشی نابن بە سیفەت بۆ کەسانی تر، بەڵام ماناکەی ئەوەیە بەندە شتێکی بۆ بەدەست دێت تەبایی لەگەڵ ئەو وەسفانەدا هەیە، وەك دەوترێت: فلان کەس زانستی مامۆستاکەی بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا زانستی مامۆستاکە بۆ قوتابییەکە بەدەست نایەت، بەڵکو نموونەی زانستەکەی ئەو بەدەست دەهێنێت.

گەر یەکێك گومان ببات مەبەستی قسەکەی ئەبو قاسم ئەوە نییە باسمان لەبارەوە کرد و قسەکەی پووچ و بێبنەمایە، ئەوا دەڵێم: ئەو قسەیەی کە دەڵێت: (مانای ناوەکانی

[1] سبق في أول الكتاب.

[2] البيهقي في شعب الإيمان والترمذي وأبو يعلى في مسنده، قال السيوطي حديث حسن.

خودا دەبن بە وەسف بۆ ئەو) یان مەبەستی پێی خودی ئەو سیفەتانەیە یان نموونەی ئەو سیفەتانەیە، گەر مەبەستی پێی نموونەی ئەو سیفەتانە بێت یان مەبەستی نموونەی ئەو سیفەتانەیە لە هەموو روویەکەوە بەرەهایی، یان مەبەستی پێی نموونەی ئەو سیفەتانەیە لەرووی ناو و هاوبەشی لە گشتگیری سیفەتەکان نەك تایبەتی ماناکان، کەوابوو ئەمەیان دوو بەشە، خۆ گەر مەبەستی خودی سیفەتەکان بێت یان لە رێگەی گواستنەوەی سیفەتەکانەوەیە لە پەروەردگارەوە بۆ بەندە یان لە رێگەی گواستنەوە نەبێت، ئەمەش یان بە یەککگرتنی خودی بەندە دەبێت لەگەڵ زاتی خودا(سبحانه وتعالى) تا ئەو ببێت بە ئەو، ئەوکات سیفەتەکانی خودا ببێت بە سیفەتی ئەو، یان بە رێگەی لەئامێزگرتن(حلول) دەبێت. کەوابوو ئەمەش سێ بەشە: گواستنەوە، و یەککگرتن، و لەئامێزگرتن.

ئەوکات پێنج بەشمان هەیە و تەنها **یەك بەشیان** دروستە، ئەوەش ئەوەیە کۆمەڵێك شت بۆ بەندە لەو سیفەتانەوە بەدەست بێت بەگشتی تەبایی لەگەڵیان هەبێت و لە ناودا هاوبەشی لەگەڵیان هەبێت، بەڵام بەتەواوی هاونموونەیی و هاوشێوەیی لەگەڵیان نییە، وەك لە ئاگاهێنانەوەکاندا باسمان کرد.

بەشی دووەم: ئەوەیە بە حەقیقی نموونەی ئەو سیفەتانە جێگیر بکات، ئەمەش محاڵە، چونکە لە کۆی ئەو سیفەتانە ئەوەیە زانستەکەی ئابلۆقە بدات بە هەموو دروستکراوەکان تا وای لێ بێت گەردیلەیەکی-لە زەوی یان لە ئاسمان- لێ بزر نەبێت، دەسەڵات و توانایەکی هەبێت هەرچی دروستکراوە داپۆشێت تا بەوە ببێت بە دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە، لە کاتێکدا مرۆڤەکە بۆ خۆی لەو جۆرە دروستکراوانەیە دەکەوێتە نێوان ئاسمانەکان و زەوییەوە! ئەو کاتە چۆن دەبێت مرۆڤ دروستکەری نەفسی خۆی بێت؟! پاشان گەر ئەم سیفەتانە بۆ دوو بەندە(دوو مرۆڤ) جێگیر بوون ئەوکات هەریەکەیان دەبێت بە دروستکەری ئەویتر، بۆیە هەریەکەیان دەبنە دروستکەری دەستی دروستکەرەکەی خۆی، هەموو ئەمانەش تورەهات و بێمانایە و کارێکی محاڵە.

بەشی سێیەم: کە بریتییە لە گواستنەوەی خودی سیفەتەکانی پەروەردگار بۆ بەندەکە، ئەمەش دیسان کارێکی محاڵە، چونکە هەرگیز سیفەتەکان لە وەسفکراو جیانابنەوە، هەروەها ئەم قسەیە تایبەت نابێت بە زاتێکی دێرین، بەڵکو وێنا ناکرێت زانستی زەید بۆ عەمر بگوێزرێتەوە، بەڵکو راستبوونەوە و بەردەوامی بۆ سیفەتەکان بوونی نییە گەر بە وەسفکراوەکانەوە تایبەت نەبن، هەروەها لەبەرئەوەی گواستنەوە خاڵیبوونەوەی لێگوازراوە پێویست دەکات، لەوێوە ئەو زاتەی کە لێیەوە سیفەتەکانی پەروەردگار گوازراوەتەوە لە پەروەردگاری و سیفەتی پەروەردگاری رووت دەبێتەوە، ئەمەش دیسان محاڵبوونی ئاشکرایە.

بەشی چوارەم: کە بریتییە لە یەکگرتن، ئەمەش دیسان پووچییەکەی روون و ئاشکرایە، چونکە ئەو قسەیە: "بەندە دەبێتە پەروەردگار" لەناو خۆیدا قسەیەکی دژ بەیەکە، بەڵکو دەبێت لە جاریبوونی نموونەی ئەو جۆرە نەشیاوییە بەسەر زماندا پەروەردگار(**سبحانه وتعالى**) بەدوور بگیرێت.

لێرەدا قسەیەکی یەکلاکەرەوە دەکەین: ئەو قسەیە: "شتێك بووە بە شتێکی تر" بەرهایی قسەیەکی محاڵە، چونکە دەڵێین: گەر زەید بەتەنها و سەربەخۆ ژنەوتنی هەبوو، بەهەمان شێوە عەمر بەتەنها و سەربەخۆ ژنەوتنی هەبوو، پاشان وترا: زەید بووە بە عەمر و یەکیگرتووە لەگەڵی(واتە ئاوێزانی یەکتر بوون) ئەوا حاڵیان لەباری یەکگرتندا خاڵی نییە لە یەکێك لەم بارانەدا: یان هەردووکیان هەن، یان هەردووکیان نین، یان زەید هەیە و عەمر نییە، ئەوا هیچ کامیان نابێت بە خودی ئەویتریان، بەڵکو خودی هەریەکێك لەو دوانە بوونی هەیە، ئامانجەکە تەنها ئەوەیە شوێنەکانیان ببن بە یەك، ئەوەش یەکگرتن پێویست ناکات، زانست و ویست و قودرەت هەندێ جار لە یەك زاتدا کۆدەبنەوە و محاڵبوونیان رۆشن نابێتەوە، و قودرەت نابێتە زانست و ویست و هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریان یەکناگرن(ئاوێزان نابن)، گەر هەردووش نەبوون بن ئەوا یەکیان نەگرتووە، بەڵکو هەردوو نەبوونن، لەوانەیە رووداو شتی سێیەم بێت(واتە نە هەبوو بێت نە نەبوو)، گەر یەکێکیان نەبوو بێت و ئەویتریان هەبوو بێت دیسان یەکگرتن بوونی نییە، چونکە هەبوو لەگەڵ نەبوو یەکناگرێت.

بۆیە یەکگرتنی نێوان دوو شت بەڕەهایی محاڵە، ئەمەش لە خودە هاوشێوەکاندا گوزەر دەکات چجای خودە جیاوازەکان، محاڵە ئەم رەشییە ببێت بەو رەشییە، وەك چۆن محاڵە ئەم رەشییە ببێت بەو سپییە، یان ئەو رەنگەی تر، جودایی نێوان بەندە و پەروەردگار مەزنترە لە جیاوازی نێوان رەشی و سپێتی، کەوابوو بنەڕەتی یەکگرتن پووچ و بێبنەمایە.

هەرکات یەکگرتن بەکاردەهێنرێت و دەوترێت "ئەو ئەوە" تەنها بە رێگەی فروانخوازی و گونجاویی شیاو لە نەرێتی سۆفییەکان و شاعیراندا بەکاردەهێنرێت، ئەوان لەپێناو باشکردنی شوێنی قسەکردن بۆ تێگەیشتن رێگەی خواستن دەگرنەبەر، وەك شاعیرێك دەڵێت:

أنا من أهوى ومن أهوى أنا

(من ئەو کەسەم ئارەزووی دەکەم، ئەو کەسەی ئارەزووی دەکەم منم)

ئەوە لای شاعیر جێگەی تەئویلە، ئەو مەبەستی ئەوە نییە لە راستەقینەدا بووە بە ئەو، بەڵکو وەك ئەوەی وەك ئەو وابێت، ئەو هەموو ناخی بە ئەو داگیرکراوە، وەك چۆن لەناو خۆیدا نوقم بووە، ئەو بۆ گوزارشت لەم حاڵە یەکگرتن بەکاردەهێنێت هەڵبەت بە رێگەی شیاندن.

لەسەر ئەمە دەبێ قسەکەی ئەبو یەزید لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە دەڵێت: "لە نەفسی خۆم دارنراوم وەك چۆن مار لە کاژی خۆی دادەڕنێت، تەماشام کرد بینیم من ئەوم" ماناکەی ئەوەیە هەر کەس خۆی لە حەزەکانی نەفس و ئارەزوو دابڕنێت شوێنێکی تێدا نامێنێتەوە بۆ کەسێکی تر جگە لە خودا و هەموو خەم و پەژارەی دەبێت بە خودا(**سبحانە وتعالی**) و تەنها شکۆمەندی و جوانی خودا لە دڵدا نیشتەجێ دەبن تا وای لێ دێت پێیانەوە نغرۆ دەبێت و وەك ئەوەی وەك ئەو وابێت، نەك لە راستەقینەدا بووبێت بە ئەو.

جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو قسەیەمان "وەك ئەوەی وەك ئەو وابێت" لەگەڵ ئەو قسەیەمان "ئەو ئەوە"، بەڵام هەندێ جار ئەو قسەیەمان "وەك ئەوەی وەك ئەو

وابێت" بە گوزارشتی "ئەو ئەوە" دەردەبڕێت، وەك چۆن شاعیر جارێك دەڵێت: "كأني من أهوى-وەك ئەوەی من ئەو كەسە بم ئارەزووی دەكەم" و جارێكیش دەڵێت: "أنا من أهوى-من ئەو كەسەم ئارەزووی دەكەم".

ئەمەش جێگەی خلیسكانی پێیەكانە، چونكە هەركەس پێیەكی دامەزراو و جێگیری نەبێت لە ژنەوراوەكان(المعقولات)دا لەوانەیە یەكێكیان لەوی تر جیانەكاتەوە، بۆیە تەماشای كەماڵی زاتی خۆی دەكات و لە خۆی دەردەچێت بەهۆی رازانەوەی بە خشڵی حەقەوە، وا گومان دەبات ئەو بووە بە ئەو(**سبحانه وتعالى**) و دەڵێت: "من بریتیم لە حەق"، بەڵام ئەو تووشی هەڵە بووە وەك تووشهاتنی نەصارا كاتێك ئەوەیان لە زاتی عیسا(علیه السلام) بینی و وتیان ئەو بریتییە لە خودا.

بەڵكو ئەو كەسەی تەماشای ئاوێنە دەكات و دەبینێت وێنەیەكی رەنگاورەنگی تێدا نەقش بووە و وا گومان دەبات ئەو وێنەیە بریتییە لە وێنەی ئاوێنەكە و ئەو رەنگە رەنگی ئاوێنەكەیە ئەو كەسە بەهەڵەدا چووە و زۆر لە راستی بەدوورە.

ئاوێنە لە خودی خۆیدا رەنگی نییە و كارەكەی تەنها قبووڵ كردنی وێنەی رەنگەكانە، بە شێوەیەك وا ئەندێشە دەكرێت ئەوە بریتی بێت لە وێنەی ئاوێنەكە، تا گەر منداڵێك مرۆڤێك لەناو ئاوێنەكەدا ببینێت وا گومان دەبات مرۆڤەكە لەناو ئاوێنەكەدایە.

هەر بەو جۆرە دڵ لە وێنەی خۆی خاڵییە و شتەكان لەناو ئەودا نین، بەڵكو راستەقینەی بریتییە لە قبووڵ كردنی مانای شتەكان و وێنە و راستییەكان، ئەوەی دەچێتە ناو دڵەوە وەك ئەوە وایە لەگەڵی یەكانگیر بووبێت، نەك لە راستەقینەدا لەگەڵی یەكیگرتبێت.

هەر كەس شووشە و شەراب نەناسێت، گەر شووشەیەكی بینی شەرابی تێدا بوو جیاوازییەكانیان پەی پێ نابات، جارێك دەڵێت شەراب نییە و جارێكیش دەڵێت شووشە نییە، وەك چۆن شاعیرێك گوزارشتی لێداوە دەڵێت:

رق الزجاج وراقت الخمر فتشابها فتشاكل الأمر

فكأنما خمر ولا قدح وكأنما قدح ولا خمر

(شووشەکە تەنك و ناسك بوو، شەرابەکە ڕۆشن و ڕوون، هەردوو ئاوێزانی یەکتربوون و جیاکردنەوەیان ئاڵۆز بوو، وەك ئـەوەی شـەراب بێـت بـەبێ شووشـە، یـان وەك ئـەوەی شووشە بێت بەبێ شەراب).

هەروەها قسەی ئەو کەسە لە سۆفییەکان کە دەڵێت: "من بریتیم لـە حـەق" جـا یـان ماناکەی بریتییە لە مانای ئەو دێڕە هۆنراوەی شاعیر کە دەڵێت:

أنا من أهوى   ومن أهوى أنا

یان لەوەدا هەڵەی کردووە وەك چـۆن نەصـارا لـە یـەکگرتنی "لاهـوت و ناسـووت"دا بەهەڵەداچوون.

ئەو قسەی ئەبو یەزید-گەر قسەی ئەو بێت-: "**سبحاني ما أعظم شأني**-پاکێتی بۆ مـن چـەندە شانوشـکۆم مەزنـە!" یـان ئـەو قسـەیە لـە میانـەی گێڕانـەوە لـە خوداوە(**سبحانه وتعالى**) بەسەر زمانیدا گوزەری کردووە، وەك چۆن بیستوویەتی خودا دەفەرموێت: ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدۡنِي ﴾ طه: ١٤، لەو بارەدا قسەکە هەڵدەدرێتە سەر گێڕانەوە، یان کەماڵی بەشـی خـۆی لـە سـیفەت و نـاوی "القـدوس" بینیـوە بـەو جۆرەی باسمان کرد لەبەرزبوونەوە بە مەعریفە لە ئەندێشەکراوەکان و بەرهەستەکان، هەروەها بە باڵابوون لە حەز و ئارەزووەکان، بۆیە هەواڵی دەربارەی پاك و بێگەردی نەفسی خۆی ڕاگەیاندووە و وتوویەتی: "**سبحاني**" لەو بارەدا مـەزنی شانوشـکۆی خۆی بینیوە بەراورد لەگەڵ شانوشکۆی دروستکراوەکان، بۆیە وتوویەتی "**ما أعظم شأني**"، ئـەو لەگـەڵ ئەوەشـدا زانیویـەتی پـاکی و بێگـەردی و شـکۆمەندییەکەی بـەهۆی ئـەو بەراوردەوەیـە لەگـەڵ دروسـتکراوەکان دەیکـات، پـاك و بێگـەردی و شکۆمەندی خودا لەگەڵ ئەو(مرۆڤ) بەراورد و ڕێژەیەك لە نێوانیاندا بـوونی نییـە، ئەو کات ئەم قسەیە لەباری مەستی و زاڵبـوونی حاڵـدا بەسـەر زمانیـدا گـوزەری کردووە، بۆیە کاتێك گەڕاوەتەوە بۆ ئاگـاهی و ڕاسـتڕەوی حـاڵی ئـەوا پارێزگـاری زمانی لەو جۆرە گوزارشتانە لەسەر پێویست بووە، لەوانەیە حاڵی مەستی بەرگەی ئەو حاڵەتە نەگرتبێت.

گەر ئەم دوو تەئویلەت تێپەڕاند بۆ یەکگرتن ئەوە بێ هیچ گومانێك کارێکی محاڵـە، تەماشای پلە و پایەی پیاوان مەکە تا راستەقینەی حاڵیان نەزانیت، بـەڵکو پێویسـتە پیاوان بە حەقدا بناسیت نەك حەق بە پیاواندا بناسیت.

بەشی پێنجـەمیش: کـە بریتییـە لـە ئـاوێزانبوون، لـەوەوە وێنـا دەکرێـت بوترێـت: پەروەردگار لەگەڵ بەندەکەی ئاوێزان بووە، یـان بەنـدە لـەناو پـەروەردگاردا نیشـتەجێ بووە، پاکێتی و شکۆمەندی بۆ پەروەردگار لەوەی ستەمکاران دەیڵێن.

ئەمەش محاڵە گەر راست بێت یەکگرتن پێویسـت ناکـات، هـەروەها پێویسـت ناکـات بەندە بە سیفەتی پەروەردگار برازێتەوە، چونکە سیفەتی حاڵ نابێت بە سیفەتی شوێنی حاڵەکە، بەڵکو سیفەتی حاڵ وەك خۆی دەمێنێتەوە.

لە رووی محاڵبوونی ئاوێزان کاتێك تێدەگەین لە مانای ئاوێزانبوون تێبگـەین، چـونکە گەر بە رێگەی وێناکردن لە مانا ناوازەکان تێنەگەین ناتوانین نەرێ و ئەرێیان بکـەین، هەر کەس مانای ئاوێزانبوون نەزانێت چۆن دەتوانێت بزانێت ئاوێزان بوونی هەیـە یـان محاڵە؟!

بۆیە دەڵێین مەبەست بە ئاوێزانبوون دوو شتە:

یەکەم: رادە(رێژە) لە نێوان تەنێك و ئەو شوێنەی تەنەکەی تێدایە، ئەوەش تـەنها لـە نێوان دوو تەندا دەبێت ئەوەی لە مانای بەرجەستەبوون(بەتەنبوون) بەدەرە ئەو شتە لە پای ئەودا محاڵە.

دووەم: رادە(رێژە)ی نێوان سیفەتی لابەلا و جەوهەر، راستبوونەوەی سیفەتی لابەلا بە جەوهەرەوەیە، هەندێ جار بەوەی حاڵێکە لە جەوهەردا گوزارشتی لێ دەدرێت، ئەوەش محاڵە بۆ هەر بوونێك راوەستان و راستبوونەوەی بە خودی خۆیەوە بێت، لەم میانەدا واز لە باسی پەروەردگار بهێنە، هەر شتێك راستبوونەوە و راوەستانی بە خودی خۆیەوە بێت محاڵە بچێتە ناو بوونێکی ترەوە دیسان راستبوونەوە و راوەستانی بە خودی خۆیەوە بێت مەگەر بە رێگەی جیرانی واقیعی نێوان تەنەکان، بۆیە ئاوێزان بوون لە نێوان دوو بەندەدا وێنا ناکرێت، ئیتر چۆن لە نێوان بەندە و پەروەردگاردا وێنا دەکرێت؟!

گەر ئاوێزانبوون و گواستنەوە و یەکگرتن و خۆڕازاندنەوە بە هاونموونەی سیفەتەکانی خودا(**سبحانه وتعالى**) بە شێوەی ڕاستەقینە پووچ بوونەوە ئەوا مانایەك بۆ قسەی ئەوان نامێنێتەوە جگە لەوەی ئێمە لە ئاگاهێنانەوەکاندا باسمان کردووە، ئەوەش ڕێگرە لە وتنی ئەوەی بوترێت مانای ناوەکانی خودا دەبن بە وەسف بۆ بەندە مەگەر بە جۆرێك لە کۆتوبەند کە ڕێگر بێت لە ئەندێشەی نادروست، ئەگینا بەکارهێنانی ئەم قسەیە بێ کۆتوبەند ئەندێشە دەخولقێنێت.

گەر بڵێت: مانای ئەو قسەیە چییە(قسەکەی ئەبو قاسم کە پێشتر ئاماژەی پێکرا): بەندە لەگەڵ خۆڕازاندنەوە بە هەموو ئەوانە هێشتا سالیکە و نەگەیشتووە؟

بزانە سلوك بریتییە لە پاڵفتەکردنی ئەخلاق و کردار و مەعریفە، ئەوەش بریتییە لە سەرقاڵبوون بە ئاوەدانکردنەوەی دەرەوە و ناوەوە، بەندە لەو کارەدا بەهۆی سەرقاڵبوون بە نەفسی خۆیەوە لە پەروەردگاری سەرقاڵ بووە، بەڵام ئەو سەرقاڵی پاڵفتە کردنی ناوەوەی خۆیەتی بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکات بۆ گەیشتن بە خزمەت(خزمەتی خودا)، گەیشتنیش ئەوەیە جوانییەکانی حەقی بۆ دەربکەوێت، و پێیانەوە نغرۆ ببێت، گەر تەماشای مەعریفەی خۆی بکات تەنها خودا دەناسێت، گەر تەماشای هەوڵ و لێبڕانی خۆی بکات هەموو هەوڵ و لێبڕانێکی تەنها خودایە، بۆیە هەموو بوونی سەرقاڵە بە هەموو بوونی ئەوەوە لەڕووی موشاهەدە و لە رووی هەوڵ و لێبڕانەوە، ئەو لەو کارەیدا لا بەلای نەفسی خۆیدا ناکاتەوە، مەگەر بۆ ئەوە بێت دەرەوەی بە عیبادەت داپۆشێت و ناوەوەی بە پاڵفتەکردنی ئەخلاقەوە سەرقاڵ بکات، هەموو ئەوەش بریتییە لە پاکبوونەوە و پاکژبوونەوە، ئەم کارە بریتییە لە سەرەتا، کۆتاییەکەی ئەوەیە بەتەواوی لە نەفسی خۆی بێتە دەرەوە، و خۆی دابڕنێت و وەك ئەوەی وەك ئەو وابێت، ئەوەش بریتییە لە گەیشتن.

گەر بڵێیت: گوزارشتی سۆفییەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە قۆناغی ویلایەتدا کۆمەڵێك بینینیان بەڕوودا کراوەتەوە، و ئەقڵیش لە پەیبردن بە ویلایەت کەموکورتە، ئەوەی ئێوە باستان کرد مامەڵەکردنە بە شمەکی ئەقڵەوە.

بزانە دروست نییە لە قۆناغی ویلایەتدا شتێك دەربکەوێت ئەقڵ بە ئەستەم و محاڵی بزانێت، بەڵێ، دەگونجێ شتێکی تێدا دەربکەوێت کە ئەقڵ لە ئاستیدا کەموکورتە،

بەو مانایەی تەنها بە ئەقڵ پەیی پێ نابرێت، نموونەکەی: بۆ دۆستێکی خـودا ئاشـکرا ببێت فلان کەس سبەینێ دەمرێت، ئەمە بە ئەقڵ پەیی پێ نابرێت، بـەڵکو ئـەقڵ لـە ئاستیدا دەستەوسانە، بەڵام ئەقڵ بە شیاوی نازانێـت خـودا سـبەینێ نموونەیـەکی وەك خۆی دروست بکـات، ئەمـەیان ئـەقڵ بـە محـاڵ تەماشـای دەکـات، نـەك لەبەرئـەوەی دەستەوسانە لە ئاستیدا، دوورتر لەمە ئەوەیە بڵێت: خودا لە داهاتوودا من دەکات بە خۆی، واتە من دەبم بە ئەو، چونکە ماناکەی ئەوەیە: منی رووداو دەبم بە دێرین، مـن دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی نیم، خودا من دەکـات بـە دروسـتکەری ئاسمانـەکان و زەوی، ئەمە بریتییە لە مانای ئەو قسەی کە دەڵێت: وردبوومەوە بینیم من ئەوم، گەر تەئویل نەکرێت و هەڵبدرێتە سەر ئاشکرای قسەکەی.

هەر کەس ئەم محاڵانە بەڕاست بزانێت ئەوە لە غەریزەی ئەقڵ خۆی داڕنیـوە، و لـەلای ئەو ئەوەی دەیزانێت جیانەکراوەتەوە لەوەی دەبێ بیزانێت، بۆیە ئـەو قسـەیە بەڕاست دەبینێت دۆستێکی خودا لای ئاشکرا بێت شەریعەت پووچ و بێبنەمایە، شەریعەت با حـەقیش بێـت خـودا وەریـدەگێڕێت بـۆ پـووچ و بێبنـەما، هـەروەها هـەموو قسـەی پێغەمبەران دەکات بە درۆ.

ئەو کەسەی دەڵێت: محاڵە راستی بۆ درۆ وەربگەڕێت، ئەو کەسە بە شمەکی ئـەقڵ ئـەو قسەیە دەکات، چونکە وەرگەڕانی راسـتی بـۆ درۆ لـە وەرگـەڕانی رووداو بـۆ دێـرین و بەندە بۆ پەروەردگار ئەستەمتر نییە.

ئەو کەسەی جیاکاری پێ ناکرێت لەنێوان ئـەوەی ئـەقڵ بـە محـاڵی دادەنێـت و ئـەوەی ئەقڵ ناتوانێت بەدەستی بهێنێت و پێی بگات، ئەم کەسە زۆر نزمترە لەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت با ئەو و نەزانینەکەی بەجێبهێڵرێت.

بەشی دووەم

مەبەستەكان و ئامانجەكان

ڕۆشنكردنەوەی ڕووی گەڕانەوەی ئەم ناوە زۆرانەی تێدایـە بـۆ زات و حـەوت سـیفەت لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننەت.

لەوانەیە بڵێیت: ئەم ناوانە زۆرن و ڕێگریشت كـرد لـە هاوواتـایی نێوانیـان و ئـەوەت پێویست كرد هەر یەكـەیان مانایـەكی تـر لـە ئـامێز بگرێت، ئـیتر چـۆن دەبـێ هـەر هەموویان بگەڕێنەوە بۆ حەوت سیفەت؟

بزانە گەر سیفەتەكان حەوت بن كردارەكانیان زۆرن و ئەوسافەكانیش بەهەمان شـێوە، و نەرێكردنەكانیش هەروەك ئەوان زۆرن، خەریكە هەموو ئەوانە لە سنوور تێدەپـەڕن و نایەنە هەژمار، پاشان دەگونجێ لە كۆمەڵێك سیفەت یان سـیفەتێك و دانـەپاڵێك یـان سیفەتێك و نەرێكردنێك یان نەرێكردن و دانەپاڵێك پێكهاتەیەكی تر سـەرهەڵبدات، و ناوێك لەبەرانبەری دابنرێت و بەوەش ناوەكان زۆر بن، كـۆی ئەوانـەش بگەڕێنـەوە بـۆ ئەوەی ئاماژە بە زات دەكات یان ئاماژە بە زات دەكات لەگەڵ نەرێكردن یـان ئامـاژە بە زات دەكات لەگەڵ دانەپاڵ، یان ئاماژە بـە زات لەگـەڵ نـەرێكردن و دانـەپاڵ، یـان ئاماژە بە یەكێك لە حـەوت سـیفەتەكە یـان ئامـاژە بـە سـیفەتێك و نـەرێكردن، یـان سیفەتێك و دانەپاڵ، یان ئامـاژە بـۆ سـەر سـیفەتی كردارێـك یـان بـۆ سـەر سـیفەتی كردارێك و دانەپاڵ یان نەرێكردن.

كەوابوو ئەمە دە بەشە:

درێژەپێدانی یەكەم: ئەوەیە ئاماژە دەدات بە زات وەك "الله" نـاوی "الحـق"یش لـەم ناوە نزیك دەبێتەوە گەر مەبەست پێی زات بێت لەو ڕووەوە كە "واجب الوجود"ە.

دووەم: ئەوەیە ئاماژە بە زات دەکات لەگەڵ نەرێکردن، وەك: **"القدوس و السلام والغني والأحد"** و هاوشێوەکانیان، ناوی **"القدوس"** ئەو کەسەیە هەموو ئەو وەهم و ئەندێشانەی بە بیری مرۆڤدا دێن و لەسەر ئەو بوونیان هەیە نەرێ دەکات، ناوی "السلام"یش هەرچی نەنگی و ناتەواوییە لە ئەو نەرێ دەکات، **"الغني"** ئەو کەسەیە هەرچی ئاتاجی و پێویستییە لە ئەو نەرێ دەکات، **"الأحد"** ئەو کەسەیە هاوشێوە و دابەشبوونی لێ نەرێ دەکرێت.

سێیەم: ئەو ناوانەی دەگەڕێنەوە بۆ زات لەگەڵ دانەپاڵ، وەك **"العلي، العظيم، الأول، الآخر، الظاهر، الباطن"** و هاوشێوەکانی ئەمانە، **"العلي"** ئەو زاتەیە کە لە پلە و پایەدا لەسەرو هەموو خودەکانی ترەوەیە، ئەمەش بریتییە لە دانەپاڵ، **"العظيم"** ئاماژە بە زات دەکات لەڕووی تێپەڕاندنی سنوور و رادەی پەیبردن، **"الأول"** ئەو کەسەیە پێش هەموو بوونەکانی تر کەوتووە، **"الآخر"** ئەو کەسەیە سەرئەنجامی هەموو بوونەکان بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، **"الظاهر"** ئەو زاتەیە بە دانەپاڵی ئاماژەی ئەقڵ، **"الباطن"** ئەو زاتەیە کە دەدرێتە پاڵ پەیبردنی هەست و وەهم، ئەوانیتر پێوانە بکە بۆ سەر ئەمانە.

چوارەم: ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ زات لەگەڵ نەرێکردن و دانەپاڵ، وەك ناوی "الملك و العزيز"، ناوی "الملك" ئاماژە بۆ زاتێك دەکات کە ئاتاج نییە بە شتێك و هەموو شتێك ئاتاجە بە ئەو، ناوی "العزيز" ئەو کەسەیە کە هاوتا و هاوشێوەی نییە و گەیشتن پێی و بەدەستهێنانی زۆر دژوارە.

پێنجەم: ئەوەی بۆ سیفەتێك دەگەڕێتەوە، وەك **"الخبير، القادر، الحي، السميع، البصير"**.

شەشەم: ئەوەی بۆ زانست دەگەڕێتەوە لەگەڵ دانەپاڵ، وەك **"الخبير، الحكيم، الشهيد، المحصي"** ناوی "الخبير" ئاماژە دەکات بە زانست لەگەڵ دانەپاڵی بۆ شتە ناوەکی و پەنهانەکان، ناوی "الحكيم" ئاماژە دەکات بە زانست بەدانەپاڵ بۆ بەرزترین و شکۆمەنترین زانراو، ناوی "الشهيد" ئاماژە دەکات بۆ زانست بە دانەپاڵی بۆ لای ئەوەی دەیبینێت، ناوی **"المحصي"** ئاماژە دەکات بۆ زانست لەو رووەوە کە ئابلۆقەی هەیە بە زانراوە سنووردارە ژمێرراوەکان.

حەوتەم: ئـەوەی دەگەڕێتـەوە بـۆ قـودرەت لەگـەڵ زیـادە دانـەپاڵێك، وەك **"القهـار، القوي، المقتدر، المتين"**، هێز(القوة) بریتییە لە تەواوی قودرەت و **"المتانـة"**ش بریتییـە لە توندی ئـەو هێـزە، "القهـر"یش بریتییـە لـە کاریگەرییەکـەی لەسـەر شـتەکان بـە زاڵبوون بەسەریاندا.

هەشتەم: ئەوەی بۆ ویست(**الإرادة**) دەگەڕێتەوە لەگەڵ دانەپاڵی کردار، وەك **"الرحمن، الـرحيم، الـرؤف، الـودود"** رەحمـەت دەگەڕێتـەوە بـۆ ویسـت سـەرباری ئەنجامـدانی پێویستی کەسی ئاتاجی لاواز، رەئفەتیش بریتییە لە توندی رەحمەت واتە موبالەغەیە لە رەحمەتدا، **"ود"** دەگەڕێتەوە بۆ ویسـت سـەرباری چـاکە و بەهرەمەنـدکردن، کـاری **"الرحيم"** داوای کەسی ئاتاج دەکات، بەڵام کاری **"الودود"** داوای ئەوە ناکات، بەڵکو داوای بەهرەمەندکردن دەکات بە رێگەی دەستپێشخەری کە دەگەڕێتەوە بۆ ویسـت بـە دانەپاڵی بۆ لای چاکە و ئەنجامدانی پێویستی کەسی لاواز، لەوەی پێشتر باسـمان کـرد رووی ئەمەت زانی.

نۆیەم: ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتەکانی کـردار، وەك **"الخـالق، البـاريء، المصـور، الوهاب، الرزاق، الفتاح، القابض، الباسط، الخـافض، الرافـع، المعـز، المـذل، العـدل، المغيث، المجيب، الواسع، الباعث، المبديء، المعيد، المحيي، المميت، المقدم، المؤخر، الوالي، البر، التواب، المنتقم، المقسط، الجامع، المانع، المغني، الهادي"** و هاوشێوەکانیان.

دەیەم: ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژە لەگەڵ زیادەیـەك، وەك **"المجيـد، الكـريم"**، نـاوی **"المجيد"** ئاماژە دەکات بە بەرینی **"إكرام"** لەگەڵ شـەرەف و شـکۆمەندی زات، نـاوی **"الكـريم"**یش بەهـەمان شـێوە، نـاوی **"اللطيـف"**یـش ئامـاژە دەکـات بـە بـەزەیی و نەرمونیانی لە کرداردا.

ئەم ناوانە و ئەوانی تریش لەم دە بەشە بەدەر نین، ئەوەی ناومان نەهێناون پێوانە بکە بۆ سەر ئەوەی ناومـان هێنـاون، چـونکە ئـەوە ئامـاژە دەکاتـە سـەر رووی دەرچـوونی ناوەکان لە هاوواتایی لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ ئەم سیفەتە سنووردارە بەناوبانگانە.

بەشی سێیەم

ڕۆشنکردنەوەی گەڕانەوەی هەموو ئەوانە بۆ یەك زات لەسەر مەزهەبی موعتەزیلە و فەیلەسوفان.

ئەم بەشە -هەرچەند شایستە نییە بەم کتێبە- بەڵام بە کورتی ئەم چەند وشەیەم لەم کتێبەدا دانا وەك زیادە تێگەیشتنێك، هەر کەس دەیەوێت لەم کتێبەدا جێگیری نەکات با جێگیری نەکات چونکە، لەم لێرەدا زۆر گرنگ نییە.

دەڵێم:

ئەوانە -هەرچەند نەرێی سیفەتەکان دەکەن و تەنها یەك زات جێگیر دەکەن- کردارەکان رەد ناکەنەوە، بەهەمان شێوە زۆری نەرێکردنەکان و زۆری دانەپاڵەکان رەد ناکەنەوە، گێڕانەوەی ناوەکان بۆ دە بەش ئەوان تیایدا یاریدەدەرن.

بەڵام ئەو حەوت سیفەتە کە بریتین لە **"الحیاة، العلم، القدرة، الإرادة، السمع، البصر، الکلام"** هەموو ئەمانە لەلای ئەوان بۆ **"العلم"** دەگەڕێنەوە، پاشان **"العلم"** دەگەڕێننەوە بۆ زات.

ڕۆشنکردنەوەی ئەمە: **"سمع"** لەلای ئەوان بریتییە لە زانستی تەواوی خودا(**سبحانە وتعالی**) پەیوەست بە دەنگەکان، **"بصر"** بریتییە لە زانستی خودا بە رەنگەکان و تەواوی بینراوەکان، کەلام -لەلای موعتەزیلە- بۆ کرداری خودا دەگەڕێتەوە، ئەوەش ئەوەیە دروستی دەکات لە قسە لە جەستەی بێگیانەکاندا.

لەلای فەیلەسوفان کەلام دەگەڕێتەوە بۆ بیستنێك کە خودا لە خودی پێغەمبەرێکدا دروستی دەکات، تا وای لێ دێت قسەی تەواو و ڕێکخراو دەبیستێ، بەبێ ئەوەی لە

دەرەوە بوونی هەبێت، وەك چۆن خەوتوو دەنگ دەبیستێ، ئەو کەلامە دەدرێتە پاڵ خودا(**سبحانه وتعالى**) لەسەر ئەو مانای کە کەلام بە کاری ئادەمییەکان و دەنگی ئەوان لە پێغەمبەرەکەدا سەریهەڵنەداوە و روویننەداوە.

زیندەگی(**الحياة**) لەلای ئەوان بریتییە لە زانستی خودا بە خودی خۆی(**سبحانه وتعالى**)، چونکە هەر بوونێك هەستی بە خودی خۆی کرد دەوترێت زیندووە، ئەوەش هەست بە خودی خۆی ناکات پێیناوترێت زیندووە.

تەنها ویست و قودرەت(**الإرادة و القدرة**) ماوەتەوە، مانای ویست لەلای ئەوان ئەوەیە خودا رووی خێر و نیزامەکەی دەزانێت، بەو جۆرە دەیهێنێتە بوون کە دەیزانێت، بۆیە زانستی خودا بە شتێك هۆیە بۆ هاتنەبوونی ئەو شتە، گەر لە شتێکدا رووی خێری زانی ئەوا بەرهەم دێت و ناپەسەندی تێدا نییە و پێی رازییە، کەسی رازیش هەندێ جار پێی دەوترێت مورید، وەك ئەوەی ویست بگەڕێتەوە بۆ زانست لەگەڵ نەبوونی بێزاری.

قودەرتیش مانای ئەوەیە کار ئەنجام دەدات گەر بیەوێت و ئەنجامی نادات گەر بیەوێت.

کرداری خودا زانراوە، ویست(**مشيئة**)یشی دەگەڕێتەوە بۆ زانستی بە رووی خێر، ماناکەی ئەوەیە: ئەوەی بزانێت خێر لە بوونیدایە لێی دێتە بوون، ئەوەش بزانێت خێر لە نەبوونیدایە ئەوا نایەتە بوون، بوونی نیزامی خێر تەنها ئاتاجە بە زانستی ئەو بەو خێرە، ئەوەش نەهاتووەتە بوون بەوەی نەهاتبێتە بوون ئاتاج نییە بە نەبوونی زانست بە بوونی خێر تیایدا، کەوابوو نیزامی ماقووڵ هۆی نیزامی هەبووە، نیزامی هەبوویش شوێنی نیزامی ماقووڵ دەکەوێت.

وا بانگەشە دەکەن زانستی ئێمە بۆ تەحقیقی زانستەکان ئاتاجە بە قودرەت، چونکە کارەکەمان بە ئەندامێکەوە پەیوەستە و هەر دەبێ ئەو ئەندامە سەلامەت بێت و بە بوونی هێز وەسفکرابێت، بەڵام ئەو(**سبحانه وتعالى**) بە ئەندام کارەکان ئەنجام نادات، تەنها زانستی بە بوونی زانراوەکە بەسە، بۆیە قودرەتیش بۆ زانست دەگەڕێتەوە.

پاشان بانگەشەی ئەوە دەکەن زانستیش دەگەڕێتەوە بۆ زاتی خودا(**سبحانه وتعالى**) ئەوکات زانست و زانا و زانراو یەك شتن، لە زاتی خۆیەوە کەسان و شتانی تر دەزانێت، چونکە

زانستی به خۆی بنەمایە بۆ هەموو بوونێك، بۆیە هەموو بوونەکانی تـر لـە زاتـی خۆیـەوە دەزانێت بە ڕێگەی شوێنکەوتن، ئەوەش فرەیی لە زاتی خودادا دروست ناکات.

وا بانگەشە دەکەن رادە و ڕێژەی زانستی زاتی خودا بەراورد بە زۆری زانراوەکـان وەك زانستی حسابکەر وایە، بۆ نموونە، پێی دەوترێت: دوو کەرەت دوو چەند دەکات، پاشان ئەو ژمارەیە لە خۆی بدەیت چەند دەکات، پاشان ئەو ئەنجامە لـە خـۆی بـدەیت چـەند دەکات، بەم جۆرە تا دە جار، بـەر لـەوەی ژمارەکـان لـە خۆیانـدا گـەورە بـن یـەقینی تەواوی هەیە بەوەی زانایە پێی، ئەو یەقینە بریتییە لـە بنـەمای درێژەپێـدان گـەر بـە درێژەپێدانەوە خەریك بوو، ئەو یەقینەش یەك هەنگاوە کە ڕێژە و رادەی هەیـە لەگـەڵ تەواوی لێکدانەکانی ژمارە دوو، بەڵکو بۆ دووچەندانەکانی کە کۆتایی بۆ نییـە بـەبێ درێژەپێدان، وەك چۆن دووچەندانەی دوو بەردەوام دەبێت بۆ فرەیـی هەنگاوبەهـەنگاو، هەبووەکانیش بەهەمان شێوە ڕێکخستنی خۆیـان هەیـە، لـە سـەرەتاوە فرەییـان تێـدا نییە، پاشان هەنگاوبەهەنگاو بەرەو فرەیی بەرزدەبنەوە.

لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەمە درێژە دەکێشێت، لەوەی لـە کتـێبی "التهافـت"دا باسـمان کردووە پشتیوانی ئەمە دەکات، بۆیە ئەمە وەك دەرچوویەك وایـە لـە مەبەسـتی ئـەم کتێبەمان.

هونەری سێیەم

پاشکۆکان و تەواوکارییەکان

سیٚ بەش لەخۆ دەگرێت:

بەشی یەکەم: ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی ناوە جوانەکانی خودا لە نەوەد و نۆ ناودا سنووردار ناکرێن.

بەشی دووەم: ڕۆشنکردنەوەی سوودی هەژمار و تایبەتکردنی ناوەکان بە نەوەد و نۆ.

بەشی سێیەم: ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی سیفەتەکان و ناوەکان بەکاربراو بۆ خودا(سبحانه وتعالى) ئایا لەسەر دەق دەوەستن؟ یان بە ڕێگەی ئەقڵ شیاندنیان بۆ دەکرێت؟

بەشی یەکەم

ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی ناوە جوانەکانی خودا لە نەوەد و نۆ ناودا سنووردار ناکرێن بەڵکو ناوی تریش هاتووە.

لە ریوایەتێکی تردا لە ئەبو هورەیرەوە(خوا لێی رازی بێت) هەندێ لەو ناوانە بە ناوی تری نزیك بەوان ئاڵوگۆڕ کراون، هەروەها هەندێکیان بە ناوگەلێکی تر ئاڵوگۆڕ کراون کە پێیان نزیك نین.

ئەوانەی نزیکن: "**الأحد**" لە جێی "**الواحد**" و "**القاهر**" لە جێی "**القهار**" و "**الشاكر**" لە جێی "**الشكور**" دانراون.

ئەوانەی نزیك نین بەیەکتر و لە ریوایەتەکاندا ئاڵوگۆڕ کراون ئەمانەن: "**الهادي، الكافي، الدائم، البصير، النور، المبين، الجميل، الصادق، المحيط، القريب، القديم، الوتر، الفاطر، العلام، المليك، الأكرم، المدبر، الرفيع، ذي الطول، ذي المعارج، ذي الفضل، الخلاق**".

لە قورئاندا چەند ناوێك هاتوون کە ریوایەتەکان لەسەریان کۆك و تەبا نین، وەك "**المولى، النصير، الغالب، الرب، الناصر**".

لە دانەپاڵەکانیش وەك "**شديد العقاب، قابل التوب، غافر الذنب**" هەروەها "**مولج الليل في النهار و مولج النهار في الليل**" و "**مخرج الحي من الميت و مخرج الميت من الحي**".

لە ریوایەتێکیشدا ناوی "**السيد**" هاتووە، پیاوێك وتی بە پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): یا سید، پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ((**السيد هو الله تعالى**- سەید بریتییە لە خودای موتەعال)). وەك ئەوەی پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مەبەستی بووبێت رێگری بکات لە مەدح کردن لە ڕوودا، ئەگینا پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ((**أنا سيد ولد آدم ولا فخر**-من سەروەری رۆڵەکانی ئادەمم و فەخر ناکەم))

بەهەمان شێوە ناوی "**الديان**" هاتووە، هەر بەو جۆرە ناوی "**الحنان و المنان**" ئەمانە و چەندین ناوی تر گەر شوێنپێی فەرموودە هەڵبگرین دەیانبینینەوە.

گەر داتاشینی ناو لە کردارەکان شیاو بێت ئەوا ئەو ناوە داتاشراوەنە زۆر دەبن بەهۆی زۆری کرداری پاڵدراو بۆ لای خودا(**سبحانه وتعالى**) لە قورئاندا، وەك ئایەتی﴿**وَيَكۡشِفُ ٱلسُّوٓءَ**﴾ النمل: ٦٢، هەروەها﴿**يَقۡذِفُ بِٱلۡحَقِّ**﴾ سبأ: ٤٨، هەروەها﴿**يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ**﴾ الحج: ١٧، هەروەها ﴿**وَقَضَيۡنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ**﴾ الإسراء: ٤ لەم کردارانە ناوی "**الكاشف، و القاذف، و الفاصل، و القاضي**" دادەتاشرێن، ئەوەش لە سنوور و رادە بەدەرەوە، و سەرنجی لەسەرە و دواتر قسەی لێوە دەکەین.

مەبەستەکە ئەوەیە رۆشنی بکەینەوە ناوەکان بەتەنها ئەو نەوەد و نۆ ناوە نین لێکدانەوە و شرۆڤەمان بۆ کردن، بەڵام ئێمەش لە لێکدانەوەی ئەو نەوەد و نۆ ناوەدا وەك نەریتێکی باو لەگەڵیان رۆیشتین، چونکە ئەو فەرموودەیە ریوایەتێکی بەناوبانگە، ئەم گۆڕانکاری و درێژەپێدانەی لە ئەبو هورەیرەوە(خوا لێی رازی بێت) گوازراوەتەوە لە دوو سەحیحەکەدا نەهاتووە، ئەوەی لە سەحیحدا هاتووە ئەمەیە: ((خودا نەوەد و نۆ ناوی هەیە-سەد کەم یەکێك- هەرکەس ئاماریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە)) رۆشنکردنەوەی ئەو نەوەد و نۆ ناوە و درێژەپێدانی نەهاتووە.

ئەو ناوانەی رێکەوتنیان لەسەرە لەلای فەقیهان و زانایان بریتین لە: (**المريد، المتكلم، الموجود، الشيء، الذات، الأزلي، الأبدي**) ئەمانە شیاون لە حەقی خودادا(**سبحانه وتعالى**) بەکاربهێنرێن.

فەرموودەیەك هاتووە: ((مەڵێن رەمەزان هات، چونکە رەمەزان ناوێکە لە ناوەکانی خودا(**سبحانه وتعالى**)، بەڵکو بڵێن مانگی رەمەزان هات))[1].

[1] أخرجه ابن عدي في "الكامل" والبيهقي.

هەر بەو جۆرە لە پێغەمبەری خوداوە(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ریوایەت کراوە فەرموویەتی: ((هەر کەس خەم و پەژارەیەك رووی لیّ بکات و بلّیّت: **"أللهم إني عبدك، وابن عبدك، وابن أمتك، ناصيتي بيدك، ماض في حكمك، عدل في قضاؤك، أسألك بكل اسم هو لك، سميت به نفسك أو أنزلته في كتابك، أو علمته أحدا من خلقك، أو استأثرت به في علم الغيب عندك، أن تجعل القرآن ربيع قلبي ونور صدري، وجلاء حزني وذهاب همي"** خوداوە بەوە خەم و پەژارەی لا دەبات و دەیگۆڕێت بە دەروویەك بۆی))[1].

هەروەها ئەو بەشەی فەرموودەکە کە دەفەرمویّت: ((**أو استأثرت به في علم الغيب عندك**)) بەلّگەیە لەسەر ئەوەی ناوەکانی تەنها ئەو ناوانە نین لە ریوایەتە بەناوبانگەکاندا هاتوون.

لیّرەدا داوای سوودەکەی لە کورتکردنەوەی لە نەوەد و نۆ ناودا لەوانەیە بەبیرتدا گوزەر بکات و هەر دەبیّ رۆشن بکریّتەوە.

[1] أخرجه أحمد وابن حبان والحاكم.

بەشی دووەم

ڕۆشنكردنەوەی سوودی هەژماركردن و تایبەتكردن بە نەوەد و نۆ ناو

لەم بەشەدا لە كۆمەڵێك شت ورد دەبینـەوە، بـا لـە میانـەی پرسـیاردا باسـیان لێـوە بكەین:

گەر یەكێك بڵێت: ئایا ناوەكانی خودا زیاتر لە نەوەد و نۆ ناون یان نە؟ گەر زیاترن لە نەوەد و نۆ بۆچی تایبەتكراون بە نەوەد و نۆ؟ بۆ نموونە: كەسێك خاوەنی هەزار درهـەم بێت دروست نییە یەكێك دەربارەی بڵێت: ئـەو كەسـە خـاوەنی نـەوەد و نـۆ درهەمـە، چونكە هـەزار نـەوەد و نـۆش لـەخۆ دەگرێت، تایبـەتكردنی ژمارەیـەك بـە ناوهێنـان نەرێكردنی پشتی ئەو ژمارەی لێوە تێدەگەین، گەر ناوەكان لەو نەوەد و نۆ ناوە زیـاتر نـین ئـەوا مانـای ئـەو فـەرموودەی پێغەمبـەری خـودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چییە كـە دەفەرموێت: ((**أسألك بكل اسم سميت به نفسك أو أنزلته في كتابك أو علمته أحدا من خلقك أو استأثرت به في عالم الغيب عندك**-داوات لێدەكەم بە هـەر ناوێـك خـۆت پـێ ناونـاوە، یـان لـە كتێبەكەتـدا داتبەزانـدووە، یـان یـەكێك لـە دروسـتكراوەكانت پـێ فێركـردووە، یـان لـەلای خـۆت و لـە جیهـانی پەنهانـدا هـەر خـۆت دەیزانـی))؟ ئـەم فەرموودەیە راشكاوانە پێمان دەڵێت خودا كۆمەڵێك ناوی لای خۆی هێڵاوەتەوە، هـەر بـەو جـۆرە فەرموویـەتی: ((رەمـەزان یەكێكـە لـە ناوەكـانی خـودا(**سـبحانه وتعـالى**))) بەهەمان شێوە پێشین دەیـانوت: فـلان كـەس نـاوی مـەزنی خـودا(**الإسـم الأعظـم**)ی پێدراوە، ئەوەش دەدرایە پاڵ هەندێ لە پێغەمبـەران و دۆسـتانی خـودا، هـەر ئـەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ناوەكان لە نەوەد و نۆ ناو زیاترن.

ئێمەش لە وەڵامی ئەم قسانەدا دەڵێین: پێدەچێ ناوەکان زیاتر بن لە نەوەد و نۆ ناو وەك لە ریوایەتەکاندا هاتوون، بەڵام ئەو فەرموودەی کە هاتووە و لە نەوەد و نۆ ناودا کورتیان دەکاتەوە ئەوە یەك پرس-نەك دوو پرس- لەئامێز دەگرێت، ئەوەش وەك ئەوە وایە کەسێك(مەلیکێك) هەزار بەندەی هەبێت یەکێك بڵێت: مەلیك نەوەد و نۆ بەندەی هەیە هەر کەس پشتیان پێ ببەستێك هیچ دوژمنێك بەرگەی ناگرێت، ئەو کات تایبەتکردنەکە بۆ بەدەستهێنانی پشتبەستنە پێیان بەهۆی زیادەی هێزی ئەوانەوە یان بەهۆی بەسبوونی ئەو ژمارەیە لە بەندە بۆ رامالینی دوژمن بەبێ پێویستی بۆ بوونی زیاتر لەو ژمارەیە، نەك بۆ تایبەتکردن بێت بەو نەوەد و نۆ پیاوە.

ئەگەریش هەیە ناوەکان لەو ژمارەیە زیاتر نەبن، ئەو کات گوزارشتی فەرموودەکە دوو پرس لەخۆ بگرێت:

یەکەمیان: خودا نەوەد و نۆ ناوی بۆ هەیە، **دووەمیان:** هەر کەس هەژماریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە، تەنانەت گەر تەنها لەسەر پرسی یەکەم کورتببێتەوە قسەکە تێر و تەواوە، لەسەر مەزهەبی یەکەم نابێت خۆمان کورتبکەینەوە لەسەر پرسی یەکەم، ئەمەش لەپێشترە بۆ تێگەیشتن لە ئاشکرای ئەو کورتکردنەوە، بەڵام دوورە لە دوو رووەوە:

یەکەمیان: ئەم بۆچوونە رێگرە لەبەردەم ئەوەی خودا کۆمەڵێك ناوی تری هەبێت لە جیهانی پەنهاندا و لەلای خۆی هێلابنیەوە، لە کاتێکدا فەرموودەکە ئەوە دەسەلمێنێت.

دووەم: ئەوە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی پێغەمبەرێك یان دۆستێکی خودا -لەوانەی ناوی مەزنی خودایان پێدراوە- تایبەت ببێت بە هەژمارکردن، ئەگینا ئەوەی لە پشتی ئەوەوە هەژمار دەکرێت لە ژمارەدا ناتەواوە و ناوی مەزنی خودا لە ژمارەکە بەدەرە و ئەوکات کورتکردنەوە لە نەوەد و نۆدا پووچ دەبێتەوە.

رای بەهێزە ئەوەیە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو فەرموودەی لە میانەی هاندانی خەڵکیدا فەرمووە بۆ هەژمارکردن، و ناوی مەزنی خودا خەڵکی بەگشتی نایزانن.

گەر بوترێت: گەر رای بەهێز ئەوەیە ناوەکان لە نەوەد و نۆ ناو زیاترن، و وادابنێین ناوەکان هەزار ناون و شایستەبوون بە بەهەشت بە نەوەد و نۆ ناویان دەبێت، نەوەد و

نۆ ناوی دیاریکراویان یان هەر نەوەد و نۆ ناوێك لەو هەزار ناوە تا هـەر کـەس بگاتـە ئەو ئامارە شایستە ببێت بە چوونە ناو بەهەشتەوە، واتە گەر کەسێك هەژماری ئـەوە بکات ئەبو هورەیرە ریوایـەتی کـردووە دەچـێتە بەهەشـتەوە، تەنانـەت گـەر کەسـێك ئـەوەی ریوایەتەکـەی دووەم لـەئامێزی دەگرێـت هـەژمار بکـات دیسـان دەچـێتە بەهەشتەوە، ئەمە گـەر وا دابنـێین هـەموو ئـەوەی لـە دوو ریوایەتەکـەدا هـاتوون لـە ناوەکانی خودان(سبحانه وتعالى)؟

ئێمەش دەڵێین: رای بەهێز ئەوەیە مەبەستی فەرموودەکە نەوەد و نۆ ناوی دیاریکراوە، چونکە گەر دیاریکراو نەبن سوودی کورتکردنەوە و تایبەتکردن نامێنێت، ئەو قسەیەی کە دەڵێت: (مەلیك سەد بەندەی هەیە هەر کـەس پـەنایان بـۆ ببـات هـیچ دوژمنێـك بەرگەیان ناگرێت) کاتێك دروستە مەلیك ژمارەیەکی زۆر بەندەی هەبێت و سەد دانـە لەناو ئەوانەدا بە هێز و ئازایەتی بەناوبانگن، بەڵام گەر ئەو کارە بە هـەر سـەدێك لـە بەندەکان جێبەجێ بێت ئەوا دارِشتنی ئەو فەرموودەیە دروست و رەوان نەدەبوو.

گەر بوترێت: بۆچـی نـەوەد و نـۆ لـەو ناوانـە بـەم پرسـە تایبـەتکراون لەگـەڵ ئـەوەی هەموویان ناوی خودان(سبحانه وتعالى)؟

ئەوا دەڵێین: دروستە ناوەکان بەپێی جیاوازی ماناکانیان جیاوازیان لـە شـکۆمەندی و بەرزیدا لە نێواندا هەبێت، واتە ئـەو نـەوەد و نـۆ نـاوە کۆمـەڵێك مانـای جێگیرکـراو دەربارەی شکۆمەندی خودا کۆدەکەنـەوە کـە ناوەکـانی تـر جگـە لەوانـە لـە خۆیانـدا کۆیناکەنەوە، ئەو کات ئەو نەوەد و نۆ ناوە تایبەت دەبن بە زیادەیەك لە شـکۆمەندی و بەرزی و بڵندی.

گەر بوترێت: ئایا ناوی مەزنی خودا دەچێتە ناو ئەو نەوەد و نۆ ناوەوە یـان نـە؟ گـەر نەچێتە ناویەوە چۆن ئەو ناوە(ناوی مەزن) شکۆ و بەرزی زۆرتر و گەورەتر وەردەگرێـت لە کاتێکدا لە دەرەوەی ئەو نەوەد و نۆ ناوانە شکۆمەندەوەن؟ گەر بچێتە ناو نـەوەد و نۆ ناوەکەوە چۆن ئەو کارە دروستە لە کاتێکدا ناوەکان ئاشکرا و دیارن و ناوی مەزنی خوداش تەنها پێغەمبـەرێك یـان دۆسـتێکی خـودا پێـی تایبـەت دەبێـت، وتراویشـە:

"آصف بن برخيا" عەرشی بەلقیسی بۆ سولەیمان هێنا چونکە ناوی مەزنی خودای پێدرابوو، و هەر ئەوەش هۆی زۆرێك لە کەراماتە بۆ کەسێك ئەو ناوە فێربووبێت؟

دەڵێین: هەڵدەگرێت بوترێت ناوی مەزنی خودا لەو نەوەد و نۆ ناوەی ئەبو هورەیرە ریوایەتی کردووە بەدەرە، گەورەیی و شکۆمەندی ئەو نەوەد و نۆ ناوە بەراورد بە هەموو ناوە بەناوبانگەکانی ترە کە خەڵکی بەگشتی دەیانزانن، نەك بەراورد بەو ناوانەی پێغەمبەران و دۆستانی خودا دەیزانن، ئەوەش هەڵدەگرێت بوترێت: ئەو نەوەد و نۆ ناوە ناوی مەزنی خوداش لەئامێز دەگرێت، بەڵام شاراوەیە و خودی ناوەکە هیچ کەس جگە لە پێغەمبەرێك یان دۆستێکی خودا نایزانێت، لە ریوایەتێکدا لە پێغەمبەری خوداوە(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتووە: ((ناوی مەزنی خودا لەم سێ ئایەتەدایە: ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾ البقرة: ١٦٣، هەروەها: ﴿الم ﴿١﴾ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ﴿٢﴾﴾ آل عمران: ١ – ٢،

ریوایەتکراوە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گوێی لە پیاوێك بوو دوعای دەکرد و دەیوت: ((**أللهم إني أسألك بأني أشهد أنك أنت الله لا إله إلا أنت، الأحد الصمد، الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد**" پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: سوێند بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە ئەو بە ناوی مەزنی خودا داوای لە خودا کرد، ئەو ناوەی گەر پێی داوا بکرێت پێی دەدرێت و گەر دوعای پێ بکرێت وەڵام دەدرێتەوە))[١].

گەر بوترێت: هۆی تایبەتکردنی ئەو نەوەد و نۆ چییە لەناو ژمارەکانی تردا؟ ئەی بۆ نەگەیشتە سەد لە کاتێکدا زۆر نزیکە لە سەد؟

دەڵێین: دوو ئەگەری تێدا هەیە:

یەکەم: ئەوەیە بوترێت: مانا بەرز و بڵندەکان گەیشتوونەتە ئەو رادەیە، نەك "نەوەد و نۆ"کە بەمەبەستگیرابێت، بەڵام ماناکان لەگەڵ ئەو ژمارەدا رێکەوتوون، وەك چۆن سیفەتەکان لەلای ئەهلی سوننەت حەوتن کە بریتین لە "**الحياة، العلم، القدرة، الإرادة، السمع، البصر، الكلام**-زیندەگی، زانست، قودرەت، ویست، بیستن، بینین، کەلام"

---

[١] أخرجه أبو داود والترمذي.

نەك لەبەرئەوەی حەوتن، بەڵكو لەبەر ئەوەی سیفەتەكانی پەروەردگاری بەو حەوتە تەواو دەبن.

دووەم-كە بەهێزترینیانە-: هۆیەكە تیایدا ئەوەیە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕۆشنی كردووەتەوە و فەرموویەتی: ((سەد كەم یەك، خودا تاكە و تاكی پێخۆشە)) ئەگینا ئەمە ئاماژە دەكات بۆ ئەوەی ئەم ناوانە بە ناولێنانێكی بەویستی هەڵبژاردەییە نەك لەو ڕووەوە سیفەتەكانی بەرزی و بڵندی لەو ناوانەدا كورتببنەوە، چونكە ئەوە بۆ زاتی خۆیەتی نەك بە ویست، هیچ كەس ناڵێت: سیفەتەكانی خودا بۆیە حەوتن چونكە خودا تاكە و تاكی پێخۆشە، بەڵكو ئەوە بۆ زات و خوایەتی خودایە و ژمارە تیایدا بەمەبەست نەگیراوە، بەڵكو بوونی ئەوە بە مەبەستی خاوەن مەبەست و ویستی خاوەن ویستەوە نەبەستراوەتەوە تا مەبەست پێی تاك بێت لە ژمارەكەدا، ئەمە خەریكە پشتگیری ئەوە دەكات ئێمە باسمان كرد ئەوەش: ئەو ناوانەی خودا ناوی خۆی پێناون نەوەد و نۆ ناوە نەك ناوی تر، بۆیە نەیكردووە بە سەد، چونكە ئەو تاكە و تاكی پێخۆشە، دواتر ئاماژە بەم ئەگەرە دەكەین.

گەر بوترێت: ئایا پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەم نەوەد و نۆ ناوەی ژماردووە و هەژماری كردوون یان وازیهێناوە لە كۆكردنەوەیان بۆ ئەوەی لە قورئان و فەرموودەدا كۆبكرێنەوە؟

دەڵێین: ڕای بەهێز و بەناوبانگ ئەوەیە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو ناوانەی هەژمار كردووە بە مەبەستی ئەوەی كۆبكرێنەوە و موسڵمانان فێربن لەسەر ئەو فەرموودەی ئەبو هورەیرە(خوا لێی ڕازی بێت) ڕیوایەتی كردووە، چونكە ئاشكرای قسەكە بریتییە لە هاندان بۆ هەژماركردنیان، ئەوەش لەسەر شانی زۆرینەی موسڵمانان قورسە گەر پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كۆینەكردبنەوە، ئەمەش ئاماژە دەكات بۆ دروستی ڕیوایەتەكەی ئەبو هورەیرە، جمهووری موسڵمانان ڕیوایەتە بەناوبانگەكەی ئەبو هورەیرەیان قبووڵ كردووە، ئەو ڕیوایەتەی ئێمە لەسەری لێكدانەوەمان بۆ ناوەكان كرد، ئیمام ئەحمەد و **"البيهقي"** لەسەر ڕیوایەتەكەی ئەبو هورەیرە قسەیان كردووە و باسی ئەوەیان كردووە لەو ڕیوایەتانەیە لاوازی تێدایە، **"الترمذي"**ش لە مەسنەدەكەیدا ئاماژەی كردووە بۆ شتێك بەڵگەیە لەسەر لاوازی ڕیوایەتەكە.

جگە لەوەی ئەهلی فەرموودە باسی دەکەن سێ شتی تر دەبینرێنەوە:

یەکەم: لەرزۆکی ریوایەتەکە لە ئەبی هورەیرەوە، چونکە دوو ریوایەت لە ئەوەوە باسکراوە، لە نێوان ئەو دوو ریوایەتەدا جیاوازی ئاشکرا لە ئاڵوگۆڕی ناوەکان و گوزارشتدا دەبینرێتەوە.

دووەم: ریوایەتەکەی ئەبو هورەیرە ئەم ناوانەی تێدا نییە: **"حنان، منان، رمضان"** و چەندین ناوی تر کە لە ریوایەتەکاندا هاتوون.

سێیەم: ئەوەی لە سەحیحدا هاتووە ئەو ژمارەیەیە، ئەوەش فەرموودەکەی پێغەمبەری خودایە(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ((خودا نەوەد و نۆ ناوی بۆ هەیە هەر کەس هەژماریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە)) بەڵام ناوەکان لە کتێبە سەحیحەکاندا نەهاتوون، بەڵکو لە ریوایەتێکی غەریبدا هاتوون کە سەنەدەکەی لاوازە.

ئەم بڕە ئاشکرایە و ئاماژە دەکات بەوەی ناوەکان لەو ژمارەیە زیاتر نین، ئەوەی وامان لێ دەکات هەڵیبدەینە سەر ئاشکرای ریوایەتەکە دەرچوونی هەندێ ناوە لە ریوایەتەکە، گەر ئەو ریوایەتە بە لاواز دەربکەین کە ژمارەی ناوەکانی تێدایە زۆرێك لە گرفت و تەمومژ لە کۆڵمان دەبێتەوە.

ئێمە دەڵێین: ناوەکان تەنها نەوەد و نۆن، خودا ئەو ناوانەی لە خۆی ناوە و سەدی تەواو نەکردووە چونکە ئەو تاکە و تاکی پێخۆشە، "الحنان و المنان" و ناوی تریش دەچنە ریزی ئەو ناوانەوە، ناسینی هەموو ناوەکان تەنها بە باس و لێکۆڵینەوە لە قورئان و فەرموودە دەبێت، چونکە بەشێکیان لە قورئاندا هاتوون و بەشێکیشیان لە ریوایەتەکاندا هاتوون.

لە زانایان کەسێك ناناسم گرنگی بە کۆکردنەوەی ئەو ناوانە دابێت جگە لە پیاوێك لە مەغریب کە ناوی "عەلی کوڕی حەزم"ە، ئەو دەڵێت: نزیکەی هەشتا ناو-کە لام دروستن- لە قورئان و فەرموودەی سەحیحدا هاتوون، ئەوانیتر دەبێ لە رێگەی ئیجتیهادەوە لە ریوایەتەکاندا بدۆزرێنەوە.

وا گومان ئەبەم ئەو فەرموودەی کە ژمارەیەك ناوی تێدایە بە ئیبن حەزم نەگەیشتووە، گەر پێیگەیشتبێت وەك ئەوەی سەنەدەکەی بە لاواز بینیبێت یان لایدابێت بۆ

فەرموودەی سەحیحی تر و وەرگرتنی ئەوە لێیانەوە، لەسەر ئەم بنچینەیە هەرکەس هەژماریان بکات واتە کۆیانبکاتەوە و لەبەریان بکات لە ئیجتیهادەکەیدا رووبەڕووی ماندووبوونێکی زۆر دەبێتەوە، بۆیە شایستەیە بچێتە ناو بەهەشتەوە، ئەگینا هەژمارکردنی ئەوەی ریوایەت یەك جار هێناویەتی کارێکی ئاسانە لەسەر زمان، راستە لە هەندێ گوزارشتی سەحیحدا هاتووە هەرکەس لەبەریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە، لەبەرکردنیش پێویستی بە زیادە ماندووبوونێك هەیە.

ئەمە ئەوەیە لە ئەگەرەکانی ئەم فەرموودەیە بۆمان دەردەکەوێت، و زۆرتریش لەمە کە دەستی بۆ نەبراوە کارگەلێکی ئیجتیهادین و تەنها بە گریمانە دەزانرێن و لە مەجرای ئەقڵ بەدەرە، خودا باشتر دەزانێت.

بەشی سێیەم

ڕۆشنکردنەوەی سیفەتەکان و ناوەکانی خودا، ئایا بە ڕێگەی دەقە یان ئەقڵیشیان تێدا بەکاردێت.

ئەوەی قازی ئەبوبەکر مەیلی بەلایدا هەیە[1] بەکارهێنانی ئەقڵ تیایاندا دروستە مەگەر شەرع ڕێگری لێکردبێت، یان ئاماژەی بەوە دابێت لەسەر خودا ئەو مانایە محاڵە، بەڵام ئەوەی ڕێگری تێدا نییە ئەوە دروست و گونجاوە.

ئەوەی ئەبو حەسەنی ئەشعەری(ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) بۆیدەچێت ئەو ناوانە لەسەر دەق وەستاون، دروست نییە بۆ خودا ناوێك بەکاربهێنرێت کە بە ماناکەی مەوسوف بووە مەگەر مۆڵەتێکی تێدا هەبێت.

هەڵبژێرراو لەلای ئێمە ئەوەیە درێژەی پێبدرێت: هەموو ئەوەی بۆ ناو دەگەڕێتەوە ئەوە لەسەر مۆڵەت وەستاوە، بەڵام ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ وەسف لەسەر مۆڵەت نەوەستاوە، بەڵکو دروست تیاندا موباحە نەك ڕێگری، تێگەیشتن لەمە کاتێکە لە جیاوازی نێوان ناو و وەسف تێبگەین.

بۆیە دەڵێین: ناو بریتییە لە وشەیەکی دانراو بۆ ئاماژە لەسەر ناونراو، بۆ نموونە زەید ناوەکەی زەیدە، و لە خودی خۆیدا سپی و باڵابەرزە، گەر یەکێك پێی بڵێت: ئەی باڵابەرز، یان ئەی سپیکار، ئەوە بە شتێك بانگی کردووە کە پێی وەسف بووە و لە بانگکردنەکەیدا ڕاست دەکات، بەڵام لە ناوەکەی لایداوە، چونکە ناوەکەی بریتییە لە

---

[1] محمد بن الطیب بن محمد(٣٣٨هـ-٤٠٣هـ).

زەید بەبێ باڵابەرزی و سپێتی، بەوەی پیاوێکی باڵابەرزی سپیکارە مانای ئەوە نییە ناوەکەی بریتییە لە باڵابەرز، بەڵکو ناونانی منداڵێك بە "قاسم" یان "جامع" ئاماژە بەوە ناکات ئەو کەسە بە مانای ئەو ناوە رازاوەتەوە، بەڵکو ئاماژەی ئەو ناوانە-با لەسەریشی مەعنەوی بێت- وەك ئاماژەی ئەو قسەیەمان وایە کە دەڵێین زەید یان عیسا و هەر ناوێکی تریش مانای نەبێت، بەڵکو گەر ناومان نا "عبدالملك" ناوێکی تاکە هەروەك زەید و عیسا، گەر لە میانەی وەسفدا باسکرا دەبێتە لێکدراو(مرکب)، هەر بەو جۆرە ناوی "عبدالله" بۆیە کۆدەکرێنەوە و دەوترێت **"عبادلة"** بەڵام ناوترێت "عباد الله".

گەر مانای ناو حاڵی بوویت، کەوابوو ناوی هەرکەسێك ئەوەیە خۆی پێ ناوناوە، یان سەرپەرشتیارەکەی(دایك و باوکی یان گەورەکەی) ناوی پێناوە، ناونانیش-مەبەستم دانانی ناوە- دەستێوەردانە لە ناونراو، ئەوەش داوای سەرپەرشتیاری دەکات، سەرپەرشتیاریش یان لەسەر نەفسی خۆیە یان لەسەر بەندە یان لەسەر منداڵە، بۆ ئەو مەبەستە ناولێنانەکان بۆ ئەوانەیە، بۆیە گەر جگە لەوانە ناوێك بۆ کەسێك دابنێت ناولێنراو رەدی دەکاتەوە و لێی تووڕە دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە گەر بۆمان نەبێت مرۆڤێك ناوبنێین واتە ناوێکی بۆ دابنێین چۆن دەتوانین ناو بۆ خودا دابنێین؟ هەر بەو جۆرە ناوەکانی پێغەمبەری خودا ژمێرراون، و دەفەرموێت: ((من پێنج ناوم هەیە: من محەمەدم، من ئەحمەدم، من "حاشر"م کە خەڵکی لە بەردەمم(لەبەر پام) حەشر دەکرێن، من "ماحي"م خودا بێباوەڕیی بە من مەحو دەکاتەوە، هەروەها من "العاقب"م))[1].

لە میانەی ناوناندا بۆمان نییە زیاتر لەو ناونانە ناوی تر دابهێنین، بەڵام لە میانەی هەواڵدان لە وەسفی ئەو(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دروستە بڵێیت: ئەو زانایە، ئەو مورشیدە، ئەو شەهیدە، ئەو هادییە.

ئەوەی لەم شێوازانەیە وەك بە زەید دەڵێین: ئەو سپیکارە، و ئەو باڵابەرزە، نەك لە میانەی ناوناندا بەڵکو لە میانەی هەواڵدان لە سیفەتی ئەو، بەگشتی ئەم پرسە پرسێکی فیقهییە گەر لە موباحبوون و حەرامبوونی بەکارهێنانی وشەیەك وردببینەوە.

---

[1] أخرجه البخاري ومسلم والترمذي والنسائي.

بۆیە دەڵێین: بەڵگە لەسەر حەرامبوونی دانانی ناوێك بۆ خودا(**سبحانه وتعالى**) بریتییە لە ڕێگری لە دانانی ناوێك بۆ پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ناوهێنانی بە ناوێك کە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خۆی پێ ناو نەهێناوە، و پەروەردگاریش بەو ناوە ناوی نەهێناوە، هەر بەو جۆرە باوك و دایك و سەرپەرشیارانی، گەر دانانی ناو بۆ پێغەمبەری خودا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)-بەڵکو بۆ هەندێ کەس- ڕێگەپێنەدراو بێت ئەوا بەکارنەهێنانی بۆ خودا لەپێشترە، ئەمە جۆرێکە لە پێوانەی فیقهی لەسەر هاوشێوەکانی حوکمە شەرعییەکان بینا دەکرێن.

بەڵگەی موباحبوونی وەسفیش ئەوەیە کە هەواڵە لە ئەمرێك، هەواڵیش بۆ ڕاست و درۆ دابەش دەبێت، شەرع لە بنەڕەتدا ئاماژەی بە حەرامبوونی درۆ کردووە، درۆش حەرامە مەگەر بە بەرهەڵستییەك ئاماژە بە موباحبوونی بکات، صدقیش حەڵاڵە مەگە بە بەرهەڵستییەك لە حەڵاڵی لایبدات، وەك چۆن شیاوە بۆمان لەسەر زەید بڵێین: ئەو هەیە، چونکە هەیە، هەر بەو جۆرە بۆ خوداش دەتوانین هەمان شت بڵێین شەرع ئاماژەی پێ کردبێت یان ئاماژەی پێ نەکردبێت، هەروەها دەڵێین: ئەو(**سبحانه وتعالى**) دێرینە، با بیشزانین شەرع ئەوەی نەهێناوە، وەك چۆن ئێمە بە زەید ناڵێین: ئەو کەسێکی باڵابەرزی سوورکارە، چونکە لەوانەیە ئەو قسەیە بگاتەوە بە زەید و لای گران بێت، چونکە ئاماژەیەکی ناتەواوی شاراوەی تێدایە، هەر بەو جۆرە بۆ خودا شتێك ناڵێین ئاماژەی ناتەواوی تێدا بێت، بەڵام ئەوەی ئاماژەی ناتەواوی ناگەیەنێت یان ئاماژە بە مەدح دەکات ئەوە کارێکی ڕەها و موباحە بەو بەڵگەیەی صدقی موباح کردووە لەگەڵ سەلامەتی لە بەرهەڵستکاری حەرامکەر.

هەر بەو جۆرە هەندێ جار ڕێگری دەکرێت لە بەکارهێنانی وشەیەك، گەر نیمچە بەڵگەیەکمان بۆی بینیوە بە گونجاوی ببینین، دروست نییە لە حەقی خودادا بوترێت: "یا زارع"، "**یا حارث**"، دروستە بوترێت ئەو کەسەی دەکێڵێت و تۆوی تێدەکات "**حارث**" نییە، بەڵکو کەشتیار(**حارث**)ی ڕاستەقینە بریتییە لە خودا، هەروەها دروستە بوترێت: ئەو کەسەی تۆو دەچێنێت جوتیار نییە، بەڵکو ئەوە خودایە(**سبحانه وتعالى**) بریتییە لە "زارع"ی ڕاستەقینە، ئەو کەسەی تیر و نێزە هەڵدەدات بریتی نییە

له "**رامي**" بەڵكو خودا بريتييه له "**رامي**" وەك قورئان دەفەرمويّت: ﴿**وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ**﴾ الأنفال: ١٧، به خودا ناوتريّت "**يا مذل**" بەڵكو دەڵێين "**يا معز يا مذل**"، چونكه گەر ئەو دوو ناوەمان كۆكردەوە دەبێت به وەسفی مەدح و ئاماژە بەوە دەكات هەردوو جەمسەری كارەكە به دەست خوداوەيه، هەر بەو جۆرە له دوعادا به ناوە جوانەكان داوا له خودا دەكەين وەك چۆن فەرمانمان پێكراوە.

گەر ناوەكانمان تێپەڕاند ئەوا به سيفەتی مەدح و جەلال داوای لێ دەكەين، ناڵێين: "**يا موجد، يا محرك، يا مسكن**" بەڵكو دەڵێين: "**يا مقيل العثرات، يا منزل البركات، يا ميسر كل عسير**"، ئەمانە و هاوشێوەكانی ئەمانە، وەك چۆن گەر بانگ له مرۆڤێك بكەين، يان به ناوەكەی بانگی لێ دەكەيت يان به سيفەتێك له سيفەتەكانی مەدح، وەك چۆن دەڵێين: "**يا شريف، يا فقيه**"، بەڵام ناڵێين: "**يا طويل، يا أبيض**" مەگەر مەبەستمان سوكايەتی پێكردن بێت، بەڵام گەر داوای سيفەتەكەيمان كرد ئەوا پێمان دەڵێن: پياوێكی باڵابەرزە، ڕەنگی سپييه، قژی ڕەشە، گەر قسەكەشی پێبگاتەوە شتێك باس ناكرێت پێيناخۆش بێت، با قسەكەش ڕاست بێت ئەمەش بەهۆی ناپەسەندی قسەكەوە، هەميشه ئەوە ناپەسەندە ناتەواوييەكی تێدا حەشاردراوە، هەر بەو جۆرە گەر هەواڵی گوزەركار و وەستێنەر و بەخشەری ڕەنگی شتەكانمان پرسی، دەڵێين: بريتييه له خودا(**سبحانه وتعالى**)، له دانەپاڵی كردارەكان و وەسفەكان بۆ لای خودا لەسەر مۆڵەتێكی هاتووی تايبەت دەربارەيان ناوەستين، بەڵكو لەوەی صدق و ڕاستييه مۆڵەت هاتووە مەگەر ئەوەی هەڵواردنی بۆ دەكرێت به بوونی بەرهەڵستكارێك، خودا(**سبحانه وتعالى**) بريتييه له: "**الموجود، المظهر، المخفي، المسعد، المشقي، المبقي، المغني**" هەموو ئەمانه بەكارهێنانيان بۆ خودا شياوە با هەندێكيشيان به دەق نەهاتبن.

گەر بوترێت: دروست نييه بوترێت: "**العارف، العاقل، الفطن، الذكي**" و هاوشێوەكانی ئەمانه؟

ئەوا دەڵێين: ڕێگر له بەكارهێنانی ئەمانه و هاوشێوەكانيان بوونی لێڵی و تەمومژێكه لەناوياندا، ئەو ناوەی لێڵی و تەمومژی تێدا بێت تەنها به مۆڵەت ڕێگەی پێ دەدرێت، وەك "**الصبور، الحليم، الرحيم**" ئەمانه تەمومژێك له مانادا دروست دەكەن بەڵام

مۆڵەتی بەکارهێنانیان دراوە، ئەوەی مۆڵەتی لەسەر هاتووە لەمانە و لە ناوەکانی تریش کە لە حەقی خودادا جۆرێك لە نامۆییان تێدایە ئەوا تەئویل دەکرێن لەسەر ئەوەی پێویستە تەئویلی لێ بدرێت، **"العاقل"** مۆڵەتی بەکارهێنانی نەهاتووە، تەمومژەکە تیایدا ئەوەیە کەسی عاقڵ ئەو کەسەیە مەعریفەیەکی هەیە لە شتە خراپەکان دەیگرێتەوە، وەك دەوترێت: **"عقلە عقلە**-ئەقڵی دەیگرێتەوە (لە کاری خراپە و ناپەسەند)"، **"الفطنة والذكاء"**یش هەستی خێرایی پەیبردن بۆ شتێك کە پەیبەرەکە لێی بزربووە دەگەیەنن، **"معرفة"**ش ئەوە دەگەیەنێت پێشتر ناسیویەتی و لەبیریچووەتەوە و ئێستا دەیناسێتەوە و بیری کەوتووەتەوە.

رێگر بوونی نییە لە یەکارهێنانی شتێك لەمانە مەگەر بە هۆیەك لەوەی باسمان کرد، گەر وشەکە بەبێ سەرهەڵدانی وەهم لە نێوان دوو تێگەیشتندا هاتە دی و رێگرێکی شەرعی بوونی نەبوو ئەوا ئێمە بەکارهێنانی بە گونجاو و شیاو دەبینین.

خودا زاناترە.

حەمد بۆ ئەو خودایەی بە نیعمەتەکانی کارە چاکەکان تەواو دەبن و دێنە بەر.

رۆژی شەممە ٢٠١٦/٥/١٤ لە وەرگێڕان و پوختەکردن و پێداچوونەوەی ئەم کتێبە تەواو بووم.

خودا خێر و چاکە بۆ دانەرەکەی بنووسێت و ئێمە و خوێنەرانیش لە پاداشت بێبەش نەکات. آمین.

سلێمانی

وەرگێڕ

ناوەرۆك

پێشەکی وەرگێڕ	٧

هونەری یەکەم

پێشینەکان و پێشەکییەکان

چوار بەشی تێدایە: (٩- ٥٢)

بەشی یەکەم: لە رۆشنکردنەوەی مانای "إسم-ناو" و "مسمى-ناولێنراو" و "تسمية-ناونان".	١١
بەشی دووەم: رۆشنکردنەوەی ئەو ناوانەی لە مانادا لەیەکتر نزیکن و شیاو نین هاومانا بن یان هەر دەبێت لە تێگەیشتنەکانیان جیاواز بن.	٣٠
بەشی سێیەم: لە یەك ناودا کە چەندین مانای هەیە و ناوکۆیی نێوان ماناکان دەکات.	٣٣
بەشی چوارەم: رۆشنکردنەوەی ئەوەی کەماڵ و بەختەوەری بەندە لە خۆڕازاندنەوەدایە بە ئەخلاقی خودا(سبحانه وتعالى) و مانای سیفەتەکان و ناوەکانی بە ئەندازەی ئەوەی لە حەقی ئەو وێنا دەکرێت.	٣٦

هونەری دووەم

له مەبەستەکان و ئامانجەکان

سێ بەشی تێدایە: (٥٣ - ٢٣٠)

بەشی یەکەم لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی نەوەد و نۆ ناوە جوانەکەی خودا.	٥٥
اللَّهُ	٥٦
الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ	٥٨
الْمَلِكُ	٦٤
الْقُدُّوسُ	٦٦
السَّلاَمُ	٦٩
الْمُؤْمِنُ	٧١
الْمُهَيْمِنُ	٧٤
الْعَزِيزُ	٧٥
الْجَبَّارُ	٧٧
الْمُتَكَبِّرُ	٧٩
الْخَالِقُ ، الْبَارِئُ ، الْمُصَوِّرُ	٨١
الْغَفَّارُ	٨٧
الْقَهَّارُ	٨٩

الْوَهَّابُ	٩٠
الرَّزَّاقُ	٩٤
الْفَتَّاحُ	٩٦
الْعَلِيمُ	٩٧
الْقَابِضُ ، الْبَاسِطُ	٩٩
الْخَافِضُ الرَّافِعُ	١٠١
الْمُعِزُّ الْمُذِلُّ	١٠٢
السَّمِيعُ	١٠٣
الْبَصِيرُ	١٠٥
الْحَكَمُ	١٠٧
الْعَدْلُ	١١٥
اللَّطِيفُ	١٢٠
الْخَبِيرُ	١٢٣
الْحَلِيمُ	١٢٤
الْعَظِيمُ	١٢٥
الْغَفُورُ	١٢٧
الشَّكُورُ	١٢٨
الْعَلِيُّ	١٣٠
الْكَبِيرُ	١٣٤

الْحَفِيظُ	١٣٦
الْمُقِيتُ	١٤٠
الْحَسِيبُ	١٤١
الْجَلِيلُ	١٤٤
الْكَرِيمُ	١٤٦
الرَّقِيبُ	١٤٦
الْمُجِيبُ	١٤٩
الْوَاسِعُ	١٥١
الْحَكِيمُ	١٥٣
الْوَدُودُ	١٥٦
الْمَجِيدُ	١٥٨
الْبَاعِثُ	١٥٩
الشَّهِيدُ	١٦٣
الْحَقُّ	١٦٤
الْوَكِيلُ	١٦٧
الْقَوِىُّ ، الْمَتِينُ	١٦٨
الْوَلِىُّ	١٦٩
الْحَمِيدُ	١٧٠
الْمُحْصِى	١٧١

الْمُبْدِئُ ، الْمُعِيدُ	١٧٢
الْمُحْيِى ، الْمُمِيتُ	١٧٣
الْحَىُّ	١٧٤
الْقَيُّومُ	١٧٥
الْوَاجِدُ	١٧٦
الْمَاجِدُ	١٧٧
الْوَاحِدُ	١٧٨
الصَّمَدُ	١٨٠
الْقَادِر ، الْمُقْتَدِرُ	١٨١
الْمُقَدِّمُ ، الْمُؤَخِّرُ	١٨٣
الأَوَّلُ ، الآخِرُ	١٨٥
الظَّاهِرُ ، الْبَاطِنُ	١٨٦
الْوَالِي	١٩٠
الْمُتَعَالِي	١٩١
الْبَرُّ	١٩٢
التَّوَّابُ	١٩٣
الْمُنْتَقِمُ	١٩٤
الْعَفُوُّ	١٩٥
الرَّؤوفُ	١٩٦

مَالِكُ الْمُلْكِ	١٩٧
ذُو الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ	١٩٨
الْمُقْسِطُ	١٩٩
الْجَامِعُ	٢٠١
الْغَنِيُّ الْمُغْنِي	٢٠٣
الْمَانِعُ	٢٠٥
الضَّارُّ النَّافِعُ	٢٠٦
النُّورُ	٢٠٨
الْهَادِي	٢٠٩
الْبَدِيعُ	٢١٠
الْبَاقِي	٢١١
الْوَارِثُ	٢١٣
الرَّشِيدُ	٢١٤
الصَّبُورُ	٢١٥
کۆتایی ئەم بەشە و داوای لێبوردنێك	٢١٦
بەشی دووەم: مەبەستەکان و ئامانجەکان	٢٢٥
بەشی **سێیەم:** ڕۆشنکردنەوەی گەڕانەوەی هەموو ئەوانە بۆ یەك زات لەسەر مەزهەبی موعتەزیلە و فەیلەسوفان	٢٢٨

هونەری سێیەم

پاشکۆکان و تەواوکارییەکان

سێ بەش لەخۆ دەگرێت: (٢٣١ - ٢٤٨)

بەشی یەکەم: رۆشنکردنەوەی ئەوەی ناوە جوانەکانی خودا لە نەوەد و نۆ ناودا سنووردار ناکرێن.	٢٣٣
بەشی دووەم: رۆشنکردنەوەی سوودی هەژمار و تایبەتکردنی ناوەکان بە نەوەد و نۆ.	٢٣٦
بەشی سێیەم: رۆشنکردنەوەی ئەوەی سیفەتەکان و ناوەکان بەکاربراو بۆ خودا (سبحانه وتعالی) ئایا لەسەر دەق دەوەستن؟ یان بە رێگەی ئەقڵ شیاندنیان بۆ دەکرێت؟	٢٤٣
ناوەرۆک	٢٤٩